# ڕەگەزی لاواز

نووسینی: ئۆریانا فالاچی

وەرگێڕان بۆ زمانی فارسی: یەغما گوڵڕوویی

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: نەسرین یوسف‌زادە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕەگەزی لاواز

نووسەر: ئۆریانا فالاچی
وەرگێڕان بۆ زمانی فارسی: یەغما گولڕوویی
وەرگێڕان لە فارسییەوە: نەسرین یوسفزادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ناسنامەی کتێب**

**ناوی کتێب:** ڕەگەزی لاواز

**نووسینی:** ئوریانا فالاچی

**وەرگێڕانی بۆ فارسی:** یەغما گولڕوویی

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:** نەسرین یوسفزادە

**ساڵی چاپ:** ١٤٠١ی هەتاوی

**دیزاین و گرافیك:** ئەیوب شەهابیڕاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی

www.rabari.org

## پێرست:

سپاس و پێزانین ..................................... ٥
کامەیان ڕەگەزی لاوازە؟ ....................... ٩
پێشەکەیی وەرگێڕ ............................... ١٣
پێشەکیی نووسەر ................................ ١٧
بەشی یەکەم ........................................ ٢٣
بەشی دووهەم ..................................... ٣٩
بەشی سێهەم ....................................... ٦٧
بەشی چوارەم ...................................... ٨٥
بەشی پێنجەم ...................................... ١٣٥
بەشی شەشەم ..................................... ١٤٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سپاس و پێزانین

جێگای خۆیەتی سپاسی ئەو کەسانە بکەم لەو کارەدا هاندەر و یارمەتیدەرم بوون.

لە پێشدا دەست خۆشی و سپاسی لە ڕادەبەدەرم بۆ مامۆستای ئازیزم مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کە وەک هەموو کاتەکان و وەک هەموو کارەکانم موزاحیمیان بووم و کەڵکم لە ڕێنوێنییەکانیان وەرگرتووە، دەکەم و سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ دادەنەوێنم و هیوای لەشساغی و تەمەنی درێژیان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

سپاسی کاک هەژیر عەبدوڵڵا پوور کە بێجگە لەوەی هەتا کۆتایی کتیبەکە کەڵکم لە فەرهەنگە بەنرخەکەی واتە (فەرهەنگی هەژیر) وەرگرت و لە زۆر جێدا یارمەتی دام. کاتێک دوای خویندنەوە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵسەنگاندن و بەراوەرد کردنی ژیانی ژنانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ ژنانی کورد، بڕیارمدا ئەو کتێبە بە کوردی وەرگێڕم؛ کە ئەگەر بکرێ ژنان و پیاوانی کورد بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. کاتێک پێم گوت ئەو کتێبە سەرنجی ڕاکێشاوم و بە تەمای وەرگێڕانیم، هانی دام و گوتی: کارێکی باش دەکەی و منیش ئەو بەردەم جا چ قورس و چ سووک هەڵگرت و قۆڵم لێ هەڵماڵی و دەستم کرد بە وەرگێڕانی.

سپاسی لە ڕادەبەدەرم بۆ کاک مستەفا شێخەی زیادە ئازیز و خۆشەویست کە هەم ئەرکی پێشەکی ئەو کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی و هەم بە وردی لە بواری وەرگێران و زۆرجاریش ڕێنووسی و ڕێزمانیدا بە کتێبەکەدا هاتەوە و خاڵە پۆزتیڤ و نگتیڤەکانی لە نامەیەکی زۆر دڵخۆشکەر لە ژێر ناوی «بۆ ڕەگەزی بەهێز» (کە ئەوە نەزەری لوتف و میهرەبانی ئەوانە نیسبەت بە من)، بۆ ناردم. کە لێرەدا بەشێکی کورت لە نامەکەی ئەو بەرێزە دادەنێم:

سڵاو نەسرین خانمی بەڕێز:

«نەمدەویست سەرسەری ئەم وەرگێڕانە بخوێنمەوە و تەنیا چاوێکی پێدا بخشێنم و نەشمویست بە جۆرێک پێیدابچمەوە هەڵەچنیی بکەم و دەست لە دەقەکەی تۆ وەربدەم.

خوێندمەوە. لێی وردبوومەوە و ئەوندەی چاوم پێکەوتبێ، بێ ئەوەی وشە یان ڕستەکان بگۆڕم، هەڵە تایپیەکانی تۆم ڕاست کردەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەرەتا لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنەوە، چوونکە دەقە فارسییەکەم لا نەبوو، بەراوردکردنی دوو دەقی فارسی و کوردیم لە مێشکم فڕێدا و تەنیا خۆم زیاتر دایە لای زمانە کوردییەکەی. نەشمویست بە جۆرەێک دەست دە دارشتن و گۆڕینی ڕەستەکانی تۆ وەربدەم و بیکەم بە وەرگێڕانی خۆم. بۆیە دەڵێم وەرگێڕانی خۆم، چونکە پێموایە ئەگەر چەند کەس دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە وەربگێڕن و هەمووشیان زمانزان بن و شارەزای هەردووزمانەکەش بن، ڕەنگە وەرگێڕانی هەموویان جودا بێت و لە هەمانکاتدا هی هەمووشیان جوان بێت. هەر دەقەو مۆرکی وەرگێڕی خۆی پێوە دیار دەبێت. جا ویستم مۆرک و شێواز و جۆری وەرگێڕانی تۆ لە دەقەکە نەستێنمەوە و بە دڵی خۆم دەستکاریم نەکرد.»

سپاسی هاوسەری خۆشەویستم عەزیز حاجی ڕەحیمی و کچە نازدارەکانم دەکەم کە وەک هەمیشە یارمەتیدەر و هاندەرم بوون. دەستخۆشی لە کاک ئەیووب شەهابیڕاد دەکەم کە ئەرکی تەراحیی و دیزاینی ئەم کتێبەکەی وەئەستۆ گرت.

سپاسێکی تایبەت بۆ دوو هاوڕێ و برای خۆشەویست و دڵسۆزم کاک سەید جەماڵ کەنکاش و کاک سوڵتان دێمە دەکەم کە ئەرکی خەرجی چاپی ئەو کتێبەیان لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی دیکە وەخۆ گرت. (هەڵبەت پێویستە سپاسی هەموو ئەو هاوڕێیانە بکەم بەلام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە زۆریان نەیانویستووە ناویان بێندرێ و تەنیا بێ ناوهێنانیان سپاسیان دەکەم).

و لە کۆتاییدا ئەو کتێبە پێشکەش بە ڕووحی پاکی شەهیدانی سەرکردە، نەسرین حەداد و سۆهەیلا قادری دەکەم کە هەموو ژیانیان بێجگە لە تێکۆشانی سیاسی و حیزبیان هەوڵیان بۆ بنبڕکردنی هێندێک لە نەریتەکانی ناحەزی کۆمەڵگە و ڕوونکردنەوە و ڕێنوێنی کردنی ژنان بوو، دەکەم. یادیان هەرمان و درێژەدەرانی ڕێبازیان بەردەوام بن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کامەیان رەگەزی لاوازە؟

لـە کتێـب یـان راپۆرتـی درێـژی «رەگـەزی لاواز» لـە نووسـینی «ئۆریانـا فالاچـی» هەواڵنێـر و چالاکـی یەکسـانیخوازدا ئـەوەی لـە سـەرەتاوە سـرنجی خوێنـەر رادەکێشـیت، ناوونیشـانی ئـەم کتێبەیـە. «رەگـەزی لاواز».

بـەم ناوونیشـانەوە دەردەکەوێـت، مـرۆڤ بەسـەر دوو بەشـی «نێرومـێ»دا دابـەش کـراوە و ئـەو بەشـەی لـەم راپۆرتـە درێـژەدا دەکەوێتـە بـەر سـرنجی بەدواداچوونـی «فالاچـی»، ژنـە. ژن لێرەدا بـە رەگـەزی لاواز نـاو بـراوە.

ئەگـەر ژن بەهـۆی کەمهێزی جەسـتەیەوە وەک رەگـەزی لاواز سـەیر بکرێـت، بێگومـان دەسـت و پەنجـە و شـان و باهـۆی ژنـان بـۆ کاری قـورس و مەیدانداری وەک هـی پیـاوان نییـە و ژن وەک پیـاو ناتوانێـت شـان وەبـەر ئەرکـی جەسـتەیی قـورس بـدات. ئـەم کـەم هێزییەش رەنگـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ دەستبەسەرکرانی ژنان لە نێو کۆلیت و ناندێنی ماڵان و لە ژووری سەرداپۆشراو و هەتاو نەیدتوو و کەم جووڵەیی و رانەهێنیانیان بە جووڵەی قورسی جەستەییەوە بێت. بۆ پشتقایمیی ئەم بۆچوونەم دەڵێم ئەوە نییە ژنانی کۆچەری و جووتیار و چیایی لە ژنانی نێو کۆشک و تەلاران بە شان و باهۆترن و جەستەیان باشتر بەرگەی کار و ماندووبن دەگرێت؟

وێڕای رێزدانان بۆ کاری خاتوو «ئۆریانا فالاچی» و دەستخۆشی گوتن بە خاتوو نەسیرینی وەرگێڕ، نامهەوێ باسی چۆنیەتیی وەرگێران بکەم و وەک پێشتریێ لەنامەیەکدا بۆ وەرگێڕم نووسیبوو، دیسانیش دەڵێم وەگێڕان سەرەڕای ئەوەی ئەرکێکی قورسە و هەموو کەس نابێ خۆی وەبەر هەڵبدات، دەشکرێت لە نێوان کۆمەڵێک وەرگێردراوی دەقێکی دیاریکراو لە زمانێکی دیاریکراوەوە بۆ زمانێکی دیکە، چەند وەرگێر کاریان شاز و لەبار بێت و لە کاتێکدا ئەم وەرگێڕانانە مۆرک و جێپەنجەی جودای وەرگێڕەکانیی پێوە دیارە، کار و بەرهەمی هەمووشیان جوان بێت.

ئەگەر لێرەدا بەرەی شەڕ لەسەر چۆنێتیی و تایبەتمەندیی وەرگێران بکەینەوە، ئاگری ئەم شەڕە تەنیا لە ئاستی شەڕی وەرگێڕانی کتێبدا نامێنتەوە و رۆژنامە و گۆڤار و پێگەی ئەلیکترۆنی و رادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردیش دەکەونە بەر تۆپباران و بۆمبابارانی شەڕی خەستی نێوان «وەرگێڕ»ان و کەسانی «ناوەرگێڕ»ەوە. با بۆ ئێستا واز لە کردنەوەی ئەم بەرەیە بهێنین و بچینەوە لای «رەگەزی لاواز». دیار بە بڕوای من ئەویش «پیاو»ە نەک «ژن».

چەند خۆش دەبێت ئەم باسی دوو رەگەزییە نەمنێت و یەکسانی بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەشنێک بەرقرار بێت، هەموو ڕێکخراوانی داکۆکیکاری مافی ژنان ئۆرگانی جیاوازی ژنان لە نێو حیزب و حکومەتاندا بێمانا دەربچن و مایەپووچ بن و هەر لە خۆوە هەڵبوەشێنەوە. بەڵام ڕاستیی هەرچەند تاڵیش بێت حاشای لێناکرێت کاریگەری دەستەڵاتدارێتیی نێرسالارانە ئەم کێشەیەی قووڵ کردووەتەوە.

خانمی فالاچی لەکاتێکدا لە نێو کۆمەڵگای زیاتر دیموکراتی ئورووپا و لە ئیتالیای باشووری خۆرهەلاتی ئەم قارەیەوە، بە نێو گۆمەڵگەی خۆرهەلاتی ناوین و خۆرهەلاتی ئاسیدا دەسوورێتەوە و لە پاکستانەوە هەتا هیندووستان و چین و ژاپۆن دەپێوێت، دەبینێت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە کەلتووری تایبەت بەم کۆمەڵگەیەوە ژن بەدەستی ڕەگەزی دەستەڵاتدارەوە تەپەسەر دەکرێت. پیاو دەستەڵاتدارە، بەڵام دەستەڵاتدارێکی ‹بەهێز» نیە و ژنیش بێ دەستەڵاتێکی «لاواز» نییە. نەک لەم وڵاتانەی خاتوو فالاچی بۆ لێکۆڵینەوە سەردانی کردوون و لە نێویاندا سووڕاوەتەوە، بەڵکوو لەوڵاتانی دیموکرات پێشکەوتووی خۆرئاواش پیاوانی خاون دەستەڵاتی «کەمهێز» لە ژنانی «بێدەستەڵاتی «بەهێز» دەترسن. پیاوان کە خۆیان خاوەنی توانای کەمی «کردەکی»ن لە توانای قورس و قایم و پەنگخواردووی «هێزەکی»ی ژنان دەترسن. پیاوانی سەرانسەری جیهان بەم وڵاتانەشەوە خاتوو فالاچی لەوێوە گەشتی خۆی دەست پێکردووە، دەزانن ڕەگەزی بەهێزی ژنان کاتێک لەژێر دەستەڵاتی ئەوان دەربچێت چۆن زێدەخوازی و دەستڕۆیشتوویی هەوەسخوازانەیان سنووردار دەبێت بۆیە لەم ترس و دڵەڕاوکێیەدا بەردەوام چەنگ لەم دەستەڵاتەیان قایم دەکەن. بەڵام ژنانی یەکسانیخواز و پیاوانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێگەشتوو هوشیارانه بەرەو سەپاندنی هاوسەنگی لەنێو هەموو تاکی مرۆڤ لە خەبات بەردەوامن. هۆشیاریی بەکۆمەڵ خەریکە بەرەو ئاقارێک هەنگاو دەنێت، ئەو گەرایەی بیری یەکسانیخوازی دایناوە خەریکە لەنێو هەموو کەلتوورانددا دەگوورێت و پنجی دادەکوتێت و لقی هەموو پنج و بنانی پەل داوێن و کۆمەڵگە دەکەنە سەوزایی پاراوی یەکسانیی هەموو تاکان.

با خوێندنەوەی ئەم وەرگێڕانەش چەند ژن و پیاویکی کورد بهێنیتە سەر راستەڕێی خەباتی یەکسانیخوازی.

مستەفا شێخە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکیی وەرگێڕ

کتێبی «جنس ضعیف» یان ڕەگەزی لاواز ڕاپۆرتێکە لەسەر ژیانی ژنانی چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کە لە ساڵی ١٩٦١.ز ئۆریانا فالاچی نووسەر، وەگێڕ و ڕۆژنامەوانی ئیتالیایی کۆی کردۆتەوە.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکە کاتێک ئۆریانا لەلایەن بەڕیوەبەری ڕۆژنامەوە پێشنیاری پێدەکرێ تا بچێ و ڕاپۆرتێک لەسەر ژنانی ئەو وڵاتانە کۆکاتەوە، قایل نابێ چونکین ئەو باوەڕی وایە ژن بوونەوەرێکی جودا لە پیاو نییە بەڵام دوای ئەوەی مەسەلەیەک ڕوودەدا بڕیار دەدا کە بە گوێی بەڕێوەبەر بکا و بەرەو ئەو وڵاتانە وەڕێکەوێ.

ئۆریانا بۆ هەر وڵاتێک دەچێ و لە نیزیکەوە لەگەڵ ژیانی ژنانی ئەو وڵاتانە ڕووبەڕوو دەبێ و هەرچی دەیبینێ لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی دەکا و منیش بە ئیستناد بە ئەو ڕاپۆرتە بەراوەردی ژنانی کورد لەگەڵ ژنی ئەو وڵاتانە دەکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاستە تەقریبی ٦٠ ساڵ پێش ئێستا ئەو کتێبە نووسراوە و بەدڵنیاییەوە هەتا ئێستا گۆڕانکارییەکی زۆر لە جیهان و لە نێوان ژناندا ڕووی داوە. هێندێک خەڵک دەڵێن ئەو کتێبە زیاتر لە ئەوەی کە لە ڕاپۆرتێک بچێ لە بیرەوەری یان گێڕانەوەیەک دەچێ ئوریانا لەبارەی سەفەری دەوری دنیای خۆی دەیگێڕێتەوە.

من هەرچی زیاتر ئەو کتێبەم دەخوێندەوە زیاتر هەستم دەکرد دەبێ ئەو کتێبە بەکوردی بکرێت و ژنانی کورد بیخویننەوە و ئاگادار بن و بزانن کەمتر لە ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژنانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شێوەی ژیانیان چۆن بووە و تەنانەت لەگەڵ ژیانی ئەوکات و ئێستای ژنی کورد بەراوەردی بکەن.

ساڵیانێکی زۆرە ئیسلام ڕووی لە کوردستان کردووە و خەڵکی هەرە زۆری کوردستان مسوڵمانن بەڵام قەت ژنی مسوڵمانی کورد وەک ئەویکە ئۆریانا لەبارەی ژنانی مسوڵمان باسی دەکا ڕفتاریان نەکردووە، پیاو لە وڵاتە مسوڵمانەکان کاتێک لە ماڵ دەچنە دەرێ ڕوخساریان لە ژێر پەردەیەکی ڕەشدا حەشارنادەن ئەوە ژنانن کە لەو وڵاتانە ناچارن ئەو کارە بکەن ئەوە لە کاتێک دایە ژنی مسوڵمانی کورد تەنیا دەست و لاق و قژەسەری داپۆشیوە و هەرگیز پەچە و چارشێوو قوماشی ڕەشی بۆ داپۆشینی خۆی بەکار نەهێناوە (ئەگەر حیجاب ڕاستەوخۆ لە پەیامی ئایینی ئیسلامەوە داهاێندرابێ و فەڕز کرابێ ئەوە پەچە و چارشێو و ڕووبەند دواتر هاتووە و هیچ پێوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە و ئەوەی لە بەشێک لە وڵاتە ئیسلامییەکان کەڵکی لێوەردەگیرێ ئەوە دڵخوازییە نەوەک فەڕز.)

لە چین لاقی کام پیاویان ئەوەندە توند بەستووە گەشە نەکەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و گەورە نەبن و ئێسکەکانی هەموو تێکبشکێ؟ لەکاتێکدا کە کچ لە پێنج ساڵییەوە ئەو کارەی لەگەڵ دەکرێ، لە ژاپۆن پیاوێک لەسەر ئەوەی پێش هاوسەرگیری دەستی لێدراوە ناکوژرێ تەنانەت وشەی دەستلێنەدراو بۆ پیاوان وشەیەکی گاڵتەجاڕییە و کەڵکی لێ وەرناگیرێ بەڵام لە ژاپۆن ژن لەسەر ئەوە دەکوژرێ.

هەموو ئەوانەی باسم کرد و دەیان ئازاری لەم شێویە هەن کە ژنان کێشتوویانە و ئێستاش بەردەوامە و هەموو ئەوانە تەنیا بۆ ژنان ڕوودەدا و هیچ پیاوێک هەست بە ئەو هەموو ئازارە ناکا کە ژنان دەیچێژن. دیارە ئێستاش وشەی دەستلێنەدراو بۆ ژنی کورد نامۆ نییە و هەر کچێکی بۆ یەکەمجار زەماوەند دەکا دەبێ بە پاکی و دەستلێنەدراوی بچێ بۆ ماڵە مێرد و ئێستاش ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی کوشتن و لەنێوبردنی ژنانێکی زۆر لە کوردستان بەڵام ئەوەی لە چین چ ئازارێک بە کچ دەدەن هەرگیز لە کوردستان ڕووی نەداوە بەڵام لەجێگای ئەو لاق بەستنە لە کوردستان دیاردەی خەتەنە و نەقوستان کردنی ژنان هەبووە کە دیارە بە هۆی زانست و موتاڵا و ڕوونبوونەوەی خەڵک خەریکە بەیەکجاری دەسڕدرێتەوە بەڵام بەهەرحاڵ ئێستاس لە هێندێک شوێن ئەو دیاردەیە هەر ماوە.

کتێبی ڕەگەزی لاواز باسێکی کورت و موختەسەرە لە هەموو ئەو نەهامەتییانەی ژنان لە جیهاندا تووشی بوون کە ئەمڕۆکە دوای زیاتر لە نیو سەدە ئێستاش لە هێندێک لەو وڵاتانە بەدرەوامە و لە هێندێکیش کە فەرهەنگی ڕۆژاوا چۆتە نێویان بە شێوەیەکی مۆدێڕنتر ژن دەچەوسێندرێتەوە. ژن لەو وڵاتە بەناو پێشکەوتن دیلێکی ڕەگەزییە ئەو بەردەوام بیروهزری ئەوەیە کە سەرنجی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاوان بەدوای خۆیدا ڕاکێشێ و پیاوان پەسەندی بکەن و بۆ ئەو ویستەی لە هیچ کارێک خۆناپارێزێ لە عەمەلی جوانکارییەکانەوە بگرە تا بەدواداچوونی ئاخرین مۆدلیجاتەکان و ئاڕایش و ڕەنگی جۆراوجۆر تا تەنانەت لە جیهانی کار وزانست و سیاسەت و تەنانەت بێزینێسیشدا پێبەپێی پیاوان دێن و تەنیا ئامانجیان ئەوەیە کە خۆیان بە پیاوان بسەلمێنن و لە ئاکامدا پیاوان پەسندیان بکەن جا چ جوانی لەش و لار و ڕوخساریان چ زیرەکی لە کار و پیشەیان هەموو ئامانجەکان یەک شتن. (پیاوان پەسندیان بکەن)

نەسرین یووسفزادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکیی نووسەر

هاوین بوو، بەرپرسی ڕۆژنامە بانگی کردم و پێشنیهادی پێ کردم وەرێی سەفەرێک کەوم، سەفەرێکی دەوری دنیا بە تایبەت موتالایەک لە دنیای ڕۆژاوا بکەم. گوتیشی چاوەڕوانی پاییز و زستان بمێنم تا باران و سێلاوەکانی ئەم وەرزانە کۆتاییان پێبێ. لە جوابدا گوتم «پێشنیهادەکەت قەبووڵ دەکەم بەڵام دەبێ بزانم لە ڕۆژاوا دەبێ چی بکەم؟» گوتی دەبێ ڕاپۆرتێک لە بابەت ژنانی ڕۆژاواوە ئامادە بکەی.

من تا ئەو جێیەی دەتوانم هەوڵ دەدەم لە بابەت ژنان و ئەو شتانەی تایبەت بە ئەوانە هیچ نەنووسم. نازانم بۆچی کاتێک باسی ئەو مەسەلەیە دەکرێ تێکدەچم و پێموایە بابەتیکی گاڵتەجاڕییە. ئاخر مەگین ژنان بوونەوەرێکی تایبەتن و لە مرۆڤ جیاوازن کە دەبێ بە جوێ و تایبەت لە ڕاگەیاندندا باس بکرێن. وەک بابەتێکی وەرزشی، سیاسەت یان پێشبینیی هەوای وڵات! خواوەند ژن و پیاوی خولّقاند کە لەلای یەک بژین، لەوەی کە ئەمە بە دژی بۆچوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێک مونحەریفە، ئەوە زۆر هەستێکی جوانە و من دەلیلێک نابینم لەگەڵ ژنان وەک بوونەوەرێکی جیاواز هەڵسوکەوت بکەین و وا هەست بکەین لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتوون. ئەوەی بۆ پیاوان سەرنجڕاکێشە دەتوانێ بۆ ژنانیش بە هەمان شێوە بێ. پیاوانێک دەناسم(هەڵبەت زۆریش ئاساییە) هۆگری گۆڤاری ژنانەی (هارپەرز بازاڕ)ن و ژنانێکی زۆر ئاسایی دەناسم هەموو بەشەکانی تایمز وشەبەوشە دەخوێننەوە. بەڵام نە ئەو پیاوانە و نە ئەم ژنانە بەو هۆیەوە لە هاوڕەگەزەکانیان گەمژەتر نین. هەر بۆیە کاتێک بە من دەڵێن «ئایا تۆ بابەت بۆ ژنان دەنووسی» زوو تووڕە دەبم. بە هەرحاڵ ئەمجار چون مەسەلەی سەفەر بۆ ڕۆژاوا بوو، ئارام بووم و تووڕە نەبوم. بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەم گوت: بیر لە پێشنیهادەکەی دەکەمەوە.

بیرم لێ کردەوە و وام پێ باش بوو نەچم بۆ ئەو سەفەرە و ڕیپۆرتاژێک کە خۆم بڕوام پێی نییە ئامادەی نەکەم. لە ڕاستیدا چەند مانگ وا دیار بوو کۆتایی بە مەسەلەکە هاتوە.

دوایی ڕووداوێک ڕوویدا کە منی هان دا ئەو کارە بکەم. کچی یەکێک لە هاوڕێکانم شەوێک منی بۆ نانی شەو بانگێشت کرد، هێشتا نیوەی شێوەکەمان نەخواردبوو لە نەکاو لە پڕمەی گریانی دا و لە نێوان گریان و هەنیسکەکانیدا گوتی مرۆڤێکی زۆر بەدبەختە.

ئەو خاتوونێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، ڕوخساری جوان و ڕاوێژێکی خۆشیشی هەبوو. خانووبەرەی خۆی هەبوو ئەو دەیتوانی هەر کارێکی پێی خۆش بایە تەنانەت کارێک کە زۆربەی پیاوان دەستیان پێی ڕاناگا، بیکا. لەسەر یەک لەو دەستە خاتوونانە بوو کە خەڵک پێیانوایە بەختەوەر و خۆزگە بەخۆن. نە خەڵک و نە منیش لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمووی زیاتر هەرگیز بیرمان لە بەدبەختی و چارەڕەشیی ئەو کەسانە نەکردۆتەوە.

لەنێوان هەنیسک و گریاندا گوتی «تۆ چەند گەمژەی! من ڕێک بە هۆی ئەو مەوهیبەتەی بە نسیبم بووە دەگریم و دڵتەنگم ئایا تۆ پێتوایە ئەگەر توانای ئەوەت هەبێ هەر کارێک کە پیاوان دەیکەن بیکەی و تەنانەت ببی بە سەرۆککۆماری وڵاتێک، کەسێکی بەختەوەری؟ چەندم پێخۆش بوو لە یەکێک لەو وڵاتانەدا هاتبایەتمە دونیا کە هیچ بایخێک بە ژن نادرێ. «بە هەرحاڵ ئێمەی ژن بوونەوەرێکی بێبایەخ و بێکەڵکین.»

ئەو بەحسە نیگەرانی کردم ڕێک وەک ئەوەی کەسێک نەزانێ گوێچکەی هەیە چون هەموو بەیانییەک گوێیەکانی لە شوێنی خۆیانن و بەڵام لە پڕ گوێی ژان دەکا و تازە دەزانێ گوێی هەیە، لە پڕ هەستم کرد زۆربەی کێشەکانی پیاوان ئابووری، ڕەگەزی و کۆمەڵایەتین بەڵام کێشەی ئەساسی ژنان بە تایبەت ئەوەیە کە ژنن و ژن هاتوونەتە دونیا. مەبەستم تەنیا جیاوازیی جەستە لەگەڵ پیاوان نییە بەڵکوو «تابۆ»یەکە بە شوێن ئەو جیاوازییە جەستەییەوەیە و ژیانی ژنانی هەموو جیهان لەخۆی دەگرێ و کاردانەوەی لەسەریان هەیە. کامە پیاولە وڵاتە مسووڵمانەکان کاتێک لەماڵ دەچێتە دەرێ ڕوخساری لە ژێر پەردەیەکی ڕەشدا حەشار دەدا؟ لە چین لاقی کام پیاویان ئەوەندە توند بەستووە کە زیاتر لە نۆ سانتیمیتر گەورە نەبێ و ئێسکەکانی هەموو تێکشکابن؟ کام پیاو لە ژاپۆن لەسەر ئەوەی هاوسەرەکەی پێش؟ هاوسەرگیری دەستی لێدراوە کوژراوە؟

بڕوانن تەنانەت وشەی دەستلێنەدراو بۆ پیاوان وشەیەکی گاڵتەجاڕییە و کەڵکی لێوەرناگیرێ بەڵام هەموو ئەوانەی باسم کردن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنـان چێشـتوویانە و ئێسـتاش کـەم تاکورتێـک بەردەوامـە. ئـاوا بـوو کە هەستم کرد پێشنیهادی بەڕێوەبەری ڕۆژنامە دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ بۆ ئەوەی لە نیزیکەوە ژیانی ژنانی زۆربەی وڵاتان ببینم و لە ئاکامدا بزانم ئایا ئەوان بەختەوەرن یان کچی هاوڕێکەی من، کە ئـاوا بـە ناهومێـدی فرمێسـکی هەڵدەوەراند. کاتێـک زسـتان و وەرزی سـەرما کۆتایـی پێهـات بـە بەڕێوەبـەری ڕۆژنامـەم ڕاگەیاند ئامـادەی ئـەوەم وەڕێـی ئـەو سـەفەرە کـەوم.

ئـەوکات چـووم و موتاڵایەکـم لەسـەر ڕێگاکـەی دەبـوو بیپێـوم کـرد. ئەگـەر مەبەسـت لـە سـەفەری دەوری دنیا گـەڕان بـۆ سـووچ و کەنـارەکان بایە ئەوە زۆری دەخایاند و لەوانە بوو لـەو ماوەیەداخەڵک بچـن و سـەری هەسـارە دوورەکان بـدەن و شـتی نـوێ بدۆزنـەوە و لـە ئەحواڵـی ژنانـی مێریـخ و هەسـارەکانی دیکـە ئـاگادار بـن. زانینـی ئەحواڵـی ژنانـی ڕۆژهەڵاتـی لـەلای ڕاپۆرتـی ئـەوان بایەخێکـی نەدەبـوو. لـەو باسـانە گەڕێیـن مـن بـە هیـوای ئـەوە نەبـووم لـە بابـەت مرۆڤـناسـییەوە کتێـب بنووسـم، باسـی ئـەوە بکـەم کـە خەڵکـی ناوچـە بەسـتەڵەکەکان چـی دەکـەن و چـۆن گۆشـتی سـەگی ئـاوی دەکوڵێنـن و هتـد... مـن بـە تەمـای ئـەوە بـووم ڕێگایەکـی دووروودرێـژ بپێـوم و بزانـم چ تابۆگەلێکی کۆمەڵایەتـی لەسـەر ڕێـی ژنانـی دنیا هەیـە و چـۆن ژنانـی ئـەو وڵاتانـە ژیـان بەسـەر دەبـەن. ئـاوا بـوو کـە بڕیـارم دا ئـەو ڕێگایـەی کـە «فیلیزفاک»پێیـدا ڕۆیشـتبوو، ببـڕم، یانـی لـە ئیتالیـاوە بـۆ پاکسـتان و دوایـە بـۆ هیندوسـتان و دوایـە بـۆ ئەندۆنێزی و دوایی چین و (هەڵبـەت چیـن ئێسـتاش ویـزای بـە مـن نـەدا ) و ناچـار بـووم تەنیـا بچـم بـۆ هۆنـگ کۆنـگ و لـە چینـەوە بچـم بـۆ ژاپـۆن و دوایـە هاوایـی و دوایـە ئەمریـکا و لـە ئاکامـدا بگەڕێمـەوە ئیتالیـا. وەک «فیلیزفـاک»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منیش هاوسەفەرێکم هەبوو ئەویش «دووئیلیۆ پالوتلی»، کامێراوانی ڕۆژنامە بوو. کە ئەویش یاسای یەکسانیی نێوان ژن و پیاوی ڕەچاو دەکرد و لە هیچ شوێنێک پێی خراپ نەبوو جانتاکانی من هەڵگرێ. بۆ تەداروک و ئامادەکردنی خۆمان بۆ ئەو سەفەرە من و «دوئیلیو» چووین بۆ دەرمانگا و لە هەر چی دەرزی و واکسەنی بوویان لە واکسەنی خولێرکە و سوورێژە و مێکوتە و هتد... هەر چی بوویان چەپ و ڕاست تێیان ڕۆکردین تا لەو سەفەرەدا تووشی ئەم جۆرە نەخۆشییانە نەبین. ئەو کاغەز و کاغەزبازییانەی هێندێک گەمژە دایاننابوو بۆ ئەوەی خەڵکی سنوورەکانی پێ ببەزێنن بۆ ئەملاولا برد و داوای بەڕێوەبەری ڕۆژنامە کە هەر دەیگوت کارتان بە فۆڵکلۆر نەبێ و تەنیا ڕاپۆرتێکی سادەم لە ڕاستییەکان بۆ بێنن وامان نیشان دەدا کوێرکوێرانە جوابی دەدەینەوە و ئاوا وەڕێی سەفەرەکە کەوتین. نزیک دە ئامێری کامێراوانی، ماشێنی تەحریر، دوو بلیتی فڕۆکە و لە ئاکامدا کونجکۆڵییەکی زۆرمان لەگەڵ خۆمان برد. هەڵبەت من دەزانم لەو زەمەنەدا فرۆشیارێک زۆر باش دەتوانێ خۆی بگەیێنێتە دوورترین شوێنی جیهان و منیش بۆ ڕاپۆرتێک لە یەک حەوتوودا دەچمە نیۆیۆرک یان تاران و دەگەڕێمەوە. وتارێک کە ئێستا ڕۆژێک لە بڵاوبوونەوەی تێنەپەڕیوە کۆن دەبێ بەهەرحاڵ مرۆڤ ناتوانێ نیسبەت بە سەفەرێکی ئاوا کەمتەرخەم بێ و تەنانەت ئەو کەسانەی تەنیا بە شوێن کاری ڕۆژانەیاندا بوون بە هێندێک حەسرەتەوە لێمانیان دەڕوانی و دەیانگوت: «زۆر لەو شوێنە ناوازانە نیزیک مەبنەوە و ئاگاداری خۆتان بن» یان دەیانگوت: «لە یادت بێ لە ئۆسترالیا مار زۆرە» یان «خۆزگەمان بە خۆتان دەچن بۆ گەرمەسێر». تەنانەت «دووئیلیۆ» کە ڕۆمییەکی ئەسڵ بوو ئەگەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تووشـی مێریخییەک بووایە باوێشـکێکی دەدا و هیچ شـەرم داینەدەگرت لەبـەر ئـەو سـەفەرە هەیەجـان دەیگـرێ و بـەردەوام دەپرسـێ: «بڵـێ بزانـم ڕاسـتە لـە ژاپـۆن ژنـی ڕووت پیـاوان دەشـۆن؟ ڕاسـتە دەڵێـن لـە هۆنـک کۆنـگ ژنـان زۆر بـە سـانایی لەگـەڵ پیـاوان دەخـەون؟ ڕاسـت دەکـەن ژنـی هینـدی بـە سـەد و چـل و شـەش شـێوە دەزانـن لەگـەڵ پیاو جووت بن؟» دەی دەبێ بڵێم خولیاکانی هیچ خولیای هەواڵنێری نەبـوون لـەو چرکەیـەوە لـە فڕۆکەخانـەی ڕۆم سـواری فڕۆکـە بوویـن لـە دڵیدا دەیگوت کـە بچـم و بگەڕێمـەوە باسـی کچـی ژاپۆنـی و چینـی و هۆنـگ کۆنگـی بـۆ هاوڕێکانـم دەگێڕمـەوە. کـە باسـی چیـن دەکـرا بزەیـەک لەسـەر ڕوخسـاری دەنیشـت. کاتێـک فڕۆکـە وەفڕیـن کـەوت لـە دڵـی خۆمـدا سپاسـی ئـەو هاوڕێیـەم کـرد کـە کارێکـی کـرد بچـم بـۆ ئـەو سـەفەرە ئـاوا وەبیـرم هاتـەوە مـن ژنێکـم و ڕاسـپێردراوم و چارەسـەری کێشـەیەکم وەئەسـتۆی خـۆم گرتـوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی یەکەم

قەلەڕەشـەیەک لـە تاریکیـدا وەک منداڵێکـی شـێت دەیقیژانـد. خێـرا لـە پەنجەرەکـە دوورکەوتمـەوە لـە پەنجـەرەی هۆتێلـی «بیـچ لۆکسـۆری» شـتێکی وا بـەدی نەدەکرا. حەتمـەن دەریا نزیک بوو بـەڵام تەنانەت گوێمان لـە دەنگیشـی نەدەبوو چون دەنگی دەزگای هەواگۆڕەکە ئەوەندە زۆر بوو کـە بێجگـە لـە قیڕەقیـڕی قەلەڕەشـەکان شـتێکی دیکـە نەدەبیسـترا. تۆڕێکـی ناسـک بـە پەنجەرەکـەوە بـوو ڕێـی لـە هێرشـی مێشـەکان دەگـرت، لـە پشـت تۆڕەکـەوە حەوشـەی هۆتێلەکـە دیـار بـوو دارەکانـی حەوشـەکە هەمـوو بـە گڵۆپـی زەرد و سـوور و شـین ڕازابـۆوە. خەڵکـە بیانییـەکان لەسـەر قەنەفـە حەسـیریەکان پاڵکەوتبـوون و ئارەقـەی نێوچاوانیـان بـە دەسـرەیەکی خـاو دەسـڕی. لـە باڵکۆنێکـەوە کووچـە و شـەقام دیـار بـوون و ترۆمبێلـە ڕەنگاوڕەنگـەکان کـە زۆر بـە تووڕەیـی وەپێـش وشـترەکان دەکەوتـن دوای ئـەوە هێندێـک تـەپ و تۆزێکیـان لـە دوای خۆیـان بەجێدەهێشـت و لـە ئاکامـدا پەڵەیەکـی سـپی کـە کاتژمێـر دەی شـەو ناوەنـدی شـاری کراچـی بـوو لێـوە دیـار بـوو. لـە ژوورەکـەم دەرکەوتـم و چوومـە دالانەکـە کـە لـەو هەسـتی گێـژی و مەنگییـە ڕزگـارم بـێ. ئێسـتاش لـەوەی کـە چووبووینـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵاتێکی دیکە گێژ و مەنگ بووم و لە گەڵ هیچ شتێک ئاشنا نەبووم. لە خۆم دوور کەوتمەوە هەموو شتێک لام نامۆ بوو، هەوا، ڕوخسارەکان، ئاسمانەکە لە شەودا بە تەواوی ڕەش داگەڕا و مانگیش وەک چەقۆیەکی تیژ دەچوو. خزمەتکارێکی ڕەش و لاواز لەسەر عەرز هەڵترووشکابوو و بە بێدەنگی لە من ڕامابوو و چاوەڕوان بوو کارێکی پێبسپێرم. دەرگای ژووری «دووئیلیۆ» نیوەکراوە بوو ویستم بانگی کەم بەڵام ڕام گۆڕی هەوا لە ڕادەبەدەر گەرم بوو منیش زۆر ماندوو بووم بەیانییەکەی هێندێک دیداری ماندووکەر و چاوەڕوانم بوون واباش بوو کە زووتر بچمە پێخەفەوە بەڵام بە پێچەوانەوە بە جێگای نێو پێخەفەکەم چوومە حەوشە و وەک ئەوانی دیکە لەسەر مۆبلێکی حەسیری پاڵکەوتم و داوای پەیکێکم ئیسکاچ کرد و لەو کاتەدا گێژ گێژ چاوم دەگێڕا چاوم پێی کەوت.

دەبێ بڵێم زوو نەمزانی ئەوە ژنێکە لە دوورەوە تەنیا لە شتێک دەچوو دەم و چاو و جەستە و دەست و لاقی هەیە. لە شتێکی بێگیان دەچوو یان بەستەیەکی هەستیار کە چەند پیاوی سپی پۆش بۆلای دەرگای دەرەوەیان دەبرد پەڕۆیەکی سووریان بەسەر بەستەکە دادابوو ڕێک وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوا پەردە لەسەر پەیکەرەیەک لادەدەن. لەژێر پەڕۆکەوە شتێک نەدەبیندرا نە دەستەکانی و نە لاقەکانی و نە شتێکی کە وەک بوونەوەرێک بچێ یان تەنانەت دەجووڵێ. جووڵەکانی زۆر بە ئەسپایی بوون وەک کرمێک کە بۆلای کونەکەی دەچوو و خەبەری لەوە نییە کە چی لەو کونەدا چاوەڕوانێتی. لەپشت ئەوان پیاوێکی لاوی لاواز کە پاتۆڵێکی فشی لە بەردابوو بە شۆینانەوە بوو ئەو ئاڵقەیەکی گوڵیشی لە ملدابوو دووابەدووای ئەو پیاوەکانی دیکە دەڕۆیشتن کە جلەکانیان وەک ئوروپایەکان بوو دووای ئەوانیش ژنانێک کە هەموو ساری و چارشێویان لەبەر بوو هیچ کامیان نە پێدەکەنین و نە هیچیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگوت بێ دەنگییەکی وەک بێدەنگیی کاتی ماتەمینی بوو تەنیا قیژەی قەلەڕەشەکان کە لە سەرووی ئەوانەوە پۆل پۆل بەولاولادا دەڕۆییشتن وەبیری منی دەهێناوە ئەوەی دەیبینم خەون نییە.

ئەو بەستەیە هیچ چاوی نەدەگێرا وەک ئەوەی نە هیچ دەبینێ و نە هیچ دەبیستێ هەلاتم بە دوای «دووئیلیۆ» تا بزانم هیچم لە بابەت ئەو شانۆیە وەچنگ دەکەوێ یان نا بەڵام ئەویش تێنەگەیشت. لە بیانییەکی کە لەلام دانیشتبووم پرسی بەڵام ئەویش هیچی نەدەزانی. لە کۆتاییدا دەست بەداوێنی پاکستانییەک بووم کە بە شوێن ئەو کاروانەدا دەڕۆی دیار بوو خۆشی لە پرسیارەکەم هاتبوو. پرسیم:

– ئەو بەستەیە چییە؟

– هیچ نییە، کچێکە

– چی دەکا!؟

– زەماوەند

– بۆ کۆی دەڕوا؟

– ماڵی مێرد

– دەکرێ ئیزن بدەن منیش لەگەڵتان بێم؟

– بۆ چی!؟ زەماوەندی موسوڵمانەکان تایبەت بە خۆیانە.

هۆی کارەکەم پێ گوت. بەڵێنی پێدام ئیزنم بدا بە مەرجێک هیچ بە کەس نەڵێم، ناوی زاوا نەپرسم و لە ڕۆژنامەدا چاپی نەکەم. گوتم:

– باشە تەنانەت ناوی بووکیش لە ڕاپۆرتەکەمدا ناهێنم.

– نا بووک گرینگ نییە.

بەستەکە هەروا وەک کرمێکی ترساو بەرەو پێش دەچوو ئێستا گەیشتبووە کۆتایی حەوشەکە. پرسیم:

– بۆ ئاوا دەڕوا!؟ کوێرە؟

– نا چاوەکانیان بەستووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بۆ چی!؟
- بۆ ئەوەی زاوا نەبینی.
- تا ئێستا زاوای نەبینیوە؟
- نا هێشتا نەیبینیوە.

زاوا لە سەیارەکەی کە بە گوڵ ڕازابووە دانیشت. دڵخۆش دەهاتە بەرچاو. پیاوە پاکستانییەکە گوتی:

- زاواش تا ئێستا ڕوخساری بووکی نەبینیوە. تەنیا وێنەیەکی بینیوە و لە ڕووی ئەو وێنەیە پەسەندی کردووە. ئەگەر دواییش خۆشیی لێی نەیا زۆر گرینگ نییە ئەوەندەی پووڵ هەیە کە بتوانێ ژنێکی دیکە بێنێ.

بەستە سوورەکەیان لە سەیارەیەکی دیکە کە هیچ گوڵێکی پێوە نەبوو هاویشت. چەند ژنی دیکە لە تەنیشتی دانیشتن و میوانەکان و من و «دووئیلیۆ» سواری سەیارەیەکی دیکە لەوێ ڕاوەستابوو بووین. «دووئیلیۆ» دەترسا و دەیگوت: «خۆمان تووشی کێشە کردووە.» نەیدەزانی بەو کامێرایانەی بەخۆیدا هەڵواسیوە دەبێ چ درۆیەک بە ئەو خەڵکە بڵێ. پیاوە پاکستانییەکە پێشنیهادی کرد بڵێین ئێمە ژن و مێردین و ئەوە مانگی هەنگوینەکەمانە و خولیای وێنەگرتن لە خەڵکی وڵاتەکانین. ئەو پیاوێکی میهرەبان بوو بە نێوی «ئەحمەد حەسەن زەڕابی» لە کەمبریج خوێندنی تەواو کردبوو، ئینگلیزیەکەی زۆر باش بوو. بە شوێن کاروانی بووکدا ڕۆیشتین چون شەقامەکانی کراچی لە یەک دەچوون نەمزانی بۆ کام لای شار چووین. ماڵی زاوا نوێساز بوو هێشتا بۆنی گەچی تازەی لە دیوارەکانی دەهات. ماشێنی زاوا پێنج خولەک زووتر لەوانی دیکە گەیشتێ هێندێک خەڵک خەریک بوون مەڕێکیان لە دەور دەگێڕا تا بۆی قوربانی بکەن. چەند چرکەی دیکە بووکیش گەییشتێ بەڵام دووبارە شاردیانەوە و مەڕەکە تەنیا بۆ زاوا قوربانی دەکرا. ڕۆیشتینە ژووری، تەواوی ژوورەکان وەک ڕۆژهەڵاتییەکان بەبێ مۆبل

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و قەنەفە بوو نێو ژوورەکە زۆر لە ژووری نانخواردن دەچوو لەسەر میزەکە برینجی کاری و گۆشتی مەڕ و دۆلکەی ئاو داندرابوو. پیاوەکان دوابەدوای زاوا چوونە ژوورەوە بەبێ کەوچک و چنگاڵ کەوتنە گیانی خواردنەکان. ژنەکانیش چوونە ژوورێکی دیکە کە حیجلەیەکی گەورەی لێ ڕاخسترابوو دۆشەگێکی لە «کا» لەنێو حیجلەکە بوو چەند منداڵ لەگەڵ ئەو ژنانەی چارشێوەکانیان داکەندبوو لەسەری دانیشتبوون و پێدەکەنین. بەستە سوورەکە کە بووکە نەخشینە بوو، وەک کفتەیەک لە نێوەندیاندا دانیشتبوو ئەو ئەژنۆی لەئامێز گرتبوو لەنێوان ئەو هەموو پەڕۆ زەرد و سوور و سپیە دوو لاقی خەنە لێدراوی بچکۆلە کە نینۆکەکانی سوور کردبوو دیار بوو. بووکەکە دەگریا و شانەکانی دەلەرزین. چووکە بوو، لە خۆیدا کۆوە ببووە. ئەوەندە بێنەوابوو کە تەنیا هەرکەسێکی بەوێژدانی دەویست دەستی بگرێ و لەوێی بەرێتە دەرێ. هاوڕێ پاکستانییەکەمان گوتی:

- پێت خۆشە بووکەکە ببینی؟
- ئا، ئەگە کێشە نابێ پێم خۆشە ببینم.
- چ کێشەیەک؟ ئەویش ژنە
- دەی منیش ژنم
- تۆ جیاوازی بۆ نموونە تۆ هاوسەفەری پیاوێکی کە مێردت نییە.
- دەی ئەو هاوکارمە، پێموا نییە چون کاری لەگەڵ دەکەم دەبێ هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەم.
- ئەوە ئیدی کێشەی خۆتانە و پێوەندیی بەخۆتانەوە هەیە

دیار نەبوو کە قسەکانی کامیان ڕاستە و کامیان درۆ. ئەمری بە ژنەکان کرد کە چارشێوی لەسەر بووکەکە لابەن. ژنەکان وایان کرد و بەڵام نەمتوانی ڕوخساری بووکەکە ببینم چون سەری لە نێوی ئەژنۆکانیدا حەشار دابوو. ژنێکیان دەستی بردە پێش و چەنەگەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووکەکـەی گـرت و  سـەری هەڵێنـا و ڕووخسـاریم دیـت. ڕووخسـاری شـێوەی منداڵ بـوو. ڕەنگـی گەنمـی بـوو، ئاراییشـێکی تـۆخ وەک منداڵێک کە بۆ قومـار خـۆی ڕازاندبـووە. گووتیـان تەمەنـی چـاردە ساڵە. بـەردەوام فرمێسـک بـە چـاوە ڕەشـەکانیدا دەهاتـە خـوارێ. پیـاوە پاکسـتانیەکە گووتـی: «پێـی بڵێـن پێویسـت نـاکا بگـری. مـن مێردەکەتـم بینیـوە، قـۆز و میهرەبـان دێتـە بەرچـاو.»

کەمێک لێم ڕاما و بە زمانی پاکستانی شتێکی گوت. لە ژنێکم پرسی: «دەڵێ چی؟» گوتی: «دەڵێ بەڕاست زاوا پیاوێکی مێهرەبانە؟»

پیـاوە پاکسـتانیەکە چاوێکـی لـە سـەعاتەکەی کـرد و گوتـی: «کاتـی ئەوەیـە بووکەکـە بەرنـە حیجلـە.»

ئـەو ژوورە تەنیاژوورێـک بـوو کـە ڕازابـووە. بووکەکەیـان هەڵهێنـا و لـە ناوەندی تەختەکەیان دانا و چارشـێوە گەورەکەیان لەسـەر لادا. تازە توانیـم جلەکانـی ببینـم، پانتۆڵێکـی سـاتەنی سـوور و تۆنیکێکـی شـینی قۆڵـدار. جـوان بـوو، تـرس لـە چاوەکانیـدا بەدیدەکـرا. ئیتـر نەدەگریـا، تەنانـەت بزەیەکی کاڵیش لەسـەر لێوەکانی بوو. لەو کاتەدابوو کە دایکی زاوا ئەمـری کـرد هەمـوو لـە ژوورەکـە بچنـە دەرێ. ئێسـتا چاوەڕوانـی پیاوێک بـوو کـە تـا ئـەو کات نەیبینیبوو. دووبـارە بوغـزی کـرد و گریـا. هەوڵـی دەدا کـە کـەس گوێـی لـە گریانـی نەبـێ وەک کەسـێک کـە سـزا درابـێ و بـێ ئـەوەی کـە خـۆی هۆیەکـەی بزانـێ. ژنـەکان لـە دەرەوەی ژوورەکـە دانیشـتبوون و شـێویان دەخـوارد و کـەس ڕووی بـە بووکەکە نـەدەدا. بـە دایکـی زاوام گـوت:

– بێچارە گوناحە، لەوانەیە پێویست بکا دڵخۆشیی بدەنەوە.

– بۆچـی؟ ئەوەنـدەی پێویسـتە پێـم گوتـووە. هیـچ نییـە، هیـچ بووکێـک شـەوی بووکێنی دڵخۆش نییـە. مـن خـۆم کاتی بووکێنیم سـێ ڕۆژ گریـام. لـە ڕۆژئـاوا بووکـەکان شـەوی بووکێنـی ناگریـن؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- زۆر جار کاتێک کە هەست بکەن زۆر بەختەوەرن لە دڵخۆشی بگرین یان کاتێک کە هەست بکەن چارەڕەشن لە دڵتەنگی بگرین. ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێرە زۆر جیاوازە.

هەموو لەگەڵ یەک گووتیان:

- چ جیاوازیەک؟

- لەوێ کچەکان خۆیان مێردەکانیان هەڵدەبژێرن. ئێوە پێتان خۆش نەبوو خۆتان مێردەکانتان هەڵبژاردایە؟

ژنانێکی پێشکەوتوو دەهاتنە بەرچاو تەنانەت هێشتیان بێ چارشێو وێنەیان بگرین بەڵام بە بیستنی ئەو قسەیەی من هەموو عەبەسان و لەیەکتر ڕامان و دوای کەمێک هاوکات بە یەکەوە گوتیان:

- نا

- بۆ!؟

بە شوێن جوابێک بوون. لە کۆتاییدا ژنێکی لاو گوتی: لە پێشدا هەڵبژاردنی مێرد لەلایان ژن دەبێتە هۆی سووکایەتی ژنەکە، کاتێک ژنێک لە مێرد دەگەڕێ ناچارە خۆی جوان کات و خۆی برازێنێتەوە، جلفانە لە خەڵک بڕوانێ و قسەی هەڵیت و پڵیت بکات. ئەوە نە شانازیە و نە هیچ ئینسانێک کە سەداقەتی هەیە دەیکا یەکێک لە هاوڕێ ئینگلیزیەکانم بۆی باس کردووم کە ژنە ئوروپایەکان چۆن مێرد دەبیننەوە. بە بڕوای من ئیشێکی تاقەت پڕوکێن و گەمژانەیە ژنان بۆ ئەوەی کە بچنە دڵی پیاوانەوە ناچار دەبن خۆیان لەوەی کە هەن باشتر نیشان بدەن و کاتێک سەرنجی ئەویان بۆلای خۆیان ڕاکێشا هەر بەو شێوە ساختەچیانە دەڕۆنە پێشێ تا وەدەستی بهێنن و دوایە سازان لەگەڵ ئەو هەموو چەرمەسەرییە، زەماوەند بکەن بەڵام دوای زەماوەند ئیتر تووانای کایە کردنی ئەوە شانۆیەیان نامێنێ لێرەدایە کە هەموو شت تەواو دەبێ و زەماوەندی ئاوا ئاکامەکەی تەڵاقە. بەڕاستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هـەر وایـە کـە مـن بیسـتوومە؟
- دەتووانیـن بڵێیـن زۆر جـار وا دەبـێ ژنـان هەمـوو کاتێـک کـە لـە بینینـەوەی پیـاوی گونجـاو بـۆ زەماوەنـد سـەرکەوتوو نابـن.
-هەموو پرسیاریان کرد: بەڕاست ئەو کات چی دەبێ؟
-هیچ، دەبێ لەسەرڕا دەست پێبکەن و پیاوێکی دیکە بدۆزنەوە.
ژنەکان بە سەرسوڕمانەوە لێکیان ڕووانی. یەکێک گوتی:
- مـن ناتوانـم مێـرد بۆخـۆم بدۆزمـەوە کچـە لاوەکان عاقڵیـان بـەڕادەی پێویست نییە ئەوە دایک و بابن کە دروست بیر دەکەنـەوە و مێردێکی بـاش بـۆ کچەکانیـان دەدۆزنـەوە من سـاڵێکی دیکە خوێندنـم تـەواو دەبێ و دەچمـە ماڵـە مێرد بەڕاسـت لـە ڕۆژئاوا زەماوەندەکان لـەڕووی بەرنامـەوە نییە ؟
- بـۆ چـی؟ تەنانـەت هێندێـک جـار لـە هێندێـک ڕۆژنامـە و گۆڤـاردا ڕادەگەیەنـن یـا بـەو شـوێنانەی کـە تایبەتـن بـە زەماوەنـد ڕادەسـپێرن.
- چ ئیشێکی ناحەز!
- هێندێـک جاریش خۆیـان بڕیـار دەدەن و هاوسـەرەکەیان هەڵدەبژێـرن ئێمـە بـەو هاوسـەرگیریانە دەڵێیـن هاوسـەرگیریەکی ئەویندارانـە.
- ئەو کات ئەو ئەوینە تا کۆتایی ژیان بەردەوامە؟
- هێندێـک جـار ئـەرێ بـەڵام زۆر جـار لێـک وەڕەز دەبـن و کـار دەگاتـە جێیـەک کـە قینیـان لێـک دەبێتـەوە.
- چ سـەیرە، ئەسـڵەن چ پێویسـتە ژن و مێـرد عاشـقی یەکدی بـن یـان لێـک بێـزار بـن؟
دەنگـی گریانـی بوکەکـە ئـارام ببـوو، تەنیـا هێندێـک جـار دەنگـی هەڵلووشـینی چڵمەکـەی و ناڵەکانـی دەبیسـترا. چوومـە ژووری پیـاوەکان، «ئەحمـەد حەسـەن زەڕابـی» پێـی گوتـم چـون مـن ژنێکـی ئوروپاییـم دەتووانـم بچمـە ژووری پیـاوەکان. «زەڕابـی» لـە تەنیشـت زاوا دانیشـتبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زاوا دەتگوت بۆ گەییشتن بە ئەو بووکەی کە بەتەنیا لەو ژوورەی دیکە خەریک بوو دەگریا زۆر بەپەلە نەبوو. هێدیهێدی دەورییەکەی پڕ دەکرد و بەردەوام چاوی بەسەر منەوە بوو. دەتگوت دەیهەویست بڵێ: «ئەگەر لەگەڵی بچمە ژوورێکی چۆڵ یا حەوشەخەڵوەتی پێی ناخۆش نابێ» کەمێک دووایە چاوێکی داگرت و سەری قەمکە گەورەکەی لاقی لە لاقی من خشاند. زانیم دەبێ لەگەڵ پیاوە پاکستانیەکە کە مەترسیی کەمتر بوو قسە بکەم.

پاکستان ئەو بەشە لە گۆی زەوییە کە هیچ زەماوەندێک لەڕووی ئەوینەوە نییە و هیچ کچێک بێ مێرد نامێنێتەوە. حیساب و کیتاب لە هەست و نەست گرینگترە و بەشێکی گەورەی جیهانە کە شەشسەد ملیۆن نەفەری تێدا دەژی. نیوەی ئەو چینانە ژنن و لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەو ناوچەیە ژنان خۆیان بە چارشێو و لەچکە دادەپۆشن. چارشێوی ئەوان لە بەری پێ تا تەپڵی سەریان لە هەموو پیاوێکی نامەحرەم کە مێردیان  یان کوڕی خۆیان نەبێ حەشار دەدەن. لە پشت دەربیجەیەکی کە لە پشت ئەو پۆششەیە چاو لە ئاسمان و هەتاو و خەڵک دەکەن وەک کەسێک کە لە دەلاقەیەکەوە لە دەرێ بڕوانێ. جیهانی ئیسلام زۆر گەورەیە و لە زۆر وڵاتدا هەیە کە پاکستان بەشێکی بچوک لەوانە؛ لە بابەت ژنانی موسوڵمان بڕوانین و دادوەرییەک لەسەر بارودۆخی ژنانی کراچی بکەین دەبێ بۆ نموونە باس لە ئێران بکەین لەوێ ژنان وەزعیان باشترە و لە عەرەبستان زۆر زۆر خراپترن لە عەرەبستان ئێستاش شوێنێک بە نێوی حەرەمسەرا هەیە. ئەو ژنانە کە لە حەرەمن هیچ لەو شتانەی لە پشت حەرەم هەیە ئاگادار نین و کاتێک ڕوو دەکەنە ئەوێ دەزانن ئیتر هیچ کاتێک نایەنە دەرێ. ژنانی عەرەبستان ئەوەندە بوونەوەرێکی بەکارنەهاتوون کە تەنانەت ناویان لە دەفتەری سەبت و ئەحواڵدا نانوسرێ. هێندێک جار تەنیا ناوی بنەماڵەیی لە ناسنامەکانیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایە ناکرێ وێنەیان لێ بگیرێ و کەمتر ژنێک هەیە کە لەوێ مانای ئەو وشە سەیرەی کە لە شوێنەکانی دیکەی دنیا عەشقی پێ دەڵێن بزانێ پیاو خودای ژنە و ملکداری هەموو ژیانێتی لە هێندێک لە وڵاتەکان ئەو پیاوانەی کە بوێری ئەوەیان هەیە کە دەستدرێژی لەسەر ژنێک بکەن بە توندی سزا دەدرێن و لە هێندێک لە وڵاتەکان سزای زیندان بۆ پیاوێک کە دەستدرێژی لەسەر ژن بکا نییە. ئەو کاتانە جەلاد سزای توندتری دەدا یانی بەقامچی وا لە یەکێک لە مۆرەکانی پشتی دەدا کە تا هەتاهەتایە لە پیاوەتی بکەوێ و نەقوستان بێ. دەتوانین بڵێین لە هێندێک لەو شوێنانە ڕێزگرتن لە ژنان زۆرە بەڵام لەڕاستیدا هەمووی فۆرمالیتەیە.

هەتاو لەو وڵاتەدا ڕووناکیەکی سەیری هەیە نوورێکی سپی و پاکی دێتە بەرچاو بەڵام زۆربەی ژنان هیچ کات ئەو نوورە نابینن و هەستی پێناکەن. چاوەکانی ئەوان لەگەڵ تاریکی ڕاهاتوون بە تاریکی نێو زگی دایک، دەستپێدەکا دوایە تاریکی نێو ماڵی باب، دوایە تاریکی نێو ماڵی مێرد و دوای ئەوانە تاریکی نێو قەبر. لەو هەموو تاریکیەدا کەس ئەوان نابینێ. کەمتر پیاوێک بەوە قاییل دەبێ کە لە بابەت ژن یان ژنەکانی خۆی بدوێ. ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێ کە چوومە لای مودیری ڕۆژنامەیەک لە کراچی و پێم گوت: «من هاتووم لە بابەت مەسەلەی ژن لە پاکستان لەگەڵتان بدوێم.» بە مۆرەیەکەوە جوابی دامەوە و گوتی:

- «چ مەسەلەیەک؟ مەسەلەیەک بە نێوی ژنی پاکستانی نییە.»

دوایە چەند لاپەڕەی تایپکراوی دا دەستم تا بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتەکەم کەڵکیان لێوەرگرم لەو کاغەزانەدا لەسەر جل و بەرگ و زێڕ و زیوەری ژنانی پاکستان نووسرابوو ئەوەی کە چۆن بە ڕۆنی گوێزی هیندی پرچەکانی خۆیان جوان و بریقەدار دەکەن و لە بابەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەنە کە بۆ ڕەنگ کردن و نەخشاندنی نینۆک و بەری دەست و پێیان کەڵکی لێ وەردەگرن. کاتێک ئەو لاپەڕانەی پێدام گوتی:

-لەو نووسروانەدا هەرچی لەبارەی ژنی پاکستانی بتانەوێ دەیدۆزنەوە.

لە بابەت نەخێندەواریی ژنانی پاکستان پرسیارم لێ کرد. لە جوابدا گوتی:

- «چ پێویست دەکا ژنان خوێندن و نووسین بزانن؟ ئەسڵەن بڕیارە شتێک بۆ کەسێک بنووسن؟ ئەوان تەنیا مافی ئەوەیان هەیە کە بۆ مێردەکانیان بنووسن و مێردەکانیان کە لە تەنیشتیانن و کەوایە چ پێویستیان بە خوێندن هەیە؟»

هەڵبەت نابێ لەیادی کەین لە هێندێک لەو وڵاتە موسوڵمانەکان وەک توونێس پیاوە فرەژنەکان دەبەنە بەندیخانە و لە هێندێک وڵات وەک ئێران ژنان هان دەدەن کە حیجاب لابەن یان لە زانکۆی ئەمریکایی بەیرووت زۆربەی ژنان بە شاڵواری جینەوە دەچنە دەرێ. دەچنە خلیسکێنی نێو ئاو بەڵام هەر وەک «نیۆیۆرک تایمز» نووسیویێتی ئێوە دەتوانن گفتوگۆیەکی ئاوا لە نێوان دوو قوتابیی زانکۆ ببیستن:

- «تۆ دەتوانی کچێک بۆ ژیان هەڵبژێری کە لەگەڵ کوڕێک چۆتە دەرێ؟»

- «نا دیارە شتی واناکەم.»

بەیانی ئەو ڕۆژە چوومە دیداری «بەیگوم تاجین فەریدی». ئەو سەرۆکی ژنانی ڕێکخراوی کراچی بوو ژنێک پڕ لە وزە و خوێنشیرین، کە خۆی ئاوا دەناساند (ژنێک کە ناچێتە ژێر باری داب و نەریتی زۆرەملی و بۆخۆی ناوبانگی بنەماڵەیی هەیە.) ئەو کەسێکە لە کۆمەڵێکی چووکەی ژنان کە لە پاکستانن وەک «بەیگوم لیاقەت» باڵوێزی پاکستان لە هۆلەندە و «ئازادە خانم عوبەیدەسوڵتان» باڵوێزی ئەو وڵاتەیە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕێزیل ئامانجی سەرەکیی ئەو بەرەوپێشچوونی ژنانی موسوڵمانە لە چوارچێوەی یاسا و قورئاندا؛ و وەک پشیلەیەکی تووڕە بە دژی ئەو پیاوانەی چەند ژنیان هەیە ڕادەوەستێ و تا ئەو جێگایە چۆتە پێشێ کە ماوەیەک لەوەپێش ویستبووی ١٠ کچی پاکستانی بۆ کێبەڕکێیەکی شاجوانی بنێرێتە ئەمریکا. خراپ نییە باسی ئەو ١٠ کچەی ئامادە بوون لە کێبەرکێیەکی شاجوانی پاکستان بەشداری بکەن، بزانین.

کچەکان لەپێشدا بە مایۆ لەپێش داوەری ژن ڕێیان دەپێوا دووایە بە چارشێوەوە لەپێش چاوی شەش پیاودا ڕێیان پێوا. هەڵبەت پیاوەکان شتێکیان لە کچەکان نەبینی و ئەوە خاتوو تاجین فەریدی بوو کە هەوڵی ئەوەی بوو کە ئەوان ڕازی بکا کە یەکێک لە کچەکان لەوانی دیکە باشترە. ئەوە ئەو کەسەیە کە دەبێ وەک نوێنەری پاکستان بنێردرێتە «لانگبیج» . ئەو کچە هیچ کات نەگەییشتە ئەمریکا چون ڕۆژنامەی «تایمز»ی کراچی لە وتارێکدا نووسیی خاتوو «تاجین فەریدی» لە بابەتێکی زۆر گرینگدا بێدەنگ بووە و ئەویش ئەوە بووە کە کچەکانی پاکستان لە «لانگبیج» دەبێ بە مایۆوە ڕێ بپێون. شتێکی وای نەمابوو کە ئەو وتارانە سەری «تاجین فەریدی» بە فەتەڕات بدەن.

من بۆ دیتنی چوومە دەفتەرەکەی. تازە گەییشتبوومە ئەوێ کە ژنێکی ترساو کە هەر لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی گەیشتێ. دەتگوت کەسانێک بە شۆینێوەن کە بیگرن. فەریدی پێی گوت: «دادەی با ڕوخسارت ببینم؟» کە دیتی ژنەکە جواب ناداتەوە خۆی چووە پێشێ و چارشێوەکەی لادا. ژنێکی دەوری چل یا چل و یەک ساڵان، ڕەش ئەسمەر، هەموو لەشی شەلاڵی ئارەق بوو. بە زێڕ و زیوەر خۆی داپۆشیبوو بەرچاوی چەپی ڕەش و شین ببۆوە و لێوی ئاوسابوو دەسرەیەکی هەوریشەمی لەسەر لێوی دانابوو. دڵی قسەکردنی نەبوو. دوای چەند خولەک دەستی بە قسە کرد. هەموو ئەوانەی کە گوتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسیم. تەنانەت وشەیەک فەریدی بۆی وەرگێڕابووم لە بیر نەکرد:
– «من چاردە ساڵان بووم و ئەو سی و دوو ساڵان بوو پوورەکانم گوتیان هەموو لووتی خولێرکەیە بەڵام سێ هەزار ڕووپیە دەدات کە لەگەڵ من زەماوەند بکات من ناحەز و ناقۆڵا بووم و چاوەڕوانیی زیاتر لە ئەوم نەبوو ئەوان بۆخۆیان قسەیان بڕاندەوە و شیرینی و دیاریەکانیان لەنێوان خۆیاندا هێنا و برد و دوایە منی لەگەڵ خۆی بردە ماڵی خۆی. کوڕێکی سێزدە ساڵانی هێنابووە ماڵێ بۆ ئەوەی کە یارمەتیدەری من بێ، بەڵام خۆی ڕووی سەگی پێ نەدەدام و بەڵام زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئەو کوڕە لە ژوورێکی داخراوە ڕایدەبوارد. ئاخری بەزەیی بە من داهاتوو و زگم لێی پڕ بوو و چاوەڕوانی زایەمانێکی ناخۆشم بووم. پوورەکانم و کچەکانیان ویستیان «ماما»م بۆ بێنن، بەڵام نەیانتووانی بیدۆزنەوە و تەنیا دوکتورێکی پیاو لەو نزیکانە بوو، بەڵام مێردەکەم پێی خۆش نەبوو ئەو من بە ڕوتی ببینێ، بۆیە منداڵەکەم مرد.

بەو حاڵەش لوتفی کرد و لە ماڵێ دەری نەکردم بەڵام ژنێکی لاوتری بەسەرم هێنا کاتێک ئەو منداڵی دەبوو بۆخۆم ئاگام لێی بوو مێردەکەم لەگەڵ من و ژنەکەی دیکەی هەر یەک شێوە هەڵسوکەوتی دەکرد. بۆ هەردووکمانی بەقەت یەک زێڕ دەکڕی بەڵام لە منی دەدا. ڕۆژێک خانم دوکتورێکی کە ئاشنامان بوو پێشنیاری پێ کردم کە تەلاقی لێوەرگرم من گوتم: پوولم بۆ دادگا نییە. دوای ئەوەش ژنێکی تەلاق دراو چۆن دەتوانی بژی؟ لەو ماوەیەدا مێردەکەم کچێکی لاوی بینێوە کە زۆر جوان بوو و سی هەزار ڕووپیەی مارەیەکەیەتی؛ پێی گوتم: سێ هەزار ڕووپیەکەی کاتی زەماوەند پێی دابووم بیدەمەوە، بەڵام من پوولم نەبوو پوورەکانیشم هەر وەک من نەیانبوو لەگەڵ ئەوەش گوتی: ناتوانێ دەرەقەتی خەرجی سێ ژن بێت دەڵێ پیر بووم بردمێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سووچێک و گوڕاندی تەڵاق تەڵاق تەڵاق، لە کۆتاییدا تەڵاقی دام. خانم دوکتور گوتی بێمە لای ئێوە. دەڵێن چی؟ چی بکەم؟ بۆ کوێ بچم؟»

هەر وەک دوکتور کە بە بیستنی ئازاری نەخۆشەکەی ڕووخساری ناشڵەژێ یان وروژاو نابێ «بەیگۆم فەریدی»ش خۆی نەگۆڕی بەڵام بەڵێنی پێدا لە ئیدارە، یان ماڵێک کە پێویستیان بە کڵفەت هەیە کاری بۆ بدۆزێتەوە. دووایە بۆی ڕوون کردمەوە کە یاسای تازەی پاکستان ژنێکیش دەتوانێ داوای تەڵاق بکا، بەڵام دەبێ بتوانێ پووڵی دادگا بدا. بەڵام پیاو دەتوانێ سێ جار بە دووای یەکدا بڵێ «تەڵاق» و خۆی لەو تەعەهودە ڕزگار کات و تەنانەت نەفەقەش نەدا. دووایی لێی پرسیم:» لەوە گەییشتم یان نا؟» من جوابم داوە:

– نا هیچ تێنەگەییشتم چۆن دەکرێ لە نێوان ژن و مێرد هیچ هۆگریەک نەبێ؟

– بۆچی، هێندێک جار دڵیان بۆلای یەک دەچێ بەڵام لە ڕوویان هەڵنایا باسی بکەن هەر وەک گوناحێکی گەورەیان کردبێ.

بڕوانن لەم وڵاتەدا ڕووداوی ئەویندارانە نییە.

– بڕوا ناکەم. یانی ئێوە خۆتان ڕووداوی ئەویندارانەتان لەبیر نییە ڕوویدابێ و بۆم بگێڕنەوە؟

خاتوو «فەریدی» کەمێکی بیر کردووە و دووایە بانگی مونشیەکەی کرد و لێی پرسیی:

– «ڕازیە تۆ هیچ ڕووداوێکی ئەویندارانەت بینیوە؟»

کچەکە پێکەنی و گوتی:

– «وەک هەزار و یەک شەو؟»

پێم داگرت کە ڕووداوێکی ئەویندارانەم بۆ بگێڕنەوە. ڕازییە فکری کردوە دوایە ملی نا لە پێکەنین:

– ئاها بینیمەوە ڕووداوی ئەو پیاوە سینکەت بۆ دەگێڕمەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– نا من ڕووداوێکی ئەویندارانە لە بابەت ژن و پیاوێکی موسوڵمانەوە ڕووی دابێم دەوێ.

«فەریدی» گوتی:

«بەڵام ئەو پیاوە دینەکەی گۆڕی و بوو بە موسوڵمان.» دووایە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کرد کە پوختەکەی ئاوا بوو: «بووتاسینک کە پاڵەوانی چیرۆکەکە سینکێکی سی و دوو ساڵانی خەڵکی کەلکەتە بوو کە عاشقی کچێکی یازدە ساڵانی موسوڵمان بە نێوی موهەندێر دەبێ و هەزار و پێنسەد ڕووپیە دەدا و لەخۆی مارە دەکا ئەوان شەش ساڵ لەگەڵ یەک ژیان و دوو کچیان بوو. دوایە یاسای ئەوێ دەگۆڕدرێ و ژنەکە ناچار دەکەن بەبێ مێردەکەی بگەڕێتەوە پاکستان. بووتاسینک ئەویندەری موهێندێر بوو کەوایە دەبێتە موسوڵمان و دوای ساڵێک بە شوێن مۆهێندێر دێتەوە ئەوێ بەڵام مۆهێندێر لە عەوەزدا بە دەهەزار ڕووپیە مێردی بە پیاوێکی دیکە کردووە نایهەوێ ئەو ببینێ. بووتاسینک دەچێتە ڕێگای شەمەندەفەر و خۆی دەخاتە ژێر شەمەندەفەر.»

پێم گوتن: «چیرۆکێکی عاشقانەی خۆشە»

بەڵام هەردووکیان لە جوابدا گوتیان: بەڕای ئەوان گەمژانەیە و ئەو کارە تەنیا سینکێک دەتوانێ بیکا چون لە دنیادا ئەوەی کە زۆرە ژنە و ئەو پیاوە دەیتوانی ژنێکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە. دەیانگوت بیستوویانە ئینگلیزیەکان خەریکن فیلمێک لەو ڕووداوە بە نێوی «چیرۆکی عەشقی بوتاسینک» دروست بکەن.

کراچی شارێک کە چیرۆکێکی عاشقانە دەبێتە هۆی پێکەنینی ژنان. زۆر گەرم بوو خەریک بوو لەو بارودۆخە ماندوو دەبووم. «ئەحمەد حەسەن زەڕابی» کە یارمەتیی دام بچمە ئەو زەماوەندە سەیرە، چاوەڕوان بوو موحیبەتەکەی بۆ جوبران بکەمەوە. بەو بیرۆکەیە هەموو شەوێ دەهات لە پشت درگای ژورەکەم لە هۆتێل و لە درگای دەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چـون نەمانتوانیبـوو هۆتێلێکـی دیکـە بدۆزینـەوە ناچـار بـووم ژوورەکـەم لەگـەڵ «دووئیلیـۆ» بگۆڕمـەوە. هەمـوو شـەوێک گوێـم لـە دەنگـی «دووئیلیۆ» بوو بە دەنگێکی بەرز دەینەڕاند. لە کۆتاییدا زانیی کە ئێمە ژوورەکانمـان گۆڕیـوە بۆیـە هەمـوو شـەو لـە پشـت درگای ژوورەکـەم شـین دەبـووە. ئـەو ڕووداوە هەمـوو شـەوێ بـەردەوام بـوو و مودیـری هۆتێلەکە هیچی نەدەکرد. بەیانیـەک ئیتـر بەڕاسـتی وەڕەز بـووم و خـۆم گەیانـدە بانـک و لەدەسـتی ڕام کـرد هەمـوو شـتومەکەکانمان جانتایـەک و چـوار چەمـەدان و کامێـرای وێنـە و فیلـم و باڵتەیەکـی گـەرم کـە بـۆ لەبەرکردن لـە زسـتانی ژاپۆن لەگـەڵ خـۆم هێنابووم؛ چـوون «دووئیلیۆ» بۆخـۆی کامێراکانـی هەڵدەگـرت منیـش ماشـێنی تەحریرەکـەم بەدەسـتەوە بـوو سـێ کـەس دەیتوانـی شـت و مەکەکانمـان لـە ژوورێـوە تـا لای ماشـێن بێنـن، بـەڵام دەسـتەیەکی دوازدە کەسـی بـە شـوێنماندا هاتـن ئیتـر ئـەوەی چـۆن هـەرکام شـتێکیان هەڵدەگـرت و وایـان نیشـان دەدا کـە هەبوونیـان پێویسـتە مەسـەلەیەکی بیـرکاری بـوو کـە کـەس نەیدەتوانـی حەلـی کات. بەکورتـی بـە تەشـریفاتێکی زۆر و دووای نیـو سـاعەت شـت و مەکەکانیـان لـە سـەر باربەنـدی ماشـێنەکە دانـا و هـەروا کـە بـەردەوام کڕنۆشـیان دەبـرد بـۆ ئەنعـام ڕیـز بـوون. پووڵـە وردەمـان زۆر پـێ نەمابـوو بۆیـە کاتێـک کـە پووڵمـان دانـێ بـە نەفـەری دوازدەهـەم نەگەییشـت. هـەر لـەو کاتـەدا کـە شـۆفیرەکەمان تێگەیانـد بچینـە فڕۆکـە خانـە نەفـەری دوازدەهـەم هەمـوو ئـەو شـتومەکەی کـە ئـەو یـازدە کەسـە لـە سـەر باربەندەکەیـان دانابـووی خسـتە خـوارێ و دوای ئـەوەی جنێوێکـی خەسـتی پێدایـن بـە ڕێـگای خۆیـدا ڕۆیشـت.

## بەشی دووهەم

بۆنی گوڵ و دووکەڵ هەموو شوێنێکی داگرتبوو ئەم بۆنە تایبەت بە هیندووستانە، دەنگی دوعا ئیتر ئێستا بە بەرزەویێژ لە مەعبەدەکانەوە بەرز بووتەوە و گەیشتووەتە شەقام و دەبیسرێ. لە شەقام ژنان بە ڕوخسارێکی دڵخۆش و جلی ئەلوان وەک پەپوولەیەکی بێباڵ بوون باڵیان کە سارییەکانیان بوو کە لە شانیان دەهاتە خوارێ و لەشە قەڵەوەکانی دادەپۆشیون. پیاوان جلی سپیان لەبەردابوو بە موحیبەتەوە چاویان لە مرۆڤ دەکرد گەرما کۆتایی هاتبوو لە دیهلی نوێ دەکرا هەناسە هەڵکێشین و هێندێک ئارام بگرین. کاتێک لەگەڵ خەڵکی هیند هەڵسوکەوت بکەی فێر دەبی ئاژەڵت خۆش بوێ. ئاژەڵەکان وەک ژنان لە هەموو شوێنێک دەبیندرێن و خەڵک ڕێزیان لێ دەگرن مرۆڤ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وردەوردە لەگەڵ دەنگی ئەو قرپانەی کە گوێ لێدەبێ ڕا دێ، و هەمیسان لەگەڵ تەمبەڵی و تەوەزلی کە هەموو ئەو وڵاتەی داگرتووە ڕا دێن.

لە هێند خەڵک خوویان لەگەڵ ئەوە گرتووە کە کاری ئەوڕۆ بخەنە سبەینێ کاتیش لەوێ گوێ بە هیچ نادا و هێور-هێور تێدەپەڕێ. وێدەچوو هەرکەسێک چاوەڕێی ئەوەیە ئەوەی دیکە بەجێی ئەو پەلە بکا و بۆخۆشی زۆر بە ئارامی کارەکانی دەکا. حەوت ڕۆژ بوو چاوەڕوان بووم چاوم بە یەکێک لە ناسراوترین ژنەکانی هێند بکەوێ و لە ئاکامدا دوانیوەڕۆیەک ئەو چاوپێکەوتنە ڕویدا.

شۆفێرێکی سیک بردمێ بۆ ماڵی ئەو ژنە تا بیبینم. ڕوخساری شۆفیرەکە وەک پەیکەرەیەکی بەردین دەهاتە بەرچاو، ماشێنەکەشی (گیشا) «جۆرێک سێتەگەری زەرد کە لە هیند زۆربەی جارەکان زیاتر لە تاکسی بەکار دێ» بوو لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ماڵە. ژنەکە ساری لەبەر دابوو لەسەر مۆبلێک پاڵکەوتبوو ئەو هێندێک لە دایەگەورەم دەچوو وێنەکانی گاندی بە زۆربەی دیوارەکانی ماڵەکەیەوە هەڵواسرابوو ناوی «ڕاج کوماری ئەمیر کائور» بوو تاقانەی»ڕاج کاپوور تالا» لە کۆشکی مەڕمەڕ هاتبووە دنیا و سێسەد پەرستار و کڵفەت گەورەیان کردبوو بەڵام شازدە ساڵی تەواو وەک مونشیەکی ئاسایی خزمەتی بە گاندی کردبوو.

کاتێک من دیتم ببوو بە سێناتۆری هەتاهەتایی، سەرۆکایەتیی لانیکەم سی سازمانی بە دەستەوە بوو کاتێک دەچوو بۆ سێنا هەموو لەبەری هەڵدەستان دەستیان بە نیشانەی ڕێز لەسەر سینگیان دادەنا. ڕێزگرتن لە ئەو ڕێز لە بیرەوەریی گاندی بوو ئەو ژنێک بوو کە دوای سووتاندنی گاندی بە گریانەوە خۆڵە مێشەکەی کۆوە کرد و ڕشتییە چۆمی گەنگەوە. ئەو ڕۆژە هەموو خەڵکی هێند گریان بەڵام ڕاج کوماری لە هەموویان زیاتر گریا چون کاتێک پیاوێکی شێت ماشەی چەکەکەی بۆ لای گاندی تەقاند ئەو کە وەک هەواریوونی عیسا ئاگاداری گاندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو ئەو ڕۆژە بە هەڵکەوت بۆ مەئموورییەت چووبووە شارێکی دیکە و بۆیە قەت نەیتووانی لەخۆی خۆش بێ. خەڵکی هیند زۆریان «ڕاج کۆماری»خۆش دەویست کاتێک بە شۆفیرەکەم گوت دەچین چاومان بە «ڕاج کۆماری» بکەوێ لە خۆشیان ئەوەندە بە خێرایی دەڕۆی کە هێندەی نەمابوو مانگایەکی پیرۆز کە لە سەر ڕێگا بوو وەبەردا مانگاکە بە نێوەڕاستی شەقامدا دەرۆیی لە تەنیشتێوە و دەیگوت: «مانگا نەفرەتی لاچوو لەسەر ڕێگام ئێمە دەچینە لای «ڕاج کۆماری» ئەو چاوەڕوانی ئێمەیە». کاتێک ئەو ڕووداوەم بۆ ڕاج کۆماری گێڕاوە پێکەنی و گوتی: من بێجگە لە هیندی بوونم مەسیحیم، سەوزەخۆریشم بڕوام وایە هەموو مانگاکان بوونەوەری خوداوەندن کەوایە ناتوانن بڵێن من ئاژەڵەکانم خۆش ناوێ بەڵام ڕۆژێک کە هیندییەکان فێر بن مانگایەک لە نێوەڕاستی شەقام خەوتووە و سەرڕێی گرتووە بە شەق لە سەر جێی هەستێنن من دەتوانم بە ئاسوودەیی بمرم کێشە ئەوەیە کە ئێمە پشتمان بە خورافاتەوە بەستووە بە پیرۆز زانینی مانگا یەک لەو خورافاتانەیە ئەم بەیانییە لەگەڵ چەند کچ بووم کە بە سارییەوە خەریکی کایەی تێنیس بوون من خۆم وەرزشوانم و سەرۆکایەتیی کلووپی ژنانی هیندم لە عۆدەیە کچەکان لێم کۆبوونەوە داوای واژۆیان لێکردم گوتم: تا کاتێک بە سارییەوە کایەی تێنیس دەکەن باسی واژۆ مەکەن تێنیس جلی تایبەتی خۆی هەیە. قسەیان ئەوە بوو کە دایک و باوکیان ناهێڵن سارییەکانیان داکەنن گوتم: بە گوێی ئەوان مەکەن مەگە شۆڕش بەبێ ژێرپێنانی یاسا دەبێ؟». دەنگی بەرز و بەهێز بوو بیستبووم کە ژنانی هیند نموونەی فەرمانبەرین ژنانی هیچ وڵاتێک لە قەبووڵ کردنی شتە باش و خراپەکان وەک ئەوان نایەنەوە بەڵام باسی ئەو ڕووداوەم لە گەڵ «ڕاج کۆماری» کرد پێکەنیی و گوتی: «نا ئازیزم، چاوەڕوانی ئەوە مەبە کە لەو بابەتە ڕای خۆم دەربڕم هیند ئێستا گۆڕاوە و ژنانی هیند ئیتر ئەو شێوەیەی کە ئورووپایەکان بیری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێ دەکەنەوە نین. لە کاتی شۆرشی گاندییەوە ژنانی هیند گۆڕاون تۆ هیچ لەسەر ئەو کارانەی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٣٠ژنانی هێند یان باشترە بڵێم ژنانی گاندی کردیان دەزانی؟ بە بێ ئەوەی لەبارەی ئەو کارانەوە بزانی ناتوانی لەبارەی ئەم وڵاتە شتێک بنووسی».

هەڵبەت دەمزانی چون لە نزیکەوە «ڕاج کۆماری»م دەناسی ڕووداوێکی سەیر بوو لەو ساڵانەداماڵیاتی خوێ هەبوو و بیانیەک گاندی «ساتیئاگووانا» بۆ خۆی وەڕێ خست. «ساتیئاگووانا» یانی ڕکاربەری بە بێ خوێن ڕشتن ماناکەی جواب نەدانەوە و شۆڕش تا حەدی مردن بەڵام بە بێ ڕق و تووڕەیی. گاندی داوای لە ژنان نەکردبوو بەشداری ئەم هەڵوێستە بکەن بەڵام لە شەشومی ئاڤریلدا ملیۆنان ژن ڕژانە کۆڵان و شەقام و هەر کەس پلادکارتێکی بە دەستەوە بوو کە لێی نووسرابوو: «ئێمە یاسای خوێمان شکاند»، «ئێمە ئازادین» لە هەموو شوێنێک سەریان دەردێنن ڕێستوورانەکان، مەعبەدەکان و شوێنە پیرۆزەکان تەنانەت چوونە دادگای دادی بەمبەئی کە لەوێ ئینگلیسیەکان خەریک بوون موبارزێکیان موحاکەمە دەکرد، ژنان پلادکارتەکانیان بە ڕووی قازیدا ڕاکێشا و ئەو دروشمەیان دەگوت: «کێ خوێی ئازادی دەکڕێ؟» ئەو ڕۆژە هەوا زۆر گەرم بوو و خەریک بوو وردەوردە بارانی وەرزانە دەستی پێدەکرد. هێندێکان ڕیز بوون تا خوێی ئازادی بکڕن. هێندێک چەند سکە و هێندێکیش ملیۆنها ڕووپیەیان دا. ژنان لەگەڵ فرۆشتنی هەر مستە خوێیەک بۆ ڕێزگرتن قەمکێکیان لە لێوەکانیان دەدا بۆیە دوای چەند کاتژمێر توونی بوون. پۆلیسەکان بەوەیان زانی بۆ ئەوەی زیاتریان ئازار بدەن بوتریی سەهۆڵاوەکانیان دەستبەدەست لە یەکتر وەردەگرت و لەبەر چاوی ئەوان دەیانخواردەوە. «ڕاج کۆماری» لە توونیان ئیتر نەیدەتوانی لێوەکانی بجوولێنێ ئەو لە کۆشکدا گەورە ببوو هیچ کات نەبوونیی نەکێشابوو هێزی بەرگریی لەو ژنانەی کە نەبوونیان بینیبوو کەمتر بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بوتریی ئاوەکان ڕامابوو هەروا کە بە زۆری توانی تفەکەی قووتدا دەیگوت: «کێ خوێی ئازادی دەکڕێ؟» کاتێک پۆلیسەکان گرتیان ئیتر ئاگای لە هیچ نەبوو چون لە هۆش چووبوو. ئەو ڕۆژە ژنانێکی زۆر دەستبەسەر کران تەنیا سێ هەزار کەسیان لە مادراس گرت چون لە زیندان جێ نەبوو ئەوانیان لە کێڵگەیەکی گەورە کرد بەڵام لە ئاکامدا ڕۆژ دەگاتەوە کە هەموو کێڵگە و هەموو هیند و یاسایماڵیاتی خوێ لاچوو.

بە «ڕاج کۆماری» کە هەڵبەت لە بابەت ئەو ڕووداوانە زۆرم شت خوێندووەتەوە و ڕەستەیەکم لە گاندی بۆ خوێندەوە وەک گوتوویەتی: «هیچ شۆڕشێک گەورە نییە مەگەر وا بێ کە ژنانی وڵات و جۆری ژیانیان بگۆڕی بەبێ ژنان هیچ شۆڕشێک سەرناکەوێ. لەوانەیە ژنان لە ڕوانگەی جەستە بێ هێزتر لە پیاوان بن بەڵام لە بواری ڕووحی هێزیان سەد ئەوەندەی پیاوانە. ئەگەر دەمتوانی ئەرتەشی ئازادیی هیند لە ژنان پێک بێنم بێ گومان پێش ساڵێک بە سەر کەوتن دەگەییشتم.» «ڕاج کۆماری» گوتی: «هەر ئەو کات شۆڕش بۆ جلی ساری دەستی پێکرد. دڵنیام ئێوە زۆرتان لە بابەت ساری بیستووە بۆ نمونە ئەوە کە پارچەیەکە بە درێژی پێنج میتر و نەوەد سانتە کە چاردە جار بە دەوری کەمەردا دەسووڕێ بە بێ ئەوەی قردێلەی بۆ بە کار بێ بەڵام بەڵێن دەدەم نازانی ژنانی هیند لە بەرابەر ساری بەرەنگاری ئەو هەمووە جلە ئورووپاییانە بوونەوە ئەوانەی کە دەڵێن ژنانی هیندی بۆ داپۆشینی لاقە ناحەزەکانیان ساری لەبەر دەکەن قسەیەکی گەمژانە دەکەن ئەوان بۆ داپۆشینی لاقە ناحەزەکانیان دەستیان نەداوەتە شۆڕش بەڵکوو ئەو کارەیان کردووە بۆ ئەوەی کە لە کارخانەکانی مەنچێستێر و لانکاشیر خەریک بوون کارخانەکانی چیت و هاوڕێشەمی ئێمەیان لە ڕەونەق دەخست بۆیە ڕۆژێک ژنان ڕژانە سەرشەقام و نەیانهێشت خەڵک بچنە ئەو دووکانانەی جلی ئورووپایی دەفرۆشن. زۆر بە نەهێنی داوامان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە خەڵک دەکرد کە جلی ئوروروپایی نەکڕن و کەڵک لە ساری هیند وەرگرن. ڕێمان دەپێوا و درووشممان دەدا بەو مەبەستە ویستیان بیبار و خەردەڵمان پێدا بکن و پێشمان پێبگرن بەڵام نەیانتوانی. کۆمەڵێکی زۆر لە ژنان دەستبەسەر کران ئەو ژنانەی کە زۆریان دووگیان بوون منداڵێکی زۆر لە زیندان هاتنە دونیا و چەندین ناوی وەک شۆڕش، سەرکەوتن، بوێری، یان سەرکێشیان لێ نان. قەتتان لە خۆتان پرسیوە بۆ زۆر لە لاوانی ئێستا ئەم ناوانەیان هەیە؟» لە شوێنی خۆی هەستا و هەروا کە منی بۆ لای باغەکە دەبرد گوتی:

«بەڵێ، زیندانەکانی هیند قەت ئاسوودە نەبوون لەوەی تەنانەت ڕێگا بە نووسین و خوێندن و کار کردن نەدەدرا لەگەڵ ئەوەش بەوەی لە زیندان بووم من قائیل بووم. بڕوانن کاتێک مرۆڤ نە دەتوانێ بخوێنێتەوە و نە بنووسێ و یان کارێکی دیکە بکا ناچارە بیر بکاتەوە کاتێک بیری کردەوە لە ئاکامدا ڕێچارەی هەموو کێشەکانی دەدۆزێتەوە.

-ئێوە لە زیندان ڕێچارەی چ کێشەیەکتان دۆزیوە؟

«-زانیم هەموو ژنانی دونیا وەک یەکن و ئاواتەکانیان یەکە و وەک بنەماڵە، ماڵ، پووڵ بۆ ڕابوواردنی ژیان و ئازادی. زانیم کە ژنانی هیند بۆ بەدەست هێنانی ئەوانە لەگەڵ چەرمەسەریهایەک ڕووبەڕوون بەڵام لە شتێک دڵنیام ئەوان وەک جاران پەپوولەی بێئازار نین ئەوان بوون بە پەپوولەی ئاسنین.»

پێم خۆش بوو بڕوا بە قسەکانی ڕاج کۆماری بکەم بەڵام کاتێک دەورێکم لە دێهلی نوێ یان کەڵکەتە لێدا گومانم لە قسەکانی کرد تەنانەت شۆڕشێکی ئاشتی خوازانە ناتوانێ دڵی خەڵک بگۆڕێ و خورافە و نەزانپەروەری لە چەندین سەدە دیل بوونیان لە نێو بەرێ. لە شەقامەکانی کەڵکەتە خەڵک ئێستاش وەکوو مەڕ لە سەر یەک دەخەون و شەو دەکەنەوە بە ڕۆژ و لە برسان و لەبەر نەخۆشی وەبا دەمرن. ئێستاش تەرمی منداڵەکانیان دەخەنە چۆمی گەنگ تا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شپۆلی چۆمەکە بیبا و ببێتە خۆراکی ماسی. خەڵکی هێندوستان زۆرن و زۆربەی ئەوان ژنن کەوایە چۆن دەکرێ بە دروشمی پەپوولەی ئاسنین لە ناخی دڵیان تێگەییشت. وێدەچوو ڕاستی ژیانی پیاوانی هیند لە بەراوەرد لەگەڵ مۆڕتازەکان بزانین زۆربەی ژنانی هیند پەپوولەی ئاسنین نین بوونەوەرێکی دڵ پڕ لە غەمن کە لە چاویاندا هەموو کاتێک ترس هەیە، ترس لەوەی کە لەسەر تاوانێکی نەکراو سزا بدرێن. منداڵە ڕیوەڵەکانیان لەبەر بێخۆراکی وەک بووکەڵە ڕەق هەڵاتوون و لە جیات ئەوەی لە باوشیان بگرن، وەک فانۆس بە دەستەوەیان دەگرن.

خوێنشیرینیان سنووری نییە و ژنی هیچ کۆیی دنیا لە زەرافەت و لە خۆبوردوویی وەک ئەوان نایەنەوە بەڵام قەت سەری لێدەرناکەی ئایا ئەو ڕەفتارەیان زاتیە یان لە ڕووی ترسەوەیە. جارێک لە ڕێستووران یان لە پاسدا چاویان لێ کەی قەت چاو لە چاوی پیاوێک نابڕن و سەریان دادەخەنە خوارێ. ئەگەر ژنێک لە هیندوستان لە چاوی پیاوێک بڕوانێ خەڵک باشی باس ناکا چون تەنیا ئەو پیاوانەی کە میکاج دەکەن و ساری لەبەر دەکەن وەک ژنان (کە لە هیند زۆر زۆرن تەنیا لە کاتێکدا چاویان لێ دەکەن دەتوانن بزانن کە ژن نین) چاو لێدەکرێن. یانی هیندوستان، هیندوستانی خاتوو ڕاج کۆماری، هیندووستانی هەموو ژنانی هیند نییە. بەڵام ژنانی گرینگی هێندوستان کەم نین تەنانەت لە ئامریکا و ڕووسیەش ئەوەندەی ژنی شارەدار و سەرۆکی سەندیکا و باڵوێز و نوێنەری مەجلیس نییە. دوکتورەکانی هیند لە دوکتوورەکانی پێکەن و شانگای زیاترن ئەگەر لەوە سەرتان سوڕماوە دەبێ بڵێم ئەوە پێویستی بە سەر سوڕمان نییە لە هەموو دنیا نەتەوە جۆراوجۆرەکانی هیند ژن و پیاو هەموو کات لەگەڵ یەک یەکسان بوون دەبێ بزانن کە زۆربەی ئیلاهەکانی هیندیەکان ژنن وەک «ساری سووتای» ئیلاهەی ئەقڵ، «دوورگا» ئیلاهەی بەزەیی و ڕوحم، «لووکسمی» ئیلاهەی ماڵ و دارایی، «ساسفاتی» ئیلاهەی مووسیقا، «مالی» ئیلاهەی تۆڵە. ژنانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیندی لە قسەکردندا بەئەدەبن کەم وایە کە هاوسەرگیری نەکەن و منداڵیان نەبێ لەسەر سفرە هەرشتێکی مێردەکەیان پێی خۆش نەبێ و نەیخوا ئەوانیش نایخۆن هێدی و بە ئەسپایی دەڕۆن گوڵ لە پرچەکانیان دەدەن و کاتێک گوێ لە قسەکانیان دەگری باس لە یاساکانی تایبەت بە ژنان کە چارەنووسی ژنانی هیندوستانن دەکەن. یاساهایەک وەک یاسای هاوسەرگیری کە چەند ساڵ لەمەوبەر چەندژنەبوون بە فەرمی مەنع کراوە یان یاسایەک کە ئیزنی بە بێوەژنەکان دا کە بتوانن دووبارە هاوسەرگیری بکەن و یاسایەک کە هاوسەرگیری منداڵەکانی مەنع کرد و ناهێڵێ دایک و بابەکان بە منداڵی هاوسەر بۆ منداڵەکانیان بدۆزنەوە. سەردەمێک بوو کچی پێنج شەش ساڵانیان بە مێرد دەدا بەڵام ئێستا زەماوەندی کچ پێش پازدە ساڵی بە دژی یاسایە. برێک کات ژنانی هیند لە تۆ دەپرسن دەزانی ژنان لە فەڕانسە و ئیتالیا چ کاتێک مافی ڕەوایان پێدرا. لە فەرانسە١٩٤٤، لە ئیتالیا ١٩٤٥ بەڵام ئێمە ١٩٣٥ ئەو مافەمان دەستەبەر کرد بەڵام ئێستاش لە هێند منداڵ هەن کە منداڵیان دبێ بێ ئەوەی کە شتێک لە ژیان تێگەیشتبێتن یان بێوەژن هەن کە قەت هاوسەرگیری ناکەن یان ژن هەن کە هەوێساری قەبووڵ دەکەن و لەگەڵ ژنی مێردەکانیان دەژین بەڵام پەپوولە ئاسنیەکان دەزانن کە بە لەخۆبوردوویی بەو شتە کە لە ئاکامدا خواستی ئەوانە دەگەن. ئەوان لە وڵاتێک کە ئیزنی نەهێشتنی منداڵ بوون نادرێ و لە گوناحە گەورەکان دێتە ئەژمار، توانیان بە شێوەی جۆرا و جۆر پێش لە منداڵ بوونی زۆر بگرن. هێند لەوانەیە تەنیا وڵاتێک بێ کە فەرمانبەری دەوڵەت فێری خەڵک دەکەن کە چۆن پێش لەو منداڵ بوونانەی کە بە ویستی خۆیان نییە بگرن هەر وەک ئەوەی کە لە ڕۆژئاوا قەشەکان فێری خەڵک دەکەن چۆن نەزا بکەن کاتێک بیر لە ڕووداوە سەیر و سەمەرانە دەکەمەوە کە لە هیند ڕووی دەدا لە خۆم دەپرسی ئەو شەوەی کە ژنی موهاراجا «جاییر پوور»م بینی سەیرتر بوو یان ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شـەوەی لەگـەڵ «جەمیلـە ویلگریـم» بەسـەرم بـرد. هـەردووک دیدارەکـە بـە مـاوەی چەنـد کاتژمێـر ڕوویـدا و مـن قەتـم بـە هـۆی ئـەوە نەزانـی بۆچی لـەم وڵاتـە تـەواو نابێ و جوابی پرسـیارەکانت نادۆزیـەوە و باشـتر وایـە لێیـان نەگەڕێـی تەنیـا ڕێچـارە بینینـەوەی نەهێنـی ئەوەیـە بڕوانـی، گـۆی بگـری و ئـەوەی بینیوتـە و بیسـتووتە دووپاتـی کەیـەوە.

ڕووداوەکە لـەو ڕۆژەوە دەگێڕمـەوە کـە چوومـە ماڵـی «جەمیلـە ئەحمـەد لیورگێـز» و لـەوێ کاتـم تێپـەڕ کـرد دەیگێڕمـەوە: کاتێـک لـە زانکـۆی تایبـەت بـە قووتابییـە خاریجیەکانـی فلۆرانـس دەمخوێنـد ناسـیم و ئێسـتا لـە دێهلـی نـوێ، ئـەو شـارەی کـە لەگـەڵ مێردەکـەی لـەوێ دەژیـا دیتمـەوە. منداڵـی بـوو، بـە نیگارکێشـی و نووسـەری و ئەکتـەری لـە فیلمـە جـۆرا و جۆرەکانـەوە سـەرقاڵ بـوو. ئەوانـە نیشـانەی ئـەوە نییـە کـە جەمیلـە پەپوولـەی ئاسـنی بـێ ئـەو ژنێکـی هینـدی سـونەتی بـوو لـەو ژنانـە کـە ئوروپایـەکان لـە جلـی سـاریدا و لـە ئێوارانـی تاجمەحـەل دەیهێننـە بەرچاو. زەریـف و جـوان، لەبـەردڵان، بـە پرچێکـی درێـژ و کـەزی کـە تـا سـەر ئەژنـۆی دەهـات، پێـی خـۆش بـوو مـن بـە پەپوولـە ئاسـنینەکان بناسـێنێ بۆیـە ژنێکـی هەواڵنێـر، ژنێکـی سـەرۆک وێسـتگەی شـەمەندەفەر، خانمێکـی نێومـاڵ، ژنێکـی دوکتـور و ئاراییشـگەرێکی بـۆ نانـی ئێـوارێ بانگێشـت کـرد. ژنـەکان بـە شـەپۆلێک لـە ڕەنگـی کەسـک و زەرد و سـوور گەییشـتنە ئـەوێ. هێندێکیـان لەگـەڵ مێردەکانیـان بـوون و هێندێکان بەتەنیـا هاتبـوون تـا بیسـەلمێنن کـە ژنانـی هیندیـش دەتوانـن ئـازاد و بەبـێ پیـاو لەمـاڵ بێنـە دەرێ. هەمـوو جـوان و دڵخـۆش بـوون، یەکـی خاڵێکـی سـوور لـە نێـو برۆکانیـان دابـوو. کەوشـی زێڕیـن و زێوینیـان لـە پـێ دابـوو هەمـوو قسـەیەکیان بـۆ بـاس کـردن هەبـوو، مێردەکانیـان بـە ڕوخسـارێکی شـپرزە بـەڵام بزەیەکـی لەسـەر لێویـان لـە سـووچێک وێسـتابوون. ڕێـک وەک پیاوانـی ڕۆژئـاوا. کاتێـک پەپوولـە ئاسـنینەکان بڕیـار دەدەن ئێهمالیـان کـەن «ئامیتـا مێلـی» کـە ڕۆژنامـەوان بـوو گوتـی: «کارەکـەی لـە نێـوان ژنانـی

زۆربەی شارەکانی هیند بڵاو بۆتەوە.»

«ئانجامێن مەهتا»، سەرۆکی وێستگەی شەمەندەفەر گوتی: «ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لە وێستگەی شەمەندەفەری هیند کار دەکەن ڕووی لە زیاد بوونە لەو کاتەوە کە ئەوان دەستیان بە کار کردووە موسافیرەکان باشتر گوێ لە داواکانی کە لە کووپەی شەمەندەفەرەکەدا نووسراوە دەگرن. نووسراوەیەک وەک «تکایە تف بە موسافیری تەنیشتت دامەکە» یان «ئەگە لاقتان نەشۆردووە کەوشەکانتان دامەکەنن» یان «تکایە لە نێو کووپە میز مەکەن» یان «کاتێک پەنجێرەکان داخراون سیر مەخۆن». لێم پرسی:

- ژنان کاتی کار ساری لەبەر دەکەن؟
- بەڵێ بەڵام کڵاویش لەسەر دەکەن

«وێنا شیرۆف» ئارایشگەرە گوتی ئیشەکەی لەگەڵ سەلمانی جیاوازە و پەیوەندیی بەوەوە نییە کە هیند ئارایشگای ژنانەی نییە هەر وەها بەرگ دووری جلی ژنانەی نییە، هەموو ژنێک دەبێ خۆی بتوانێ پرچەکانی دابهێنێ هەر وەک دەبێ بزانێ چۆن چینی سارییەکەی ڕێک کات. کاری ئەو ئەوە بوو مۆدێلە کۆنەکانی ئاڕاییشی پرچ دووبارە زیندوو کاتەوە وەک هەموو ئەو کاتانە بیانیەک لەگەڵ هیندیەک قسە دەکات. قسە کردن دەچێتە سەر ساری، ئەو جلە شکۆمەندەی کە چەند سەدەیە جلی فەرمیی ژنانی هیندوستان و جلی تەڕاحە ناسراوەکان وەک «شانێل دیۆل»، پێشیان ئەو سەیر و گەمژانەیە. «لیو شوکرای» کە ناشر بوو پێشنەهادی کرد من و جەمیلە جلەکانمان لەگەڵ یەک بگۆڕین. لە هەیکەلدا بەقەد یەک بووین. لە نێو پێکەنینی ئەوانی دیکەدا جلەکانمان گۆڕی. بەو ئاکامە گەییشتین کە ساری لە ژنانی ئوروپاییش دەکاڵێتەوە بەڵام ژنانی هیندی جلی ئوروپاییان لێ جوان نییە. من لەجلی ئەواندا زۆر مورتاح بووم بەڵام جەمیلە لە جلەکەی مندا کە هەم کوورت بوو و هەمیش ملەکەی زۆر کراوە بوو زۆر پێکەنیناوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی لە نێوەڕاستدا قاش کرابێ و بووبێ بە باڵکوورتێک. لاقە ڕووتەکانی زۆری لە چاو دەدا و خۆشی وەڕەز ببوو. هەموو قسەکان لە بابەت سارییەوە بوو. «ئێرنی دادیویدی»، ژنی ماڵ کە ساڵانێک لەسەر ساری موتالعەی کردبوو، گوتی: « ئەو جلە بە پێچەوانەی ئەوەی ئوروپایەکان بیری لێدەکەنەوە جلێکی دووپاتە و ماندووکەر نییە و هەموو ژنەکان بەو جلەوە لە یەک ناچن. چاردە شێوەی پۆشینی ساری هەیە؛ چین خستن بۆ لای ڕاست یان لای چەپ، بەسەر شان دادانی کلکی ساری، جا شانی ڕاست یان شانی چەپ یان بەسەر سەر دادانی شێوەیەکی دیکەی لەبەرکردنی ساری بە کراسێک بە نێوی «کوولیە» کە تا سەر نێوکیدادەپۆشێ. ژنانی ناوچەی «کروولا» کلکی ساری بە نێو لاقیان دەهێننە دەرێ و وەک پانتۆڵێکی لێدێ. ژنە ماسیگرەکانی بەمبەئی لە پشت ملیان گرێی دەدەن بە شێوەیەک کە کەمریان ڕووت دەمێنێتەوە.»«ئانیتا مالیک» پێی گوتم: «لە ڕاستیدا ئەوە ژنان نین کە خۆیان لەگەڵ ساری دەگونجێنن، ئەوە سارییە کە لەگەڵ جۆری ژیانی ژنان دەگۆڕدرێ. ساری بێجگە لە قووماشێکی درێژ و بێشێوە شتێکی دیکە نییە. گرینگ ئەوەیە کە هەر ژنێک چۆن و بە چ مۆدێلێک لەبەری دەکا.» «لەیلا شوکا» گوتی: «ساری جلێکی سێکسی نییە، ئەو جوانترین و ڕازاوەترین جلی جیهانە.» بۆ ئەوەی کە هانی بدەم پێم گوت: «بەڵام هیچیش مورتاح و مەنتیقی نییە. من کیمینۆی ژاپۆنم پۆشیوە زۆر مورتاح و سادەیە بەڵام بۆ لەبەرکردنی ساری ئێوە ناچار بوون یارمەتیم بدەن. لەگەڵ ئەوەش کاتێک بەڕێدا دەڕۆم هەست دەکەم لە ژێر لاقم کۆ دەبێتەوە، ئێستایە بکەومە سەر عەرز، ساری بە کەڵکی میوانی دێ نەوەک کاتی کار.»

«ئانجانی مەحتا» گوتی: « نەمدەزانی بۆ کار دەبێ یوونیفۆڕم لەبەر کەین. «جەمیلە» بۆ ئەوەی ئاوی بە ئاور داکردبێ گوتی: «هاوڕێ ئوروپایەکەی من ڕاست دەڵێ، ساری زۆریش مورتاح نییە بۆ نموونە

من كاتی کایەی بەسکتباڵ یان ماشێن لێخوڕین هیچ مورتاح نیم.»

لێم پرسی: «ئەی بۆ هەموو کاتێک لەبەری دەکەی؟ من خۆم ئەم جلەم پێ جوانە بەڵام پێم سەیرە کە ژنان کاتی پاسکیل سواری لەبەری کەن. هەموو ژنانی دونیا تەنانەت ژاپۆنیەکانیش جلی ئوروپایی لەبەر دەکەن بەڵام ژنانی هیند تەنیا کەسانێکن کە ئامادەن بچنە زیندان بەڵام ساری لەبەر کەن. دەزانم لەو کاتەوە کات زۆر تێپەڕیوە بەڵام ئەو ڕاوەستا و لەوێوە دەتوانێ پەیوەندیی بە جوان پەرەستیی هیندییەکانەوە بێ.»

لێرەدا بوو کە دەنگێکی خۆشی ژنانە جوابی دامەوە: نا ئێمە بۆ مورتاحی ساری لەبەر ناکەین، ساری دەپۆشین چون پێش ژن بوون هیندین و ساری ئاڵای ئەو وڵاتەیە. لابردنی ئەم جلە خەیانەتە لە وڵاتەکەمان وەک ئەوەی نەتەوەی خۆمان فرۆشتبێ.» قسەکانی ئەو ژنە بە قەناعەتی گەیاندم. چاوم لێکرد و بینیم خانم دوکتور «جێشرینایە» کە هەموو ئەو شەوە بێدەنگ لە سووچێک دانیشتبوو دیار بوو هیچ قسەیەکی بۆ گوتن نەبوو. لێم پرسی: هیچ لێکۆڵینەوەیەکت لە بابەت سارێوە کردووە؟

لە جوابدا گوتی:

- نا ئیشی من دوکتوریە و کار بۆ دەوڵەت دەکەم.
- چ کارێک دەکەی؟
- یارمەتیی ژنانی هیندی دەدەم کە منداڵیان کەمتر بێ.

هەمووی بێدەنگ بوون و بە هاوڕێ دوکتورەکەیان دەنازین کە ئاوا قسەی دەکرد.

بە ئەسپایی سوچی سارییەکەی بە سەر ڕانی دادا، دەستی بە قسە کرد: «گرینگترین کێشەی وڵاتی ئێمە نەبوونی و نەداریە، ئێمە نەدارین چون ڕێژەی خەڵکەکەمان زۆرن. ئێمە لە چینییەکانیش زیاتر منداڵمان دەبێ و گەورەترین کارگای دروست کردنی مرۆڤین. لەم وڵاتەدا خەڵک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو سانایییە کە مێش و ماسی گەرا دادەنێن منداڵیان دەبێ. ساڵێ پێنج ملیۆن کەس بە کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە زیاد دەبێ تا ئەو کاتەی کە سێڵاو و نەخۆشی خەڵکی فەقیر و نەداری لەنێو دەبرد ئەوە زۆر لەبەر چاو نەبوو چون ئەوەندەی کە لەدایک دەبوون ئەوەندەش بە نەخۆشی دەمردن بەڵام لەو کاتەوە کە فێر بوویین کاتی سێڵاو چی بکەین چۆن پێش لە نەخۆشییەکان بگرین ئەو خەڵکەی دێنە دونیا زۆر زیاتر بوون لە ئەوانەی کە دەمرن. پێشگرتن لە زیاد نەبوونی ئەو کۆمەڵگەیە زۆر دوژوار بوو. ڕووداوەکە لە ساڵی ١٩٥٢دەستی پێکرد. ئەو کات سازمانی میلەل، بەڕێز «ئابراهام ئیستووان»، پسپۆڕی کونترۆڵی کۆمەڵی ناردە هێندوستان. من لە ئامریکا دەرسم خوێندبوو و دوکتور «ئیستووان»م دەناسی. پێشنەهادم کرد کە هاوکاری بکەم دووای ئەوە دەستمان بە کار کرد و هێندێک وێستگەی تەجروبیمان لە «بەمبەئی» و «دێهلی نوێ» وەڕێخست دووای ئەوە لە شارستانەکانی وەک «وینگ» یان «پلاچ» و «بانگانۆی» کارمان کرد بەڵام بە داخەوە نەمانتوانی هیچ بکەین. لەوانەیە ئێوەش بزانن ژنانی هیندی وەک زۆربەی ژنانی ئاسیا لەبەر عەشق هاوسەرگیری ناکەن ئەوان هاوسەرگیری دەکەن منداڵیان ببێ. هەر چەندێکی منداڵیان زیاتر بێ بەختەوەرترن، ڕێک وەک وەرزێڕێک کاتێک حاسڵەکەی زۆر و باش دەبێ دڵخۆش دەبێ. ئەو ژنانەش کاتێک منداڵیان زۆر دەبێ دڵخۆشترن. زۆربەی ئەو ژنانە لەگەڵ ئەو کەسانەی لەلای ئێمەوە چوون و داوای ئەوەیان لێکردن کە نەهێڵن لەوە زیاتر منداڵیان بێ بە شەڕ هاتبوون تەنانەت بە دار هێرشیان بۆ بردبوون. ئەوان لەوە دڵگران بوون کە ئێمە دەمانهەوێ تەنیا شتێکی کە دەبێتە هۆی گەورەیی ژنی هیندی یانی منداڵبوونی زۆریان لێ بستێنین. زۆریشیان لە قسەکانی ئێمە تێنەگەییشتن یانی دەرکیان نەکرد کە چۆن پێش لە منداڵبوونی خۆیان بگرن و هەموو ئەو قورسانەی کە بۆ ئەو کارە دابوومانێ یەکجێ خواردبوویان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ئەو کاتە بوو کە من بڕیارمدا کە یەکیەک و بە جیا قسە لەگەڵ ژنان بکەم، ڕێگای پێشگیریان بۆ شەرح بدەم. دەستم کرد بە وەڕێخستنی سمینار لە هەموو هیندوستان. یەک سمینارم لە باشووری وڵات گرت لە ئاواییەک بە ناوی «ڕاماناگرام» چوومە پشت میزەکە و بۆ ژنانم باس کرد کە فەقیریی وڵاتەکەمان هی ئەوەیە کە منداڵی زۆر لەدایک دەبن. لێم پرسین بە باوەڕی ئەوان ئەوە جەنایەت نییە کە منداڵی زۆریان بێ و ئەو منداڵانە لە برسان بمرن؟ هەفتا لە سەدی ژنانی دێ قسەکانمیان قەبووڵ کرد و ئیزنیان دا ساڵێک ئەو تەرحەیان لە سەر تاقی بکرێتەوە مەئمووریەتەکەم بەسەرکەوتووانە بە ئاکام گەیشت و گەییشتە دێهلی نوێش. ئەمڕۆکە هەر شارستانێک و ئاواییەک ناوەندێکی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵگەی هەیە. نرخی ئەو کارە زۆر قورسە بە تایبەت کلینیکی تایبەت بە نەزۆک کردن زۆر گرانن زۆر کەس تا ئێستا خۆیان نەزۆک کردووە لە نێوان فەقیرەکان حەبی مەنع بڵاو دەبێتەوە و بە هەرزان ڕوپیە بە کەسە فەقیرەکان دەفرۆشرێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ فرۆشی ئەو حەبانە زیاتر دەبێ کاتێک بچی بۆ دەرمانخانەکان دەبینی کە حەبی مەنع وەک شەربەتی هەڵامەت و ئاسپرین لەپشت ویترینەکە داندراوە پیاوەکانی هیندی لەمبارەیەوە کەمێک کۆن بیر دەکەنەوە بەڵام ژنان باشتری لەگەڵ ڕادێن دەبێ کاتێک کە بۆ وەرگرتنی قورسی مەنع ڕیز دەبن بیانبینی تەنانەت هیچ کامێکیان شەرم لە کارەکەی ناکا.

لێم پرسی تۆ چۆن لەگەڵ مەسئولیەتێکی ئاوا ڕادێی؟

لەجوابدا گوتی: کاتێک شەوانە دەچمەوە ماڵێ بە ویژدانی ئاسوودە سەرم لەسەر سەرین دادەنێم و دەخەوم. هەموو پەپوولە ئاسنییەکان بە جووڵاندنی سەریان قسەکانی ئەویان پشتراست کردەوە من بێدەنگ بووم و بە سەرسووڕمانەوە گوێم لە قسەکانی گرتبوو جەمیلە بۆی باس کردم جارێک ڕۆیشت بۆ کلینیکێک کە لەوێ ژنانیان نەزۆک دەکرد و بە چاوی خۆی بینی چۆن زۆربەی ژنان کاتێک لەوێ دێنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرێ هۆڕهۆڕ دەگرین و دەڵێن چ سوودێکی هەیە مرۆڤ وەک داری بەری بێ بەڵام نەهێڵن میوەی بێ.

بەیانییەکەی چوومە دیتنی خاتوونی موهاراجە «جایپوور» سواری فرۆکەیەکی بچووکی شڕ بووین چەند یاریزانی تێنیسمان لەگەڵ هاوسەفەر بوو و نەمزانی بۆچی چووینە ئەو شوێنە دوور کەوتوویە کە هەمووی ویشک و بیابان بوو. بیستبووم کە جایپوور وەک فلورانسی ئیتالیایە بەڵام کاتێک فڕۆکەکە لەسەر زەوی نیشت لە پەنجەرەکەیەوە تەنیا بیابانێک پڕ لە خیزەڵانی بە ڕەنگی زێڕ، چەند خانووبەرەی نوقڵی و کۆشکێکی گەورەی سپی دیار بوو، کۆشکێک کە هی «موهاراجە» بوو ئێستاش لەبەر بێخەوی میوانیەکەی شەوی پێشووی ماڵی جەمیلە کە تا سەعات دووی نیوەشەوی خایاندبوو گێژ و مەنگ بووم.

دیمەنی ژنانی هیند کە لە کلینیکی تایبەت بە نەزۆک کردن وەک داری بێبەری لێکردبوون وەک کابووسێکی سەیر یان مۆتەکەیەک ئازاری دەدام.

دووئیلیۆ بە بۆڵەبۆڵەوە دەیگووت لە میوانی ئەو ژنە زۆربلاّنە ماندوو بووە و دەیهەوێ ئەو سەفەرە ماندووکەرە تەواو بکا و بچێتەوە ڕۆم لە وڵاتەکانی دیکە لانیکەم دەیتوانی خۆی سەرقاڵی ژنان بکا بەڵام لە هیند شتی وا نەبوو، ژنی هیند تەنانەت هیچ لە ئیشارە و ڕۆانینی پیاوێک تێناگەن.

دوای دابەزین لە فڕۆکە بەرەو هۆتێل وەڕێکەوتین لە ڕێگا تووشی فیلێکی گەورە و کاروانێکی دوازدە دانەیی وشتر بووین. دەتگوت ڕوومان کردووتە حەسارەیەکی دیکە، لەگەڵ گەیشتنمان بۆ هۆتێل ئەوەندەی دیکە سەرمان سووڕما.

هۆتێلێکی گەورە بوو تا گەیشتمە هۆتێل پێوەندیم لەگەڵ خاتوونی موهاراجە گرت و کاتێکم لێ وەرگرت تا چاوم پێی بکەوێ. تەلەیفوونی نێو ژوورەکەی لە عاجی فیل دروست ببوو، لەسەر میزی نووسین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارتپوستاڵێک بە وێنەی کۆشک بوو کە ئەوەی لەسەر نووسرابوو «کاتی بینینی جایپوور لە ڕامباتپالاس بمێننەوە بەڕێز موهاراجە جایپوور کۆشکە جوانەکەیان بۆ مورتاحی گەشتیاران و بینەران کردووە بە هۆتێل. یاریگای تنێس، یاریگای گۆڵف و هتد... لە بەردەست موسافیرەکان دا هەیە.(ئەگە لەوەپێش ئیزن وەرگیرێ) تەنانەت ئیزنی ڕاویش هەیە».

من لە کۆشکی موهاراجە بووم. دوایە دەرکەوان گوتی: سویتی من هەمان شوێنە خاتوونی موهاراجە چەند ساڵ لەوە پێش لێی دەخەوت هەڵبەت من پووڵێکی زۆرم دابوو، نرخی سویتی موهاتاجە زیاتر بوو. و لەوێ میوانداری لە تێگزازیەک دەکرا کە کراسێک و سێچارەگێکی لەبەردابوو دوایە هەمان پیاوی شارواڵکورتە حەمام و وانی لە بەردی مەڕمەڕی ڕەش دروستکراوی خۆی نیشان دام، هەموو دیوارەکانی حەمام لە ئاوینە دروست کرابوو و دوور نییە کاتێک ئەو پیاوە بیانییە لەو وانەدا خۆی دەشۆرد وێنەکەی لە ئاوێنەکاندا چەندین جار دووپات دەبۆوە. چون کاتی نیشاندانی وان بەردەوام پێی دەگوتم «وێری نایس وێری نایس»، واتە (زۆر باشە زۆر باشە)، شێرەکانی حەمامەکە کە پیاوە تگزازییەکە سیگاری بەرگەکەی لەوێدا دەکوژاندەوە لە زێڕ دروست کارابوون، سویتی ژنی دووهەمی موهاراجە کەمێک لە هی ژنی یەکەمی گرانتر بوو یانی نرخی هەر سویت بە نیسبەتی جێگە و پێگەی ئەو کەسەی کە لێی خەوتبوو جیاواز بوو.

ژنی یەکەمی موهاراجە پیر و ناحەز ببوو ئیتر ڕێزێکی نەبوو، ژنی دووهەم بارووددۆخێکی باشتری بوو و سێهەمدانە هەر زۆرزۆر گرینگ بوو، ناوی ژنی سێهەمی موهاراجە «ئاشا» بوو. ئەو یەک لە ناسراوترین و جوانترین ژنانی هیند بوو و تەنانەت لە ئوروپاش ئەویان لەبەر جوانی خۆی و زێر و جەواهیرەکانی دەناسی. شەشسەد نۆکەر و خزمەتکار لە کۆشکی موهراجە گوێ لە مستی بوون و فیلەکان

میوانەکانی ئەویان لە نێوکۆشکدا بەولاولادا دەبرد چەند سەماکەریش بەردەوام سەمایان بۆ دەکردن لێم ڕوونە کە سەفەری نێوان کۆشکی موهاراجە تا ویلای فەرماندار بیرەوەرییەکی تاڵی بۆ بەجێ هێشتبوو.

چووم بۆ لای درگای دەرێی هۆتێل لەبەر درگا نیگاهبانە شمشێر بەدەستەکانی موهاراجە ئاگاداریان دەکرد، ژن و مێردێکی گەشتیاری ئامریکایی لەسەر فیل سواری لەگەڵ فیلەوانەکە چەنەچەنیان بوو. فیلەوانەکە گوتبووی نرخی سەعاتێک فیلسواری ١٠٠ ڕووپییەیە و ئەو ژن و مێردەی کە دیار بوو تەنیا بۆ ناردنی کارتپۆستاڵ بۆ هاوڕێکانیان سەفەریان بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات دەکرد، ١٠٠ ڕووپییەیان زۆر پێ زۆر بوو لە کۆتاییدا لەگەڵ فیلەوان ڕێککەوتن و شاد و دڵخۆش سواری فیلەکە بوون.

دەرکەوانی هۆتێلەکە پێی گوتم: موهاراجە جاران تەنیا بۆ ڕاوی بەبر ٧٥ فیل و بۆ کایەی چۆگان ١٥٠ دانە ئەسبی بوو بەڵام لەو کاتەوە کە یاسای نەهێشتنی سەڵتەنەتی موهاراجەکان پەسەند کرا ئەویش ناچار بوو کە ڕادەی فیلەکان و ئەسبەکانی کەم کاتەوە و تەنیا لەگەڵ ١٥ فیل و ٤٠ ئەسب بسازێ و بەڵام خەرجی ڕاگرتنی ئەوانیش بۆی دژوار بووە. ئێستا تەنیا ٣ فیلی هەیە و هەڵبەت دەرکەوان گوتی ٣ فیلیش زۆر کەم نییە بە تایبەت ئەگە بزانی موهاراجەی میسۆر جاران ٦٠٠ فیلی هەبووە و ئێستا تەنیا سێحەبی فیلێکە کە ئەویش لە برسان خەریکە سەقەت دەبێ.

لێم پرسی موهاراجە ئێستاش کەسێکی دەوڵەمەندە؟

گوتی: «موهاراجە ناچارە ماڵیاتێکی زۆر بدا بۆیە دەستی لە کۆشکەکەی هەڵگرتووە».

لەگەڵ «دووئیلیۆ» سواری تاکسی بووین تا بچین بۆ لای ژنی موهاراجە هەوڵمدا شۆفیر تاکسییەکە وەقسە بێنم دەیگوت من کە سەرم لە کاری موهاراجە دەرناچێ ئەو کۆلێکی پووڵ لە هۆتیل دەست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەوێ و ئێستاش خاوەنی گەورترین کلکسیۆنی مرواری و زۆمۆرۆدی جیهانە. بەڵام بۆخۆی شۆفیری دەکا و شۆفیر ناگرێ. لەوانەیە لەوەی کە جایپووریان لێ ساندووە توورەیە پێشتر هەموو زەوی و داهات و تەنانەت خەڵکی ئێرەش هی ئەو بوون کەسێکی خراپ نییە ئەگە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکا من دەنگی دەدەمێ بەڵام وادیارە ئیشتیای لە سیاسەت نییە. تاکسی بەسەر دەریایەک لە خیز بەرەوپێش دەچوو و جایپوور وردەوردە بوو بە پەڵەیەکی پەمەیی لە نێوەڕاستی ئەو دەریایە. بێجگە لەو تاکسییەی ئێمە هیچ ماشێنێکی دیکەمان لە ڕێگادا نەبینی تەنیا وشتر بوو و وشتر. شۆفیرەکە گوتی: «بە بڕوای موهاراجە ماشینی زۆر خەسار بە سەرنجڕاکێشی گەشتیاران دەگەیەنێ»

خانووچکە چکۆلە و پەمەییەکانی لە ڕێگا دەماندیتن سەرنجڕاکێش بوون مانگایەک چووبووە سەر سەربانی یەکیان دیار نەبوو کە چۆنی خۆی گەیاندووەتە ئەو سەرە گەیشتینە ویلای موهاراجە ئەو ویلایە کە تا ساڵی ٥٧ چۆڵ بوو، دە دەقەی مەودا لەگەڵ کۆشکی «ڕامبات» هەبوو و سەردەمانێک باڵوێزخانەی وڵاتێکی بیانی بوو. حەوت ژووری خەو و هۆڵێکی نان خواردن، لەگەڵ دوو هاڵ و پازدە ژووری میوانی بوو. سی خزمەتکار لە ویلا کارەکانیان دەکرد لەبەر درگا کوڕی موهاراجە کە ئاکامی زەماوەندی دووهەمی بوو هات بۆ پێشوازیمان و گوتی: خاتوونی موهاراجە تا چەند خولەکی دیکە دێت و دەمانبینێ.

لە باغی ویلا تووشی ژنێکی ئینگلیسی قژسوور و ژنێکی دیکە کە قژی مۆر کردبوو بووین کە دیارکەوت میوانی ژنی موهاراجەن، کەمێک دوایە ژنی موهاراجە گەیشتێ سارییەکی سەیر و سەمەرەی لەبەردابوو قژە ڕەش و جوانەکەی بەسەر شانیدا بڵاو کردبۆوە و تەنانەت یەک دانەش لە زێڕ و جەواهیرەکانیشی بەخۆیدا نەکردبوو تەنانەت ئەو خاڵە بە نێوبانەگەی کە هیندییەکان کە نێوان برۆکانیانی دەدەن نەدەبیندرا. هیچ شێوەی ژنە هیندییەکانی نەبوو وەک ژنێکی میلیونێر بوو کە پێستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر عەرشەی بەلەمی گەشتیارییەکەی بڕۆنزە کردووە و ساریشی تەنیا بۆ خۆشی لەبەر کردووە کامێرایەکی وێنەگرتنی بەدەستەوە بوو داوای لێکردین دانیشین و داوای لە «دووئیلیۆ» کرد چاوێک لە کامیراکەی بکا کە خراپ بووە زۆر جوان و بە زاراوەی ئاکسفۆردی بە ئینگلیسی قسەی دەکرد پیتی (ر)ی بڕێک بە لەهجەی فەڕانسییەوە دەگووت کە یادگاری ڕۆژانێک بوو کە لە سویس دەرسی خوێندبوو چاوە گەورەکانی لە من بڕیبوو و هەوڵی دەدا بزانێ چی بۆتە هۆی ئەوەی کە بچم بۆ لای ئەو بەڵام پێی باش بوو شتێکم لەو بارەیەوە لێ نەپرسێ باسمان لە هەموو شتێک کرد باس لە سەفەرە تاوناتاوەکانی و لەوەی کە لە وەرزی بارانەدا دێت بۆ ئورووپا و هەمیشە سەرێکی پاریس دەدا تا شاروالێ ڕاو بۆخۆی بکڕێ و هێندێک جار ماوەیەک لە شۆقەیەک کە لە «ساکسێس»ی ئینگلیس هەیەتی دەمێنێتەوە.

وا دەهاتە بەرچاو کە پێی خۆشە شتێکم لێ بپرسێ و لە خۆی دڕدۆنگە کە پرسیارەکەی بکا یان نا؟ لە کۆتاییدا تاقەتی نەهێنا و گوتی: ئێوە لە کۆشکدا دەژین وایە؟

-بەڵێ خاتوون

-ژورێکی باشیان پێداون؟

نەمدەزانی دەبێ پێی بڵێم کە لە سویتی پێشووی ئەو دەمێنمەوە یان نا. گوتم: بەڵێ ژوورێکی باشە سپاس

-ژوورەکەتان لەکام سووچی کۆشکە چەپ یان ڕاست؟

-نازانم خاتوون چونکە ئەو کۆشکە زۆر گەورەیە.

-بەڵێ زۆر جوان و زۆر گەورە.

-سویتی منیان نەداوە بە ئێوە؟

-نا وانەزانم ژورێکی زۆر گەورە نییە.

-کێ لە ژووری پێشووی مێردەکەم دەمێنێتەوە.

-هیچ کەس خاتوون، یانی وا بزانم هیچ کەس.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ژوورێکی زۆر جوانە.
-بەڵێ زۆر جوانە.
-کەوایە ئەو ژورەتان بینیوە.
-هەڵبەت سەرم بە هەموو کۆشک داکردووە بەڵام لە سویتی ئێوە و موهاراجە کەس نامێنێتەوە.

موهاراجە و کوڕەکەی لەگەڵ کات دەڕۆنە پێشێ و لەدەستدانی کۆشکیان بۆ گرینگ نییە بەڵام من هەموو دڵ و ڕووحم لەو کۆشکە بەجێ هێشتووە شوێنێکی بەڕاستی جوانە؟ نا؟
-بەڵێ بەڵام ئەو ویلا ئەوڕۆییەی ئێوەش زۆر جوانە.

وەک بڵێی گوێ لە ئاخر ڕەستەی قسەکانم نەبووبێ گوتی: -ئەو ئاونوێنەی نێوەڕاستی هۆڵتان بینیوە.

من ئەو حەوز و ئاونوینەکانیم بینیبوو بەڵام کوڕی موهاراجە ئەوێی کردبوو بە باڕێکی مەشڕوب. ئیستا ئەو باڕە پڕ بوو لە کچی ئەمریکایی کە کاتی خواردنەوەی ئیسکاج لە ژێر لێوەوە دەیانگوت وێری نایس وێری نایس. واتە زۆر باشە، زۆر باشە.

ژنی موهاراجە گوتی: ناچار بووین هەموو کەلوپەلەکانمان لە کۆشک بە جێبهێڵین چونکە کوڕی موهاراجە لەسەر ئەو باوەڕە بوو بەبێ ئەو کەلوپەلانە ناکرێ هۆتیل بکرێتەوە. بەڕاست گوتتان ژوورەکەتان لە کام شوێنی هۆتێلەکەیە؟.

ئەوجار دەستبە داوێنی ٢٨٠خودایەک بووم کە ئاگاداری لە وڵاتی هیند دەکەن کە پیاوێک بە جلی وەرزشی شینەوە لەبەر دەممان ڕاوەستا پیاوێکی باڵابەرزی کەمێک قەڵەو کە بە نەرمی لەسەر پەنجەی لاقەکانی هەڵدەبەزی ڕووبەڕووی من و خاتوونی موهاراجە ڕاوەستا و گوتی:
«سڵاو ئەحواڵتان چۆنە؟ خەریکم وەرزش دەکەم تا بەڵکوو زگم کەمیک چووکە بێتەوە»

لەکاتی گوتنی ئەو ڕەستەیە و هەروا کە هەڵدەبەزی دەستی بۆلام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاکێشا منیش لە جێی خۆم هەستام و خێرا دەستم لەگەڵ لێداوە تا لە ڕێتم نەکەوێ. ژنی موهاراجە ناساندی: «ئەوە هاوسەری من جای»یە.

«جای» جارێکی دیکەی سڵاو کرد و بە هەڵبەز و دابەز لێمان دوور کەوتەوە، ژنی موهاراجە نائومێدانە سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی: «دیوتانە ئەو گۆڕدراوە بەڵام من نەگۆڕاوم ئەو لەگەل زەمانە دەژی و پێ بە پێ خۆی دەگۆڕێ من لە ڕابردوودا دەژیم و هیچ نامگۆڕێت. مەبەستم ئەمەیە نە لەوبەرم و نەلەمبەری دیکە. یانی نە مۆدێرن و ئەورۆییم و نە کۆن و قەدیمی. تێدەگەی؟ یانی نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژاوا، خودایە کەس ناتوانێ لەوە تێبگا من بە ئینگلیسی قسە دەکەم بەڵام بە هیندیش قسە دەکەم، ماشێن لیدەخورم بەڵام بە سارییەوە. گوێ لە موسیقای جاز دەگرم بەڵام لەوەی کەسێک لە کۆشکی من بخەوێ دڵگران دەبم.

ئەو بۆ لای ویلا ڕینوینی کردم کوڕێکی چکۆلە لە داڵانی خاوێن و سڕدراوی ویلا خەریکی سێچەرخە سواری کردن بوو ژنی موهاراجە ڕووی لە کوڕەکە هاواری کرد: «جەواد تۆ دەرست خوێندووە»؟

–بێ خەیال دایە بهێڵە سێچەرخە سواری بکەم.

–ئەوشۆ بۆ تەنبێ دەبێ ١٠ دانە وشەی لاتین بنووسی و بیڵێی.

–ئای دایە تۆ دەزانی من قینم لە لاتین دەبێتەوە.

کوڕەکە سێچەرخەکەی دا بە خزمەتکارێک و ڕۆیشت بە دوای کارەکەیدا. ژنی موهاراجە دەستی بە گەردنی بەبرێکی بەنگاڵی کە لە کا پڕکرابووی داهێنا و گوتی: «بۆخۆم ئەو بەبرەم ڕاو کردووە بینیوتانە؟ ئێمە لە وڵاتێکی پڕ جیاوازیدا دەژین پەنجا میلیون مەیموون لەو وڵاتەدا دەژین کە خواردنیان بەقەت خواردنی پەنجا میلیون منداڵە. منداڵەکان لە برسان دەمرن بەڵام کەس مەیموونەکان ناکوژێ چونکە ئەو ئاژەڵانە لە هیند پیرۆزن بەڵام بەبرەکان کە ئازاریان بۆ کەس نییە دەکوژین میلیونها مانگامان هەیە کە ڕێگای هاموشوی شاریش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێکدەدەن بەڵام کەس ناوێرێ دەریان کات یان بیانکوژێ یان بیانخوا چونکە مانگاش ئاژەڵێکی پیرۆزە. ژنانی هیندیش وەک وڵاتەکەیانن پڕ لە شتی دژ بەیەکن بۆ وەدەست هێنانی یاسای مافی تەڵاق شەڕ دەکەن بەڵام ڕێوڕەسمی «سیتا»ش دەگرن. ئێوە دەزانن ڕێوڕەسمی «سیتا» چییە»؟

–نا نازانم

ماندوو دەهاتە بەرچاو و پاڵی بە بەبری پڕ لە کایەکەوە دابوو هەستم دەکرد تای هەیە و دەبێ پشوو بدا.

–ڕێوڕەسمی «سیتا» لە مانگی ئۆکتۆبردا بەڕێوەدەچێ ژنانی شەقامێک یان کۆڵانێک بەڕۆژوو دەبن و لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە و لە بەیانییەوە تا ئێوارێ چیرۆکی «سیتا» لە ڕێوڕەسمێکی پێکەوەبووندا بە ئاواز دەڵێنەوە. «سیتا» ئیلاهەی وەفادارییە. کاتێک مانگ لە ئاسمان دەبیندرێ مێرد ڕوو لە ژنەکەی دەکا و دەڵێ:»مانگ دەرکەوتووە ئەی ژن»

ئەو کات ژن مستێک ئاو بە مانگدا دەکا و داوا لە «سیتا» دەکا کە ئیزن بدا ئەو هاسەرەی ئێستای لە حەفتا ژیانی دیکەشیدا هاوسەری بێ تەنانەت ئەگە قینیشی لە هاوسەرەکەی بێ و لێی بێزاریش بێ».

–بەڵێ؟! یانی ئەگە چاوی بینینی مێردەکەی نەبێ!؟ هەموو ژنە هیندییەکان ئەو داوایە لە خودای وەفاداری دەکەن؟

–بەڵی هەموویان.

–کەس بەوە پێناکەنێ؟

–هیچ کەس.

–ئێوە چی خاتوونی موهاراجە؟ ئێوە قەت ئاوازی سیتاتان خوێندووە؟

پێکەنی و جوابی «نا»ی دامەوە.

ماڵاواییم لێ کرد تا بگەڕێمەوە هۆتێل.

ئێوارێی جایپوور زۆر جوان بوو و نازانم چۆن بوو کە سەرمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە نێوەڕاستی شار دەرێنا لەوانەیە هیوادار بووبێتم کە ڕووداوێکی تازە ببینم هەرواش بوو تووشی دیمەنێک بووم کە گەشتیارەکان بۆ بینینی هەموو کارێک دەکەن ئەویش ڕێورەسمی تەسلیم بەخاک کردنی پیاوێکی فەقیر بوو مردووەکەیان لەسەر تەختێکی درووستکراو لە قامیش ڕاکێشابوو یەکێک تەپڵی لێدەدا و حەوت کەسیش لەگەڵ ژنەکەی دەهاتن، ژنەکەی زۆر جوان بوو خلخاڵی لەلاقی دابوو و ئەنگوستیلەی مسی لە قامکەکانی دابوو، بە سەرسووڕمانەوە لێی ڕامام هیچ لەوە نەدەچوو کە دڵتەنگ بێ هەنگاوەکانی بەشێوەیەک هەڵدەهێناوە کە دەتگوت بە مەبەستی کڕینی کەلوپەلی نێوماڵ بەرەوە بازار دەچێ. وەشوێنیان کەوتین تا گەیشتینە دالانیکی تەسک و تاریک کە شوێنی سوتاندنی تەرمەکان بوو تەندیسێکی خۆڕاگری «شیوا» خودای مردووەکانی هیند کە دەوراندەورەکەی ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ بوو هاتە بەرچاوم.

پیاوێکی پیری سەر سپی کە چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوو مۆمی بۆ دادەگیرساند لەولاوە دوو کۆگا خۆڵەمێش دیار بوو تەنیا شتێک کە لە دوو تەرمی سووتاوی کە تاوێک لەوە پێش سووتاندبوویان مابۆوە، پیاوێکی دیکە کە میلەیەکی ئاسنی لەدەست دابوو خۆڵەمێشەکانی لێکدەدا تا ئاورەکە بکوژێتەوە و بتوانن دوو کۆگا خۆڵەمێشەکە لەوێ بەرنە دەرێ. دوایە ڕووی کردە من و وەک توتی گوتی: «پیاوی قەڵەو سێ سەعات، پیاوی کز دوو سەعات، منداڵ یەک سەعات».

لە ڕاستیدا خەریک بوو بەرنامەی کارەکەی بۆ شەرح دەکردم تەختەکەیان لەسەر عەرز دانا خزمەکان خەریکی چەنەلێدا لەسەر نرخی ئەو ئاوردوویە بوون کە بۆ سوتاندنی مردووەکە پێویست بوو. لە کۆتاییدا مردووەکەیان لەسەر کۆگایەک ئاوردوو دانا و سەرەکەیان وا بە دار داپۆشی کە تەنیا سەری بە دیارەوە بوو یەک لە خزمەکان دارێکی هەڵگرت و توند لەسەر مردووەکەی ڕاکیشا تا کاتی سووتان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەللەسـەری نەتەقێ.

ئاوریان کردوە و گڕە سوورەکەی دالانی ڕووناک کرد دووبارە چاوم لە ژنی مردووەکە کرد هێمن و دەست لەسەر سینگ دانیشتبوو هێشتا هیچ نیشانێک لە غەم و دڵتەنگی لە ڕوخساریدا بەدی نەدەکرا دەتگوت ئەوە هیچ پێوەندی بە ئەوە نییە. ئاورەکە لەشی مردووەکەی دەکردە خۆڵەمێش و ئەو ژنە لەنێو دووکەڵی ئاورەکەدا هەناسەی هەڵدەکێشا دەتگوت لە دنیایەکی دیکە دایە چاوم لە چاوەکانی مردووەکە کرد دەتگوت چاو لەو خەڵکەی هاتوون سووتاندنەکەی ببینن دەکا لە پڕ ژنی مردووەکەم (کە تا ئەو کات بێ خەیاڵ بوو)بینی کە ڕایکرد و ئەوەندەی نەمابوو خۆی لەنێو ئاورەکە هاوێ بەڵام چەند کەس لە خزمەکان پێشیان پێگرت ئەو بێدەنگ هەوڵیدەدا خۆی ڕزگار بکا و بچێتە ئاورەکەوە.

هەموو ئەو ڕووداوانە لە بێدەنگییەکی تەواودا ڕوویدا نە ژن و نە خزمانی مردوو لەکاتێکدا دەمیان وەک تەڵەی تەقیوی لێهاتبوو، چەند کەسێک لە خزمانی مردووەکە ژنەکەیان بۆلای دەرەوەی دالانەکە دەبرد. لەلای خۆم بیرم دەکردەوە ئەوی کە بینیومە تەنیا خەونێکە تەنیا لە ڕێوڕەسمی «سالگاری» بوو کە ژنان خۆیان دەهاویشتە ئاوری سووتاندنی مێردەکانیانەوە.

لە یەکێک لە خزمەکانی مردووەکە نیزیک بوومەوە و پرسیم: ئەو ژنە مێردەکەی زۆر خۆش دەوێ؟

-بۆچی؟!

-ئەخە هەوڵی دەدا خۆی بهاوێتە ئاورەکەوە.

-بۆچی؟!

کاتێک گەڕامەوە هۆتێل ئەوەی بینیبوومم بۆ کوڕی موهاراجە گێڕاوە گوتی: بەڵێ هەر بە ئەو ڕووداوانەیە کە هەموو کاتێک جێگای داخی خاتوونی موهاراجەیە. چەند ساڵ لەوە پێش هاوسەری موهاراجە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«پودیبوور» هاوڕێی باوکم خۆی لە ئاوری سوتاندنی مێردەکەی هاویشت کەس لە خزمەکانی پێشیان نەگرت.

-پرسیم: مەگە ئەو کارە لە ١٩٢٧ەوە قەدەغە نەکراوە؟

بۆچی؟ بەڵام زۆر لە ژنان گرینگی بە ئەو قەدەغەییە نادەن، دەزانن چۆنە هاوسەرگیری ژنانی هیندی بۆ هەموو ژیانە و مردنی هاوسەر خرابترین ڕووداوە کە لەوانەیە بۆ ژنێکی هیندی ڕووبدا. لەوانەیە لەوەپێش گوێبیستی ئەوە بووبێتی.

بەڵێ بۆیان باس کردبووم تەنانەت ئەو شوێنە دەوڵەتیانەی بۆ ڕاگرتنی بێوەژنانەشیان نیشان داوم وەک ماڵی بەساڵداچوانە کە لە ڕۆژاوا هەیە لەوێ ئاگاداری لەو پیرە پیاو و پیرە ژنانەی کەس نایهەوێن دەکرێ. بەڵام زۆر لە بێوەژنەکان تەمەنێکیان نەبوو و هێندێک جار تەمەنیان لە پازدە ساڵ زیاتر نەبوو بەڕیوەبەری یەکیک لەو شوێنانە بۆی باس کردم کەم تەمەنەکان هەوڵ دەدەن زیاتر تەحەمول بکەن، بۆ نموونە کاتێک لە کاتی ڕۆژانی پشوو بەڕێوەبەرانی ئەوێ هانیان دەدان بڕۆنە دەرەوە و خولێک بەنێو خەڵکدا بسووڕێنەوە. ئەوان ناچن و لە ڕوویان هەڵنایە لە شەقام دەرکەون هەست بە گوناح دەکەن و پێیان باشە لە ژوورەکەیان بمێننەوە و گۆرانی غەریب بڵێنەوە.

کوڕی موهاراجە گوتی: لەلایەکی دیکەوە بێوەژنێک چی لەدەست دێ بیکا؟

-دەتوانی دووبارە هاوسەرگیری بکا. یاسای هیند ئیزنی ئەو کارەی داوە.

-بەڵێ خەبەرم لە سەپاندنی یاسای هاوسەرگیری دووبارە هەیە بەڵام من خۆم تا ئێستا نەمبینیوە کە ژنێکی هیندی دووبارە هاوسەرگیری بکا.

دوایە کوڕی موهاراجە لە شوێنی خۆی هەستا سەرپێ تا یارمەتی ژنێکی گەشتیار کە پێویستی بە یارمەتی بوو بدا. ئەو گەشتیارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێوەژنێکی میلیاردێری خەڵکی «بالتیمۆر»بوو کە میراتی مێردەکەی خەرجی سەفەری دەوراندەوری جیهان کردبوو. بە کوڕی موهاراجەی گوت: پێی خۆشە واژۆی هاوسەری موهاراجەی ببێ دەیگووت واژۆی سیناتۆریشی هەیە. کوڕی موهاراجە بەڵێنی پێدا کە واژۆی خاتوونی موهاراجەی بۆ بێنێ. من و دووئیلیۆ خۆمان ساز دەکرد بچین بۆ کەلکەتە.

ڕۆیشتینە کەلکەتە ئەو خەڵکەی لەبەر فەقیری ئیواران لە نێوەڕاستی شەقامەکان دەخەون دڵی هەر کەسێکی بەویژدانی وەژان دەخست لەوێ لە ناخەوە هەستم بە تاڵترین ڕوداوەکانی کە هۆیەکەی فەقیرییە کرد، شەوانە بۆ ڕۆیشتن بۆ هەر شوێنیک دەبوو بەسەر ئەو خەڵکە دا بڕۆی کە لەسەر قیرتاو خەوتوون لە ڕانەمەڕێک دەچوون کە لە ئاغەڵ لەلای یەک خەوتوون بەیانی ماشێنی شارەداری تەرمی ئەوانەی کە ئیتر قەت هەڵنەدەستانەوەیان کۆدەکردوە و لە یەک شوێن دەیانسووتاندن و خۆڵە مێشەکانیان لە چۆمی گەنگ دەکردن. دنیایەک نەخۆشی لە بۆسەی خەڵک دابوون و دیار نەبوو بۆ چی زۆربەی قوربانیانی ئەو نەخۆشیانە ژن بوون.

نیزیک چۆمی گەنگ مەعبەدی خودایەک بە ناوی «کالی» بوو کە ١٠٠ ساڵ لەوە پێش مرۆڤەکانیان لەوێ قوربانی دەکرد سەرێکمان لەو مەعبەدە چووکە دا کە فەقیرەکان بۆ خۆپاراستن لە گەرما پەنایان بۆ دێنا.

ڕاهیبی گەورەی مەعبەد دوای ئەوەی تەواو قۆڵی ئێمەی بڕی ڕێنوێنی کردین «کالی» کە بە شێوەی ئاورێکی چووکە وێنا کرابوو ببینین ڕاهیبی گەورە بە جێگای تاریف کردن لە «کالی» دەستی بە باس لەسەر «خروشچۆف» کرد و شەرحی کرد کە ئەو کاتی بۆ سەفەری ڕیکلامی بۆ هیند چووەتە ئەوێ و تەنانەت دەستی لەگەڵ ڕاهیب لێداوەتەوە دوایە دارێکی ویشکی نیشان داین کە ژنە نەزۆکەکان بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەت و ورکەبەرد دەخیلیان لێدەبەست دوایە چووینە سەردانی شوێنی قوربانی کردنی مەڕەکان کە پێشتر شوێنی قوربانی کردنی مرۆڤەکان بوو کە بۆ کالی قوربانی دەکران چاوم بە لاشەی ئەو مەڕانەی کە لە هەموو شوێنیک هەڵاوەسرابوون و هەر کامیان نرخێکی زۆریان لەسەر بوو، کەوت.

ڕاهیبی گەورە بۆی باس کردین کە ڕێوڕەسمی قوربانی کردن جەنبەی تەشریفاتی هەیە و گوتی: دوای ئەنجامی ڕێوڕەسمەکە لاشەی مەڕەکان دەفرۆشین ئێوەش ئەگە پێتان خۆشە دەتوانن گۆشت بکڕن نرخەکەی لە نرخی ئەو گۆشتەی کە لە قەسابییەکان دەفرۆشریێ هەرزانترە.

هەر ئەو شەوە لە هۆتێل ئەوانەی کە بینیبوومن بۆ چەند ئینگلیسیم گێراوە هیچ سەریان سووڕنەما و بۆیان باس کردم ئەوە گەورەترین وانەیە کە تەمەدونی ئینگلیس فێری هیندیەکانی کردووە. یەکیان گوتی: ئەگە تەنیا ئامانج قوربانی کردنی مەڕ بایە ئێمە لە لایەن دەستەی پارێزگاری لە ئاژەڵەکانەوەی هەڵوێستمان دەگرت و پێشی ئەو کارەمان دەگرت بەڵام چون کوشتنی ئەو ئاژەڵانە دەبێتە هۆی تێر کردنی زگی چەندین کەسی برسی لەگەڵی ڕاهاتووین ئەوەی کە ئەوان سەریان لە تاریف و باسی ڕاهیبی مەعبەد لە «خرشچۆف»سووڕمابوو، لەچەند خولەکدا بەحسێک لەسەر کۆمۆنیست وەریێ کەوت بەتایبەت لەبارەی ئەو خەتەرەی کە ئەو مەڕامەی کە هەزاران سەدەیە بەدەست تەنبەڵی و برسییەتییەوە دەناڵێنن ببیێ زۆر کەس دەترسا و باوەڕیان وابوو کە زۆر زوو کۆمۆنیست دەگاتە هیند و هێندێکیش دەیانگووت ئەوە قەت ڕوونادا چون هیند وڵاتێکی تەواو مەزهەبییە، وەک بڵێی قەت وڵاتی ڕووسییە مەزهەبیی نەبووبیێ دوایە باسمان لە سەفەرەکەمان بەرەو سوماترا کرد پرسیان بۆ دەمهەویێ بچمە سوماترا؟

گوتم دەمهەویێ لە بابەت دایک سالارەکاندا ڕاپۆرت بنووسم.

دەیانگووت ئەگە کەنارەکانی «بالی» بە سەماکەرە ڕووت و قووتەکانیم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵبژاردایە سەفەرێکی باشتر دەبوو.

بۆم شەرح کردن کە بۆخۆشی سەفەر ناکەم و چون بەگشتی خەڵکێکی ماندووکەر بوون گووتم با وەڕێ کەوم.

فڕۆکەکەمان شەوێ گەیشتە سەنگاپوور و لەوێوە بەرەو جاکارتا دەچوو و ئەگە پەلەمان نەکردایە بەجێ دەماین هەوا گەرم بوو کاتی خۆدەرباز کردن لە ئەو کەش و هەوایە بیرم لە جەمیلە و پەپوولە ئاسنیەکان دەکردەوە و بیرم لە بێوەژنەی کە بە تەما بوو لەگەڵ تەرمی مێردەکەی ببێ بە خۆڵەمێش یان ژنی موهاراجە کە غەمی ئەوەی بوو چ کەسێک لە سویتی ڕابردووی کۆشکەکەیدا دەخەوت ئەو هیندەی لە دڵ و ناخی مندا دەماوە ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەی لە خەیاڵی منداڵیمدا بیرم لێکردبۆوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی سێهەم

٥ کاتژمێر و نیومان مابوو بگەینێ ٤ کاتژمێر لە کەلکەتە تا سەنگاپوور و کاتژمێر و نیوێک لە سەنگاپوورەوە بۆ جاکارتا، لەو ماوەیەدا من بێجگە لە نەقشەی جوغرافیای پێشدەمم و ئیسکاجەکانی کە میواندار بۆی دەهێنام هیچم نەبینی حەیف کە ئێمەی مرۆڤی ئەو زەمانە بێجگە لەسەفەر کردن خۆشی بینینی شتی تازەمان لە ناخماندا کوشتووە. خۆشی بینینی شتی تازە و چێژوەگرتن لەوەی کە بە ئەسپایی بڕۆین و خۆشی چاوەڕوان مانەوە بۆ بینینی ئەو شوێنانەی کە نەبیندراون شەریکەی فڕۆکەخانەکان لەو کاتەوە دەچێتە نێو فڕۆکە تا ئەوکاتەی دادەبەزی تا سواری فڕۆکەیەکی دیکە ببی وەک منداڵێکی ئیفلیج ئاگاداریت لێدەکەن کاتێک دەشگەیە شوێنی مەبست لەپێشدا هەموو زانیارییەکانیان پێداوی ئەگە کونجکۆڵی خۆت وەفریات نەیا تەنیا ئەو شتانە دەبینی کە لە پەرتوکەکاندا خوێندووتەتەوە یان لەسەر پەردەی سینەماکان بینیوتە دێهاتی جوان کە خانووبەرەکانی لە چیمەنتوو دروست کراون جوانیان بۆ نەماوە دارستانەکانی کە لەنێوچوون و بوونەتە ئوتووبان تەمەدونێک کە لە قالبی ڕیکلامی کوکاکۆلادا نیشان دەدا تەنیا ڕووداوگەلێکی نەخوازراون کە ئێمەی ڕۆژاوایی بە بروکراسییەکی گەمژانە کە شەبحێکە لە سەربەخوویی داومانە بە ولاتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موستەعمیرەکان.

جاکارتا دێهاتێک بوو کە فڕۆکەخانەی لێبوو پۆلیسی فرۆکەخانە دەستی کرد بە پرسیارکردن لێمان کە ئایا چەک یان چەقۆمان پێیە یان نا؟ و بۆچی ویزای جاکارتامان وەگرتووە و پرسیاری بێ مانای دیکە، دوایە جانتاکەی منی هەڵگێراوە کاتێک چەکە موسافیرەتییەکانی بینی هاواری کرد (زۆرم چەکی موسافەرەتی پێبو) جۆرێکی چاو لێکردم وەک بڵێی ئەوانم لە جاکارتا دزیوە. بە تووڕەییەوە گوڕاندی بەتەمان ئەو هەموو چەکە لە جاکارتا خەرج کەن؟

گوتم: نا خەریکم دەوری دنیا دەگەڕێم.

-ئەی بۆ ئەو هەموو پارەیە لەگەڵ خۆت دێنی بۆ جاکارتا؟

-چون ناتوانم پێش گەیشتن بۆ جاکارتا لە پەنجێرەی فڕۆکەکەوە فڕێدەمە خوارێ و دوایە لەسەر ئاوی زەریاکان کۆیانکەمەوە ئەگە دەتانهەوی با هەموو پارەکانم بە سەرۆک پۆلیسی جاکارتا بدەم و بۆ هۆتێل پارە لە بانک هەڵگرم.

پۆلیس بەسەرسووڕمانەوە پرسی: بۆ بێجگە لەو چەکانە پارەی دیکەشتان پێیە؟

ڕوونم کردەوە و گوتم: ئەو نەشریەیەی من کاری لیدەکەم هێندێک پارە دەنێرێ بۆ بانکی ئەو شارانەی کە دەچم تا ئەگەر پێویستم بوو کەڵکی لێوەرگرم.

ئەو پۆلیسە بانگی هاوکارەکەی کرد و هاوکارەکەشی هاوکارێکی دیکەی بانگ کرد چەند خولەکێک دوایی دەستەیەک پۆلیس دەوریان دابووم و بە منەوە لێم دەڕوانین دەیانهەویست بزانن لە جاکارتا چی دەکەم.

لە جوابیاندا گوتم: لەسەر ژنانی وڵاتی ئێوە بابەت دەنووسم.

-دەی دەی ئێستا بە تەمای چی بنوسی؟

گوتم: نازانم ئەگە مبزانیبایە نەدەهاتمە جاکارتا تا تووشی ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێپرسیینە گەمژانەیە ببم، بەتەمام لە ڕاپۆتەکەمدا هەرچی دەیبینم و دەیبیستم بینووسم. لە کۆتاییدا فەرمانبەرێکی پانائەمریکەن بوو بە فریشتەی ڕزگاریمان. ئەمریکاییەکی خەڵکی بۆستۆن. یەخوا هەموو ئەمریکاییەکانی خەڵکی بۆستۆن و نیۆیۆرک و سانفرانسیسکۆ تەمەندرێژ بن کە دەچنە سەر ڕێی موسافیرەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور کاتێک هیچ ئومیدێک نامێنی و کاتێک پێوەندی لەگەڵ باڵوێزخانەی وڵاتەکەت دەگری و پێت دەڵین: «جەنابی باڵوێز ڕۆیشتوون بۆ ماسی گرتن و تەشریفیان لیرە نییە»، «بەڕێز کونسوول بانگ کراونەتە پارتییەک و لێرە نین» و یان «وابەستەی فەرهەنگی تەشریفیان چوون کڵاو بۆ خێزانیان بکڕن» یان «وابەستەی تیجارەتی ماخولە لێیداوە و لە سەر کار نین»، ئەو کاتەیە کە فریشتەیەکی ئەمریکایی کە قاوچە دەجاوێ نیعمەتێکی گەورەیە کە دەتوانێ لە کێشە ڕزگارت کات.

ناوی فریشتەکەی ئێمە  ناوی «جەک» بوو. ئەو پێش هەموو کارێک ئێمەی بردە هۆڵێک کە پڕ بوو لە نیمکەتی دار بەوێیان دەگوت گومرک، لەوێ مەئموورێکی عەمبەڵی چەمەدانەکانی ئێمەی هەڵڕشت و بێ ئەوەی کە پەلەی بێ دانەدانە هەموو جلەکانمان تەنانەت جلەکانی ژێر و تەنانەت مەعجوونی ددانەکەمانی چاو لێکرد. دوایە گیری بە «دوئیلیو»دا کە بۆ ئەو هەموو کامێرایەی پێیە. «دوئیلیو»ش لە جوابدا گوتی: بۆ وێنەگرتن.

ئەمجار نۆبەی ئاڵقەی فیلمەکان گەیشت کە مەئمووری گومرک بە تەما بوو هەموویان بکاتەوە. هات و هاواری «دوئیلیو» کە خەریک بوو ماندووبوونی مانگێک کاری بە فیڕۆ بڕوا هەستا و هەموو شتێک بە خۆ تێهەڵقوتاندنی ئەمریکایەکە کۆتایی پێهات. بەڵام کابرا دەستی لە کامێراکان هەڵنەدەگرت و دەیگوت ئێوە بە تەمان ئەوەنە لە جاکارتا بفرۆشن خولاسە هەموو شت ئاوا تەواو بوو کە ئەو هەموو کەل و پەلەکانمانی لە نێو پاسپۆرتەکانماندا نووسی و ئێمە دوو کاتژمێر و چل

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پێنج خولەک لەوێ مەعتەل بووین. «جەک» گوتی: ئیمکانی نییە بتوانن لە یەکێک لە سێ هۆتێلی جاکارتا ژوور بدۆزنەوە، پێشنیادی کرد ئەو شەوە بچینە ماڵی ئەو. پێم گوت: دەبێ بچین بۆ «سوماترا» کەوایە ئێمە ببە بۆ شیرکەتی فڕۆکەوانی ئەندۆنیزی.

بلیتەکانی «جاکارتا-سوماترا»مان نیشان دان مەئمووری فڕۆکەوانی وەک ئەوەی چەند ماخولیایی ببینێ بە سەرسوورمانەوە لێمان ڕاما و گوتی: ناکرێ. هەموو فڕینەکانی جاکارتا و سوماترا ڕاوەستاون و کەس ناتوانێ بچێتە ئەوێ.

-بۆ مەگە شەڕە؟

-نا بەڵام هەر وەک گوتم ناکرێ بچن بۆ ئەوێ.

-ئەخە لە سەنگاپوور بلیتەکانی ئێمەیان تەئید کردوە.

-بەداخەوم فڕۆکەخانە داخراوە.

-بۆچی؟

-شەڕە

دووئیلۆ پشنیاری پێکرد بچێتە دورگەکانی «بالی» و ئەویش لەبەرخۆیەوە بەمەوە کەیفی ساز بوو لە جیات وێنەی دایکسالارانی سوماترا وێنەی سەماکەری ڕووت و قووتی «بالی» بگرێت. مەئمووری فرۆکە خانەی ئەندونزی هەموو ئەو خەونەکانی لەنێو برد ناکرێ بچن بۆ بالیش هەموو بلیتەکان تا ساڵێکی دیکە کرِدراون.

فریشتەی ڕزگاری ئەمجار مات ببوو، ئەمجار کارێکی لە دەست نەدەهات چووین و لە بارێک کە مێشەکانی دە بەرامبەری موشتەرییەکانی بوو دانیشتین دەبێ چی بکەین دەبێ لە ڕێی دەریاوە بچینە سوماترا؟ ئەو کات سەفەرەکەمان هەشت ڕۆژی دەخایاند و تازە ئیمکانی نەبوو کە ئیزنی ڕۆیشتن بۆ سوماترامان پێندەن یان نا لەوانەبوو باشتر بایە بچین بۆ لای «دایکسالارەکان»ی «جاوە»، ئەسڵەن جاوە «دایکسالار»ی لێبوو؟ ڕووم کردە «جەک» و گوتم: ئێستا چی بکەین؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«جەک» سەری ڕاوەشاند و گوتی: نازانن ژیان لەم ویران بووە چەند دژوارە تەنیا موشکیل مێش و گەرما نییە، ئەو ڕۆژەی کە ناردرامە ئێرە زۆر دڵخۆش بووم عەشقی بەهەشتی زەوی دوورگەکانی «بالی»م لەسەر دابوو ئێستا سێ ساڵە لێرە ماومەتەوە و ئەگە پانائەمریکەن نەمنێرێتە شوێنیکی دیکە بۆخۆم هەڵدێم.

دوایە وەک ئەوەی کە بیرێک هاتبێتە زەینیوە گوتی: دایکساڵارەکان لە مالزیش هەن بۆ زوو ناچن بۆ ئەوەێ تا لەوسەرگەردانییە ڕزگارتان بێ. شۆقێک بە گوتنی ئەو قسەیە لە چاوەکانیدا وەدەر کەوت دەتگووت ئەویش دەیهەوێ لەو ڕاکردنەدا لەگەڵمان کەوێ.

لەوەی کە بێ ئەوەی کە پێش بینینی ناسراوترین دوورگەکانی جیهان بەجێ دەهێڵم و تەنیا دێیەکی چووکە بە ناوی جاکارتام بینیبوو دڵم تەنگ بوو.

زوو گەیشتینە فڕۆکەخانە؛ بە ترسەوە پرسیم: دەتوانم بلیتی سەنگاپوور بکڕم؟

جوابی ڕاستیان دامەوە تا چەند خولەکی دیکە فڕۆکەکە هەڵدەفڕێ بەڵام تەنیا شوێنێک بەتاڵ بوو «جەک» پێشنیهادی کرد کە من زووتر بڕۆم، دوئیلیو دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ ئەی من چی بکەم،؟ شانم هەڵتەکاند و بە پەنا پۆلیسەکاندا تێپەڕیم و لە کۆتا چرکەدا خۆم گەیاندە فڕۆکەکە چاوم لە درێ کرد جەک بە سەرکەوتنەوە دەسرەی بۆ ڕادەوەشاندم دوئیلیو دەستەکانی لە گیرفانی خستبوو و وەڕەز چاوی لە ڕۆیشتنم دەکرد. فڕۆکەکە هەڵفڕی بەسەر دوورگە کەسک و شینەکان کە وەک فوسفۆر دەدرەشاوە تێپەڕی. بوغزێکی ناخۆش گەرووەمی گرتبوو هەستم دەکرد ئیتر قەت نایەمەوە ئەم شوێنە لە جیهان. و ناتوانم ئەو دارستانە سەوزانە لە نیزیکەوە ببینم تەنیا چون مرۆڤەکان بوونەوەرانێکی گەمژەن و هەرچی زیاتر تووشی یاسای دەست و پێ گیری دنیای موتەمەدین دەبن دەچێتە سەر گەمژەییەکەیان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دنیـای کاغـەز و یاسـاگەلێک گەمژانەیـە.

هێندەی پێنەچوو کە فڕۆکە لـە سـەنگاپوور، وڵاتـی ڕۆژاوابوونـی هەورە سـوورهەڵگەڕاوەکان و دار خورما زۆرەکان دانیشـتە زەوی و ئەو هەسـتە دڵتەنگییـەم لەبیـر چـۆوە. بـۆ بینینیـوەی «دایکسـالارەکان»ی مالـزی کێشـەیەک نەبـوو دەبـوو بچووبایەتمـە کوالالامپـوور و ڕێـگای دارسـتانم لـە کەسـێک پرسـیبایە تـا بزانـم بـە کوێدا دەڕوا.

چاوەڕونـی دوئیلیـو مامـەوە لـە ئارەقـدا خووسـاو گەیشـتێ و سـوێندی خـوارد لەمـەودوا هەرکـەس باسـی دوورگەکانـی «سـوماترا» و «بالـی» بـکا بـە مسـت لووتـی دەشـکێنێ. نـاوی شـۆفیرەکەمان «مینگسـێن» بـوو کـە دەیتوانـی قسـەکانیشـمان بـۆ وەرگێڕێ سـەفەرەکەمان لەسـەرڕا دەسـتی پێکردبـوو کاتێـک لـە شـار دەرکەوتیـن دارسـتانێکی کاووچـۆی گـەورە قووتـی دایـن، «مینگسـێن» لـە ئاوێنـەی ماشـێنەکەوە چـاوی لێدەکردنیـن و هەواڵـی دەدا کـە چ گەمژەیـەک بووتـە هـۆی ئـەوەی ئێمـە وڵاتەکـەی خومـان کـە هەواکـەی فێنکـە بەجـێ بهێڵێـن و بێینـە ئوسـتوا، شـوێنێک گەرماکـەی بێداد بـوو هەمـوو کات دەتگـوت کڵاوێکـی ئاسـنی گـەرم لەسـەر سـەرتە و ڕوخسـارت دەسـووتێنێ و چاوەکانـت کوێـر دەکات. لـە ڕووخسـاریدا دیـار بـوو لـە دڵیـدا بـە ئێمـە پێدەکەنـی. بۆمـان بـاس کردبـوو کـە هاتووینەتـە ئێـرە تـا «دایکسـالارەکان»ی هیـچ گرینگییـەک بـە پیـاوان نـادەن ببینیـن. «مینگ سـێن» دوو ژنـی فەرمـی بـوو و دووی سـیغەیی؛ لێـی پرسـیم: ئێـوە چـۆن بانگـی ئـەوە ژنانـە دەکـەن؟

دوایە زانیم کـە بـە زمانـی مالـزی ئاغـا بـە مانـای «تـوان»ە «مینگسـین» توریسـتە ژن و پیاوەکانـی بـەو شـێوەیە نـاو دەبـرد چـون بـڕوای بـوو کـە هیـچ جیاوازییـەک لـە نێـوان ژن و پیـاوی بیانـی نییـە بـۆ چەندەمیـن جـار گوتـم: «دایکسـالار» بـەڵام مـن ئـەو نـاوەم لـێ نەنـاون لـە هەمـوو جیهـان بـەو نـاوە ناسـراون.

–لە ئوروپای ئێوە «دایکسالار» نییە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بۆ؟ هەشە بەڵام لەوێ کەس حیسابیشیان بۆ ناکا.

هاوڕێیەکم کە لە کوالالامپوور دادەنیشت لەگەڵ «دایکسالار»ێک زەماوەندی کردووە هەڵبەت ئەو ژنە لە دارستان دەستدرێژی کردبووە سەر هاوڕێکەم و چون ناحەز نەبوو پێنج کێڵگەی برینجی بوو هاوڕێکەم زەماوەندی لەگەڵ کرد. لە ئوروپاش ئەو شتانە ڕوودەدا؟

بەڵی زۆر!

یەکەم ڕۆژەکان ژنەکە نموونەی ژنێکی باش بوو هەموو کارە قورسەکانی دەکرد و تەنها کێشە ئەوە بوو کە هەرچی هاوڕێکەم بە کاری خۆی دەیهێناوە دەچووە نێو باخەڵی ئەو؛ وردەوردە ڕفتاری گۆڕا و داوای تەڵاقی کرد زەوی و پارەکانی بۆخۆی هەڵگرت و هاوڕێکەمی ناردە ماڵی دایکی. لە ئورووپاش ئەوانە ڕوودەدا؟

-ئەرێ ئەرێ هەر زۆریش!

-ئەی ئێوە بۆچی بۆ بینینی ئەو ژنانەی ئێرە ئەو هەموو ڕێیەتان پێواوە؟

-چون ژنانی ئێرە بەڕاستی «دایکسالار»ن و وەک ژنە ڕۆژاواییەکان ئەدا و ئەتوار دەرناهێنن و تەمسیل ناکەن، ئەو ژنانە شایانی ڕێزن.

ماشێن بە خێرایی لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە ئامریکاییەکان کاتی شەڕ سازیان کردبوو بەرەو پێش دەچوو دارە کاووچووەکان وەک ئەرتەشێکی ڕێک دەهاتنە بەرچاو هەر وەک خەونێک دەچوو  هەموو دارەکان بریندار بوون کە لەویوە کاووچوو دەڕژا نێو قاپێکەوە. دارەکان وەک ستوونی کلیسایەک کە هەتاهەتایە بەردەوام بوو و کەڵەگەت ببوون گەڵاکانیان شەست میتر لە زەوی دوور بوون و میچێکی سەوزی دروست دەکرد شۆقی خۆر وابوو بۆ هەر کەس کە لەو دارستانە تێدەپڕێ هەر وەک ئەوەی نور لە گۆمبەزی کلیسایەکەوە ڕوو بکاتە زەوی.

کرێکارەکان لەبەر ئەو هەتاوە گەرمەدا خێرا خێرا شییرەی خەستی دارەکانیان دەکردە نێو بۆشکەی گەورەوە پیاوی کورتەباڵا و بەخۆوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـه بەڕووتـی خەریکـی کار بـوون و تەنیـا پەڕۆیـەک لـە کەمـەرەوە تـا لاقیانی دادەپۆشیبوو و لە خۆیان بەستبوو. «مینگسین» گوتی: زۆربەی ئـەو پیاوانـە مێـرد و کـووڕی دایـک سـالارەکانن دوایـە گوتـی: لەوانەیـە چارەنووسـی زۆریـان وەک چارەنووسـی هـاوڕێ کوالالامپوورەکـەی مـن بێ. «میگسـین» کاتـی قسـە کـردن بـەردەوام پیدەکەنـی و پێکەنینەکـەی وەک پیکەنینـی هەمـوو خەڵکـی مالـزی بـوو لـە پێکەنینـی ئـەو خەڵکـەدا هەمـوو شـتێک حەشـار درابـوو ڕق، سەرسـووڕمان و تووڕەیـی. کاتێـک پێم گوت کە هەمـوو «دایکسـالار»ەکان مرۆڤێکی ناڕەسـەن نیـن و تەنیا شـێوەی ژیانیـان لەگـەڵ ئـەو ژنانـەی کـە ئـەو مـارە و سـیغەی کـردووە جیـاوازی هەیـە، قسـەکەمی وەرگـرت.

گوتی: بەڵام ئەوە شێوەیەکی شیاو و مەنتەقیی نییە.

-بـۆ؟ ئـەو شـێوەیەی کـە تـۆ لەگـەڵ ژنەکانـت ڕفتـار دەکـەی شـیاو و مەنتەقییـە؟

-ئەخە من پیاوم!

باس کردن و شـییکردنەوەی ئەو شـتانەی کە لە بابەت دایک سـالارەکان دەمزانـی بـۆ «مینگسـین» زۆر دژوار بـوو نەدەکـرا لـەوەی بگەیەنـی کـە هێـزی «دایکسـالار»ەکان زیاتـر هـی مـاڵ و داراییەکانیانـە زەوییەکانیـان هـی خۆیانـە و ئـەو زەویانـە تەنیـا بـۆ کچەکانیـان بـە میـرات دەهێڵنـەوە و حیسـاب بۆ کوڕەکانیـان ناکـەن، تەنیا لەگـەڵ پیاوێـک ژیـان پێکدێنن و پێی وەفـادار دەبـن و نـاوی پیـاو لـە خۆیـان نانێـن و دوای نـاوی منداڵـەکان نـاوی دایکیـان دێ دوای زەماوەنـد لەگـەڵ مێردەکانیـان ناژیـن پیـاو وەک کاتـی پێش زەماوەند لـە ماڵـی دایکـی دەژی و بـاب هیچ ئیختیارێکی لەسـەر منداڵەکانـی نییـە، ئـەوان تەنیـا بـە گوێـی دایکیـان دەکـەن. دایـک سـالارێکی زۆر لـە جیهانـدا نەمـاون بـەڵام ئێسـتاش قەرەچییـەکان هـەن و لـە زۆربـەی شـوێنەکانی جیهـان وەک ژاپـۆن، ئوسـترالیا، لووتـی زێڕیـن و لێـواری عـاج و هێندێـک شـوێنەکانی هیندوسـتان دەژیـن و ئێسـتاش داب و نەریتیـان کـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێک لە کۆنترین شێوەکانی ژیان لە جیهاندایە هەڵگرتووە. زۆر کەس وەک «جاکوب بکوبن سویس» یان «لویس مورگان» دەڵێن: ڕیشەی ئەو شێوە ژیانە دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی پێش مێژوو، ئەو کات کە ژن و پیاو پیوەندییەکانیان ئازاد و بێ سنوور بوو و خزم و کەسی تەنیا لە لایەن دایکەوە دەناسرا. هیرودووت دەنووسێ: خەڵکی ئاسیای چووکە بە شێوەی دایک سالاری دەژیان و لە کاتێکدا کە پیاوەکان وەدوای ڕاو دەکەوتن ژنان هێزیان بەدەستەوە دەگرت و دەبوونە ئەربابی کێڵگەکان چون لە پێکهاتنی جیهان مەودای نێوان هێزی ماڵی و هێزی کۆمەڵایەتی زۆر کەم بوو بۆیە ئەوان بە سانایی دەیانتوانی لە یەکێکەوە بگەنە ئەوی دیکە. دایک سالارەکانی مالزی چەندین ساڵ لەوە پێش لە سوماتراوە کۆچیان کرد و بۆ وەدەست هێنانی زەوی زیاتر لە ڕێی زەریاوە بۆ دۆڵی «مالاکا» خۆیان گەیاندووەتە دارستانەکانی «مالزی» و دارەستانەکانیان کردووەتە کێڵگەی برینج و زەوی تایبەت بە داری مۆز و گوێزی هیندی.

کەس لە مالزی نییە کە لەو دارستانانە نەترسێ. ئەو دۆزەخە بەدار داپۆشراوە و جار لەگەڵ جار پانتر دەبن و دەڵێی خەریکە زەوی هەڵدەلووشێ لەشی هەر بینەرێک وەلەرزە دەخا بەڵام «دایکسالار»ەکان هیچ ترسێکیان لە دارستان نییە و قەتیش نایەنە دەرێ تەنانەت کاتی شەڕیش کە خەڵک ماڵ و ژیانیان بەجێهێشتبوو و چووبوونە شوینی ئەمنتر ئەوان دەستیان لە دارستان و کێڵگەکانیان هەڵنەگرت. چەندین جار ژاپۆنییەکان ئاوریان لە ماڵی دایک سالارەکان بەردا و ئەوان لەسەرڕا ماڵی نوێیان پێکهێنا. ژاپۆنییەکان گێڵگەی برینجەکانیان لێ لەنێو دەبردن و ئەو ژنە ئازایانە لە سەرڕا تۆویان دەچاندەوە کاتێک لە ڕۆژەکانی دوای شەڕ کۆمۆنیستەکان لە دارستان فەرمانیان دەدا ژیان لەوێ ئیتر ناموومکین ببوو. بەڵام «دایکسالار»ەکان لەگەڵ هەموو دژوارییەکان سازان و دەستیان لە دارستان و کێڵگە و ماڵەکانیان هەڵنەگرت. دەڵێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێـک مامـوورەکان چوونـە دارسـتان تـا پیـاوی «دایکسـالار»ەکان دەستبەسـەر کـەن هەمـوو ئاواییەکەیـان داگرتبـوو بـە تفەنـگ و نێـزە هێرشیان کردە ماڵـەکان بـەڵام تەنیا لەگـەڵ «دایکسـالار»انێک ڕووبـەڕوو بـوون کـە بـە تفەنـگ و نەیزەکانیـان پێدەکەنیـن. لـەو ماڵانـەدا ئاسـەوارێک لـە پیاو نەبـوو. ئـەوان هەمـوو ژن و منداڵەکانیـان لەگـەڵ خۆیـان بـرد بـۆ لێپرسـینەوە و گوتیـان: مێردەکانتـان کـوان؟

«دایکسالار«ەکان بە پێکەنینەوە جوابیان دەداوە مێردمان نییە!

مامـوورەکان ئاماژەیـان بـۆ منداڵـە سـاواکان دەکـرد و دەیانگـوت چـۆن دەکـرێ هەمووتـان بێـوەژن بـن؟ بـەڵام هـەر ئـەو جوابـەی پێشـوویان دەبیسـت، مامـوورەکان وەڕەز بـوون و هەڕەشـەیان کـرد کـە تیربارانیـان دەکـەن.

پیاوەکانی ئـەو «دایکسـالار»انە یان لـە دارسـتان ڕایان کردبـوو و یان لـە کێگـەی برینجدا خۆیـان شـاردبۆوە «دایکسـالار»ەکان پێیـان بـاش بـوو تیربـاران بکرێن بـەڵام ئـەو زەویانـەی کـە نیشـانەی بەهێزی ئەوانـە بەجێ نەهێڵن.

«پییەرمارتێنـی» فەرانسـەوی کـە هاووڵاتـی سـەنگاپووره لەسـەر ژیـان و داب و نەریتـی ئـەو ژنانـە لێکۆڵینـەوەی ئەنجـام داوە، بـۆی بـاس کـردم کـە دوای شـەڕ شـارەکان و فرۆشـگەکان و سـینەمایەکی زۆر لـە تەنیشـت دارسـتان سـاز کـران بـەڵام «دایکسـالار»ەکان ئەویـش تەنیـا بـە مەبەسـتی چـوون بـۆ لای دوکتـووری ددان لـە دارسـتان دەردەکـەون.

لـە «مینگسـین»م پرسـی: بـۆ «دایکسـالار»ەکان بـۆ بیینیـن دوکتـوری ددان لـە دارسـتان دێنـە دەرێ؟

-بۆخۆتان زۆر زوو هۆیەکەیتان بۆ دەردەکەوێ.

-بە بڕوای تۆ «دایکسالار»ەکان بەختەوەرن؟

بـە بڕوای مـن لـەوان بەختەوەرتـر لـە جیهانـدا نییـە. دوایـە بـە پێکەنینـەوە گوتـی: بینینـەوەی ژنـی بەختـەوەر کارێکـی سـانا نییـە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە «کوالالامپوور» کەس شوێنی ژیانی دایک سالارەکان نازانێ. لە «کوالالامپوور» و «ڕیمبۆش» کە «پییەرمارتین» پێشنیهادی کردبوو لەوێ بە شوێنیاندا بگەڕێم کەس هەواڵێکی تەواوی لێیان نەبوو بەختەوەرترین ژنانی جیهان نیشانەیەکیان لە خۆیان بەجێ نەهێشتبوو. ئەو کات کە «مینگسین» شوێنی ژیانی ئەوانی لە خەڵکی سەر ڕێگا دەپرسی شانیان هەلدەتەکاند و قەمکیان بۆ شوێنێکی نادیار ڕادەداشت و دەیانگووت هۆوەی.

تەقریبی دوو کاتژمێر بوو لە نێوان دارەکاندا بەرەوپێش دەچووین و هەموو جارێک گەیشتن بە بەختەورترین ژنانی جیهان دژوارتر دەبوو. خەریک بووین بڕوامان دەکرد ژنی لەم جۆرە دەست ناکەون هەر لەو ساتانەدا بوو کە چارەنووس لە شوێنێک بە ناوی «سوریمبۆ» «کازم خانی» خستە سەر ڕێمان ئەو گوتی: «دایکسالار»ەکان ئەفسانە نین و دەبێ لە مابەینی دارەکانی دارستاندا لێیان بگەڕێی کە وایە ماشێن و شۆفیرمان بەجێهێشت بە پاسکیل وەشووێن «کازمخان» کەوتین بۆ ناخی دارستان، دارستانێک کە جار لەگەڵ جار زیاتر و ترسێنەرتر دەبوو.

«کازمخان» پێی گووتین دروستکردنی ئەو ڕێگایە کە پاسکیلی پێدا دەڕوا کاری ئەرتەشە کە کاتی شەر لەگەڵ کۆمۆنیستەکان کەڵکیان لێ وەردەگرت. هەڵبەت ئەو کات پانتر بوو و سەیارەکانی ئەرتەش دەیانتوانی پێیدا بڕۆن بەڵام دارستان لەمساڵانەدا ئەم شوێنەی تەسک و تەسکتر کردووە و تەنیا ئەم کوێرەڕێیەی لێ هێشتووەتەوە.

بە بڕوای «کازمخان» تەنیا کەسانی گیان سەخت و بەختەوەر دەتوانن لە شوێنیکی ئاوادا بژین دەتگوت وردەوردە خەریک بوو لەوەی کە لەم شوێنە ترسێنەرە بووتە چاوساغی ئێمە پەشیمان دەبووە و بە بۆڵەبۆڵەوە دەیگووت لە داستان بێجگە لە مەیموون و پڵینگ بوونەوەرێکی دیکە ناژی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە پۆلێـک دار تێپەڕیـن و گەیشـتینە شـوێنێک کـە وەک کێڵگـە دەچـوو و ماڵـی «دایکسـالار»ەکان لـە دوورەوە دەرکەوتـن ئـەو خانووبەرانـەی میچەکانیـان لـە گـەڵای خورمـا و دیوارەکانـی لـە ئالاوێـرای ڕەش بـوو هەمـوو ماڵـەکان لـە سـەر سـتوونی سـێ میتـری سـاز کرابـوون.

کازم خـان بـۆی بـاس کردیـن کـە بۆیـە ماڵەکانیـان لـە بڵینداییـی سـاز دەکـەن کـە لـە مەترسـی سـێڵاو ڕزگاریـان بێ دوایە گوتـی: بـەڵام ئـەو کارە کاتـی سـێڵاو هیـچ سـودێکی نییـە.

لـە پەنجێـرەی یـەک لـە ماڵـەکان دەنگێـک وەک دەنگـی مەکینـەی بەرگـدووری دەهاتـە بـەر گـوێ و لـە دوورەوەش دەنگـی گۆرانییەکـی ئینگلیسـی دەبیسـترا لەبـن داربەسـتێک دوو ژن دانیشـتبوون و برینجیـان دەکووتـا تـا ئـاردی برینجـی لـێ سـاز کـەن زاهیـری ئـەو ئاواییـە لەگـەڵ ئاواییەکانـی کـە تـا ئێسـتا بینیبوومـن هیـچ جیاوازییەکـی نەبـوو «کازمخان» بـە زمانـی مالیزیایی ڕوو بـە ئاوایی چەنـد ڕەسـتەیەکی گـوت. دوایـە ئـەو دوو ژنـە دەسـتیان لـە کووتانـی برینـج هەڵگـرت، دەرزی گرامافۆنەکـە لەسـەر لاپـەڕەی موسـیقاکە لاچـوو و ئـەو دەنگـە سـەیرە کـە لـە دەنگـی مەکینـەی بەرگدووریـن دەچـوو تـەواو بـوو. ژنـەکان ئاردەبرینجەکانیـان لـە دەسـتیان تەکانـد و سـەرنجیان بـە ئێمـە دا، چەنـد ژنـی دیکـە لـە نـەکاو لـە مابەینـی لقـەکان خۆیـان بـەرداوە یەکیـان ڕێـک وەک مەیموونێـک لـە دارە گوێـزە هیندییەکـە هاتـە خـوارێ و ئـەوی دیکـە بـە چەنـد قەڵەمبـاز لـە خانووچکەکـە دەرپـەڕی. هەمـوو ڕیـز بـوون و لـە ئێمـە ڕامـان. چەنـدە بینینەوەیـان دژوار بـوو و ئێسـتا بـە جلـی زەرد و مـۆر و سـوورەوە لـە بەردەممـان ڕاوەسـتابوون کـز و کورتەباڵابـوون دەتگـووت بـە ڕادەی تەمـەن ڕیـز ببـوون کەسـی یەکـەم پیرێژنێکـی چرچ و لـۆچ بـوو، کـە سـەد سـاڵ دەهاتـە بەرچـاو، دووهەمیـن حەفتـا سـاڵ دەبـوو، سـێهەمی نیزیـک پەنجـا و چوارەمیـن کـەس نیزیـک سـی سـاڵان بـوو. هەمـوو ژنـەکان بێجگـە لـە پیرێژنـە سـەد ساڵانەکە و چەنـد کچـی چووکـە کـە لـەوێ بـوون لانیکـەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ددانێکی زێڕیان بوو کە وێنەی دڵێکیان لەسەر بوو.
وا دەهاتە بەرچاو ژنانی ئەم ناوچەیە لە چل ساڵ لەوەپێشەوە خوازیاری ددانی زێڕ بوون. بە ڕواڵەت هێمن دەهاتنە بەرچاو، تەنیا یەکەم ڕوانینی پیرێژنەکە کەمێکی تانە لەگەڵ بوو.
هیچیان نەدەگوت، «کازمخان» شتێکی گوت و ئەو کات بوو کە ژنەکان ئێمەیان بانگ کردە ماڵەکانیان. ئەو ماڵەی ئێمە چووین گەورە و خاوێن بوو. گرامافۆنێک و مەکینەیەکی بەرگدووری لەسەر عەرز بوو. دڵم ڕەنجا بوو هەستم کرد فریو دراوم هەزاران کیلۆمیترم ڕێ پێوابوو ئەو هەموو بەو دارستانە ترسێنەرەدا ڕۆیشتبووم لە ئاکامدا لە خانووچکەی «دایکسالار»ەکاندا مەکینەیەکی بەرگ دوورین و گرامافۆنێک چاوەڕوانم بوون داوام لە «کازمخان» کرد پرسیار بکا بزانێ ئەوانە هی کێن؟
«جەمیلە» کە لە نێویاندا لاوترین ژن بوو لە جوابدا گوتی: ئەوە جیازی مێردەکەمە کاتێک زەماوەندمان کرد لەگەڵ خۆی هێنابووی.
«کازمخان» پرسی: مێردەکەت ئیستا لە کوێیە؟
-ماڵی دایکی!
-بۆ ئەوێ؟!
-من ناردمە ماڵی دایکی، کاری نەدەکرد تەنانەت ئامادە نەبوو شیرەی دارەکان کۆکاتەوە، کارێکی ئاوا سانا، نە دەیتوانی دارێک ببڕێتەوە و نە دەیزانی برینج لێنێ، منیش لە ماڵێم خستە دەرێ. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پیاوەکان بەرەی خۆیان لە ئاو دەرکێشن. زەمانە خەریکە دەگۆڕێ مەگەر نا؟
-مێردی ژنەکانی دیکە چوونەتە کوێ؟
ئاسەواری هیچ پیاوێک لەو دەورومەکانە نەبوو تەنیا نیشانە ئەو منداڵانە بوون کە لە دەورمان بوون. پرسیم لای دایکەکانیان دەژین؟ یان لەوانەیە بۆ کار چوونەتە شار؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەمیلە بە سەر سوورڕمانەوە لە من ڕامابوو.
گوتم؟ ئەوان ئیتر ناگەڕێنەوە؟
-بۆچی دەشگەڕێنەوە، مانگێ جارێک، حەوتووی جارێک بەستە بەوەیە کە ئێمە کەنگێ بمنهەوێ لەگەڵیان بین. ئەسڵەن بۆ دەبێ زۆر لەلای ئێمە بن وبەردەستمان بگرن.
جەمیلە ژنێکی ئەورۆیی بوو ئەو خوێندەواری بوو، تەنانەت دەیزانی ئیتالیا وڵاتێکە لە ئورووپا.
«کازمخان» بۆ ئەو و ژنەکانی دیکەی باس کرد ئێمە بە چ هۆیەک چووینەتە ئەوەێ. ژنەکان کەمێکیان پرچەپرچ کرد و دوایە دەوریان داین تا جوابی پرسیارەکانمان بدەنەوە، دەیانزانی ڕۆژنامە چییە.
«جەمیلە» گوتی: هەتا ئێستا ڕۆژنامەی زۆر بینیوە.
لێم پرسی: تا ئێستا ڕۆژنامەنوسی دیکە چوونەتە ئەوێ؟
-نا! قەت! ڕۆژنامەنوس یانی چی؟!
-ئەوانەی کە بابەت بۆ ڕۆژنامەکان دەنووسن.
-ئەها!!
پیرترین ژن کە جەمیلە گوتی نەوەد و دوو ساڵ دەبێ و نەبیرەشی هەیە لە نێوەڕاست دانیشتبوو و ئەوانی دیکە دەوریان دابوو. یەکەم پرسیارم ئەوە بوو، دەمهەوێ بزانم بۆچی لەم ناوچەیە ژنان دەسەڵاتدارن؟
یەک لە ژنەکان بە ناوی «حەوا» لێم ڕاما و پرسی: بۆ مەگە لە ئورووپا ژنان دەسەڵاتدار نین؟
-نا لەوێ دەسەڵات بەدەست پیاوانە.
-تێناگەم؟
بۆم باس کرد: مەبەستم ئەوەیە لە ئورووپا پیاو سەرپەرستی بنەماڵەکانە و ناوی بنەماڵەیی پیاو لەسەر ژن و منداڵەکانی دادەندرێ.
-یانی بە جێی ئەوەی ژن ناوی بنەمالەکەی لەسەر پیاو دانێ، پیاو ئەو کارە دەکا؟ یانی ژن ناوی بنەماڵەیی خۆی لە منداڵەکانی نانێ؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ڕێک وایە.

-ئەها بەڵام ئەوە هەر پیاوە کە بە گوێی ژن دەکا وایە؟

-نا زۆرتر ئەوە ژن کە بە گوێی پیاو دەکا؟

«کازمخـان» خەریکبـوو قسـەکانی منـی وەردەگێـڕا، کـە گەیشـتە ئێـرە «دایکسـالار»ەکان هەمـوو بەیەکـەوە لـە قاقایـان دا وەک بڵێـی مـن خۆشـترین جۆکـی جیهانـم بـۆ گێرابێتنـەوە، یەکیـان لەبـەر پێکەنیـن زگـی گرتبـوو و ئـەوی دیکـە بـە توونـدی لـە ڕانـی خـۆی ڕادەکێشـا و قاقـای پیرێژنەکـە گەیشـتبووە ئاسـمان و ددانـە کرمۆڵەکانـی دەهاتنـە بەرچـاو. کاتێـک لـە پێکەنیـن بـووە دەسـتی بـەرز کـردەوە و هەمـوو بێدەنـگ بـوون، دیـار بـوو پرسـیارێکی گرینگـی هاتۆتـە مێشـکی یـان دەتگـووت بـە هەڵـە تێگەیشـتووە سـەری ئـارام لـە مـن هێنـا پێشـێ پرسـی لـە وڵاتـی ئێـوە کێ دەچێتـە داواکاری پیاوێـک؟

داوام لـە «کازمخـان» کـرد کـە بـۆی شـیی بکاتـەوە و بڵـێ: لـە ئورووپـا پیـاوان داواکاری لـە ژنـان دەکـەن و ئەگـە ئـەوە بەرعەکـس بـێ هەمـوو دەڵێـن زەمانـە گـۆڕاوە و دنیـا پـڕ بـووە لـە فەسـاد.

- «حەوا» پرسی: ئەی ژن ناتوانێ پیاو بۆخۆی هەڵبژێرێ؟

-زۆر جار نا.

-ئەی ئەگە پیاوێک لە دارستاندا وەچنگ ژنێک کەوێ چی؟

-لـە ئورووپـا زۆرتـر پیـاوان ژنـان لـە دارسـتان وەچنـگ دەخـەن ژنـەکان چاویـان لـە یـەک کـرد و دوایـە بـە گوومانـەوە لـە مـن ڕامـان، هەسـتم کـرد گومانیـان لـە مشـوورم کـردووە. یەکیـان پرسـی: کەوایـە ئـەوە ژنـە کـە دوای زەواج لـە ماڵـی پیـاو دەژی؟

-ئەرێ!

دووبـارە ژنـەکان چاویـان لـە یـەک کـرد و یەکیـان پرسـی: ئەگـە ژن خەرجـی پیاوەکـەی نـەدا پیـاو دەتوانـێ داوای تـەڵاق بـکا؟

لـە ئورووپـا پیـاوان خەرجـی ژنـان دەدەن خەبـەرم هەیـە لـە سـەنگاپوور و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوالالامپووریش هەر وایە.

-ئەو شوێنانەی کە ئێوە دەیلێن ئیستسنان.

کازم خان شتێکی گوت و ڕووخساری ژنەکان لە تووڕەیی سوور هەڵگەڕا. پرسیم: چی گوتووە؟

گوتی: پێم گووتن ئەوە ئیستسنا نییە و لە هەموو جیهان بارودۆخ وایە ژنێکیان بە ناوی «نوورپا» لە حاڵێکدا بە قامک هەڕشەی لە «کازمخان» دەکرد دەستوری پێدا قسەکانی وشەبەوشە بۆ ئێمە وەرگێڕێ، لەو کاتەوە کە زەوی نێوکی جیهان بووە و ئاسمان چەتری زەوی بووە و لە کاتێکدا کە زەوی بەقەت بەڕوویەکی چووکە بووە و ئاسمان بەقەت نیسێی خۆر، پیاو نۆکەر بووە و ژن خانم. ناوی زەوی زەوی دانا و ناوی ئاسمانی لە ئاسمان نا ژن قەبووڵی کرد کە پیاو لەگەڵی بەرابەر بێ بەڵام زەوی هەتاهەتایە هی ژنە، هەروەها منداڵ و جیازی پیاویش.

«نوورپا» کاتێک دڵنیا بوو قسەکانی بە تەواوی وەرگێردراوە ڕێی وەرگێڕا و ڕۆیشت.

«حەوا» گوتی: دڵگران مەبن تەمەنێکی تێپەڕاندووە بیرۆکەکانی کۆنن. دەتوانم خواردنەوەیەکتان بۆ بێنم؟

لە پلیکانەکان چووە خوارێ دارێکی گوێزی هیندی جووڵاند چەند گوێز کەوتنە خوارێ ئەوی گەورەکەیانی هەڵبژارد سەرەکەی شکاند و بۆ لای منی ڕاکێشا تا ئاوەکەی بخۆمەوە دوایە یەکی دیکەی هەڵگرت و هەر وا کە چاوی لە دوئیلیو دەکرد پرسی: ئیزنم هەیە گوێزی هیندی بەویش بدەم؟

-بەڵی ئەگە پێتان خۆشە. ئەوە ئێوەن کە دەبێ بڕیار بدەن.

-خانم ئێوە ژنن و ئەو پیاو، فەرمووی «کازمخان»یش بکەم؟

بەڵێ هەڵبەتە کێشە نییە.

«کازمخان» بە پشوودرێژی قسەکانی ئێمەی وەردەگێرا و هێندێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جار لە تووڕەیی ڕەنگی ڕەش هەڵدەگەڕا، لە بێدەنگیدا ئاوی شیرینی گوێزە هیندییەکانمان خواردەوە. «حەوا» گەنمزار و کێڵگەی پەتاتەکی خۆی نیشان داین و بۆی باس کردین کە چۆن دارەکان بە تەور دەقرتێنی. ئێمە بە سەرسووڕمانەوە چاومان لێدەکرد کە بەو بازووە کز و لاوازانە کارێکی ئاوا دژواری پێدەکرێ، جەمیلە و حەوا ڕوخسارێکی شادیان بوو و تەنیا کاتێک قسە گەیشتە داری کاووچوو نێوچاوانیان گرژ بوو. «جەمیلە» بە دڵتەنگی باسی کرد پیاوە سپی پێستەکان دارستان دەکڕن تا بینە خاوەنی دارەکانی کاووچوو. ئێمە ئاخری ناچار دەبین کۆچ بکەین و لە شوێنێکی دیکە بە دوای زەوی بەپێت و باشدا بگەڕێین ئەگەر هێندێک لە ژنان بوێری ئەویان نەبێ کە دووبارە لە هیچەوە دەست پێبکەن چ دەبێ کووڕەکانمان دەبێ لەگەڵ کچانی بێ زەوی و کێڵگە زەماوەند بکەن من داهاتووی «جونوس»ی کووڕم ڕوون نابینم «جونوس» تەنیا کوڕی ئەو بنەماڵەیەیە. خودا ئەو داماوەی کوڕ خوڵقاندووە، پیاوان ژیانێکی دوژواریان هەیە بۆیە دەمهەوێ ئەو دەرس بخوێنێ تا بتوانێ کارێکی باش بدۆزێتەوە و خۆی جیاز بۆ خۆی بکڕێ تا بتوانێ لەگەڵ کچێک کە زەوی هەیە زەماوەند بکا تا ئێستا سێ ددانم بۆ ئەو مەبەستە فرۆشتووە.

پرسیم: چێت گوت؟!

«حەوا» زاری کردەوە و گوتی براوانە ڕووکێشی زێڕی سێ ددانم فرۆشتووە. ددانەکانی ئێمە بانکی ئێمەن شێوەیەک پەسەندازن، زەوێکانم هی کچەکانمە بەڵام تەنیا دارایی کوڕەکەم ڕووکێشی ددانەکانی منە، هەرکات پێویستم بە پارە بێ دەچمە «کوالالامپوور» و ڕووکێشی یەک لە ددانەکان دەفرۆشم کەمێک دژوارە بەڵام کێشە نییە بە پووڵی ددانەکانم گەورەترین چاویلکەی کوالالامپوورم بۆ «جونوس» کڕیی.

ئەو کاتەی کە گەیشتینە ڕێگا قیرتاوەکەلە «مینگسین»م پرسی: خۆشیتان لە دایک سالارەکان هات؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بەڵێ پەسەندم کردن.
-کەوایە مرۆڤێکی ناڕەسەن نین.
ماشێنەکە وەڕێ کەوت بۆ لای «کوالالامپوور» و جار لەگەڵ جار لەو دارستانە سەیرە کە نە لە زستان دا دەمرد و نە لە بەهاردا چرۆی دەکرد دوور دەبووە هەستم دەکرد خەریکم لە شوێنێک دوور دەکەمەوە کە هەمیشە لە بەختەوەریدا دەمێنێتەوە.
گەیشتینە «کوالالامپوور»، لەوێ ماسئوولێکی دەوڵەتی گلەیی لێکردین کە تەنیا ژنانی «دایکسالار»ی «مالزی»مان بینی و دوایە گوتی: بەختەوەرانە تەنیا دە هۆز لەو ژنانە ماونەتەوە کە ئەوانیش ساڵ لەگەڵ ساڵ کەمتر دەبن دوڵەت هەوڵ دەدا ئەوان بۆ لای ژیانێکی ئەوڕۆیی ڕاکێشێ چوون هۆی شەرمە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک مالزی ئێستاش ژنانی وەحشی وەک ئەوان مابێتن ئەو ژنانە تەنانەت کەڵک لە مافی دەنگدانی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا وەرناگرن. چوون بڕوایان وایە کە دەنگدان بە پیاوان کارێکی گەمژانەیە و تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی هێندێک زاڵم هێز بەدەستەوە بگرن.
شوینی کاری ئەو مەسئوولی دەوڵەتییە دەزگای هەواگۆڕینی لێ نەبوو و بۆیە کاتێک زاری دەکردەوە مرۆڤ بێزی دەکرد.
لەوێوە چووین بۆ لای سەنگاپوور شوێنێک کە چینیە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ ژنە جوانەکانیان لە کاباراکان سەما دەکان و کامیوونە پڕ لە بەستەکانی کاووچوو کە نرخی هەموو ددانەکانی کەسانی وەک «حاوا»یان هەیە دەخەنە کەشتییە بارییەکان.
سەفەر بۆ سەنگاپوور تەقریبی شەوێکی خایاند و لە هەموو ڕێگادا بارانێکی بە ڕێژمە دەباری، «مینگسین» برینجی بۆ لێنابووین، کاتی خواردنی برینج بیرم لە «حەوا» دەکردەوە کە بۆ کڕینی گەورەترین چاویلکەی «کوالالامپوور» بۆ کورەکەی دەچێتە مەتەبی ددانساز و ڕووکێشی ددانەکانی هەڵدەگرت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی چوارەم

ماڵی «هانسوین» لەسەر تەپکێک بوو. تەپکێک لە «جوهیرباهروو» کە بە تاکسی بە نیو کاتژمێر دەگەیشتییە سەنگاپوور لە سەنگاپوور هەموو ناوی ئەو ژنەیان بیستبوو و دەیانزانی لە «جوهروبادروو» دەژی بەڵام خەڵکی ئەوێ هیچ کەس ژنێکی بەو ناوە نەدەناسی بەو کەسانەی کە بەویدا تێدەپەڕینم گوت: ئەو ژنە نوسەرەی کتێبێکی ناسراو بە ناوی (ئەوین شتێکی پڕ شکۆیە) کتێبێک کە ئامریکایەکان فیلمێکی سەرکەوتویان لێ دروست کرد. بەڵام وەک بڵێی باسی بوونەوەرێکی خەیاڵیان بۆ دەکەم کەس هەواڵی لێی نەبوو خەڵکی ئەوێ خانم دوکتورێک بە ناوی «ئیلیزابێتکۆمبێر»یان دەناسی کە پسپۆڕی منداڵان و نەخۆشییەکانی تایبەت بە ژنان بوو و هەموو ڕۆژێک لە ١٠ تا ١٢ و لە ٣ تا ٥ لە ماڵەکەی سەر تەپکەکە نەخۆشی دەبینی و چارەسەری دەکردن ناوی ڕاستەقینەی ئەو نووسەرە «ئیلیزابێت»ـە و «کۆمبێر» ناوی ئاخرین مێردێتی کە دوای مردنی «مارکئیلیوێت» هەواڵنێری ڕۆژنامەی «تایمز» زەماوەندی لەگەڵ کرد مێردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشـووی «ئیلیزابێت» کەسـێکە کـە ئـەو ئەویـنداری بـووە و چیـرۆک و فیلمـە ناسـراوەکەی کـە لـە سـەری سـاز کـراوە ڕووداوی همـان ئەویـن دەگێڕێتـەوە لـەو کتێبـەی «ئیلیزابێت» کـە لـە هەمـوو شـوێنیک ناوبانگـی دەرکـرد هیـچ نـاو و کات و شـوێنێک سـازکراو نییـە هەمـوو شـتێک ڕاسـتییە و لەبـارەی پێوەنـدی «ئیلیزابێت» و «مارکئیلیویێت» نووسـراوە. هەمـوو کات ویسـتوومە ژنێکـی ئـاوا کـە بوێرانـە و بەبـێ هیـچ کۆتوبەنـد و هانـا بـردن بـۆ شـێوەی چیـرۆک نووسـین ڕووداوە ئەویندارانەکانـی گێڕاوەتـەوە لـە نیزیکـەوە ببینـم دەبـێ پـێ لـەوە بنێم کـە هـۆی ئـەو چاوپێکەوتنـە زیاتـر فزوولـی بـوو تـا کارێکـی جیـدی هەواڵنێـری.

پێـم خـۆش بـوو بزانـم نووسـەری کتێـب لـە «جینیفێرجۆنز» کـە ڕۆڵەکەی لـە نێـو فیلمەکـەدا گێڕاوە جوانتـرە یـان ناحەزتـر بەڕاسـتی ئەوەنـدە سـاکار و لەبـەر دڵانـە یـان وەک زۆربـەی نووسـەرەکان خەریکـە لاسـایی سـاکاری دەکاتـەوە بەختـەوەرە یـان نـا، بیـرم دەکـردەوە بـە بینینـی ڕوخسـار و هەڵسـووکەوتی بزانـم ئەوانـەی کـە لـە کتێبەکەیـدا نووسـیونی ڕاسـتن یاخـود درۆن. دەمهەویسـت لـە بابـەت ئـەو ژنانـەی کـە لـە نـەکاو ناسـراون جوابێـک بـۆ پرسـیارەکەنم بدۆزمـەوە. قەتـم بـە خەیـاڵ دا نەدەهـات کـە بینینـی ئـەو چەنـدە دەتوانـی لـە بابـەت ئـەو شـتانەی کـە لـەو سـەفەرەدا بـە شـوێنیاندا دەگـەڕام یارمەتیـم بـکا. ئەگـەر «هانسـیوین»م نەبینیبایـە قـەت نەمدەتوانـی بزانـم ژنێکـی چیینـی چ جـۆرە ژنێکـە، ژنێـک کـە لـە وجـوودی خۆیـدا چینـی ئەمـڕۆ و دۆینـێ، چینـی کۆمۆنیسـت و غەیـری کۆمۆنیسـت، ڕۆژهەڵاتـی پێشـکەوتوو و ڕۆژهەڵاتـی ڕوو لـە سەربەسـتی کردۆتـە یـەک.

دایکـی بێلژیکییەکیـە بـەڵام هیـچ نیشـانێک لـە دایکـی لـە دوکتـور «ئیلیزابێتکۆمبێر» یـان هەمـان «هانسـوین»دا نییـە ئـەو شـێوەی ئەژدادە چـاو بادمـی پـرچ ڕەشـەکەی دەدا و هیـچ نیشـانەیەکی لـە ئورووپایـی بوونـی ئـەو نەهێشـتۆتەوە. و وەک ژنێکـی چینـی دەژی، عاشـق دەبـێ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیر دەکاتەوە، جل لەبەردەکا، و شۆڕش دەکا، لە چێن هاتۆتە دونیا و بەشێکی زۆر لە ژیانی لەو ولاتە بەسەر بردووە لە چین لەگەڵ یەکەمین مێردی کە کچیک بە ناوی «میلنیک»ی لێی هەیە زەماوەندی کردووە و هەر لەم ولاتە دەرسی دوکتوری خوێندووە و یەکەمین کتێبی بە ناوی (مەقسەد) لە «چوینکینگ» نووسیوە. ئەو هەموو ساڵێک دەگەڕێتەوە چین هەوای ولاتەکەی خۆی هەڵمژی و بە ماڵ و دارایەکانی ڕابگا.

سەرم لەوە سووڕما کە لە چین زەوی هەیە، بەڵام کاتێک بینیم ئەو بابەتەی ئاوای بۆ شی کردمەوە.

-بەڵی لە پێکەن چەند خانووبەرەم هەیە کە ماڵیاتێکی زۆریشیان دەبێ بۆ بدەم هەموو جارێک دەچمە لای بەرپرسی ماڵیات و دەڵێم تکایە ئەو خانوانە موسادرە بکەن و ئەو لە جوابدا دەڵی: ئەوە ئیمکانی نییە. لە ڕاستیدا چینیەکان پێش ئەوەی کۆمۆنیست یان هەر شتێکی دیکە بن چینین و هەمیشە چینی دەمێننەوە.

تاکسی لە پێش کانتینێری سپی کە دنیایەیەک ژن و منداڵی لە پێش ڕیز ببوون ڕایگرت. نازانم بۆ لە زەینمدا «هانسوین»م وەک زۆربەی چینییەکان خڕ و خەپە بە ڕوخسارێکی خڕ و قەڵەو وێنا کردبوو، ئەو ژنێکی زۆر جوان و لاو بوو بە بڕوای من «جنیفێرجونز» دەبێ ئاوای بەدەست داکا. ڕوخسارێکی کز و ئەندامێکی ڕێک لاق و لەتەرێکی جوانی بوو.

چاوپێکەوتنی نەخۆشەکان کۆتایی هات و لەگەڵ یەک قسەمان کرد. خۆشی قسە دەکرد چاوەکانی وەک کلۆی ئاور وابوو و دەستەکانی کاتی قسەکردن وەک سەماکەرێک هەڵدەسووڕا سەر و خواری بە لاقەکانی دەکرد دەیگوت سەرت سووڕماوە نا؟ پێت وایە هەموو چینییەکان کورت و بێجووڵەن؟ چینییەکانی «پانتۆن» کورتەبالا و سەوزەن وەک خەڵکی «ناپێل»زۆربڵەن بەڵام چینییەکانی «شنگهای» بەلەباریکن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک خەڵکی سویس ڕێکوپێکن، چینییەکانی «پێکەن» باڵابەرزن و کەس لە کاریان تێناگا و وەک ئینگلیسییەکان پڕن لە دابی بێزارکەر.

ئێوە چیرۆکی ئاسانسۆڕتان بیستووە؟ بۆتان باس دەکەم: لە کانتۆن کاتێک خەڵک بەتەمان سواری ئاسانسۆڕ بن. پاڵ بە یەکەوە دەنێن و خۆ لە یەک دەدەن و لە کۆتاییدا ئاسانسۆڕ وەک قتوویەک ساردی پڕ دەبێ و دەچێتە سەرێ. لە «شانکهای» خەڵک کاتی سواربوونی ئاسانسۆر ڕیز دەبن و ئاسانسۆڕ بە ڕادەی ئیستاندارد وەڕێدەکەوی بەڵام لە پێکەن خەڵک پێش سواربوونی ئاسانسۆڕ ئەوەندە تەعاروف و فەرموو تۆ برۆ فەرموو تۆ برۆ دەکەن کە تا درگای ئاسانسۆڕەکە دادەخسترێ و بەبێ ئەوەی کەس ساور بێ دەچیتە سەرێ. من خەڵکی پێکەنم و ئەو ئاسانسۆڕەی کە بەتەمام سواری بم هەمیشە خاڵی دەچێتە سەرێ.

کە گەیشتە ئێرە پەردەیەک لە فرمیسک لە چاوەکانی وەدیار کەوت دەست و لاقەکانی لە جووڵە کەوتن وا بزانم وەبیر نەهامەتییەکانی ژیانی کەوتبۆوە، بیری ژنراڵ «تان» دەستگیرانی یەکەمی کە لە شەڕدا کوژرابوو، یان «مارکئیلیوێت» کە لە کۆرە لە نێو چووبوو، یان لەوانەیە «لیئۆناردکمبێر» کە لێی جیا ببۆوە، لەوەنەیە بۆ ئەو گرینگ نەبووبێ کە «هانسوین» هەم ناسراوە و هەم جوان و هەمیش دەوڵەمەند. ئامـاژەی بـۆ خانووچکەیەک کرد کەمێک لەخوار ئەوێ خەریکی سازکردنی بوون و گوتی: لەمەودوا خانووە تازەکەی منیش بەبێ ئاسانسۆڕە. ئەو کات مارک زیندوو بوو بڕیارمان دابوو لە پێکەن بژین، ئەو هەوڵی ئەوەی بوو نوێنەرایەتی «تایمز» لە چین وەرگرێ منیش بەهیوا بووم لە نەخۆشخانەی ئەوێ دەست بەکار بکەم ئێستا کە مارک نەماوە پێم باشە لە مالیزی بژیم، سەنگاپوورم پێخۆشە مارکیش عاشقی سەنگاپوور بوو؛ بەڕاست ئەو کتێبەم کە لەسەر ئەوانداریيەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خـۆم و مـارک نووسـیومەت خوێندۆتـەوە؟

-بەڵێ! ئێوە ئەو فیلمەتان بینیوە لەڕووی کتێبەکەی ئێوە سازکراوە؟

-نا پیم خۆش نییە بیبینم ئەو فیلمە پیوەندییەکی بە کتێبەکەی منەوە نییە کاتێک چیرۆکەکەی منیان کڕی بۆ نووسینی سیناریۆ بانگیان کردمە هالیوود و من نەچووم دوایە بۆ ئەوەی کێبەکانی دیکەم بکەن بە فیلم پیوەندیان پێوە گرتم بەڵام من نە دەچمە هالیوود و نە کتێب بۆ هالیوود دەنوسم یانی بۆ ناسراوی خۆم نانووسم تەنیا بۆ دڵی خۆم دەنووسم کاتێک دەنوسم کەمتر تووشی خەمۆکی دەبم هەر وەک ئەو کاتەی کە دەردی نەخۆشەکانم چارەسەر دەکەم هەست بە ئارامی دەکەم هەمیشە بە خۆم دەڵێم تۆ «هانسوین»ی نەوەی هەمان ئەو ژنانەی کە بە باند لاقیان دەبەست تا چکۆلە بمێنێتەوە ئەو ژنانە کە نوسین و خوێندنەوە نازانن و خوێندەواریان نییە.

-بەڵام تۆ ئێستا هەم کتێب دەنووسی و هەم چارەسەری نەخۆشەکان دەکەی، تۆ ژنێکی ڕاستەقینەی چینی نەوک ئەوان.

لە پڕدا لە شوێنی خۆی هەستا و گوتی: تۆ بە تەمای ڕاپۆرت لە بابەت ژنانی چین ئامادەکەی وایە؟

-بەڵی وایە.

-ئیزنی سەفەر بۆ چینی سووریان پێنەداوی وایە؟

-بەڵێ وایە ئیزنیان پێ نەداوم بچم بۆ ئەوێ.

-بەڵام دەچییە هۆنگکۆنگ!

-بەڵی دەچمە هۆنگکۆنگ!

-تکاتان لێدکەم بەبێ دادوەری کردنی پێشوو ڕاپۆرتەکەتان ئامادە بکەن. لە «هۆنگکۆنگ» گوێ لە نیشتمان خۆشەویستە توندڕەوەکان مەگرن ئەوان هیچ لەسەر ڕوداوەکانی جیهان نازانن من زۆر باش بارودۆخی چین دەزانم و پێتان دەڵێم گۆڕینی چۆنیەتی ژیانی ژنێکی

چینی وەک موعجیزەیە. موعجزەیەک کە کۆمۆنیزم کارێکی بۆ نەکردووە. دەستی بە ڕێپێوان کرد دەتگوت بۆ تەواو کردنی قسەکانی لە وشە دەگەڕێ دوای کەمێک وەخۆی هاتەوە ڕووی لە من کرد و گوتی: جوان گوێ بۆ ئەوەی باسی دەکەم بگرە ساڵی ١٩٤١ ئەوکات کە لە شانگهای دوکتور بووم بە چاوی خۆم بینیم دایک و بابێک کچەکەیان بە تاوانی ئەوەی کچێنی نەماوە کوشت ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەو کچێنی مابوو من خۆم پشکنینم بۆکردبوو و لەوە دڵنیا بووم بەڵام پشتڕاست کردن یان نەکردنی من بۆ ئەوان گرینگ نەبوو وەک سەگێکی هار ئەو کچۆڵە بێتاوانەیان بەردەبارن کرد و کوشتیان. پۆلیس کاریشی پێیان نەبوو. ساڵی ١٩٥٥ تەنیا لە شانگهای هەشسەد شوێنی خراپ هەبوو کە لەوێدا دوازدەهەزار جندەی ١٢ تا ٤٥ ساڵ کاریان دەکرد دایک و بابەکانیان زۆر جار ئەوانیان لەبەرامبەر کیسەیەک برینج گۆڕیبۆوە. ئەو کارە تاوان نەبوو بیری لێبکەنەوە کاتێک لە ساڵی ١٩٤٧ مێردی یەکەمم مرد دایک و بابم پێیان خۆش بوو ئەوەندە برسی بمێنم تا دەمرم ئەوە نەریتێکی کۆنی چینییە پێیان دەگوتم کە ئەگە وابکەی هەجرێکت بۆ ساز دەکەین و لە سەری دەنووسین «گۆڕی هاوسەرێکی وەفادار» کاتێک لە جوابیاندا دەمگوت هەجرم ناوێ و دەبێ لەبەر کچەکەم بژیم تووڕە دەبوون.

ئەمڕۆ ئیتر لەو ڕووداوانە ڕوونادا ئەو شوێنە خراپانەیان لەنێو بردووە و ئەو ژنانەی لەوێ دیل کرابوون ئێستا فێری خوێندن و نووسین دەبن و زەماوەند دەکەن کاتێک پیاوێکی چینی لەگەڵ جندەیەکی قەدیمی زەماوەند بکا بە پیاوێکی بەڕێز دەناسرێ و خەڵک بە ڕۆڵەی نیشتمان دەیناسن یاسای فرەژنی مەنع کردووە ئێستا ژن و پیاوی چینی مافی یەکسانیان هەیە زیندەبەچاڵ کردنی کچە ساواکان کە لە ڕابردوودا دەکرا ئێستا قەدەغەیە و ژنەکان ئێستا دەتوانن ئەو کارانەی تەنیا

تایبەت بە پیاوانن ئەنجام بدەن دەزانم خەڵک چاوەڕوانی ئەو قسانەیان نییە و تۆمەتی کۆمۆنیست بوونم لێدەدەن، بەڵام من کۆمۆنسیت نیم، من کاتۆلیکم و دەچمە کلیسا. ڕاستی ئەوەیە من دوکتورم و بەو بۆنەیەوە دەبێ ڕاستییەکان ببینم کەمێک لە کار بە چەقۆی عەمەلیات دەچێ ئازاری هەیە بەڵام دەرمان دەکا.

بیستنی قسەکانی ئەو ژنە لە بابەت ئەو شتانەی کە ئاگام لێیان نەبوو یان لەبەر خۆپاراستنی ئەربابە گەورەکانی جیهان نەمتوانیبوو لە نیزیکەوە هەستیان پێبکەم نرخێکی زۆری بۆم هەبوو هەر بۆیە چەند جار چوومە ئەو خانوچکەیەی سەر تەپکەکە و هەموو جاری «هانسوین» زانیارییەکی دامێ کە زۆری لە نووسینی ئەو بەشە لە ڕاپۆرتەکە یارمەتی دام نیوەڕوان کە بینینی نەخۆشەکانی کۆتایی دەهات دەچووم بۆ لای و تا شەو لەلای دەمامەوە ئەو قسەی دەکرد و من گوێم لێ ڕادەگرت و «دووئیلیۆ» بە کامێراکەی سەرقال بوو و چاوی لە «هانسوین» هەڵنەدەگرت خۆم لەگەل زۆر لە قسە هەستبزوێنەکانی هاوڕا نەبووم چوون ئەو پێش کۆمۆنیست، دژەکۆمۆنیست یان کاتۆلیک بوون وەک هەموو چینیەکان چینییەک بوو؛ بەڵام قسەکانی بە کەڵکی ئەوە دەهات کە بەبێ پێشداوەری سیاسی بتوانم لە بابەت ئەوەی کە لە هۆنگکۆنگ دەیبینین بڕیار دەرکەم. کاتێک کە لێی دووردەکەومەوە زیاتر هەستم دەکرد لە هاوڕێیەک دوور دەکەومەوە تا لە ژنێکی گەورە کاتی ڕۆیشتن پێی گوتم: پێشنهاد دەکەم زۆر لە هۆنگ کۆنگ نەمێنێوە و بەرەو سنوور بچی.

-باشە وادەکەم!

-کاتی نووسینی بابەتەکەت وەبیر قسەکانی من وەرەوە

-بەدڵنیایەوە قسەکانتم لە یاد دەمێنێ.

هیچ لە «جنیفێرجۆنز» نەدەچوو تەنانەت ئەوکات لە فرۆکەخانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسرەی بۆ ڕادەوەشاندم. فرۆکەکە لە زەوی هەستا و دوای سێ سەعات و نیو لەسەر ئاوەکانی هۆنگ کۆنگ بووین، شار وەک تابلۆیەکی گوڵدۆزی کراوی چینی جوان بوو. فرۆکەکە لە دورگەی «کۆلۆن» نیشت. هۆگکۆنگی ڕاستەقینە لە دوورگەی ڤیکتۆریا بوو کە لە ڕێی «فریبووت»ەوە هامووشۆی پێدادەکرا. بەڵام ئێمە پێمان باش بوو لە هەمان هۆتێل کە «هانسوین» و «مارک» تێیدا ژیابوون و دوایە کتێبەکەی لەوێ نوسیبوو بمێنینەوە، هۆتێلەکە لە «کولۆن» بوو یەکەم شەو کە لە «کانتۆن» بووین بۆ ماڵی ژنێکی دەوڵەمەند بانگێشت کراین کە بۆ کچەشاجوانی هۆنگکۆنگ میوانیخوانێکی ئامادە کردبوو خواردنی چینیمان خوارد لە نێوان خواردنەکاندا تەنیا مێشکی مەیموونمان نەخوارد ئەوە خواردنێکە کە لێنانەکەی لە هۆنگکۆنگ زۆر دژوارە چون دەبێ بە مێشکی مەیموونێک لێبندرێ کە بهێڵێ کە هەروا کە هەناسە دەدا مێشکی دەرێنن بێجگە لەو خواردنە نەفرەتییە هەرچی خواردەمەنی بوویان دەرخواردیان داین. پێنج شێوە ماسی گۆشتی بەراز شەش خۆرشت گۆشتی مراوی بێ ئێسقان و لە کۆتاییدا قاپێکی گەورە کە وەک پەیکەرەیەک دروست کرابوو لە مەیگوو و کارگی نێو زەریا و ئیسباکێتی هێلکەی ڕەشی کولاو کە لانیکەم سەد ڕۆژ لە ئاهەکییان گرتبوون تا نێوەکەیان ڕەش بێ و دەرەوەیان سەوز. بۆنی خواردنەکە بە بۆنی پەنیری بۆگەن دەچوو هەرکەس نەیخواردبایە تۆمەتی بێئەدەب بونیان لێدەدا و خانەخوێ ئەوەندە خۆمانە بوو کە هەموو جارێ بۆ خواردنی خوانێک تووشی دڕدۆنگی دەبووین. بۆخۆی دەهاتە لامان و هێندێک لە خواردنەکانی لە زارمان ڕادەکرد لە مابەینی خواردندا ئارەقی برینجیان بۆ داناین کە لە لیوانی زیوێان کردبوون بەڵام پێش خواردنەوەی دەبوو چاوەڕوان بین یەکێک لە میوانەکان هەستێ و وتە پێشکەش بکا. وتەکان زۆری دەخایاند و ناوی هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس و کاری ئەو کوڕە تا باب و باپیرانیان دەهێندرا و باس و مەدحی لە تەیبەتمەندییەکانی ئەوان کە یەک و دوانیش نەبوون دەکرا. بەو وتارانە سەلمێندرا خزم و کەس و باب و باپیری هیچ کام لە میوانەکان و ئەوانەی کە لەسەر ئەو میزە دانیشتبوون تەنیا کەسێکی خراپیان تێدانەبووە. پەیکەکان چووکە بوون ئەوەی کە تێیاندابوو پێش بە زار بگا تەواو دەبوو. کێشە ئەوە بوو کە هەموو جارێک پەیکەکانیان پڕ دەکردەوە یەکی دیکە لە میوانەکان هەڵدەستا سەر پێ و لە بابەت باوانی نەفەری پێشوو دەستی دەکرد بە چەقەچەق. ئێواریخوان حەوتی ئێواری دەستی پێکرد و هەتا یەکی نیوەشەو هێشتا تەواو نەببوو. دەبوو بۆ کۆتایی کار جۆرێک سوپی مریشک کە ڕۆڵی قاوەی دوای خواردنی بوومان بخواردبایە خۆمان لەو کێشەیە ڕزگار کردایە. کوڵمەکانی «دووئیلیۆ» سوور هەڵگەڕابوو و چاوی بە باشی هیچکۆی نەدەدی و بە پێچەوانەی هەموو کات چاوی لە شاجوانی هۆنگکۆنگ کە وەک هەموو شازادەخانمەکانی جیهان زۆر جوان و زۆریش گەمژە بوو نەدەکرد من دەترسام ئەوانی دیکە بە نەهێنیەکەم بزانن لە هەموو ئەو ماوەیەدا دەڤری خواردنەکەم لەگەڵ دەڤرییە بەتاڵەکەی کەسی تەنیشتم کە تەواو سەرخۆش بوو دەگۆڕی ژنەکانی دیکە زۆر سانا ئەو هەموو خواردنەیان قووت دەدا. ژنانی دەوڵەمەند کە زۆربەیان لە «پێکن» یان «شانگهای» هەڵاتبوون و جلەکانی کە لەبەریان کردبوو کاری ڕۆم و پاریس بوو و هیچیان ئەو ژنە چینیانە نەبوون کە من بە تەما بووم بیانبینم.

دوای خواردنی سووپی مریشک بە بیانووی ژانەسەر گەڕامەوە هۆتێل تا سەعاتی شەمەندەفەری شاری «لۆئاڤۆ» یان «شۆچوون» بپرسم.

ژنانی چین چ جۆرە ژنێکن من ئەوانم لە ناوچەیەکی چووکەی داپۆشراو لە مەزرا و کێڵگەی برینج نیزیک سنووری چینی سوور

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆزیەوە ئاڵای ئینگلیس ئاخر نیشانەی نەگبەتی بوونی ڕۆژاوا لە ئاسیا لەسەر هۆنگ کۆنگ سەمای دەکرد شەست کیلۆمیتر لە سنووری مابەینی چین و هۆنگ کۆنگ ڕێگای ئاسنە شەمەندەفەر لە وێستگەی ئینگلیسی «لۆئاڤۆ» زیاتر ناچێتە پێش و ئەو ڕەیلانەی کە زەمانێک ڕێگای هامووشۆ بوو ئێستا خەریکن ژەنگ دێنن. پێنسەد میتری ئەولاوە لە وێستگەی چینی شۆیتچۆن ئەو ڕەیلانەی ڕۆژگارێک تا هۆنگکۆنگ گەیشبوو ئێستا خەریکن باوێشک دەدەن.

لە مابەینی ئەو دوو وێستگەیە کە چین و ئینگلیسی بەیەک گەیاندوو چۆمێک بە ناوی «شامچان» تێدەپەڕی چۆمێک کە ڕقێکی مرۆیی لە ئاوە زەردکەیدا هەیە، پردێکیان لەسەر ئەو چۆمە دروست کردووە ئەو ژنانەی کە لە هۆنگ کۆنگەوە بۆ چینی سوور یان لە چیینی سوورەوە بۆ هۆنگ کۆنگ دەچن دەبێ بەسەر ئەو پردەدا بڕۆن. پیاوێکی کەم بەسەر ئەو پردەدا دەڕۆن ئەو پیاوانە دوور لە کۆمۆنیست بوون یان کۆمۆنیست نەبوون بە ڕقەوە بەسەر پردەکەدا دەڕۆن زۆریان ناتوانن ئیجازەی ڕۆیشتن وەرگرن و زۆریشیان لە ڕۆیشتن بۆ چین دەترسن بەڵام ژنەکان زۆر بە مورتاحی بەسەر پردەکەدا دەڕۆن.

لە مانگەکانی ژانوییە و فیڤرییە کاتی نوێبوونەوەی ساڵی چینییە هەمووکات دوو ڕیز ژن کە بە هەنگاوە وردەکانیان بەسەر پردەکەدا دەڕۆن دەبیندرێ ئەوان دایک و خوشک، یان خۆشەویستی ئەو کەسانەن کە لە وڵاتێکەوە دەچنە ئەو وڵاتەی دیکە و بەرگەیەکیان پێیە کە کەفیلی گەڕانەوەیانە بۆ شوێنی یەکەمیان. ئەو ژنانە بە هەموو شێوەیەک لە یەک جیان، زۆریان ڕق لەیەکە، هەر ئەو ڕقەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕەیلی شەمەندەفەر لەمبەراوبەری سنوور بێکەڵک بێ ژنانی هۆنگ کۆنگی دڵڕفینترین ژنانی «ئاسیا»ن هەمیشە پرچیان ڕازاوەتەوە و نینۆکەکانیان لاکی لێدراوە. هەمیشە کەوشی پاژنەدار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە پـێ دەکـەن و جلێکـی شـۆخ بـە نـاوی «چیئۆنگسـام» کـە پێیانـەوە دەچەسـپێ و ئەمـلاولای دوو چاکـی درێـژی هەیـە. ژنانـی چینـی سـوور لـەلای ژنانـی دیکـەی ئاسـیایی هیـچ نایەنـە بەرچـاو بـەڵام ئـەوە نابێتـە هـۆی شـەرمندەبوونیان لـە کۆبونەوەیـەک کـە لەگـەڵ ژنانـی چیـن کرابـوو سـەرۆکی سـازمانێکی ژنـان لـە پشـت تریبـوون بـە دەنگـی بـەرز گوتبـووی (بژیـن ژنانـی چیـن ئـەو ژنـە زەریفانـەی کـە لەسـەرەتای سـەرکەوتنی شـۆڕش تەمبـەڵ و جـوان بـوون دیـارە ئێسـتا جوانیەکەیـان نەمـاوە چـون ئێسـتا سـەرقاڵی کار و تێکۆشـانن). خەڵکیـش لـە جوابـی ئـەودا هاواریـان کردبـوو (بژیـن بژیـن) ژنانـی چیـن کـە ناحـەزی ڕابردوویـان ئێسـتا جوانـە و جوانـی ڕابردوویـان ئێسـتا ناحـەزە. ژنانـی هۆنـگ کۆنـگ ئێسـتاش پەیڕەوی «کۆنگفیسـیوس»ن کەسـێک کـە گوتویەتـی: (ئەگـە ژنێـک بـە گوێـی خەسـوو یـان خـەزووری نـەکا یـان نـەزۆک بـێ یـان زۆربڵـە و حەسـوود مێردەکـەی دەتوانـێ ئـەو تـەڵاق بـدا)، لـە شـوێنێکی دیکـە دەڵـێ: (هـەر پیاوێـک دەتوانـێ ئەونـدە دڵـی پێـی خۆشـە ژنـی ببـێ). بـەڵام ژنانـی چینـی سـوور پەیـڕەوی تەنیـا یاسـایەکن کـە دەڵـێ:(ژن و پیـاو دەبـێ تەنیـا یـەک هاوسـەریان بـێ و خۆشەویسـتیەکەیان بەرابـەر بـێ تـا بتوانـن بـە پشـتگیری یـەک کۆمەڵگەیەکی سـەرکەوتوو سـاز کـەن) لەگـەڵ ئـەوەش ژنانـی ئـەم ناوچەیـە دەتوانـن نـاوی بنەماڵەیـی خۆیـان بهێڵنـەوە و منداڵانـی چیـن دەتوانـن هـەم کەڵـک لـە نـاوی بنەماڵەیـی دایکیـان هـەم نـاوی بنەماڵەیـی بابیـان کەڵـک وەرگـرن بـۆ نموونـە کـوڕەکان کەڵـک لـە نـاوی بـاوک و کچـەکان کەڵـک لـە نـاوی دایکیـان وەرگـرن.

ژنانـی هۆنگکۆنـگ پەیـڕەوی «سـانگمیلینگ» هاوسـەری «کیانگکایلشـێک»ن بـەڵام ژنانـی چیـن تەنیـا سـانگچینگلینگ» پەسـەند دەکـەن کـە دەسەتەڕاسـتی «مائۆنـە ئۆنگ»ـە، ئـەو دوو ژنـە خوشـکی یەکن بـەڵام ئەگـە بەبـێ سـەرنجدان بـە ئـەو ڕق و نەفرەتـەی کـە لـە ئـاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چۆمی «شانچان» هەیە لە ژنانی چین و هۆنگ کۆنگ بڕوانین دەبینن کە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەک نییە، هەرکیان بە یەک شێوە منداڵەکانیان بە پەڕۆ لە کۆڵیان دەبەستن، هەردووکیان بەشێوەیەک ڕێ دەپێون کە وەک ئەوەی هیچ پەلەیان نییە، هەردووکیان باش فەرمان دەبەن و بەبێ نارەزایەتی هەر کارێکی دژوار کە پێیان دەگوترێ ئەنجامی دەدەن، هەردووکیان یەک شکڵ و شێوەن. ئەو گاردەی کاتی بینینی خەڵکی غەیرە بەخۆیانی دەگرن یان شێوەیە چاوەکانیان دیار نییە کراوەتەوە یان داخراوە لە هەردووکیاندا یەک شێوەن ئەوان لە شتێکی دیکەشدا شێوەی یەکن یەخەی خڕ و ڕەپی جلەکانیان کە لە ژێر گەروو تا لای گوێچکەکانیان دادەپۆشی یەخەیەک کە ناچاریان دەکا هەموو کات سەریان بە نیشانەی غروور هەڵێنن، لە هەموو جیهاندا هیچ ژنێک بێجگە لە ژنانی چینی جلێک لەبەر ناکا کە یەخەکەی ئەوەندە بڵیند و ڕەپ بێ.

کاتێک لە ساڵی ١٩١١دا نارەزایەتی خۆیان لە بەستنی دوور لە مرۆڤایەتی لاقەکانیان دەربڕی و ئەو یەخانە لە بەینیاندا بڵاو بۆوە و دەتگوت ڕێپێوان بەبێ لاقی پێچراو بوو بە هۆی ئەوەی سەریان بەرز کەن و لەو کاتەدا چاو لە بەرپێیان کەن.

کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ژنانی چین دوای شۆڕشی «مائوتسێتون» گۆڕدراون هەڵبەت لەو ساڵانەدا زۆر شت گۆڕدراوە کە ناکرێ ئینکاریان لێبکەین بەڵام زۆر لەو گۆڕانگاریانە پێوەندیان بە «مائوتسێتون» و شۆڕشەوە نییە.

هەر وەک «هانسوین» دەیگوت بەشێکی زۆر لەو ڕووداوانە چەندین ساڵ پێش شۆڕشی مائۆ هاتنە پێش. ژنان خۆیان لە بەستنی لاقەکانیان ڕزگار کردبوو ناکرێ ژنانی ئێستای چین دەرک کەی بە بێ ئەوەی باسی بەستنی لاقەکانیان بزانی نەریتێک کە تەنانەت ئێستاش لە هێندێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوێنی چینی سوور و هۆنگکۆنگ بەدی دەکرێ.
زیاترین شت لەو سەفەرەدا دڵی منی لەرزاند نە ژیانی پشت حەساری ژنانی مسوڵمانی پاکستانی بوو نە ئەو هیندیانەی کە خۆیان دەخستە سەر تەرمی ئاورگرتووی مێردەکانیان، کاتێک هەستم بەو ئازارە کرد کە پیرێژنێکی چینیم لە سنووری چین و هۆنگ کۆنگ بینی لەوێ بێجگە لەو ژنانەی کە لەسەر پرد بەردەوام لە هامووشۆ دابوون شتێکی سەرنجڕاکێش نەبوو، بڕیارم دا سواری شەمەندەفەر بم و بگەڕێمەوە هۆنگکۆنگ، لە کووپەی شەمەندفەر لە سەر کوورسی پێشەوەم پیرێژنێکی لاواز دانیشتبوو، شارواڵێکی ڕەشی هاوریشەمی و کراسێکی فەریحی ڕەشی لەبەر کردبوو ڕوخساری هەموو چرچ و لۆچ بوو ساتی یەکەم چونکە دانیشبوو و لاقی بە شارواڵەکەی داپۆشرابوو سەرنجم نەدابووە لاقەکانی کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو چووکە بوو ئەوەم کاتێک زانی کە لە شوێنی خۆی هەستا تا بچێ بۆ ئاودەست ئەو کات بوو کە بینیم ڕێ پێوانەکەی زیاتر لە بازدان دەچی. ڕێک وەک ئەو تەیرانەی کە بۆ دانە هەڵگرتنەوە لەسەر باڵکۆنیماڵی ئێوە دەنیشن، شانی ساف و ڕێک و لاقی جووت بەرەو پێشەوە هەڵدەبەزی، وادەهاتە بەرچاو کە تەنیا کاتێک لە دوو-سێ سانتی زەوی خۆی بۆ ڕادەگیرا چون تا لاقی دەکەوتە سەر زەوی بەدەنی بۆ دواوە و پێشەوە لەنگەری دەخست و بۆ ئەوەی کە نەکەوێ دەستی بە دیواری واگۆنەکە دەگرت زۆر هێمن دەچووە پێشێ و دوای چەند جار بازدان کەمێک ڕاوەدەستا و پشووی نوێ دەکردەوە بە جوولانی شەمەندەفەرەکە ئەو کارەی ئەو زۆر دژوارتر بوو و هەموو جارێک ڕوخساری زیاتر گرژ دەبوو ١٠خولەکی پێچوو تا خۆی بگەیەنێتە ئاودەست ١٠خولەکیشی خایەند تا بگەڕێتەوە کاتێک گەڕاوە بە مۆنەوە خۆی بە کورسی کوپەکەدادا دەتگوت دەیهەوێ ئاوا تێمگەیەنێ کە تاقەتی قسەکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نییە دەمزانی ئەو کەسانەی کە لەوبەری پردی «شامچان»ەوە دێن کاغەزێکی سپییان لە گیرفانیان دایە کە ئیجازەی گەڕانەویانە دەبێ خۆیان بپارێزن و زۆر لەگەڵ غەیرە قسە نەکەن کەوایە خۆمم پێیەوە ماندوو نەکرد، و تەنانەت داوام لە وەرگێڕەکە نەکرد کە هەودای قسەی لەگەڵ بکاتەوە و خۆم سەرقاڵی چاو لێکردنی ئەو کچانە کرد کە لە کێڵگەی برینجدا هەتا ئەژنۆ لە قوڕ و لیتە دابوون و کاریان دەکرد. بەڵام هەر جار ناجارێک چاوم بە لاقە سێ‌کوچکەکەی دەکەوت لەو کاتەدا بوو کە پیرێژن دڵی چاک بوو و بە وەرگێڕەکەی منی گوت: «خاتوون هەتا ئێستا لاقی ئاوای نەبینیوە وایە؟» دوایە لەوەرگێڕەکەی پرسی من لە کوێوە هاتووم و چیم دەوێ.

دوایە دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: «تەمەنی ٦٧ساڵە و خەڵکی کان‌تۆنە و بۆ بینینی منداڵەکانی دەچێتە هۆنگ‌کۆنگ» ئەوانەی ئەو پیرێژنە بۆی باس کردم بێ دەستکاری لەو ڕاپۆرتەدا دێنمەوە.

«کاتی ئێمە لاقی کچەکان نەدەبوو لە ٩ سانت گەورەتر بایە هەڵبەت لاقی من کەمێک گەورەترن چون ٤٠ ساڵە کە ئیتر باندپێچیان ناکەم کاتێک تاقە ٥ ساڵ بووم بە باندی پەڕۆ کە دوو میتر درێژی و پێنج سانت و نیو پانی بوو لاقیان دەبەستین بۆیە لە ٥ ساڵانەوە دەستیان پێدەکرد چون ئێسکەکان نەرمن و باشتر دەتوانن فۆڕمیان پێ بدرێ هەموو قامکەکانی لاق بێجگە لە قامکە گەورەیان بە توندی دەبەست و هەموو ڕۆژێ زەختەکەیان زیاتر دەکرد تا ئەو جێیە کە ئێسکەکان نەشکێن بەڵام قامکەکان باش بە بەری پێوە بنوسێن و تا قامکەکان لەگەڵ شێوە نوێیەکەیان ڕانەدەهاتن دەبوو لە جێخەودا بمابایەتینەوە و تەحەمولی ئەو ئازارەمان کردایە. شەوێک ئازاری لاقم ئەوەندە زۆر بوو کە نیوەشەو هەموو باندەکانم کردەوە بەڵام دوایە دایکم وای لێدام کە ئیتر قەت بە بیریشم دانەهات کە باندەکان بکەمەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایکم لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەو کچانەی کە لاقیان لە ٨ سانت گەورەترە بێمێرد دەمێننەوە ئەو دەیگووت تەنیا کڵفەتەکان و دێهاتییەکان لاقیان گەورەیە. ڕاستیش وابوو کاتێک پیاوێکی دەوڵەمەند دەیویست لەگەڵ کچێک زەماوەند بکا یەکەم پرسیاری ئەوە بوو کە لاقی کچە چەند سانتە ئەگەر درێژی لاقەکان لە ٩ سانت زیاتر بایە زەماوندەکە سەری نەدەگرت. خولاسە من ١٥ساڵی تەواو هەموو ڕۆژی لاقەکانم دەبەست و ئاوای لێهات کە هەموو لەشم بێجگە لە لاقەکانم گەشەی کرد و گەورە بوو لاقم هەر چووکە دەبونەوە و دایکم هەر کەوشی تەنگی بۆ دەکڕیم یان لۆکەی لە کەوشەکانم دەخست مەتەڵێکی چینی هەیە کە دەڵێ «سەتڵێک فرمێسک نرخی لاقێکی باندپێچ کراوە» من زیاتر لە سەتڵێک فرمێسک هەڵوەراندووە چون دایکم بێجگە لە لاقەکانم مەمکەکانیشمی دەبەست و باوەڕی وابوو کە لەشی جوان نابێ بەرزی و نزمی ببێ مەمک دەبێ وەک تەختە ساف بێ. ئەو کارەی ئازارێکی زۆری بوو.

لەوەی کە توانیبووی سەرنجی من ڕاکێشێ دڵخۆش بوو و هەروا دەستەکانی ڕێکدەخشاند گوتی: «ئیتر زەمانە گۆڕاوە و کچەکان خۆیان دەرەقەتی کوڕان دێن لەکاتی ئێمەدا هیچ شتێک لەوە خراپتر نەبوو کە کچت ببێ. کاتێک لە ماڵێکدا کچێک لە دایک دەبوو هەموو تازییەبار دەبوون و کچەکە دەبوو پێش هەموو شتیک فێر بایە کە چۆن گوێڕایەڵی باب و براکانی بێ کاتێک مێردی دەکرد دەبوو گوێڕایەڵی فەرمانی مێرد و دایک و باوکی مێردەکەی بێ. کچە کاتی مارەبڕین بۆ یەکەمجار مێردەکەی دەبینی و زۆربەی کاتەکان کوڕە لە کچە کەم تەمەنتر بوو، خوشکی خۆم لە ١٨ساڵان لەگەڵ کوڕێکی ٧ساڵان زەماوەندی کرد وەک دایک ئاگای لێی بوو تا گەورە بێ و بتوانێ زگی پڕکات بەڵام کوڕە لە ١٢ساڵی مرد و خوشکم بوو بە بێوەژن بێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی کە تەنانەت دەستی لێدرابێ دیارە بێوەژنێک نەیدەتوانی شوو بکا بنەماڵەکەمان چاوەڕوان بوون کە ئەو برسیایەتی بە خۆی بدا و ئەوەندە هیچ نەخوا تا دەمرێ بۆ ئەوەی کە ئەرکی نەکەوێتە سەر شانی دایک و بابم. هێندێکیان خۆیان دەکوشت چون ئەوە تاکە ڕێگا بوو کە بایخیان بۆ خەڵک بێ بنەماڵە تەشکیلجەنازەیەکی شکۆمەندیان بۆ پێکدێنا وکێلێکی گەورەیان بۆ دروست دەکرد کە لێی دەنووسرا (بۆ هاوسەرێکی وەفادار).

لە عەوەزدا ئەو ژنانەی کە بە جەوانی میردەکەیان نەدەمرد ئاواتیان ئەوە بوو کە بە پیری میردەکەیان بمرێ و ببنە بێوەژن. ژنان کاتی پیری گرینگ بوون و هەموو ڕێزیان لێ دەگرتن هەڵبەت بەو مەرجەی کە ژنی یەکەمی پیاوەکە بن. دایکی خۆم یەکەم ژن بوو و کاتی پیری هەموو پێیان دەگووت «لائۆتای‌تای» کە بە مانای «دایکی ناوداری بنەماڵە» بوو منداڵی ژنەکانی دیکەش هەر وەک منداڵی ئەو بوون و کاتێک ئەو لە ژوورەکەی دەهاتە دەرێ لە منداڵەکانی کوڕ و کچەوە بگرە تا بووکەکان و نەوەکان ڕیز دەبوون و کڕنۆشیان بۆ دەبردن بڕیاری ئەو بڕیاری هەموو بوو بەڵام ئێستا هەموو شتێک گۆڕدراوە.

شەمەنەفەرەکە گەیشتە وێستگەی کالۆن و پیرێژنەکە ئیتر وردەوردە خەریک بوو لە من دوورەپەرێز دەبوو و دەیویست من تێگەیەنێ گەپ و گفت و هاوڕێیتیە کورتخایەنەکەمان تەواو بووە. کاتێک منداڵەکەی لە پشت شووشەی کوپکە بینی هەستا و هەر وا کە وەک تەیرەکان دەڕۆی لە من دوور کەوتەوە بێ ئەوەی کە تەنانەت بە سەرجووڵانێک مالاواییم لێ بکا بە جێی ئەوە ڕۆژنامەکەی بۆ بجێ هێشتم قەت نەمزانی لەبیری چوو بیبا یان ئەو بە ئانقەست ویستی من ڕۆژنامەکە بخوێنمەوە چون ڕۆژنامەکە لەو دەستە ڕۆژنامە تەبلیغاتییانە بوو کە کۆمۆنیستەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی باشتر بڵاوی دەکەنەوە و غەیری کۆمۆنیستەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک ڕۆژنامەیەکی گاڵتەجاڕانە دەیخوێننەوە.

تیتری یەکەم ژنانی چین بوو و چەند چیرۆکی سەرنج ڕاکێشی تێدا بوو وەرگێڕەکەم پرسی: «پێم خۆشە وەرگێڕدراوە چیرۆکەکە ببیستم یا نا؟»

هەر وا کە بەرەو لای کەشتییەکە دەچووم جوابێ ئەرێم پێدا.

چیرۆک لەسەر ژنێکی چینی ئەم زەمانە بە ناوی ‹هیس‌هی‌یونگ» بوو کە مێردەکەی «کون‌هین‌چین» دوو ساڵ لەوە پێش بۆ خوێندن چووبوو بۆ شووڕەوی کاتی ماڵ ئاوایی ژنەکە بە پیاواکەی دەڵێ: «دوو ساڵ ماوەیەکی زۆرە و من ژنێکی نەخوێندەوار و چارەڕەشم ئەو کات لە شووڕەوی هاتیوە منت هەر خۆش دەوێ؟».

پیاوەکە لە جوابدا گوتبووی: «بزانین چۆن دەبێ، دەی تۆش لەو ماوەیەدا دەرس بخوێنە».

کەوایە ژنەکە دەست دەکا بە دەرس خوێندن و زۆر زوو دەبێتە سەرپەرستی کاری بیناسازی و دوایە دەبێتە بەڕێوەبەری بەشێکی گرینگی کارخانە کاتێک مێردە وەفادارەکەی «کون‌هین‌چین» لە شووڕەوی دەگەڕێتەوە چین لە ژنەکەی دەپرسێ: «ئەرێ ئەگەر من لەو ماوەیەدا لەبیرم کردایەی چ دەبوو؟»

ژن لە جوابدا دەڵی هیچ، چون لە دنیادا شتی لە تۆ گرینگتر زۆرن «کون‌هین‌چین» دەڵێ: «منی بێچارە، ئێستا ئەوە تۆی من بە قەدیمی دەزانی و دەتهەوێ لە دەستم ڕزگارت بێ».

وەرگێڕەکە کاتێک سواری کەشتییەکە دەبووین بۆی وەرگێڕام زۆربەی ژنانی هاوسەفەرمان «چێ‌ئۆن‌سان»یان لەبەر کردبوو و جلەکانیان دوو چاکی درێژی بوو.

من بیرم لەو چیرۆکەی نێو ڕۆژنامەکە دەکردەوە و بە باوەڕی من دوور لە چاوەڕوانی بوو کە ئەو ژن و کچانە هەمان ئەو ژنانە بن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە پیرێژنەکە بەو لاقە چکۆلانە بۆی باس کردبووم جیهانی ئەو ژنانە هیچ لە جیهانی «هیسهیون» ناچێ و لە و دنیایەدا هیچ خەبەرێک لە سەتڵی پڕ لە فرمێسک نەبوو ژنانی چینی مەمکبنیدی پلاستیکیان لەبەر کردبوو بە چیرۆکی ئەو ژنانەی ناچار بوون لەشیان باندپێچی کەن پێدەکەنن ممکبەندی پلاستیکی لە هنگکۆنگ ببوو بە مۆد و خەریک بوو دەگەیشتە پکەن و شانگهای. لەو شارانە وەک نیۆیۆرک و ئیستکهۆڵم پیاوەکان کەل و پەل و پێدایستی بۆ ماڵێ دەکڕن قاپ دەشۆن، لەوێ هیچ خەبەرێک لە مەمکبەندی پلاستیکی ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ چەند ژن زەماوەند دەکەن نییە بەڵام لە هۆنگ کۆنگ شارێک کە زۆر درەنگ خەڵکەکەی توانیان دڵ لە داب و نەریتەکانیان هەڵقەنن ئێستاش پیاوی لێ بوو کە چەند ژنیان بوو هەڵبەت تەنیا ژنە بە تەمەنەکان ئەو جۆرە ژیانەیەن قەبووڵ دەکرد ژنە جەوانەکان زیاتر تەلاقیان لە مێردە چەند ژنەکانیان وەردەگرت.

یەک لەو ژنانە کە زۆریش ناسراو بوو کەڵکی لە ئەزموونەکانی وەرگرتبوو و فێرگەیەکی لە هۆنگکۆنگ دانابوو و لەوێ فێری ژنانی دەکرد کە چۆن پێش لە لارێچوونی مێردەکانیان  بگرن لەو فێرگەیە شێوە و جۆری جووتبوونیان فێر دەکرد فێرگەیەک زۆر چاک ناسرابوو و چەند کلاسی بوو کاتێک میز و کورسی و تەختە ڕەشی لێ بوو مامۆستا لە پشت میزەکەی دادەنیشت و کاتێک پێویست بایە هەموو شوێنە تایبەتەکانی لەسەر تەختە وێنا دەکرد لەو کلاسە بە پێچەوانەی کلاسەکانی مەدرسە دەکرا ناوی هەموو شوێنێکی بەدەن بڵێی، قوتابییەکان مورەتەب و گوێڕایەڵی قسەی مامۆستا لە سەر کورسێکانیان دادەنشتی و مەحاڵ بوو بەشێک لە دەرس ببێتە هۆ ئەوەی کە لە شەرمان ڕوخساریان سوور بێتەوە لەوانەیە ئەوە پەرچەکردارێک بوو بۆ ڕابردووی تاڵ و ناخۆشی کە ژنانی چین بوویان وەک هەمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەرچەکردار کە «هیس‌هی‌یونگ»ی کۆمۆنیست لە ڕابردووی خۆی هەیبوو.

بە وەرگێڕەکەمم گوت: «کە دەبێ ژنێکی وەک «هیس‌هییونگ»م پێ بناسێنی. لە هۆنگ‌کۆنگ ژنی کۆمۆنیست نییە».

لە جوابدا گوتی: «لەوانەیە لەو جۆرە ژنانە لە کتێبخانە کۆمۆنیستییەکان یان دەفتەری ڕۆژنامەی کۆمۆنیستی دۆزییەوە».

کەشتی گەیشتە دوورگەی ویکتۆریا کاتی دابەزین چینی زۆرمان بینی کە لەبەر موسافیرەکان دەپاڕانەوە سواری داشقەکانی ئەوان کە «ریشوو»یان پێدەگوتن ببین «ریشوو» داشقەیەک بوو کە بۆ بردن، بەجێگای ئەسب ڕایکێشی مرۆڤ ڕایدەکێشا. هۆنگ‌کۆنگ تاکە شارێک بوو کە هێشتا لەم شێوە داشقانەی لێ مابوو، چینی سوور هەموو ریشووکانی لەنێو برد و تەنیا لە هێندێک دێهاتی دوورخراوی ژاپۆن کەڵکیان لێ وەردەگیرێ لە سەنگاپوور چەند دانەیەک زیاتری لێ نییە کە بۆ گەڕاندنی گەشتیارەکان بەکار دێن. داشقەکانی پاکستان بە دووچەرخە ڕادەکێشرێن و بیستوومە بڕیاریان داوە کە دەبێ دووچەرخەکە بگۆڕنەوە بە ماتۆڕ، بەڵام لە هۆنگ‌کۆنگ پیاوە داشقە بەدەستەکان وەک ئەسب لە قەراغ شەقامەکان ڕیز بوون لەوێ ئەسبی شێوەی مرۆڤ چاوەکانیان کە دەرد و داخی تێدا دەبیندرێ موسافیرەکان بۆ ئەملاولا دەبەن. گەشتیارە ئورووپایەکان پێیان خۆشە سواری ئەو ئەسبە شێوە مرۆڤانە بن و بەو کەسەی کە بەزەیی بە ماندوو بوون و ئارەقە کردنی ئەوان دادێ پێبکەنن، من نەمدەویست سواری ئەو داشقانە بم جارێک لە کراچی سواری داشقەیەکی دووچەرخەیی بووم بەڵام چەند خولەک زیاتر نەمتوانی ئەو پیاوە ببینم کە کاتی پێداڵ لێدان تک تک ئارەقەی دەکرد ببینم و دابەزیم و پێبەپێی بۆڵەبۆڵەکانی «دوئیلیو» بە پێ چووین بۆلای فروشگا گەورەکان چایناسور کە شتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەناردەیان لە چینی سوور بە نرخی هەرزان لێ دەفرۆشت.

فرۆشیارەکانی ئەم فروشگایە بۆ دامەزران دەبی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست بن زۆربەی ئەوان ئەو کچانەن لە بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزیان باشتر بێ لە پێکەن و شانگهایەوە هاتبوونە هۆنگکۆنگ لە یەکەم ڕوانیندا جلە ئوروپایەکانیان کە لە هۆنگکۆنگ زۆر کەم بەدیدەکرا مرۆڤی تووشی سەرسووڕمان دەکرد و دوایە بەژن وبالا جیددییان مرۆڤی وەبیر کچە دوور لە دنیاکان دەهێناوە تەنانەت نیسکێکیش ئارایش لەسەر ڕوخساریان نەبوو زۆربەیان چاویلکەیان لە چاودا بوو وایان هەڵسوکەوت دەکرد کە مرۆڤ ناچار بێ لێیان دوورەپەرێز بێ کاتێک دەیاهەویست هاوریشەم یان تێنووس و پاکەتم پێ بفرۆشن هەر وەک بولبول قسەیان دەکرد بەڵام کاتێک بۆ نموونە لیمدەپرسی: «ژیان لە هۆنک کۆنگتان پێ خۆشە» یان «چۆن ئینگلیسی ئاوا باش فێر بووی» دەتگوت لێوەکانیان دروابوو لاڵ دەبوون من لەو فروشگایە لەگەڵ فەوجێک مرۆڤی کەڕ و لاڵ ڕووبەڕوو بووم کەوایە لەوێ هاتمە دەرێ و بەرەو کتێبخانەی کۆمۆنیستەکانی شار چووم تا بەڵکوو بتوانم ژنانی کۆمۆنیستی چینی لە نیزیکەوە ببینم.

لە «تایمز»دا خوێندبوومەوە کە ژنێکی بە مێردی خەڵکی پێکەن نامەیەکی بۆ حەوتوونامەی ژنانی چین نووسیوە و (پرسیویێتی مێردەکەی من زۆر هۆگری سیاسسەتە و هەموو کات باسی خراپەی حیزب و «مائوتسیتوون»ی گەورە دەکا ئایا من دەبێ ڕاپۆرتی کارەکانی بە دەوڵەت بدەم؟ ئێمە چەند ساڵە هاوسەرگیریمان کردووە و ئەو هەموو کاتێک ڕێزی لە من گرتووە.)

سەرنووسەری گۆڤاریش لە جوابی ئەو ژنەدا نووسیویێتی:(خاتوونی بەڕێز لە وڵاتە سووسیالیستیەکاندا پێوەری خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد بە هەوڵدان بۆ باشترکردنی ئامانجەکانی سووسیالیزم دەپێورێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر تۆ سکالا لە مێردەکەت نەبەیە دادگا زەرەر لە خۆت و ئارامی بنەماڵەکەت دەدەی).

کە گەیشتینە کتێبخانە کچێکیی جوان لە پشت میزەکە بوو، تەقریبی ١٨ ساڵان دەهاتە بەر چاو ڕووم تێ کرد و گوتم: «شومارەیەکی گۆڤاری ژنانی چینم دەوێ»، دوایە پرسیم: «ئەوان شومارە کۆنەکانیش هەڵدەگرن یان نا؟»

لە جوابدا گوتی: «لە چی دەگەڕێن»

–لە هەواڵێک! دەمهەوێ ئەو هەواڵە تاووتوێ بکەم

–چ هاوەڵێک؟

–دەبێ بڵێم هەواڵ نییە نامەی ژنێک لە پێکەنە لەوێ لەگەل مودیری گۆڤار قسە و ڕاگۆڕینەوەی کردووە تایمزم نیشان دا و داوام لێکرد ئەو ستوونە بخوێنێتەوە کچە بە ڕوخسارێکی بێهەست ڕۆژنامەکەی خوێندەوە و پێیدامەوە ■

– «چ قسەی قۆڕ و بێ بنەما هەموو ڕیکلامی درۆیە چ قۆڕ و بێ بنەما».

–باشە بەڵام من بە تەمام ئەو ژومارەیەی گۆڤار ببینم دەکرێ ژومارکانی پێشووم بۆ بێنی.

–هەموو ئەوانە درۆیە درۆی بێ ئەساس.

–باشە بەڵام دەکرێ ئەو شومارانەی پێشوو ببینم.

– نا چەند چەرکەی دیکە کتێبخانە دادەخسترێ کاتی نیوەڕۆیە.

زۆر بەڕێزەوە بەرەو درگای دەرێ ڕێنوێنی کردم تا تێمگەیەنێ پێداگری کردنم کاری لێ ناکا. پێم گەمژانە بوو کە لێی بپرسم کە ئایا لە ژیانی ڕازیە یان نا؟

لەو چەند ڕۆژەی لە هۆنگکۆنگ بووم نەمتوانی ژنێکی کۆمۆنیست ببینم. تەلەیفوونم بۆ ڕۆژنامەنووسە ژنەکانی ڕۆژنامەی چینی سوور

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد، ئەوان گوتیان بە بینینی من دڵخۆش دەبن بەڵام دەبێ بۆ ئەو کارە ئیزن لە سەرنووسەری ڕۆژنامە وەرگرن.

چەند جار بۆ وەرگرتنی ئەو ئیزنە هەوڵم دا بەڵام جوابەکەیان «نا» بوو و من قەت هۆیەکەیم نەزانی لە هۆنگکۆنگ شۆفاری زیاتر لە قاچاغی تریاک و فرۆشتنی زێر و ئەڵماس ڕەواجی هەیە بەڵام کەس بیانوویەک بۆ قایمکاری لە ڕادەبەدەری ناهێنیتەوە. کەوایە بێخیاڵی ئەو کەسانە بووم کە بۆخۆم ئاگاداری بارودۆخیان بووم و بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتەکەم وەشوێن ئەو ژنانە کەوتم کە کەمتر خۆیان دەپاراست ژنانێکی زۆر لەو دوورگەیە کە هەر ڕووداوێکی تێدا ڕوودەدا و کاتێکی زۆر دەتوانم هەر کامێکیان بدوێنم. وەرگێڕەکەم پێداگری دەکرد کە بچینە کەنداوی شاکیهان، دەیگوت: «ئەو ژنانەی ئەوێ لەگەڵ ئەو ژنانەی کە لەلای چۆمی کانتۆن دەژین زۆر جیاوازن».

بەیانییەکی زوو گەیشتینە ئەوێ بەلەمەکان هێمن لەسەر کەسکترین دەریای جیهان بوون ئەو ڕێگایەی کە دەچوو بۆ شاکیهان پڕ بوو لە گیا و قەوزەی دەریایی ئاوی شاکیهان کەسک نییە ئەو کەسکییە هی ئەو قەوزەیەیەی کە بۆنەکەی وەک ژووری گازی ئاشویس پێش لە هەناسەدانی مرۆڤ دەگرێ بەلەمەکان لە کەناری دەریا وەک ساردین لای یەک ڕیز ببوون و ئەوڕیزە تا چاو هەتەری دەکرد بەردەوام بوو هەرکامیان هەندەی تەختێکی خەو بوون و تەنای پەردەیەک و فانۆسێک و بێڵێک و دۆشەگێکی تێدا بوو، لەوێ ژنانیک دەهاتنە دنیا کە ئیستاش بە ناوی «تانکا» یانی «دەستنەکەوتنی» بانگیان دەکردن ئەوان هەر لەو بەلەمانە دێنە دنیا دەژین و دەمرن بێ ئەوەی کە قەت بچنە ویشکانی دووهەزار ساڵە کە ئەوە هەیە لە کەناری ساکیهاب وەک مرواری کانتۆن هیچ پیاوێک نابیندرێ پیاوەکان بە مەبەستی ماسی گرتن چەند مانگ دەچن بۆ سەفەر و کاتێک دەگەڕێنەوە پێیان خۆشە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتەکانیان لە ویشکانی تێپەڕێنن بۆیە لەسەر ئەو فەڕشە یەکدەستە کە بەلەمەکان سازیان کردبوو تەنیا ژنان لە هات و چۆ دابوون ئەو ژنانەی کە جلی گنج و لنجی دەوڵەمەندەکان کە لە ویشکانییەوە دەیهێنن دەشۆن، ماسی ویشک دەکەن، یان شتێک لە یەک دەبەستن و خۆیان لە بەلەمێکەوە دەگەیەننە بەلەمێکی دیکە زۆریشیان بە بەلەم لەنێوان بەلەمەکانی دیکە دەسووڕێنە و برینج و سەوزی ئاوی خواردن دەفرۆشن بۆ پێشبردنی بەلەم زیاتر کەڵک لە بێڵێک وەردەگرن کە زیاتر لە میلەیەک دەچێ، ئەوان بە خۆر سووتاون و ماندوو بوونیان نییە. زۆربەیان منداڵێکیان لە کۆڵیان بەستووە منداڵە چینییەکان قورس و قەڵەون و وا دیار نییە کە ئەو ژنانە کاتی کار چۆن تاقەت دەهێنن وەبیر قسەکەی «هانسوین» کەوتمەوە کە گوتی: «ژنانی چین بەهێزتین ژنانی جیهانن و زیاتر لە هەموو ژنانی جیهان دەرەقەتی ماندوویەتی دێن»، هانسوین دەیگوت: «ژنانێکی بینیوە کە بە تەنیا منداڵیان بووە و دوایە خێرا گەڕاونەتەوە سەر کارەکەیان ژنی لە حاڵی هێنان و بردنی باری وا قورسدا بینیوە کە تەنانەت بە هێزترین ئێسترەکانیش بۆیان هەڵناگیرێ. ساڵی ١٩٥٨ ژنان چیایەکی گەورەیان ڕووخاند سەددێکیان لێ ساز کرد دووسەدهەزار ژن ئەو کارەیان کرد ئەوان لە کاتێکدا کەزۆربەیان منداڵێکیان لە کۆڵدابوو سەوەتەی پڕ لە بەردیان دەهێنا و دەبرد.

«پیکلیک»یش منداڵێکی لە کۆڵی و یەکی دیکەی بە پەتێک بە لاقی چەپێوە بەستبوو و بەو حاڵەش بێ ئەوەی کە نێوچاوانی گرژ کات بێڵی لیدەدا تا بەلەمەکەی کەمێک دوور خاتەوە بەڵکوو بۆگەنی قەوزە کەمتر ئازاری بدا؛ وەرگێڕەکەم بۆی باس کردم کە «پیکلینک» بەختەکەی باشە کە دەتوانێ بەلەمەکەی لەوێ لابا، بەلەمەکانی دیکەی نیزیک لێوار چەندین ساڵ بوو لە نێو قوڕ و قەوزە گیریان کردبوو نەیاندەتوانی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیی خۆیان بجوولێن لە «پیکلینک»م پرسی: «قەت ناچییە ویشکایی».
لە جوابمدا گوتی: «ها؟! نا تانکایەکی بێچارە دەبێ چ کارێکی لە ویشکانی و کەنار ببێ؟
«پیکلینک» کە ئێمە بۆ بینینی لە بەلەمێکەوە چووبووینە بەلەمێکی دیکە و سێسەد میتر لە کەنار دوور کەوتبووینەوە دەیگووت قەتی هۆنگکۆنگ نەبینیوە جارێک تا نیزیک مەیدانی شاکیهان کە بەردەوام پڕە لە گەشتیار و فرۆشگا و ماشێنە چووە بەڵام ترساوە و گەڕاوەتەوە نێو بەلەمەکەی و ئیتر قەتی نەتوانیوە بچێتە کێڵگەی برینج یان وێستگەی مینیبووس یان سەرڕێگایەک. تەنانەت نەیدەزانی دارەکان چۆن گەشە دەکەن.
بۆی باس کردم کە بیرکاری باشە چون مامووریماڵیات هەموو ساڵی سەری بەلەمی ئەو و بەلەمەکلانی دیکە دەدەن و «تانکا»کان بۆ ئەوەی کە فێڵیان لێ نەکرێ دەبێ حیساب بزانن. بۆ ئەوەی لای من بیسەلمێنێ کەم و کۆ دەزانی حیسابی کرد کە دەبێ لانیکەم ٧٠ ساڵان بم ئەو بیستبووی کە ئەو مندالانەی کە لەو پەڕی دنیا کە هەمان وڵاتی سپی پێستەکانە کاتی لە دایک بوون١٠٠ ساڵیانە و هەرچی گەورەتر دەبن بە جیگای ساڵێک بە تەمەنیان زیاد بێ ساڵێک لە تەمەنیان کەم دەبێتەوە دەمهەویست بزانم چ گەمژەیەک ئەوانەی پێ گوتووە و بەڵام بەزەییم پێیداهات و نەمویست بە گوتنی ڕاستی دڵتەنگی بکەم و تەنیا گووتم: ٧٠ ساڵان نیم و تەمەنم کەمێک زیاترە و دوایە تەمەنی ئەوم پرسی و ئەو گوتی کە ٤٠ ساڵانە و پیر بووە لەسەر یەک لەو بەلەمانە هاتۆتە دونیا و لە ١٤ ساڵان هاوسەرگیری کردوە و لە سەر ئەو بەلەمانە کچێنی لە دەست داوە و هەر پێنج منداڵەکەی لەسەر ئاو هێناوەتە دنیا ڕۆژیکیش دەبێ لەسەر ئەو بەلەمانە بمرێ. گوتی دوای مردن تەرمەکەی لە مەلافەیەک دەپێچن و کەمێک دوور لە کەنار، لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەریا دەخەن. دوو لە کوڕەکانی لە نێو بەلەم دەژیان کە لەگەڵ باوکیان بۆ ڕاوە ماسی چووبوون و دوو کچەکەی لە هۆنگکۆنگ دەمانەوە کۆتاڕەستەی بە غروورەوە پی گوتم و گوتی: بۆخۆم ویستم کچەکانم بنیرمە هۆنگکۆنگ نەمدەویست ئەوانیش لەسەر بەلەم بمرن سێ ساڵە کە چوونەتە هۆنگ کۆنگ ساڵیک لەوە پێش بۆ بینینم هاتبوونەیە ئێرە. نازانن چەندە جوان ببون جلی جوانیان لەبەر و کەوشی پاژنەداریان لەپێ کردبوو. نازانم چۆن بەو کەوشانەوە دەڕۆیشتن پێیان گوتم کارەکەیان زۆر تاقەتپڕووکێنە چون بە شەو کار دەکەن، بەڕاست کاری شەوانە چ جۆرە کارێکە؟

نازانم لەوانەیە لە کارخانە کار بکەن.

کارخانە چییە؟

شوێنیک کە شتی وەک ماشێنی لێ دروست دەکەن.

نا کارەکەیان دروست کردنی ماشێن نییە دەزانم ماشێن چییە کارەکەیان باشترە پێیان گوتم کارەکەیان ئەوەیە خەڵک دڵخۆش بکەن باش نازانم ئێوە دەزانن ئەو چ کارێکە؟

ئیتر بێڵی لێنەدا و بە نیگەرانییەوە لێم ڕامابوو بە درۆ جوابم داوە: «نا نازانم».

داوایەکم لێتان هەیە ئێوە کە بەردەوام لە هۆنگکۆنگ بەولاولادا دەچن ئەگە کچەکانی منتان بینی سڵاوی منیان پێ بگەیەنن. سڵاوێکی گەرم لە دایکی پیریان «پیکلینک»ـەوە.

-باشە بەچاوان.

منی تا نیزیک کەنار هێنا بەسەر بەلەمەکاندا بازم دا و خۆم گەیاندە ویشکایی. بیر کردنەوە لە کچەکانی «پیکلینک» نیگەرانی دەکردم. لەوانە بوو ئەوە لە شوێنێکی وەک ڕیستوران و ئیدارە و تەنانەت فرۆشگای چاینائیستۆر بدۆزمەوە بەڵام دڵم پێی دەگوتم لە شوێنێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوا نایانبینی هەر ئەو کات چووم بۆ لای مێترۆپۆل کە بە ناوبانگترین دیسکۆی کچانی «هۆنگکۆنگ»ـە؛ مێترۆ پۆل شوێنیکی سەیر بوو دەرگایەکی سادە کە وێنەی هەژدیهایەکی سەیری لەسەر بوو و ئەو درگایە ڕوو لە هۆڵێکی گەورەی سەما دەکراوە و دەور تادەوری لە ئەو هۆڵە هۆدەی چووکەیان ساز کردبوو لە لای پێریستی نۆشابەی گەرم و سارد و میوە و بەستەنی کە لەسەر میزەکە بوو تابلۆیەکیش دەهاتە بەرچاو کە لەسەری نووسرابوو «ئیزنی خواردنەوەی مەشڕووب بۆ کەسانی خوار ١٦ ساڵ نییە»، کاغەزێکی زەردیشی لێ بوو کە بە چینی و ئینگلیسی نووسرابوو «کچ بە دڵی ئیوە» لە ژێر کاغەزەکە ناوی ژنەکان تەمەن و شکڵی لەش و لاریان نووسرابوو ناوی ٧٠ کەس لەو پێڕیستەدا بوو و لە نێوانیاندا کۆڵێک ناوی ئورووپاییش دەبیندرا کە هەڵبەت سێحەبی هەموو ئەو ناوانە چینی بوون هەڵبژاردن زۆر دژوار نەبوو زەربدەرێک لەلای ناوی ئەو کچەی دڵخوازیان بوو لێدەدەن و پیشخزمەت دەیگوت: «ئێستا کاتی هەیە یان نا؟» نرخی قسە کردن و سەما کردن بۆ هەر ٢٠ خولەک پێنج دۆلاری ئەمریکا بوو، دوای ٢٠ خولەک دەتوانن کچێکی دیکە هەڵبژێری یان هەر ئەوەی یەکەم تەمدید کەیەوە، کاتێک شەو دەگاتە نیوە دەتوانن ئەگە بتانهەوێ کچەکە لە دیسکۆ بەرن بەو مەرجەی کە یازدە بەرابەری نرخی ٢٠ خولەک سەما و قسەکردنت دابێ، موشتەری دەتوانێ پیاو یان ژن بێ ڕەگەزەکەی جیاوازییەک لە نرخەکەیدا ناکا هەڵبەت زۆربەی موشتەرییەکان پیاون بەڵام جار و بار لە نێوان پیاوان چەند ژنی ئورووپایی لاڕێ هەن کە ئەخلاقێکی سەیر و سەمەرەیان هەیە و ئیشتیایان لە هاوڕەگەزی خۆیانە، ئەو شەوە ئەو شێوە ژنانەش لە دیسکۆ بوون کاتێک بە بەڕیوەبەری دیسکۆم گوت لەوانە نیم و کاری من ڕۆژنامەوانییە و بە مەبەستی وێنە گرتن و وتووێژ هاتوومەتە ئێرە هەڵبەزییەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاپۆرتەکەی من دەیتوانی لە نەزەر تەبلیغات بۆ دیسکۆکەی ئەوان باش بێ؛ بەڵام وشەی ڕۆژنامەوان کەمێکی ترساند و دوودڵی کرد لە کۆتاییدا قەبووڵی کرد و ئەو کچانەی لە هۆدەکان دانیشتبوونمان نیشان دا و گوتی: «ئیزنی هەر کارێکم هەیە بێجگە لە وێنەگرتن لە پیاوان و ئەو خاتوونە بەڕێزانەی کە موشتەری بەڕێزی ئەوێ بوون و پێیان خۆش نەبوو وێنەیان لە هیچکۆ بڵاو بێتەوە» کچەکان بێخیاڵ گوێیان لە قسەکانی من و بەڕیوەبەر گرتبوو دوایە هەوڵیان دا کەمێک بەئەدەب بن بە بزەیەکەوە پرسیان: «دەمهەوێ چی بزانم و چ شێوە وێنەهایەکم پێویستە؟»

دەستیان کردبوو بە ئەتوار دەرێنان بۆ دووئیلیۆ هەوڵیان دەدا جوابی پرسیارەکانم بدەنەوە زیاتر لە چەند ڕەستەیەکیان ئینگلیسی نەدەزانی و ئەویش ئەو ڕەستانە بوو کاتی کار بە کەڵکیان دەهات، ڕەستەهایەک وەک، «خۆشم دەوێی»، «دەتوانم دووبارە مەشرووب بخۆمەوە»، یان «زۆرم خۆشی لە تۆ دێ». زۆربەیان دەیانگوت لە پێکەن یان شانگهای لە دایک بوون و لەبەر کیشەی سیاسی هەڵاتوون بۆ هۆنگکۆنگ، بەلام زۆربەیان درۆیان دەکرد چون لە هۆنگکۆنگ لە دایک ببوون و هەر لەوێ گەورە ببوون. بە یەکیان کە لە هەموویان جوانتر و وریاتر دیاربووم گووت: «ئەو کارەکەت پێ خۆشە؟»

جوابی داوە: هەڵبەت کە نا!

–پێت خۆشە هاوسەرگیری بکەی؟

–کێ حازرە هاوسەرگیری لەگەڵ من بکا؟

لەو نیوچە جلانەی کە لەبەریان دابوو زۆر هەوەس ورووژێن دەهاتنە بەر چاو، هەروەها بێ ئەدەب؛ لە هەموویانم پرسی: «تانکا»یەک بە ناوی «پێکلینک» دەناسن یان نا؟» جوابی هەموویان «نا» بوو تەنیا «تیرزا» کە کچێکی خڕ و ناحەز بوو بە بیستنی ئەو ناوە وەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەوەنـدەر سـوور هەڵگـەڕا و بـە لەحنێکـی پـڕ لـە بێـزەوە گوتـی: چـۆن دەکرێ کچێکی وەک مـن «تانکا»یـەک بناسـێ؟ هـەر لـەو کاتـەدا بـوو کـە ژنێکـی ئامریکایـی ناقۆڵا هـات و دیـاری کـرد کـە پووڵـی هاوڕییەتـی ئـەوی بۆ هەمـوو ئـەو شـەوە داوە تیـرزا بـە شـەرمەوە لـە مـن ڕامـا و دووبـارە سـوور هەڵگـەڕا دوایـە شـانی هەڵتەکانـد و بـە شـوێن ئـەو ئامریکاییـەدا ڕۆیشـت. لای خـۆم گوتـم: «کـە ڕاسـتی پـێ گوتـووم».

لـە هۆنگکۆنـگ کڕیـن و فرۆشـتنی کچـان زیاتـر لـە هـەر شـوێنێکی دیکەی ئاسـیا هەیـە جندەکانـی ئـەوێ لـە هـی هەمـوو شـوێنیک زیاتـرە بـەڵام ژنانـی چینـی زیاتـر لـە هەمـوو ژنانـی ئاسـیایی لافـی نەجابـەت لیدەدەن. ژنێکـی چینـی قـەت لـە سـەر شـەقام قـۆڵ لـە قۆڵـی پیاوێـک تەنانـەت میردەکەشـی نـاروا، قـەت لای خەڵـک مێردەکـەی مـاچ نـاکا، چینییـەکان خەڵکێکـی زۆر مەزهەبـی نیـن، بـەڵام لـە کۆنـەوە ڕەچـاوی یاسـا و داب و نەریتـی بنەماڵـە و ئەخلاقیـان دەکـرد، هەرگیـز نەیانتوانیـوە لـە هونەرەکانیانـدا ئیلهـام لـە لەشـی ڕووتـی ژنێـک وەرگـرن، ئـەوان قەتیـان لـە ئەدەبیاتدا باسـی لـەش و لاری ژنیـان نەکـردووە و بـۆ وەسـفی ئـەو پەنایـان بـۆ سروشـت بـردووە بـۆ نموونـە شـان و ملیـان بـە «بـی مەجنـوون»، چاوەکانیـان بـە «هەڵـوو» و مژۆڵەکانیـان بـە «نیـوەی مانـگ» و نیگایـان بـە «ئـاوی چۆمـی لـە وەرزی پاییـز» شـوبهاندووە و باسـی شـوێنەکانی دیکـەی لـەش و لاری ژنیـان نەکـردووە، ئـەوان ئـەو کچانـەی کـە پێـش هاوسـەرگیری کچێنیـان نەمابایەیـان دەکوشـت و بـۆ ئـەو کارە سـزا نـەدەدران.

سـاڵی ١٩٣٥ لـە یەکێـک لـە ناوچەکانـی کەنـاری شـانگهای کچێکـی ٢٢ ساڵانیان بـە تاوانـی ئـەوی کـە دوای وڵات تاریـک بوونـی ئێـوارێ لەگـەڵ دەسـتگیرانەکەی چووبـووە دەرێ زیندەبەچـاڵ کـرد.

دایـک و بابـی ئـەو کچەیـان بـردە دادگا و دادگا بـە تاوانێکـی دیکـە سـزای دان ئەویش(ناشـتنی تەرمێـک کـە سـەر ڕی کـە دژی پـاک و خاوێنـی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیهداشتی وڵات بوو.) هەر بۆیە دایک و باب ناچار بە دانی بارامتە بوون.

ژنیکی دیکە کە وێرابووی نیوەڕۆی هاوین لە حەوشەی ماڵەکەی بخەوێ و خەڵک چاویان بە لەش و لاری کەوتبوو، بەوە حوکم درا ئەوەندە برسیایەتی بکێشی تا لە برسان دەمرێ.

لە چین وشەی عەشق وشەیەکی قەدەغەکراو و تابۆیە، ئێستاش لە چینی سوور و  هۆنگکونگ ئەوانە خەتی سورن، وشەی عەشق نابی لەسەر شەقام و ڕێستووران و سینەما و شوێنە گشتییەکان بە زمانی کەس دابێ.

شەوێک لە هۆنگکۆنگ چووم بۆ تماشا کردنی فیلمێکی عاشقانەی چینی لە سەحنەیەکیدا قارەمانی پیاو لە قارەمانی ژن نیزیک دەبێتەوە و ئەوەندەی نامینێ کە قسەیەکی عاشقانەی بە گوێچکەیدا بچرپێنی بەڵام هیچی پێنەگوت چەند چرکە لە چاوەکانی ڕاما و دوایە دووبارە کشاوە دواوە و دەستیکرد بە گۆرانیگوتن کە بەو مانایە بوو (تۆم خۆش دەوێ و دەمهەوێ لەسەر ئیزنی دایک و بابت هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم).

پێکەنینم هات و پێم گاڵتەجاڕ بوو کە لە وەها کاتێکدا کەسێک گۆرانی بڵێ بە تایبەت ئەوەی کە فیلمەکە موزیکال نەبوو، لە دەور و بەرمم ڕوانی تا بزانم ئەوانی دیکەش وەک من پێکەنینیان هاتووە یان نا؟ بەڵام، کەس پێنەدەکەنی، لە ورگێڕەکەمم پرسی لە هەموو فیلمەکانی چینیدا قارەمانی پیاو بۆ گوتنی «خۆشم دوێی» بە کچەکە ناچارن ئاوا گۆرانی بڵێن؟

-بەڵێ لە هەموو فیلمەکاندا

-چینییەکان لە ژیانی ئاساییشدا هەر ئەو کارە دەکەن؟ یانی یەکتری ماچ ناکەن؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-با هەڵبەت کە یەکتری ماچ دەکەن بەڵام نەوەک لە بەر چاوی خەڵک و تەنها کاتێک کە هاوسەرگیریان کردبێ.

«هانسووین» بۆی باس کردبووم ئەو کەسانەی کە پێیان وایە نەزمی کۆمۆنیستی تەبلیغ بۆ عەشقی ئازاد دەکا لە هەڵەدان مەڕامی کۆمۆنیست بووە بە هۆی ئەوەی کە خەڵک بە تایبەت ژنانی چین زیاتر لە عەمەلی جنسی بترسێن داخستنی چلهەزار جندەخانە تەنها بە هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە نەبووە پاڵنەری سەرەکی ئەو ڕووداوە بەشی ئەخلاقییەکەی بووە. ئێستا لە چین هیچ شێوە پێوەندییەکی خۆشەویستانە بێجگە ئەوەی کە بۆ هاوسەرگیرییە دەرک ناکرێ. ئەگەر ژنێک و پیاوێک بێ ئەوەی کە لەگەڵ یەک هاوسەرگیری بکەن لەگەڵ یەک بژین کۆمەڵگە دووریان دەخاتەوە. خەیانەت بە هاوسەر تاوانێکی گەورەیە ئەگەر پیاو یان ژنی خەیانەتکار ئەندامی حیزب بن ئەوە شتەکە زۆر قورسترە و دەبێ لە دادگای سیاسی جواب گۆی تاوانەکەیان بن. هەر کەس کە عاشق دەبی، دەبی خێرا هاوسەرگیری بکا تەڵاق زۆر کەم ڕوودەدا. دەوڵەتی کۆمۆنیستی وەک کلیسای کاتۆلیگ گرینگییەکی زۆر بە «پیرۆزیی خێزان» و ئەرکەکانی دایک و باوک لە هەمبەر منداڵەکەنیان دەدا. ژنانی چینی ئەمڕۆ ئەوەندە پابەندی ئەخلاقن کە مانایەکی تازەیان بۆ وشەی عەشق ساز کردووە جاران لەجیات وشەی ژن و مێرد کەڵکیان لە وشەی «نونیان» وەردەگرت کە بە مانای (کەسێک کە لە ماڵێ دەژی). بەڵام ئێستا بە جێی ئەو وشەی «ئایەن» بە کار دەهێنن کە مانکەی دەبێتە (کەسێک کە خۆشم دەوێ) ئیتر ئاوا کەس ناتوانێ ژن یان پیاوێکی کە ژن یان مێردی نییە بە خۆشەویست بانگ بکا دەکرێ بڵێین کە لە چین عەشقێک کە لە ڕووی یاساوە نەبێ عەشق نییە، زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕن کە دەروەستی زۆر بە داوێنپاکی و خۆشەویستی کە دوو ئەسڵی سەرەکی ژنانی چینە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرنجدانی بە جوانی لە وجوودی ئەواندا کوشتووە. بۆیە ئەوان پێیان باشە ئونیفۆرمێک لەبەر کەن هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئۆنیفۆرمی پیاوان نییە و هەر وا ناحەزە، تۆ لە کووچەکانی چین ناتوانی لێکیکەیەوە ئەو مێرمنداڵەی کە بە ئۆنیفۆرمی سوورمەییەوە بە پەناتدا دەڕوا کچە یان کوڕ؟ ئەگە قژی کەزی کراوی کچان نەبینی وادەزانی لە نێویاندا هیچ کچێک نییە، قسە کردن لە پێوەندی چێژی جنسی (سێکسی) بۆ ئەوان خاڵی سوور و مەنعە، مەگە ئەوەی کە باسی پزشکی و زانستی بێ.

ژنێکی چینی بە «سیمۆن دووبوار»ی گووتبوو: شۆڕش ئێمەی لە کۆڵ عەشق کردەوە».

بازەرگانێکی سویسی کە بە هەڵکەوت لە یەکێک لە ڕێستوورانەکانی هۆنگکۆنگ بینیم پێی گوتم: «من ویزای چینی سوورم هەیە و هێندێک جار بە هۆی کارەوە ناچارم چەن مانگ لە چین بمێنمەوە، مانەوە ئەم وڵاتە بۆ من زۆر دژوارە، ئێوە ئیتالیاین و دەبێ لە قسەکانی من تێبگەن، پیاوان هێندێک داخوازییان هەیە بەڵام ژن و کچی چینی لەم بابەتەدا زۆر دواکەوتوون تەنانەت ئەگە بتوانی بە هەزار دەرد و موسیبەت یەکیان بۆ خواردنی شەو بانگێشت بکەی تەنیا باسی شەڕی پۆڵات بۆ دەکا. هەموو کاتێک لە خۆم پرسیوە ئەی ئەو هەموو منداڵەیان چۆن دەبێ؟ ئەو ژنە دوور لە دنیایانە بەو جلە سەربازیانەیان دەتوانن منداڵیان ببێ؟ ڕۆژێک ئەو پرسیارەم لە ژنێک کرد کە سەرۆکی کارخانەیەک بوو. گوتی: «ئاخری بۆ ئەم کارەش کات دەبێ!!»

-مەگە ئامانجی سەرەکی زەماوەند منداڵ بوون نییە؟»

بەوەدا دەزانی بۆچی زۆربەی قەشەکانی کاتۆلیگ تەئیدی حکوومەتی «مائوتسێتۆنگ»یان کردووە. ئێستا دەزانم بۆچی لە زۆربەی ڕێوڕەسمی «مائوتسێتۆنگ»ی چینییەکان قەشەیەکیش هەیە.

چین تەنیا وڵاتی ئاسیاسە کە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و مەنعی منداڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونـی تێدا جێبەجـێ دەکـران، سـاڵی ١٩٥٦ زۆر بەپارێـزەوە کاریـان لـەم بابەتـەوە دەکـرد بـەڵام دەوڵـەت ناچـار بـوو زوو دەسـت لـەو کارە بکێشێتەوە، چون ئەو کات ژنان شۆڕشێکی دیکەیان وەڕێ دەخست و لە سـەر شـەقامەکان هاواریـان دەکـرد (بـۆ فرۆشـتنی کـەل و پـەلی جوانکاری مەنـع ناکـەن کەڵـک وەرگرتـن ئـەو هەمـوو کـەل و پەلـە جوانکارییـە یانـی ژنـان پێیـان خۆشـە منداڵیـان ببـێ؟)

لەگـەڵ ئەوشـدا هـەر ئـەو ژنـە بـە ئەخـلاق و نەجیبانـە کـە دژی سـووک و چرووکـی بـوون کـە لەمباراوبـەری چۆمـی شـانتچان شـۆڕشی جۆراوجۆریـان کـرد و توانیـان سـەرکەوتوو بـن، بـۆ نموونـە هەمـان یاسـا کـە لـە سـاڵی ١٩١١دا دەرچـوو و لەوێـدا ڕاگەیەنـدرا کـە ژن و پیـاو لـە چینـی کۆمۆنیسـتدا لەگـەڵ یـەک بەرابـەرن و مافـی یەکسـانیان هەیـە یـان بزووتنـەوی چـوارەمـی مانگـی سـاڵی ١٩١٩ کـە لـەودا دوای کۆنفرانسـی ڤێرسـای خوێنـدکارە کچـەکان شانبەشـانی خوێنـدکارە کـوڕەکان ڕژانـە سـەر شـەقام. ژنانـی چیـن توانیـان زۆر لـە مافەکانیـان لـە دەوڵـەت بسـتێنن وەک مافـی وەرگرتنـی کچـان لـە زانکـۆی پێکـەن و دەسـتپێکردنی کلاسـی دەرس لـە هەمـوو ڕشـتەکاندا کـە سـاڵی ١٩١٩ ڕوویـدا یـان شـۆڕشـی میلی سـاڵی ١٩٢٦ کـە «کمینتانـگ»زۆری هـەوڵ دا بـۆ هێنانـی ژنـان بـۆ نێـو حیزبـی کۆمۆنیسـتی.

پەسـەند کردنـی یاسـای یەکسـانی نێـوان ژن و پیـاو لـە میراتـدا و ئیزنـی کەڵـک وەرگرتـن لـە هۆڵـی سـەما و کەوشـی پانێـدار و گـۆرەوی تەنـک و مەمکبەنـد و جلـی ناسـراوی «چێونگسـان» کـە لـە چیـن کـە لـە ٣٠ سـاڵ لـەوە پێشـەوە ڕێزگرتـن لـە ژن و گرنگیـدان بـە کارەکـەی شـتێکی قەدەغەیە. لـە چیـن پیـاوان لـە هـەر کارێـک تەنانـەت کارەکانـی تایبـەت بـە ژنانیـش لـەوان باشـتر بـوون. لـە بیرمـان بـێ باشـترین بەرگـدروو و چێشـتلێنەرە چینییـەکان پیـاو بـوون. نووسـەرێکی چینـی بـە نـاوی «لینگیوتانـگ» نووسـیوێتی: «بـۆ چینییـەک هیـچ لـەوەی کـە پەیکـەرەی ژنێکیـان لـە سـەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوورگـەی نیۆیـۆرک دانـاوە سـەیرتر نییـە. بـە تایبـەت ئەگـە بـەو بڵێـن ئـەم تەندیسـە هێمـای ڕەگـەزی ژن نییـە بەڵکـوو نیشـانەی ئازادییـە. ئـەو هەرگیز بۆی ناسـەلمیٚ کـە لـە ڕۆژاوا لەشـی ژنێک دەتوانی هێمـای ئاشـتی و دادپـەروەری و ئـازادی بـێ. ژنـی چینـی قـەت دیـل و لاواز نەبـوون و هەمـوو کاتێـک غـروور و بەهێزیـان لـە خۆیـان نیشـان داوە ئـەوان هەمیشـە لەگـەڵ ئـازار و دژواری ژیـان ڕاهاتـوون.»

گومانـم نەبـوو ئـەو بـەری پردەکـە ڕووداوگەلێکـی سـەیروسـەمەرە ڕوویـداوە بیسـت و سـیّ لەسـەد لـە نوێنـەرەکان ژنـن هەروەهـا زۆر لـە وەزیرەکانیـش کاتێـک لـە چیـن «مائوتسـێتونگ» ژانەزگـی دەگـرت یـان تووشـی هەلامـەت دەبـوو ژنێـک بـە نـاوی «سـانگچینکینگ» بـە جیگای ئـەو دەچـوو بـۆ ڕێوڕەسـمە فەرمییـەکان بڕیـارە گرینگەکانـی دەدا ٢٥٠٠ ژن لـە قوتابخانـەکان و زانکۆکانـی پێکـەن دەرس دەڵێنـەوە تـا ئـەو ڕاسـتییە تاڵـەی کـە تـا ٢٠ سـاڵ لـەوە پێش ژنانـی چیـن خوێندەواریـان نەبـوو لـە بیـری خۆیـان و جیهـان بسـڕنەوە لـەو بـەری چۆمـی شـانچان زۆر لـە کچـە ١٤ سـالەکان کوێخـای دێهاتێکـن کـە ٦٠٠کەسـیان تێدایـە.

ژنانـی چینـی ئەمـڕۆ فیـر دەبـن کۆمەڵگەیەکـی سوسیالسـتی سـاز کـەن و هـەم فێـر دەبـن کـە چـۆن بتوانـن ڕێبەرایەتـی ئـەو کۆمەڵگەیـە وەخـۆ بگـرن ئـەو بـەری چۆمـی شـانچوون نـەوە و نەتیـژەی هەمـان ئـەو ژنانـەی ئەگـە دوای تاریـک بوونـی هـەوا لەگـەڵ دەسـتگیرانەکانیان چووبایەتنـە دەریّ زیندەبەچـاڵ دەکـران ئێسـتا ڕێبەرایەتـی ڕێکخراوەیەکـی گـەورە بـە نـاوی کومیتـەی سـەر شـەقام دەکـەن.

ئـەم کومیتانـە کێشـەی دارایـی، پـاک و خاوێنـی و کێشـە بنەماڵەییەکانـی خەڵکـی چینیـان وەخـۆ گرتـووە. چـل لـە سـەدی ژنـان لـە سـەنعەتە قورسـەکاندا سـەرقاڵن و بـە قـەدرای پیـاوان هەقدەسـت وەردەگـرن.

ئـەو کەسـانەی کـە لـەو بـەری سـنوورەکانەوە دێن دەڵێن دەبیّ جارێکـی دیکـە ڕێـژەی شـۆڕشـی گـەورەی ئۆکتۆبـر ببینـی تـا بزانـی کـە ژنـان لـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چینی سوور تا کویٚ چوونەتە پێش، زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە مەودای نێوان ئەو دەورانی ژنانی چین لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆیان کە لەوێدا مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوانیان هەیە ئەوەندە کەم بووە  کە زۆر لە ژنان تووشی شێوەیەک گومان و نەخۆشی دەروونی بوون.

خاتوو «چۆ» کە سەرۆکی ڕێکخراوی ژنانی چینە لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەرکی سەرەکی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە کە ژنانی ئەمڕۆی چین لە دەست ئۆغدەی خۆبەکەمزانی خۆیان ڕزگار بکەین. ئەوان هەست دەکەن کە لەگەڵ زەمانە نەچوونەتە پێشێ، ئەوانەی کە ئاگایان لەو گۆڕانکاریانە نەبووە ناتوانن هەستی هاوکاتی گێژی و قایل بوون و نیگەرانییەکی کە ئێمە هەمانە دەرک بکەن» «مائوتسێتوون» گوتوویەتی: شۆڕشی والا ژماردنی مافی ژنانی چین وەک بانگێشت بۆ میوانییەک نییە لە شۆڕشدا گوڵی ئۆرکیدە پێشکەش بە کەس ناکرێ، بەڵکوو ژنانی ئێمە مداڵهایەکی ناحەزیان پێدەبڕێ کە دڵنیا نین کە شیاوی دەسەتەبەر کردنی ئەوانیشیان ببێ.»

گەورەترین بەڵایەک کە ژنانی چین بە تایبەت بەتەمەنترینەکان تووشی بوون کاتێک بوو کە دەوڵەت دەستی بە خەبات بە دژی نەخوێندەواری لە وڵاتدا دەکا. گەورەترین کێشەی گەیشتن بە چینێکی خوێندەوار ژنان بوون لانیکەم نیوەی ئەوان نەیاندەزانی سێزدە هەزار وشەی کە لە زمانی چینی بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەک پێویست بوو لەبەر بکەن. کاتێک چەندژنەبوونی پیاوان قەدەغە کرا دەوڵەت نەیتوانی ئەو هاوسەرگیریانەی کە تا پێش ئەوە تۆمار کرابوون بە نایاسایی بناسێنێ. چون ئەو کات عالەمێک ژنی بێ مێرد دەماوەکە نەیاندەتوانی بە تەنیا خەرجی ژیانیان دەرێنن بەڵام زۆربەی ژنانی بە ئەخلاقی ئەمڕۆی چین دەتوانن بەبێ پیاو بژین و ئەو هێزە هێندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەوا بیانگرێ و خۆیان لە سەروو پیاوانەوە ببینن دەکرێ بڵێین شێوەیەک دایکسالاری کۆمەڵایەتی لە چین درووست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووە کە لەو شێوەیە لە ئەمریکاش هەیە، ژنانی بەڕێوەبەری کارخانە و بیمارستان و تەنانەت قوتابخانەی هونەرە ڕەزمییەکان دێن کە وەک وایرۆسی دایکسالاری لە ڕێگای چۆمی «شامچان» بگەنە هۆنگکۆنگ. بەڕیوەبەری «هۆنگکۆنگی ئیستاندارد» پڕ تیراژترین ڕۆژنامەی هۆنگکۆنگ کە بە زمانی چینی و ئینگلیزی چاپ دەکرێ ژنێکی بەهێزە کە بە پێنج میلیون چینی دەڵێ کە چۆن بیر بکەنەوە ژنێک بە ناوی «ئافسیان».

ڕووداوی ناسینی من و ئافسیان زۆر سەرنج ڕاکێشە ئێمە لەسەر کلاوگیسێک یەکمان ناسی لە هۆتێل دانیشتبووم کە مەسئولی ستوونی ژانانی ڕۆژنامەی «هۆنگکۆنگی ئیستاندارد» تەلەیفوونی کرد تا بە قەولی خۆی لە سەر «ڕۆژنامەوانی گەورە» لەسەر ژنانی جیهان بابەت دەنووسێ ڕاپۆرت ئامادە بکا. سەرم، سووڕما چون بیرم نەدەکردەوە ڕۆژنامەوانێکی باش بتوانێ ستوونێکی باش لە ڕۆژنامەیەکی باشی ببێ. دوایە کە چوومە ژاپۆن زانیم ئەو شێوە وتارانە لە خۆرهەلاتی دوور بابەتی ڕۆژە و خوێنەرێکی زۆری هەیە هەر بۆیە جوابی ئەرێم پێداوە و بڕیار درا لەگەڵ کامێراوانی ڕۆژنامە بۆ بینینی من بێنە هۆتێل.

هەر منی بینی پێش هەموو شتێک لێی پرسیم ژنی کام لەو ولاتانەی کە بینیومنم زیاتر پەسەند کردووە،؟ ئەو پرسیارە تازە نەبوو چون لە هەر ولاتێکی بووم ئەو پرسیارەیان لێ کردبووم و چاوەڕوانی ئەوە بوون سادقانە جوابیان بدەمەوە منیش بۆ ئەو پرسیارە تەنیا جوابێکم ئامادە بوو و دەمزانی بڵێم چی هەر وا کە لە هیند گوتبووم ژنانی هیندی باشن و لە پاکستان تاریفی ژنانی پاکستانم کرد و ئەگە چووبایەتمە ژاپۆن جوابم دەداوە ژنانی ژاپۆنی باشترین ژنانی جیهانن، لە هۆنگ کۆنگیش گوتم: «ژنانی هۆنگکۆنگی لە هەموو ژنانی جیهان زیاتر پەسەند دەکەم. مەسئولی ستوونی ژنانی ڕۆژنامە بەو جوابەی من کەیفی تەواو ساز بوو و هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەندین پرسیاری گەمژانەی دیکەم لێ بکا.

«تەمەنتان چەندە؟ ڕۆژێ چەند سیگار دەکێشی؟ ڕۆژێ چەند وشە دەنووسی یان تایپ دەکەی؟»

لە لایەک ئەو هەواڵنێرە پێداگرە و لە لایەکی دیکەوە هەوای گەرم ببووە هۆی ئەوەی کە من یەکجار وەڕەز بم کڵاوگیسێک کە بۆ شاردنەوەی قژە چەور و چڵکنەکەم لە سەرم کردبوو جار لەگەڵ جار قورستر دەبوو و زیاتر فشاری بۆ سەرم دێنا ئاخری ماندوو بووم و هەروا کە جوابی پرسیارەکانیم دەدادوە کڵاوگیسەکەم لەسەرم کردوە و لە کێشەوەی میزەکەم هاویشت کە لە پڕ شۆقی فلاشی کامیرا لە چاوم چەقی و مەسئولی ستوونی ژنان لە جێی خۆی هەستا و بە سەرسووڕمانەوە پرسی: «ئەوە چییە؟»

-کڵاو گیسێک!

-ئێوە خۆ بۆخۆتان مووتان بەسەرەوەیە ئیتر بۆ کڵاو گیستان لەسەر کردووە ؟

-خۆشیم لە کڵاوگیس دێ چون قژ جوان و خاوێن نیشان دەدا.

-بڕوا ناکەم!

سبەینێکەی هەمان هەستی خۆ بەزۆر بینین کە لە دەروونی هەموو کەسێکی گەمژە دایە هانی دام بچم ڕۆژنامەی «هۆنگکۆنگی ئیستاندارد» بکڕم و چاو لە وێنە بە کڵاوگیس و بێ کڵاوگیسەکانی خۆم بکەم. یەک لە چواری لاپەڕەکە وتارێک بوو بە ناوی (ئوریانا بوونەوریێکی تایبەت) بە غرووریێکی مەسخەرەوە سەر قاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامە بووم تا بزانم چ شتێک لە قسەکانمیان لەلا تایبەت بووە بەڵام زانیم بابەتی تایبەت کڵاو گیسەکەم بووە نەوەک قسەکانم. لە بابەتەکەدا نووسرابوو: «ئوریانا بو خۆدزینەوە لە شۆردنی قژی (کارێک کە بەڕاستی ڕقم لێی بوو) کەڵک لە کڵاوگیس وەردەگرێ» ڕاستیتان دەوێ ئەگە ڕۆژنامەوانێکی باش بایەم گوێم بەو قسە گەمژەیانەی نەدەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و لـەوی کـە شـتی بێمانـام لەسـەر بنووسـن دڵتەنـگ نەدەبـووم بـەڵام چـون هەواڵنێرێکـی بـاش نەبـووم وەرەز بـووم و زەنگـم بـۆ سـکرتێری بەڕێوەبـەری ڕۆژنامـە لێدا و دەسـتم کـرد بـە هەراهـەرا کـە دەبێ چـاوم بـە بەڕێوەبـەر بکـەوێ و هـەر لـەم ڕۆژنامەیەشـدا بـە هـۆی نووسـینی ئـەو شـتە بێئەساسـانە جـواب بداتـەوە.

لـە هۆنگکۆنـگ هیـچ لـەوە دژوارتـر نییـە بتهـەوێ ئیزنـی بینـی مودیـری ڕۆژنامـەی «هۆنگکۆنگـی ئیسـتاندارد» وەرگـری. بیـری لـێ بکـەوە کـە بـار و دۆخ چـۆن بـوو کـە چەنـد وێنـە و وتارێـک کـە گەمژەیـەک لەسـەر قژی چڵکنـی مـن چاپـی کـردووە بـوو بـە هـۆی ئـەوەی کـە نـاوم لـە هەمـوو شـوێنێک بـڵاو بێتـەوە و «ئاوسـیان» بەڕیوەبـەری ڕۆژنامـە ئیزنـی بینینـم پـێ بـدا. و ئەوەشـی پـی زیـاد بـکا کـە زۆریـش بـە بینینـم دڵخـۆش دەبێ.

مـن نەمدەزانـی «ئاوسـیان» نـاوی ژنێکـە مـن هیـچ لـە زمانـی چینـی نازانـم و وشـەی ئینگلیـزی «ئیدیتفیـرز» هـەم بـە ژن دەگوتـرێ و هەمیـش بـە پیـاو، هـەر بۆیـە چوومـە ئارایشـگا و بـە جوانتریـن مودیلـی پرچـی ڕۆژهەڵاتییـەوە چوومـە دیـداری.

«ئاوسـیان» لـە نێـوان «بارسـتاییەکی زۆری کاغـەز و ڕۆژنامـە و کتێـب» دانیشـتبوو. تەمەنـی تەنانـەت سـی سـاڵانیش نەدەبـوو. لەشـی لاوازی لـە نیـوان «چێونسـان»دا حەشـار دابـوو و ڕوخسـاری وەک ڕوخسـاری ئـەو ژنانـەی کـە لـە کتێبخانـەی کۆمۆنیسـتەکان بینیبوومـن جیـدی دەهاتـە بـەر چـاو زیاتـر وەک کچـە ترشـاوێکی بێهیـوا بـوو و کاتێـک بـە تەلەیفـون قسـەی دەکـرد دەنگـی وەک جریوەجریـوی جووچکەیەکـی لێدەهـات بـەڵام ئەوەنـدە بـە ئوبوهەتـەوە دەسـتووری دەدا کـە بـۆ سـاتێک لـە بیـرم چـووە بـۆ چـی چـووم بـۆ ئـەوێ. و بـە جێگـای بۆڵەبـۆڵ لـە بابـەت ئـەو وتـارە بڕیـارم دا وتووێـژی لەگـەڵ بکـەم.

«ئاوسـیان» گوتـی: «لـەوەی کـە ژنـم و پەنجـا کـەس لـە ژێـر دەسـتم کار دەکـەن هەسـت بـە ناڕاحەتـی ناکـەم کاتێـک بابـم «ئابونهـاد» کـە «بەبـری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورە»یان پیدەگوت فەوتی کرد ئەو ڕۆژنامە گەورەیە بە میرات بە من برا یەکەم جار بۆ خوێندنی دەرسی ڕۆژنامەوانی چوومە ئامریکا و شەش مانگ لە نیۆیۆرک دەرسم خوێند، دوایە چوومە ئالمان و شەش مانگ بەدواداچوونم لە سەر ئەنواعی جۆراو جۆر ماشێنی چاپ کرد و ئاخر مودێلی ماشێنی چاپی «ڕۆتاتیو»م لەوێ کڕی کاتێک دڵنیا بوو کە توانای بەڕیوە بردنی ڕۆژنامەم هەیە گەڕامەوە هۆنگ کۆنگ کار کردن هەمیشە دژوارە بەڵام من ناتوانم  بە بێ کار کردن بژیم. من لەو دەوڵەمەندانە نیم کە کاتەکانیان لە زۆر زوو تێدەپەڕێنن، پێم خۆشە بە کەڵکی کۆمەڵگە بێم ڕاستە ژنێکی زۆر لە ڕۆژنامەی من کار دەکەن ئەو دەورەیە تێپەڕی کە کۆمسفیوس دەیگووت: «نەزانی لە ژناندا هێمای زانستە». ئیستا ناکرێ ژنان لە چوار دیواری ماڵێ دانێی. دوایە پرسی: «پێتان خۆشە دایکم و کچەکەم کە بڕیارە ڕۆژێک ببێتە میراتگری ئەو ڕۆژنامەیە بناسن؟»

سبەی بەیانی چوومە ماڵەکەی کە یەک لە خۆشترین ماڵەکانی هۆنگ کۆنگ بوو درگاکانی هەموو بە زیو کاری لەسەر کرابوو و دیوارەکانی لە یەشمی کەسک بوون باوکی کە هەمان جەنابی بەبری گەورە بێ ئەو خانوویەی بە شێوازی چینی دروست کردبوو، «تانککیک»ی دایکی گەورەی بنەماڵە لە نێوەڕاستی هۆڵ لە تەنیشت نەوە چکۆلەکەی کە شاروالێ جین و قەمیسی چوار خانەی لەبەر بوو چاوەڕوانی ئێمە بوون لاقەکانی دایەگەورە چکۆلە دەهاتنە بەرچاو و وابزانم وەستایەکی گەورە پوولێکی زۆری وەرگرتبوو تا کەوشەکانی بە شێوەیەک بۆ دروست کات کە ئاسایی بێتە بەرچاو ئەویش بە جێگای ڕێپێوان کەم و زۆر بازی دەدا و لاقی ئاوسیان کە سایزی ٣٧ بوو لە لای لاقی ئەو زۆر گەورەتر دەهاتنە بەر چاو لەگەڵ ئەوە تا چاوت پێی دەکەوت دەتزانی خاوەنماڵی سەرەکی و نوێنەری داب و نەریتی بنەماڵەیە هەرچی دەیگووت ئاوسیان و کچەکەی سەریان بە نیشانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«بەڵی» دەجووڵاند کاتێکماڵەکەیان نیشان دەدام بە سەرسووڕماناوە بینیم کە ئاوسیان گرینگترین ژنی هۆنگکۆنگ لە ژووری دایکی دەخەوێ تا ئەو بتوانێ کاتی خەو هەڵسوکەوت و ڕفتار و تەنانەت تەلەیفونی شەوانەشی چاوەدێری بکا.

لێم پرسی: «هەتا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە بە تەنیا بژی یان لە ژووری تایبەتی خۆت بخەوی؟»

–ئاه نا! بە بڕوای ئێوە ئەوە دروستە؟

کاتی ڕۆیشتن بوو لە ژووری نەوەی بنەماڵە دەنگی موزیکی پاپ دەهات. ئاوسیان گوتی: کە پێی خۆشە من بە ماشێنەکەی تا هۆتێل بگەیەنێ. هەوا خۆش بوو و کزەبایەکی فێنک لە دەم و چاومان دەدرا. پیی گوتم: «دەمهەوێ تەرحێکی گشتی بۆ زیاد کردن و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە بێنم تا سێ ساڵی دیکە تیراژی ڕۆژنامە بە چەند بەرامبەر ئێستا بەگەیەنم. لەوانەیە فەرمابەری ژنی تازە بێنمە سەر کار. ژنان لە پیاوان وریاترن.»

پێم گووت: «بۆ بە جێی ئەو کارانە هاوسەرگیری ناکەی؟»

لە جوابدا گوتی: «کاتی ئەوەم نییە لە هۆنگکۆنگ پیاوەکان زۆر کۆن بیر دەکەنەوە و پێیان خۆشە ژنەکەیان لە ماڵێ نەیەتە دەرێ و بێجگە لە مێردەکەیان بیر لە هیچ نەکانتەوە کۆمۆنیستەکانی چین لەوەدا زۆر لە پێش ئێمەوەن کاتەکانیان سەرقاڵی عەشق و عاشقی ناکەن عەشق سەرقاڵی مرۆڤە تەمبەڵەکانە.» نا سپاس من سیگار ناکێشم.

یانی ئەو ئاخر چاوپێکەوتنم لەگەڵ ژنێکی هۆنگ کۆنگ بوو. دوای نیوە شەو بە فڕۆکە لەوێوە دەچوومە ژاپۆن. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە من و دوئیلیو سەرقاڵی کڕینی شتومەکێک بووین کە قەتمان کەڵک لێوەرنەدەگرتن. هۆنگکۆنگ دوورگەیەکی ئازادە و نرخی هەموو شتێک لەوێ سێ بەرامبەر هەرزانترە دوئیلیو ملبەندێکی فیروزە کە کاری شانگهای بۆی کڕی تا بیدا بە یەکەم کچی کە قەبووڵی کات کە پیاوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بەرد دروست نەکراون کاتێک فڕۆکە لە نێو تاریکیدا لە سەر زەوی هەستا بەرەو ئاسمان فڕی. دوئیلیو وەقسە هات و بە دڵتەنگییەوە بۆی باس کردم کە تەنانەت لە هۆنگکۆنگیش نەیتوانی بە ئەوی پێی خۆشە بگا دەیگووت لە خۆڕا دەڵێن لە هۆنگکۆنگ ناسینی ژنان و کچان سانایە. ئوروپاییەک ئەگە بچێتە ڕۆژهەڵات ئەگە نەیهەوێ خۆی ئالوودەیی ژنانی سۆزانی بکا دەبی وەک قەشەکان بژی هەر ئەو بابەتە دەتوانێ باشترین شت لە بابەت ژنانی ڕۆژهەڵاتی بێ، لە کراچی هیچ کچێک حازر نەبوو تەنانەت قسەشم لەگەڵ بکا لە هیند تەنیا سەرنجی هاوڕەگەزبازێکم ڕاکێشا لە سەنگاپووریش کە بۆ خۆت ئاگادار بووی چیم بەسەر هات گوتم لانیکەم لە هۆنگکۆنگ شتێک ڕوودەدا بەڵام تەنیا چەند جندە هاتنە سەر ڕێم کە هیچ خولیا قسە کردن لەگەڵیان نەبووم ئەگە لە من بپرسی هیچ خۆشیم لە ژنانی ڕۆژهەڵات نەهات.

پێم گوت: «ئارام بگرە کوڕە بە دڵنیاییەوە لە تۆکیۆ دۆخەکە باشترە، تازە ئێمە هێشتا نەچووینەتە هۆنۆلۆلۆ.»

–چ قسەیەکی گەمژانە! بچینە هەر شوێنێک هەر وایە تاقەتی گەیشتنەوە بۆ نیۆیۆرکم نییە لەوێ کچێک دەناسم لەوانەیە ژیانی لەگەڵ پێک بهێمنم.

لەوانەیە لە ژاپۆن ژیان پێکبهێنی. مەتەڵێکی کۆن دەڵی «پیاوی بەختەور ئەوەیە کە لەماڵێکی ئامریکایی دەژی خواردنی چینی دەخوا و ژنی ژاپۆنی دێنێ» ئەو مەتەلەم لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و لە زاری پیاوانی جۆراو جۆر بیستبوو کاتی سەفەر وشەکانی لە سەرمدا دەهاتن و دەچوون پێش گەیشتنم بۆ ژاپۆن کاتێک خۆم لەگەڵ ژنانی ژاپۆن بەراوەرد دەکرد تووشی هەستێک دەبووم کە دەروونناسەکان پێی دەڵێن ئۆغدەیە خۆ بەکەم بینین. زۆر شکوور دوای چوونم بۆ ژاپۆن و بینینی خەڵکەیەی لەو ئۆغدەیەش ڕزگارم بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی پێنجەم

بۆ ئەوەی کە لە ناخی ژنی ژاپۆنی تێبگەی دەبێ تۆکیۆ و هەموو ئەوانەی لێی ڕوودەدات ببینی، لە یەکەم ڕوانیندا تۆکیۆ شارێکە وەک هەموو شارەکانی ئامریکا یان ئوروپا شاقامی پان و باڵاخانە و هات و چۆی ماشێن و شەمەندەفەر تەنانەت بورجێکی ئیڤل کە لەگەڵ بورجی ئەسڵی موو لێنادا لە تۆکیوۆ هەیە کە نیزیک دوازدە میترە و لە تەنیشت کۆشکی پاشایەتی دروستیان کردووە هەموو ماڵەکانی شاریان بە بێتۆن دروست کردووە مۆڵەکان هەموو پلیکانی کارەباییان هەیە و تابلۆکانی نێئۆن کە ناوە ئوروپایەکان لەسەریان دیارە. هەوای تۆکیۆ لەبەر دووکەڵی ئەو هەموو کارخانانەی کە لەو دەوروبەرەن هەمیشە ڕەساسییە دەنگی سیگناڵی ماشێن گوێچکە کەڕ دەکا خەڵک خێرا خێرا لە هام و شۆدان دەڵێی مرۆڤ خەریکە لە یەک لە شەقامەکانی شیکاگۆ یان برلین پیاسە دەکا. تۆکیۆ مۆدێرنترین پایتەختی خۆرهەڵاتی دوورە هیچ شتێکی شاراوە و سەیری تێدا نییە بە ڕۆژ شارێکی زۆر ناحەزە و بەشەو لە ڕادەبەدەر جوان دەبێ بە شێوەیەک کە مرۆڤ بۆ بینینیوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوانییەکانی کەڵکەڵە دەبی. دەنگە دەنگی نێو شار کۆتایی پێدێ پلیکانە کارەباییەکان دەکوژێنەوە خەڵک هات و چۆیان نامێنی و «گینتزا» کە گەورەترین ئوتووبانی شارە وەک شریتێکی درەوشاوە شارەکە ڕوناک دەکا؛ ئەو کات شەقامە باریکەکان دەبینین کە ماڵەکانیان بە مقەوا و دار ساز کراون وەک کۆلارەیەک ئامادەی شکانن لەسەر درگای هەموو ماڵەکان فانۆسێکی سوور یان کەسک و شیین هەڵواسراوە و ئارام ئارام دەجووڵێ. لەو شەقامانەدا ڕێستورانی چووکە بە قەدرایی کوپەی شەمەندەفەر دەبیندرێ کە زیاتر لە شەش_ حەوت کەسیان تێدا جێ نابیتەوە. لەو ڕیستورانانە ئەو ژنانەی کیمۆنۆیان لەبەر کردووە لەو پیاڵانەدا کە دەڵێی بۆ بووکەڵە ساز کراون ساکی یان هەمان عارەقی برینجی گەرم تێدەکەن لەو شمالایانەی کە «شمنسن»یان لێداون گۆرانی عاشقارە دەچڕنەوە.

ڕێستورانی دیکەش هەن کە کاتی چوونە ژووری لەپێشدا کەوشەکانتان داکەنن و چوارمێلکە بدەنەوە لەبەردەمتان میزێکە کە بەردێکی داغی لەسەرە و بۆ کوڵینی گۆشت و باینجان و پەتاتە کەڵکی لێدەگیری لەوێ موشتەرییەکان دەتوانن ژوورێکی تایبەتیان ببێ کە بێجگە لەو میزە و ئەو بەردە داغە هیچی دیکەی لێ نییە کاتێک دەچییە ژووری درگا کەشەوییەکان ئارام دادەخرێ تا هیچ دەنگێک نەچێتە دەرێ  یان هێمنی ئەوێ بە فزوولی خەڵکی دەرێ لەنێو نەچێ زۆر ناخایەنی کە درگا دەکرێتەوە و پێشخزمەتێک بە کیمۆنۆوە لە بەر دمتان لە سەر چۆک دادەنیشێ و کەشەفە خواردنەکەی کە داواتان کردووە دێنی لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و بە هەنگاوی ورد و بە ئەسپایی بەرەو میزەکە دێ دەڵێی دەترسێ موزاحیم بێ نزیک میزە بەردینەکە دەبێتەوە و چۆک دادەدات و زوو گۆشتە جندراوەکراوەکان سوور دەکاتەوە و ئەو کات ڕووتان تێدەکا و بە تکاوە خواردنەکەتان لە زاری دەخا و ئەوەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو کارە دەکا کە هەست دەکەی منداڵ بوویەتێوە و ئەوە دایکتانە کە خەریکە پارووتان لە زاری دەخا و دەیهەوێ هەموو خواردنەکە بخۆی تا زووتر گەورە و بە هێز بی تەنانەت پێکەنینەکەی بەو چاوانەی کە دەڵێ بە تەواوی هەڵینەهیناوە و لێوە بەسراوە دایکتان وەبیر دێنیتەوە.

گێژ و مەنگ لە ڕێستۆران دێیە دەرێ و زۆر ناخایەنی کە هەموو ئەو هەستە ڕاحەتییە بە جارێک لە وجوودتان دێتە دەرێ لە شەقامێکی دیکە و لە تەنیشت درگای دیسکۆکان کچی جوان دەبیندرێن کە داواتان لێدەکەن بۆ بینینی شانۆی «ئیستریبتیز» کە لەوێ ژنان وردەوردە جلەکانیان دادەکەنن سانت بە سانت بەدەنیان وەبەر چاوی پیاوە بێکار و نەخۆشەکان دەنێن. لەو ئیسنەکبارانەی کە زۆر ئیسنەکبارەکانی شیکاگۆ و برلین هەن چەند کچێک کە پرچیان وەک کلکی ئەسپ لە پشتەوە بەستووە و پانتۆلی جین و قەمیسی چوارخانەیان لەبەر دایە سەرقاڵی ئەوەن کە سککە بهاوێنە دەزگای بڵاوکردنەوەی سەفحەن تا ئاهەنگی «فرینگسیناترا» و گۆرانی بێژەکانی دیکەی ڕۆژاوا ببیستن. هەر ئەو کچانە کەمێکی دیکە دەچنە لای فاڵگیر تا چارەنووسی داهاتوویان لەوان ببیستن. فاڵگیرەکان لە کویسکی سوور کە لە تەنیشت ڕێرەوی شین و بە نووری مۆم ڕووناک دەبێ دانیشتوون و چاوەڕوانی هاتنی موشتەرین.

تێگەیشتن لە ژنی ژاپۆنی وەک تێگەیشتن لە تۆکیۆ کارێکی دوژوارە. لە ٢٤ سەعاتی یەکەم کە گەیشتینە تۆکیۆ تووشی جوورێک ماخولیا بووم کە لەوانەیە بۆ هەر ژنێکی ڕۆژاوایی کە لە پڕ ڕوو دەکاتە ئێرە ڕووبدا، جۆرێک خۆشی و هەیەجان لەگەڵ وەڕەزی کە سەرسووڕمان و بێ ئارامی تێدایە.

کاتێک دەگەڕاینەوە هۆتێل تا سەر و سامانێک بە بیرۆکەکانم بدەم زانیم هیچم لەسەر ژاپۆن و ژنەکانی نەدەزانی. وەرگێر و ڕێنماکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«چارس‌تـوون» نووسـه‌رێکی لاوی کوره‌یـی بـوو کـه زۆر لـه مێـژ بـوو لـه ژاپـۆن ده‌ژیـا و لـه ڕووخسـاری زه‌عفه‌رانـی و چـاوه بادامییه‌کانیـدا دیار بـوو خه‌ریکه پێم پێده‌که‌نی، پێی گوتـم: «کاتێک چه‌ند سـاڵ پێشـوو نووسـه‌رێکی دیکه بـه نـاوی «جیمـزکارت» لـه تۆکیـۆ گێـرا بینیـم ئه‌ویـش توشـی ئـه‌م حاڵه‌تانه بـووه که ئێستا ئێوه تـووش بـوون جۆرێک هه‌سـتی سه‌رسـووڕمان.»

-سه‌رسـووڕمان نییـه که‌مێک گێـژ بـووم. ئـه‌و ژنـه‌ی کـه لـه ڕێسـتوران خواردنـی بـۆ هێنایـن زۆری له‌گـه‌ڵ ئـه‌و ژنانـه‌ی کـه دوو هه‌نگاو ئه‌ولایـه «ئیسـتریب‌تیز»یان ده‌کـه‌رد جیـاوازی هه‌بـوو و ئه‌وانیـش جیـاوازی زۆریـان له‌گـه‌ڵ کچـه جیـن پۆشـه‌کان بـوو.

-هه‌ڵـه ده‌کـه‌ی هه‌موویـان وه‌ک یه‌کـن ته‌نیـا وه‌ک ئـه‌م شـاره دوو ڕوخسـاریان هه‌یـه.

گارسـۆنی بـاری هۆتێـل سـاکی بـۆ هێناویـن، بـه سه‌رسـووڕمانه‌وه لـه من و «چـارس» ڕامـا و کاتـی تێکردنـی سـاکی یه‌کسـه‌ر قسـه‌ی ده‌کرد. لـه «چـارس»م پرسـی ئـه‌و ژنـه ده‌ڵێ چـی؟

-ده‌ڵێ ئێوه شێوه‌تان له «دێبۆراکرێن» ده‌چێ.

-چی؟ شێته! یان له‌وانه‌یه کوێر بێ!

-ده‌ڵێ که‌میکیش له «مارلین‌مرلۆ» ده‌چی.

-بڵێ بڕوا به‌لای کاری خۆیه‌وه

-خه‌ریکه ده‌ڵێ من وه‌ک مارلۆن براندۆم.

- «چارس» بزانم ئه‌وه بۆ ئه‌و قسانه ده‌کا.؟

-هیـچ ده‌یهـه‌وێ خـۆی لای ئیمـه شـیرین کات. ژنـه ژاپۆنییـه‌کان خولـق و خوویـان له‌گـه‌ڵ میوان زۆر خۆشـه.

چـاوه‌ڕوان بـووم تـا ئـه‌و ژنـه لـه تاریفکـردن بێتـه‌وه. دوایـه ده‌سـتی جوورێـک هه‌ڵسـووراند ده‌تگـوت بـه ته‌مایـه مێشـێک هه‌ڵفڕێنـێ و بـه

کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەسپایی هەستا ڕۆیشت. ئەدەبەکەیان لە ڕادەبەدەرە هەر بەو ئەدەبەیان لەوانەیە تۆ بنێرنە شێتخانە. ماوەیەک لەوە پێش لەگەڵ کچێکی خەڵکی تۆکییۆ پێوەندی ئەویندارانەم بوو. یەکەم جار تێمگەیاندبوو بە هیوا نیم هاوسەرگیری بکەم بەڵام ئەو بەئەدەب بوو و گوتی: «بەتەمایە ببێتە هاوماڵم ئەو کات خەریکی نووسینی کتێبێک بووم و پێویست بوو دەوروبەرم هێمن بێ و ئارامشم بێ، کچەکەش ئەوەندە بەئەدەب بوو کە گومانم نەبوو کە کێشەیەکم بۆ ساز کات خولاسەی کەمەوە قەت نەمتوانی ئەو کتێبە تەواو کەم. تا دەچوومە ژووری کارەکەم و درگام دادەخست دەهاتە ژووری و دەیپرسی: «ئیستکانێک چایی بێنم؟» دەمگوت: «نا» و دەمگوت: «سەرقاڵی نووسینم و هیچم ناوێ.» ئەویش دەچووە دەرێ و بەڵام چەند خولەک دووایی دەگەڕاوە و دەیگووت: «پێت خۆشە شیرینییەکی چووکەت بۆ بێنم بیخۆی؟»

دەمگوت: «نا» و دەڕۆیشت بەلای کارێوە بەڵام دەنگی گریانی ئەوەندە لەسەر مێشکم بوو کە ناچار دەستم لە نووسین هەڵگرتایە و ئیستکانێک چایی و شیرینی بخۆم. ڕووداوێکی سامناک بوو.

-چۆن کۆتایی هات؟

-زۆر بە ئەدەب! کاتێک پێم گوت لە کارەکانی ماندوو بووم هەوڵیدا بمکووژێ.

دەزانی «چارس» ئەو شتانە تەنیا لە ژاپۆن ڕوونادا.

دەزانم دەتهەوێ بڵێی لە ژاپۆنیش وەک وڵاتەکانی دیکە ئەو شتانە ڕوو دەدا. بەڵام هەڵە دەکەی «چارس» ڕۆژهەڵاتی بوو کە فەرهەگی ڕۆژاوایی بوو کەوایە زۆرم گوێ بە قسەکانی نەدەدا. ئەو بابەتەی کە ئەو لەگەڵ کچێکی بە ئەدەب پێوەندی بوو شتێک لە ئۆغدەی خۆبەکەمبینی نیسبەت بە ژنانی ژاپۆنی هەمبوو کەم نەدەبۆوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دەیگووت ئێستاس بە باوەڕی من ژنانی ژاپۆنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمان فریشتەکانی لەنێو فەرهەنگی ئینگلیسیدا لەسەریان نووسرابوو. بوونەوەرێکی فەرمانبەر بێبەری لە هەر کەمایەسی ئەخلاقی دڵنشین و گەورە لە فیداکاری و ژنتر لە هەر ژنێک لە هەموو جیهاندا.

منیش وەک هەموو توریستەکان وێنایەک لە ژاپۆنم هەبوو تەنیا گیشا و پەیکەرەکانی بوودا و خونچە سپی و پەمەییەکانی کۆخ بوو، دیار بوو لە بابەت ژنی ژاپۆنی هەمان کە لە فەرهەنگی ئینگلیسی خوێندبوومەوە بزانم گەشتیارێکی هەست ناسک تەنیا ئەوانەی کە بۆخۆی دەیهەوێ دەیبینێ و تەنیا خۆی بۆ بینینی ئەو شتانە ئامادە کردوە. دیارە کەسێکی ئاوا لە بیستنی ئەوەی کە قەدی دار کۆخی تەنیشت شەقامی «گینتزا» پلاستیکیە گوڵەکانی دەستکردن یان گیشاکان سەندیکای کرێکاری پێک دێنن یان بە جێی پەیکەرەکانی بوودا کە لە بۆمبارانی شەڕ لەنێوچوون کارخانەکانی کامێرای وێنەگری دروست کراون دڵتەنگ دەبێ. ڕاستی ئەوەیە کە هەر کتێب و فەرهەنگێک دەکرێ هەڵەی تێدا بێ یان باشتر بڵێم باسەکانی زۆر بەڕۆژ نەبێ.

چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنم بۆ تۆکییۆ ڕووداوگەلێکی زۆر ڕوویدا، ڕووداوگەلێک کە بوونە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە قسەکانی «چارس» هێندێک لە ڕاستی نیزیک بوون.

کاتێک ڕۆژنامەی ئینگلیسی تۆکیۆم دەخوێندەوە لە ستوونی نامە بۆ سەرنووسەر لەگەڵ ئەو جۆرە ڕستانە ڕووبەڕوو بوومەوە هۆی شەرمە کە کچانی ئەم زەمانە لە پاسەکاندا پێەکەنن و کاتێک دەبینن پیاوێک لە پاسدا ڕاوەستاوە هەڵناستن تا ئەو دانیشێ. یان بابەتێکی دوور لە باوڕ، چەند ڕۆژێک پێش ئێستا لە «گینتزا» پیاسەم دەکرد کە کچێک کە کیمۆنۆی پۆشیبوو داوای کرد گوڵی لێ بکڕم کاتێک کە نەمویست ئەو کارە بکەم وای قۆڵم کێشا کە زۆری نەمابوو بدڕێ. پیاوەکانی ئێمە وادەزانن پێغەمبەرن بەڵام بە باوەڕی من لە نەزەر سێکسییەوە لاوازن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێتانوانییە لە نێو جێخەودا دەبێ لە بیر کەڵک وەرگرتن لە ژناندا بن؟ لە تەنیشت ئەو ستوونە شتی دیکەش دەهاتە بەر چاوم کە زیاتر لەوەیکە لە هەواڵی ژنانی ژاپۆن بچن لە هی کچان و ژنانی سوئد و ئامریکا دەچوون، بۆ نموونە کچە مێرمنداڵەکانی ژاپۆن پشووی کۆتایی حەوتوو لەگەڵ هاوڕێکانیان لە دوورگەکانی «ئیزۆ»یان دارستانەکانی «کاروزاوا» بەسەر دەبەن و هەموویان شەوێ لەلای یەک دەخەون. ئیدارە پەنجا ژنی پۆلیسی لێیە کە ئاگاداری ئەو کچانە بن. پرۆفسۆر «میشینگ تاکی یاما» لە زانکۆی تۆکییۆ وتارێکی خەماوی لەسەر ئەو ڕوداوە نووسیبوو. بوونی مێرمندالانی ئاوا باس لە بێسەرەوبەرەیی ئێستای ئێمە دەکا. ئەوەی کە هیچ پاڵنەر و هەدەفێکیان نییە ترسێنەرە.

لەبابەت کچانی نێو دیسکۆش پرۆفسۆر باوەڕی وا بوو کە ئەوان برەو بە ماچی ڕۆژاوایی دەدەن. «چارس» کە دڵخۆشییەکی لە کچانی ژاپۆنی نەبوو قەراری چاوپێکەوتن و وتووێژی وای بۆ دادەنام کە لەوێ ئەو کەسانەی کە وتووێژمان لەگەڵ دەکردن خراپەی ژنی ژاپۆنییان دەگوت تا من دڵسارد کەنەوە وەک بڵێی بۆ گوتنی ئەو قسانە پووڵیان لە «چارس» دەستاند.

ئەو منی بردە لای دوکتوور «ئۆمیزاوا» سەرۆکی بەشی نەخۆشخانەی «جوینهاسپیتاڵ» تا ئەو بۆم شیبکاتەوە کە چل لە سەدی ئەو کچانەی کە لە دەرێ کار دەکەن بە لانیکەم هەموو داهاتیان لە گۆڕینی نیشانەی ئاسیاییبوونیاندا خەرج دەکەن.

دەمزانی دوکتوورە ژاپۆنییەکان لە عەمەلیاتێکدا حاڵەتی چاوە بادامییەکانی ژنان دەگۆڕن و ئەو کارە لە ژاپۆن داواکاری زۆرە. ئەو عەمەلیاتە تەقریبی پەنجا خولەک دەخایەنێ شتێکی دیکە کە ببو بە مۆد گەورەکردنەوەی مەمک بوو کە بە عەمەلی جوانکاری دەکرا و ئەو ژنانە ئیتر پێویستیان بە مەمکدان نەبوو ئەو ژن و کچانەی مەمکیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چووکـه بـوو هەویرێکـی ژێلەییـان دەکـردە ژێـر پێسـتی مەمکیـان و ئـەو کارە ئازارێکـی زۆریشـی بـوو.

لەگەڵ چارس چووین بۆ تاقیگەکانی ژنـان و خانمـی «ئایکۆیانامۆ» کە مودیـری ئـەوێ بـوو بـۆی بـاس کـردم کـە ژاپـۆن ئـاوی ئۆکسـیژین وەک شـامپۆ دەفرۆشـرێ لـە هـەر دە ژن چواریـان ڕەنگـی پرچیـان لـە ڕشـەوە دەگۆڕن بۆ شـەڕابی و بەڕوویی. ئـەو کارە بـە ئەسـپایی و حەوتـوو بـە حەوتـوو دەکـەن تـا مێردەکانیـان پێیـان نەزانـن و چاویـان وردەوردە لەگەڵ ڕەنگی تـازە ڕابـێ.

مـن واق مابوومـەوە و لـە ئـەو ڕۆخسـارە زەعفرانییانـە ڕامابـووم کـە پرچـە سـوور و زەردەکانیـان هیـچ پیوەنـدی بـە ڕەنگـی پێسـتیانەوە نەبـوو و هەیکەلـی ورد و لاوازی ئەوانـم دەبینـی کـە لەنێـو جلـە ئوروپایەکانـدا ون ببـوو و دووبـارە گێـژ ببـوم. پەنجـا لەسـەدی ژنانـی ژاپـۆن بەتایبـەت لـە تۆکییۆ جلـی ڕۆژاوایـی لەبـەر دەکـەن، تـازە نرخـی کیمۆنـۆ لـە نرخـی جلـە ئوروپایـەکان زیاتـرە مەگـە لـە فروشـگا گەورەکانـی کـە جلـە تایبەتەکانـی ئورووپـا دەفـرۆش جـل بکـڕم لەوێـش تەنیـا چاوەیەکـی چووکە بۆفرۆشـتنی کیمۆنـۆ هەیـە و ئەوانـی دیکـە دانـدراون بـۆ فرۆشـتنی جلەکانی ڕۆژاوایی.
ئـەو کچانـەی جلـی ژاپۆنـی لەبـەر دەکـەن وەک بووکەڵەیەکـی زەریـف و جـوان و بەبـێ قیتایـی لەشـیان دێنـە بەرچـاو، بـەڵام هـەر ئـەو ژنانـە لـە جلـە ئوروپاییەکانـدا زۆر دەگـۆڕن و سـمتی گـەورە و شـانە پانەکانیـان مـرۆڤ تووشـی سەرسـووڕمان دەکا کاتێـک جلـی ئوروپایـی لەبـەر دەکـەن پاکێکەشـیان لـە نـاو دەچـێ و وەک سـەلیتەیەک دێنـە بـەر چـاو. سـەندەڵەکانی ژاپۆنـی ناچاریـان دەکا هەنگاوەکانیـان بـە هێمنـی هەڵێننـەوە بـەڵام لـە عـەوەزدا کاتێـک کەوشـی پاژنـە بڵینـدی ئوروپایـی لەپـێ دەکـەن خێـرا دەڕۆن و زاریشـیان لـە جلـی کیمۆنـۆدا گەلـێ جـار داخـراوە، کـە جلـی ئورووپایـی لەبـەر دەکـەن زاریـان دەکەنـەوە و بـەدەوام قسـە دەکـەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنانی کیمۆنۆپۆشی ژاپۆنی وەک تۆکییۆ لە شەودا جوانن بەڵام لە جلی ئورووپایی وەک تۆکییۆ لە ڕووناکایی ڕۆژدا ناحەز دەبن و بەردەوام قسە کردنیان وەک دەنگی سیگناڵی ماشێنەکانی شەقامەکانی تۆکییۆ ئیزعاج و دوور لە تاقەتە.

ژنێکی بەتەمەن نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەی «ئاشی» نووسیوە کە جلەکانی ئوروپایی ژنان و کچانی ئێمە ناچار بە زۆربڵەیی دەکا. دەبێ برەوی زیاتر بەجوانی جلی کیمۆنۆ لەنێو کچان و ژنانی ژاپۆن بدەین، چۆن دەکرێ بەپێی پەتی ژنێکی ژاپۆنی و «ئۆکامیسانێک» ئیلاهەی ژن بی. مێردی ژاپۆنییەکان جەماعەتی «نیکانکوها»یان بەو هۆیە دروست کردووە کە ئەو ڕێزەی کە لە ڕابردوودا هەیانبوو بۆخۆیان بگەڕێننەوە. ئەوان لە بەیانییەکەیاندا دەڵێن ئەمڕۆ بۆ ژیان لەلای «ئۆکامیسانێک» دەبێ وەک «کامیکازێرێک» بەورە بی. ئیتر بەو فرۆکەوانە ژاپۆنییانەی کە لە شەڕدا خۆیان بە فڕۆکەکانی ئامریکایدادەدا و دەکوژران «کامیکازە» ناگوترێ. ئەمڕۆ دەبێ شۆفیری تاکسییەکانی تۆکیۆش بە «کاکمیکازە» بزانین کە لەو هاتووچۆ قەرەباڵغییەی شاردا دەست بە داوێنی بوودا دەبن.

ژنانی ژاپۆنی ئێستا چ جۆرە ژنێکن؟ ئەم پرسیاریان لە ژاپۆنیش لە من دەپرسی دەڵێی ڕوانینی ڕۆژنامەوانێکی بیانی دەتوانی هەر گومانێک لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەتەڵە ناسراوەی ژنانی ژاپۆن لە نێو بەرێ. هەر جارێک کە ئەو پرسیارەم لێدەکرا دڵتەنگ دەبووم و شەرمم دەکرد کە بۆچی ژنانی ژاپۆن ئەو بوونەوەرانە نەبوون کە لە فەرهەنگی ئینگلیسیدا نووسرابوو، بەڵام ژنانی ژاپۆنی وەک ئەوەی مێردەکانی دەستەی «میکۆنکووهای» دەیانگوت نەبوون. قەبووڵمە کە فەرهەنگ و نەریتی ڕۆژاوایی زیاتر لە ژنانی هەموو وڵاتە ئاسیایی، تەنانەت ژنانی چینی کاردانەوەی هەبووە. چون ژنانی چینی زانستێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەخۆبایانەیان لە جیرانەتی لەگەڵ ئەو فەرهەنگە دۆزیبۆوە و لەگەڵ ئازارێکی زۆر لە کڵ دەرهاتبوون، کە ژنانی ژاپۆنی زۆریان مابوو بەو ئاکامە بگەن، بەڵام بەو حالەش ئەگە کچە گوڵفرۆشە ژاپۆنییەکان قۆڵی پیاوانیان دەکێشا و هەموو ڕۆژێک مەتەبی جوانکاری ژنان و فرۆشی کەلوپەلی ئوروپایی زیاتر دەبوو ئێستاش ئەو ژنانە شاعیرانەترین کەسانی ئەو وڵاتە پڕ لە فەرهەنگ و مێژوویە بوون.

لەهەر ماڵێکی ئەو وڵاتە تەنانەت مودێرنترینەکانیان لانیکەم ژوورێکی تێدایە کە بەدار ساز کراوە کە حەسیری لێ ڕاخستراوە و دەبێ کاتێک دەچییە ژووریێ کەوش داکەنی. وڵاتێک کە لەوێ وێستگەی شەمەندەفەری خێراترین شەمەندەفەرەکانی جیهان لە جێژنی ساڵرۆژی دەسپێکی قەفەزەی قەناری زیندوو بەدیاری دەدا و ئێستاش ئەوانەی کە هەڵامەتیان هەیە ئەوەندە بەئەدەبن کە بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەسەر شەقام دەسرۆکەیەکی سپی بە دەم و لووتیانەوە دەبەستن.

کاتێک من خۆم جوابی ئەو پرسیارە دژوارە لە سەر ژنانی ژاپۆنیم دەداوە بیرم لە سۆزانییەکانی دیسکۆکانی گینتزا و یان گیشاکانی کیۆتۆ نەدەکردەوە و تەنیا کچێکی ٢١ساڵانم دەهێنا بەرچاوم کە باوکی کوڕی هەتاو و مێردەکەی کارمەندی بانکە و لە کومێدی جلەکانیدا کیمۆنۆی بە نرخ و گران هەیە بەڵام ئەو جلەی کە پێی جوانە بلۆز و شاروالی ئوروپاییە، کچێک کە کاتەکەی بە سەماکردن بە گۆرانیە ڕۆژاوایەکان ڕادەبوێرێ. بەڵام کاتێک بڕیارە بچێتە ماڵی مێرد یەکەم بیرۆکە کە دێتە میشکێوە دوو کتێب بە ناوەکانی چۆن ژوورەکە پاک کەینەوە و هونەری چێشتلێنەری بە جیدی بخوێنێتەوە. مەبەستم «شایرسوگا» چوارەمین منداڵی ئیمپراتۆرە کە کاتی زەماوەندەکەی لەگەڵ کوڕێکی لاو بە ناوی «شیمازۆ» کە کارمەندێکی ئاسایی بانگ بوو بینیم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەم شت کە لەنێو میوانی زەماوەندی شازادە خانم بینیم ئیمپراتوور بوو چاویلکەی زەرەبینی لە چاودابوو و باڵای زۆر کورت بوو لە پشتێوە مەلەکە بوو کە پرچەکانی وەک «مامیئایزنهاوێر» ڕازاندبۆوە دوای ئەوان شازادە بوو کە پێشتر لە «رووم» بینیبووم. هەموو ئەندامەکانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی و کەسایەتییە ناسراوەکانی شار و لە تەنیشتیان ئەو میوانانەی کە زۆربەی کاتەکان بانگێشت دەکرێن لەوێ بوون.

«سوگا» دوایین کەس هات کیمۆنۆیەکی هاوریشەمی ڕەش و پرتەقاڵی لەبەر بوو کە ١١٧٦ ساڵی تەمەن بوو لە ڕاڕەوی کۆشکی سەڵتەنەتی دیار بوو میکی اجێکی خەستیان بۆ کردبوو و سووراوێکی تۆخیان بۆ لە لێوەکانی هەڵسووبوو، برۆ پان و ڕشەکانی لە دوورەوە لە چاوی دەدا و ڕێک وەک ئەکتەرەکانی شانۆی کابۆکی کڵاوگیسی چەندنەهۆمی لەسەر بوو کە لوولەیەکی سپی لەسەر دیار بوو، ئەو لوولەیە هەمان سەنبوولە کە ژنی ژاپۆنی بەو دەروەست دەبێ کە تەنانەت کاتێک مێردەکەشی خەیانەتی پێ بکا لە هیچ شوێنێک و هیچ کات باسی نەکا ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتێک سەرنجی مرۆڤی ڕادەکێشا جلە سەیر و سەمەرەکانی نەبوو ئەو غەمە بوو کە لە چاوەکانیدا دیار بوو و ئەو بزە دەسکردەی کە لەسەر لێوەکانیدا دیار بوو نەیدەزانی بەو کەوشە دارانەوە هەنگاو هەڵێنێتەوە چون هەموو کات کەوشی تنیسی لەپێ دەکرد.

«چارس» بۆی باس کردم لە هەزار ساڵ پێش ئیستاوە بووکەکانی بنەماڵەی ئیمپراتوور ئاوا جل لەبەر دەکەن بەڵام شازادە خانم بە کێشمەکێشمێکی زۆر و تەنیا بۆ ڕێزگرتن لە باوکی حازر بوو ئەو جلە لەبەر کات. ئەو گوتویەتی مافی ئەوەی هەیە کە بە جل و تۆڕی سپی بووکێنییەوە بێ و لە ئاکامدا بە ڕوخسارێکی غەمناک کە سووئیستفادەی لێکرابوو چووە نێو تالارێکی مارەبڕین کە هیچ نامەحرەمێک مافی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوون و یان تەنانەت چاو لێکردن لەوێشی نەبوو.

چارس دەیگوت: «دەتوانم سوێند بخۆم کاتی چوون بۆ ئەو تالارە لەبن لێوەوە جنێو بە عەرز و ئاسمان دەدا.»

لەنێو باغی کۆشکدا چاوەڕوان بووین تا وتوویژی ڕۆژنامەوانی شازادە خانم کە عالەمێک ڕۆژنامەوان و کامێراوان چاوەڕوانی بوون دەست پێبکا. کاتێک لەگەڵ مێردەکەی «شیمازۆ» هات لە نێوان هەواڵنێرەکان کڵاوگیس و کیمۆنۆ و کەوشە ناخۆشەکانی لە کومیدەکەی خستبوو و جلێکی ئوروپایی لەبەر کردبوو. لە ڕوخساریدا خۆشحاڵی جێی نارەحەتی سەعاتێک پێشتری گرتبوو. «شیمازۆ» پیاوێک وەک هەموو پیاوەکانی ژاپۆن بوو بە ددانی زەرد و ڕوخساری خڕ. لە سووچێکی باغەکە ڕاوەستابوو و تێدەکۆشا بە تەنیا ئاگاداری داب‌ونەریتە کۆنەکان بکا وەک پەیکەرەیەکی مۆمی کە ناجووڵی و ئاگادارە تەنانەت چاوە بادامییەکانی لەپشت چاویلکەکانی ناجووڵێن. سووگا بە پێچەوانەی ئەو ڕاحەت بوو. لەوەی کە هەموو لەبەر ئەو لەو باغە کۆبوونەوە دڵخۆش بوو. کاتێک دوور لە چاوی پارێزەرەکەی کەمێک زیاتری لێ نیزیک بوومەوە چاوێکی لێداگرم دەتگووت دەیهەوێ حاڵیم کات ئەو پارێزەرە هیچ کارە نییە و من دەتوانم لە نیزیکەوە قسەی لەگەڵ بکەم. لەو کاتەوە کە من بوومە هەواڵنێر و بۆ خەواندنی فزوولی خەڵک سەر دەکێشمە کاری خەڵک لە وتوویێژی ڕۆژنامەوانی زۆردا بووم ئەو وتوویژانە زۆرتر بێکەڵک و گەمژانە و تاقەتپڕووکینن. کەسانێک کە وتوویژیان لەگەڵ دەکرێ ڕۆڵەکەیان بە ڕاهێنان کایە دەکەن و قسەیەک دەکەن کە پێیاندا سەپاوە یان فێرکراون، بۆیە هیچ بە زانیاری کەسانی دیکە زیاد نابێ. بەڵام وتوویژ لەگەڵ سوگا زۆر باش بوو. بە باوەڕی من ئەو ژنە ٢١ ساڵانە هەمان ژن بوو کە لە فەرهەنگی ئینگلیسیدا لەسەر ژنانی ژاپۆن نووسرابوو سەمبوولیک لە تەحەموول و ئەڤین بە بێدەنگی و بێ‌بایەخی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەواڵنێرێک لە سوگای پرسی: «شازادە خانم وەک ڕەسمە میردەکەتان بە والاحەزرەت بانگ دەکەی یان شیمازۆ؟»

سوگا لە جوابدا گوتی» «نازانم! شیمازۆ تۆ بڵی پێت باشە چۆنت بانگ بکەم؟ والاحەزرەت یان شیمازۆ؟»

یەکی دیکە پرسی: «کێ یەکەم کەس پاکەتی یارمەتی مانگانەی بەڕیز شیمازۆ دەکاتەوە؟»

-باش ئەوەیە خۆی لە پێشەوە پاکەتەکە بکاتەوە چون من کەسێکی ئەبلەخەرجم و زۆر زوو پووڵەکە تەواو دەکەم و دوایە تووشی ناخۆشی دەبین، هەر لە ئێستاشەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە کێشەمان هەیە.

-لە چ ڕێگایەکەوە هاوسەرەکەتان ناسی؟ بە دڵنیاییەوە ئەو زەماوەندەی ئێوە لە پێشەوە بۆتان تەعین نەکراوە.

-لە مەیدانی تنیس توونیم بوو و ئەوێش هات و «کووکاکوولا»یەکی بۆ هێنام.

کاتێک لێیان پرسی لەوەی بنەماڵەیەکی سەلتەنەتی بەجێ دەهێڵێ تا ببێتە ژنی ژاپۆنییەکی ئاسایی وەک هەر ژنێکی ژاپۆنی دیکە بژی چ هەستێکی هەیە؟

زۆر هێمن دەستی بە قسە کرد: «لەوەی کە ئەو کەشە بجێ دەهێڵم بەداخ نیم زیاتر نیگەرانی ئەو کەشەم کە بڕیارە بچم و هەستی بکەم. من کە شتێکی زۆر لە بابەت شێوەی ئیدارە کردنی ماڵێک نازانم و هیوادارم بتوانم هاوسەرەکەم لە خۆم قایل کەم.

هەموو سەریان سووڕمابوو لەگەڵ ئەوەی سەعاتێک لەوە پێش سوگا زۆر ڕاحەت بوو ئەو قسانەی دوور لە چاوەڕوانی بوون لەوانەیە شازادە خانم لەیادی کردبێ ئەو خانووە دوو نەهۆمییەی کە بڕیارە تێدا بژی دیاری باوکی یانی ئیمپراتوورە و ئەو جیازەی کە لەگەڵ خۆی دەیباتە ئەو ماڵە بۆ مرۆڤێکی مایەپووچی وەک شیمازۆ وەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەوە وایـە کـە لـە چەرخـی بەختـدا بـراوە بووبـێ. مـاڵ و جیـازی خـۆی ئێسـتا هـی ئـەو پەیکـەرە مۆمییـە بـوون.

کاتێک وتووێژی ڕۆژنامەوانی کۆتایی هـات سـووگا تەنانـەت نەیویسـت وەک ئـەوەی پێگـە و داب‌ونەریت دەیخواسـت هەنگاوێک وەپێش شـیمازۆ هەنگاو بنێ شانبەشـانی ئـەو دەڕۆێشـت و کاتێک گەێشـتە درگای دەرێی کۆشـک لـە پـڕ هەناگاوەکانـی هێمـن کـردەوە تـا مێردەکـەی وەپێـش کـەوێ هـەر بۆیـە کاتێـک بیسـتم سـووگا لـە میوانـی سـبەینێکەی کەیکـی شـەش نەهۆمـی بووکێنـی کـە بـە نەریتـی ژاپۆنییـەکان دەبـێ بەدەسـتی زاوا ببڕدرێی خۆی بڕیبوو سـەرم زۆر سـووڕما وێنـەی ئـەو لـە کاتێک کە خەریک بوو کەیکی دەبڕی لـە هەمـوو ڕۆژنامەکانـدا چـاپ کرابـوو. کاتێـک بـۆ بینینـی شـازادەخانم «ستزوکوشی‌شـی‌یو» کـە پـووری سـوگا بـوو دەچـووم چـاوم بـەو ڕۆژنامانـە کـەوت. پـووری بـووک یەکێـک لـە سـونەتیترین ژنانـی ژاپـۆن بـوو پێـم خـۆش بـوو بزانـم چـۆن پاسـاو بـۆ ئـەو کارەی «سـوگا» دێنێتـەوە.

گەورەیـی و هێمنـی بـە هەمـوو شـتێکییەوە دیاربـوو. ماڵەکـەی ڤیلایەکـی دارینـی نێو کۆشکی پاشـایەتی بوو. ئـەم ڤیلایـە لـە جیات ئـەو باڵەخانەیەی لـە جەنگـەی شـەردا سـووتابوو، بنیـات نرابـۆوە.  ژوورەکـەی وەک ژووری ئوروپاییـان ڕێکخرابـوو و تەلەفزیۆنیشـی لێبـوو. لـە دەرێ بایەکـی تونـد دەهـات و «سـتزوکۆ» بـە کیمۆنـۆ قەدیمییەکیـەوە بە تەنیا لەماڵ دانیشـتبوو تـا سـەنەدێکی زینـدوو لـە گەورەیـی مێـژووی بنەماڵـەی سـەلتەنەتی ژاپـۆن بێ. لـە ژنـی موهاراجـە جایپـوور کـە لـە سـووچێکی دیکـەی دنیـا کـە گلەیـی لـە گـۆڕانکاریەکانـی جیهـان بـوو ئارامتـر دەهاتـە بەرچـاو. دەیگـوت: «ئـا بەڵـێ زۆمـان لـەو ئـاورە ترسـناکەدا لەنێوچوویـن و لەیادمـان کـرد چـی بوویـن و هەرگیـز وەبیرمـان نایاتـەوە.»

لەسـەر میـز و لـە تەنیشـت کۆپـی چـا سـەوزەکان ڕۆژنامەیـەک بـە وێنـەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوگا کە خەریکبوو کەیکی شەش نەهۆمی دەبڕی دەهاتە بەرچاو. بەسەرسووڕمانەوە چاوم لەو کرد.

-لە مەبەستەکەت گەیشتم و دەزانم چییان بە ئێوە گوتووە بەڵام من پێموایە «سوگا» کارێکی شیاوی کردووە ئەو زەمانە ڕۆیشت کە ژنانی ژاپۆنی زێدەڕۆییان لە فەداکاری و فەرمانبەری و ڕێزداناندا دەکرد. تکایە بۆ خوێنەرانتان بنووسن، لەسەر کەلەوای شارەکانی ئەو وڵاتە کە هەموو بوونە چەشەی ئاور و جیلێکی نوێ لە ژنان هاتنە دنیا کە ئیتر نەتەنیا سەنبولی جوانی یان بووکەڵەیەکی ناسک نییە بەڵکوو دەتوانێ لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدا. هەموو ئەوانە ئاکامی شەڕە، ژنانی ژاپۆنی تەنیا کەسانێکن کە لەو شەڕە وێرانکەرەدا سەرکەوتوو بوون.

نازانم کە شازادە خانم «ستزوکوشیشیو» لە شەڕدا سەرکەوتوو بووە یان نا؟ کاتێک دەنگیشی هەڵدێنێ ڕوانینەکەی لە ڕادەبەدەر خەماوییە بەلام بەبێ شک کچانی وەک «سووگا» براوەی ئەو شەڕەن. سەیر ئەوەیە کە ئەوی بووەتە هۆی ئەو سەرکەوتنە هەمان سەربازە ئەمریکایانەن کە ژاپۆنییەکان زیاتر لە هەموو کەس ڕقیان لێیانە؛ کسانێک وەک ژنراڵ مەلەک ئارتوور.

دەڵێن ئەمریکایەکان هەمان کاریان بۆ ژاپۆنییەکان کرد کە کۆمۆنیستەکان یان لەوانەیە باشترە بڵێم ڕووسەکان بۆ چینیان کرد، یانی هەردووک وڵاتەکەیان لە دیلایەتییەکی هەزاران ساڵە ڕزگار کرد و ئەو شۆڕشانەی کە چەندین ساڵ لەوە پیش باسیان نەمابوویان هێناوە مەیدان. ڕاستە کە ژنانی ژاپۆنی هیچ کات یاسایەکیان لە پێوەندی نەوارپێچ کردنی لاقەکانیان و فەرە ژنی نەبوو بەڵام کتێبی یاسای زەماوەندی ئەوان هەمان شتن کە بە قەولی «کونسویسوس» دەتوانێ ببێتە هۆی تەڵاقی ژنێک. هێندێک بابەتی وەک ئێرەیی بردن، پێڕەوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکردن، غەیبەت و نەزۆکی ژن. لە ژاپۆنیش وەک چین هەر ژنێک دەبێ سێ ڕێگای پەیڕەوی کردن فێر بێ. پەیڕەوی کردن لە بابی پێش زەماوەند، پەیڕەویکردن لە مێرد دوای زەماوەند و پەیڕەویکردن لە کوڕ دوای مردنی مێرد. لە ژاپۆنیش وەک چین کچەکانیان لەبری کیسەیەک برینج دەنارە سۆزانیخانەکان تا ساڵی ١٩٥٧ پۆلیس لە دوورگەی هوکایدۆ لەگەڵ ئەو ڕوداوانە ڕووبەڕوو بوون لە ژاپۆنیش وەکی چیین ئاماری خۆکوژی ژنان زۆر لە پیاوان زیاترە و هیوای ژنێک بۆ ئەوەی کە ڕێزی لێ بگیرێ ئەوەیە کە چاوەڕوانی ئەوە بێ کە پیر بێ. وشەی «شگوجینپگین» کە ماناکەی دەبێتە ژنێک کە کار دەکا تا ئەو ساڵانەی دوایی لە ژاپۆن بە جیگای جنێو و تەشەر کەڵکی لێ وەردەگیرا ساڵی ١٩٠٠ ژنێک بە نێوی کاچایونا کە دەیگوت دەبێ یارمەتی بە کاریگەر و فەرمانبەرە ژنەکانیش بدرێ وەک جنایەتکارێک ڕفتاری لەگەڵ کرا، ئەو کات یاسا دەیگووت ناکرێ منداڵان و نەخۆشان و ژنان هیچ شێوە هەوڵ و چالاکیی کۆمەڵایەتییەک بکەن. سالی ١٩٢٣ کە بوومەلەرزە حەفتا لەسەدی ماڵەکانی رووخاند ئەوەی کە بڕوایان وابوو کە ژنان هیچیان لەدەست نایا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ژاپۆن ئیدارەی شار کەوتە دەست ژنان و کاری جۆراوجۆری وەک کرێکاری، شۆفیری و خزمەتکاری ڕیستوران و فەرمانبەرییان گرتە ئەستۆ ژنان توانیان هەموو ئەو کارانەی کە تا پێش ئەو پیاوان دەیانکرد بکەن. زۆریان بۆ یەکەم جار جلە ئورووپاییەکان کە لەگەڵ بەسەتەی یارمەتی وڵاتەکانی دیکە دەکەوتە دەستیانیان لەبەر کرد شتێکی دیکەیان بۆ لەبەر کردن نەبوو. ئەو جلانە زۆریش مورتاح بوون. دواییش نۆرەی شەڕی جیهانی دووهەم هات و وەک ئینگلیس و ئاڵمان لە ژاپۆنیش ئەو دروشمە بیسترا کە شوێنی پیاوان لە ڕیزی پێشەوەی شەڕ و شوێنی ژنان لە کارخانەیە. کەوایە زۆر لە ژنانی ژاپۆنی کە هیچ کات بەبێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێردەکانیان لە ماڵیش نەهاتبوونە دەرێ وە جووڵە کەوتن فێر بوون ئونیفۆرم و باڵتەی سەربازی بدوورن تەنانەت «گیشا»کان لە ژوورە بۆن خۆشەکانیان هاتنە دەرێ تا بتوانن کارێک بۆ وڵاتەکەیان بکەن ئەو ژنانە لە ژێر بۆمببارانە تاقەتپڕووکێنەکان تا کارەساتی هیرۆشیما پێبەپێی پیاوەکانیان شەڕیان کرد و کاتێک پیاوەکان دۆڕاو و بێبایخ بە لەش و ڕووحێکی ماندوو گەڕانەوە ماڵەکانیان لە کۆتاییدا دوای هەزار ساڵ بەو ڕاستییەیان زانی کە ئەوان نەدۆڕاو و نەمر نین زۆر لەو پیاوانە ئیتر نەگەڕانەوە ماڵی بەجێی ئەوان پیاوانێکی دیکە لە کەشتی دابەزین کە باڵابەرز بوون و قژیان زەرد بوو و قاوچەیان دەجاوی و هێندێک جاریش تفیان لەسەر عەرز ڕۆدەکرد، بەڵام هەر ئەو پیاوە پڕوویانە لەلای ژنان شەرمیان دەکرد چون لە وڵاتێکەوە دەهاتن کە لە سەدەیەک لەوەپێشەوە ژنان ئەربابی ڕاستەقینە بوون بە ئەو پیاوە باڵابەرزە قژ زێڕینانەیان «جی-یەک» دەگووت. ئەوان هەر ئەوانە بوون کە ژاپۆنییە وردیلەکان بە هیوا بوون وەک سپایەکی مێروولە لە نێویان بەرن.

کەس نەیزانی چی بەسەر ئەو ژنە ترساوە کیمۆنۆ لەبەرانرە هات، ژنراڵ مەلەک ئارتوور هەلێکی باشی دۆزیبۆوە تا پیاوە شکستخواردووەکانی ئەو وڵاتە سووک و چرووک کات ئەو جارێک لە شەردا سووکی کردبوون و ئێستاش شەڕێکی کۆمەلایەتی وەڕێ خست کە لەوێ ژنان بە مافی خۆیان کە تا ئەو کات هیچیان لێ نەدەزانی بزانن. ئەوان زانیان کە باوەڕ بە ئەو تابۆیانەیە کە تا ئەو کات بڕوایان پێی بوو چەندە مەسخەرە و پێکەنیناوییە. کاتێک ژنراڵ «مەلەک ئارتوور» توانی ئیمپراتوور «هیرووهیتوو» ناچار بکا کە لە نێو وتارەکەیدا بابەتی خودا بوونی شتێکی درۆیین و پڕ و پووچ کچانی وەک سووگا تەنیا حەوت ساڵ بوون تەنیا چەند ساڵی خایاند تا خودای هەتاو کیمۆنۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داهۆڕە زیڕینەکەی داکەنیَ و بە کۆت و شاروالّی خەت خەتەوە لە شەقامەکان پیاسە بکا تا نیشانی بدا تەنیا پیاوێکی کورتەبالاّی چاویلکە لە چاوە؛ هەڵبەت «مەلەک ئارتوور» بۆ چووکە کردنەوەی ئەو قەبووڵی کردبوو بەجێگای کۆشکی سەلتەنەتی ئەو مرۆڤە کورتەبالاّ چاویلکە لە چاوە لە هۆتێلی «دامیرچە» چاوی پێبکەویَ. لەویَ توانی یاسایەکی زۆر دەستنشان کات یەک لە یاساکان کە مادەی ٢٤ دەڵی زەواج بابتەێکی دوولایانەیە و ژنیش وک پیاو دەتوانی داوای تەلاّق بکا، ژنان لە ٣٠ساڵانەوە دەتوانن خۆیان بۆ خۆیان بڕیار بدەن ئەو ڕووداوانە لە ساڵی ١٩٤٦ ڕوویدا و هەر لەو ساڵەدا ٢٦ ژن بوون و بە نوێنەری مەجلیسی ژاپۆن و ٣٧٠ کەس بۆ سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکان و شوێنە جۆراوجۆرە دەوڵەتییەکان هەڵبژێردران، دووکانەکانی «گینزا» پڕبوون لە جلەکانی ئورووپایی ئەو ژنانە لای کیمۆنۆوە ناحەز دەهاتە بەر چاو لای لاق گوشاد و سەرەوەی تەسکیان دەهێنا بەر چاو بەلاّم لەبەرچاوی ئوروپاییەکان جلێکی زۆر جوان بوو. ئەوان هەر بەو جلانەوە چوونە بار و سینەماکان و بوون بە بەڕێوەبەر لەو ئیدارانەی کە هاوپەیمانەکان وەڕێیان خستبوو. فێری زمانی ئینگلیسی و سەمای گەمژانە بوون بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەوانە سەوتی مندالانە و ڕێز و گەورەیی هەزاران ساڵەیان لە بوونەوەرێک بە ناوی پیاو جیا نەبۆوە.

هەر بەشێوەیە توانیان دڵی پیاوە بالاّبەرزە قژ زێرێنەکان لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەمریکا کچانی جوانتر لە کچی ژاپۆنی کەم نەبوون بگرنە دەست. چیرۆک لەبارەی ئەوین و خۆشەویستی لە مابەینی سەربازە ئەمریکاییەکان و کچە ژاپۆنییەکان زۆرن کە هیندێک جار دڵخۆشکەر و هێندێکیش پڕ لە غەمن.

لە بابەت ئەو پیاوانەی کە فێر بوون لەسەر عەرز بخەون و بە چیلکەی ژاپۆنی خواردن بخۆن چیرۆکی زۆر نووسراوە. دەتگوت سەربازە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمریکاییەکان پێشبینینی ژنی ژاپۆنی ژنێکی دیکەیان لە ژیانیاندا نەبینیبوو. کچانی جوانی کالیفۆرنیا و نیبراسکا لە هەیکەلە باریکەکانیان دەروانی و دەیانگوت پیاوەکانی ئەوان چیان لەو ژنە کورتەبالاً دەم و چاو پانانەدا بینیوە مەسەلە ئەوە بوو کە سەربازە ئەمریکاییەکان عاشقی میهرەبانی ژنە ژاپۆنییەکان دەبوون. بە پێچەوانەی ژنانی ئەمریکا کە تەقەیان لە سوورپێستەکان کردبوو و وەک پیاوان لە پشت فەرمانی ماشێن دادەنیشتن.

ئەوان عاشقی ئەو ژنانە ببوون کاتی گەرانەوەیان بۆماڵی کڕنۆشیان بۆ دەبردن و خواردنیان پاروو دوای پاروو دەخستە زاریانەوە.

یەکەم ساڵی گرتنی ژاپۆن لەلایەن ئەمریکا سی و پێنج هەزار زەماوەند لە توکیۆ و پازدەهەزار لە ئۆزاکا لە مابەینی کچانی ژاپۆنی و سەربازە ئەمریکاییەکان ڕوویدا. دەوڵەتی ئەمریکا کەوتە نەزا تا پێش لە بردنی کچە ژاپۆنیەکان بۆ ئەمریکا بگرێ. ئەوان لەگەڵ بابەتی ڕەشەکان ڕووبەڕوو بوون و ئێستا دەترسان زەردپیستەکانیش مەترسییەکی دیکە بن بۆیان. کچە جحێڵەکانی ئەمریکا نارەزایەتییان دەربڕی و گوتیان دروست نییە ئەو ماڵیاتەی ئێمە دەیدەین بۆ ئەو مەدرەسانە سەرف بێ کە فیری ئەو ژنە ژاپۆنییانە دەکەن کە کۆتلێت و ژامپۆن لینێن.

زۆر لە ژنانی ژاپۆنی قەت نەیانتوانی بچنە ئەمریکا و چارەنووسیان وەک چارەنووسی مادام «باترفلای» لێهات بەلام ئەوان لە نەزەر ڕووحی شکستیان بە پیاوان هێنابوو.

لەوانەیە ئەو نموونە ناسراوە لە هەمبەر ژنانی ژاپۆنی هەر ئەو کات کەوتە سەر زاران بەڵام دەبێ بزانین ئەو ژنە ژاپۆنیانەی کە دانیشتووی ئەمریکان ڕایان چییە؟ شوێنیک کە مرۆڤ لێی دەژی کاردانەوەی لەسەر هەر شتێک تەنانەت زەرافەتی ژنانە دەبێ. زۆر لەو ژنە شیرین و گوێڕایەڵە کاتێک گەیشتنە جیهانی ڕۆژاوا بوونە بوونەوەرێکی دیکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتێکی دیکە کە لەوانەیە گەشتیارە هەستیارەکان دڵگران کات ئەوەیە کە بزانن شۆڕشی ژنانی ژاپۆنی بەپێچەوانەی ئەو شێعرانەی کە گوتراوە لە ڕێی نفووزی پڵاوپەزە کارەبایی و کەلوپەلی دیکەی کارەبایی و کەلوپەلی جۆراوجۆری (مەنعی منداڵ بوون) ڕوویدا.

پیش شەڕ ژنانی ژاپۆنی لە هەموو تەمەنیاندا زوودپەزی کارەباییان نەبینیبوو و لێنانی برینج کە وەک زۆربەی وڵاتەکانی دیکەی ئاسیا خواردنی سەرەکییە لە ژاپۆن لانییکەم دوو سەعات و هێندیک جار زیاتری دەخایاند؛ ژنانی ژاپۆنی بە پڵاوپەزە کارەباییە هەرزانەکان فێر بوون کە لە چەند خولەکدا برینج لێنێن و کاتەکانی کە بیکارن لە دەرەوەی ماڵەکانیان کە تا ئێستا تێیدا دیل بوون تێپەڕ بکەن و تەنانەت کاتیان بە کایەکردن لە پێش ئامێری پووڵ خەسارکەری فیلپە کە لە «لاس‌وەگاسەوە» هێنابوویان تێپەڕێنن.

سەربازە ئەمریکاییەکان دوای داگیر کردنی ژاپۆن ئەو ماشێنانەیان بە هەموو شوێنیکدا بڵاو کردەوە و لە چەند مانگدا هەموو کووچە و شەقامەکان پڕ بوو لەوان، بۆ کایەکردن بەوان دەبوو تۆپێکی ئاسنی بە کوونێک کە بە دەستگیرەیەک دەکراوە و دادەخرا دەخست و دوایە ئەو تۆپەت بۆ لای چەند کونی دیکە دەکێشرا و ئەگە تۆپ لە شوێنی مەبەست دەکەوت دەستگا چەند تۆپی دیکەی دەخستەتە دەرێ کە بۆ هەر کام لەوان هێندێک پووڵ دەدرا بە ئەوە کەسەی کە کایەکەی کردووە. ئەو ماشێنانە جۆرێک ڕۆلیت بۆ کەسانی فەقیر بوون نرخی هەر تۆپێک پەنجا ین بوو و ئەگە یەکێک بیتوانیبایە پەنجا تۆپ برێتەوە هەزار و پێسەد ینی بەدەست دەهێنا.

ئەو پووڵە لانیکەم بەقەدر پوولی دوو ڕۆژی کرێکارێک بوو. ژاپۆنییەکان عاشقی ئەو کایەیەی بوون و کاتێک نوێنەرە ژنەکانی مەجلیسی ژاپۆن توانیان یاسای داخستنی سۆزانیخانەکان بسەپێن گەڕەکێکی گەورەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆکیۆ بە ناوی «توسیهارا» کە پێشتر ناوچەیەکی خراپ بوو و دوایە پڕ بوو لە ماشێنی فیلپێر چون قومار کارێکی گەمژانەیە لەگەڵ زاتی ژنان تێکەڵە. کاتێک من خۆم شەوانە لە گەڕەکی «توسیهارا» بە دوای سۆزانیخانەکاندا دەگەڕام تا لیدوان لەگەڵ ژنەکانی ئەوێ بکەم هەزاران ژنم بینی لە تەنیشت یەک ڕاوەستابوون و سەرقاڵی ئەو کایەیەن. دەنگی فیلپێرەکان گوێی ئازار دەدا بەڵام ئەوە سەرنجڕاکێشترین بەسەرهاتی ژنانی ژاپۆنی بوو بۆ من.

لەپێش ئەو ماشێنە نەفرەتییانە کە زیاتر بە کاری «چارلی چاپلین» لە فیلمی (عەسری نوێ) دەهاتن تەنیا ژنان دەبیندران کە بەو کەوشە دڕاوانەیانەوە ڕاوەستابوون و بەو منداڵانەی کە لە باوەشیاندا خەوتبوون گەرمی کایەکردن بوون و چاوەکانیان بە دوای ئەو تۆپە ئاسنییە نەفرەتیە کە نیشانەی ئازادی ئەوان بوو، بوو.

ئێستا نۆبەی ڕووداوی کۆنترۆڵی کۆمەڵگەیە ئەو کارە لە وڵاتێک کە ژنەکانی لە کۆنەوە بۆ هێنانە دنیای منداڵی زۆر دەچوونە ماڵەمێرد کارێکی دژوار دەهاتە بەرچاو ئەگە پێش شەڕ ژاپۆنیەکان جوابی گەشە بکەن و منداڵتان ببێیان دەداوە دوای شەڕ دەوڵەت بڕیاریدا کە یاسای کۆنترۆڵی خێزان بێننە ئاراوە.

ژاپۆنییەکان هەموو ڕۆژێک زیاتر لەگەڵ وەشەی وەک «سانگیسیکە» بەمانی لەباربرردنی منداڵ بوو و «ژووتای چوستۆ» کەبە مانای کەلوپەلی مەنعی منداڵە ئاشنا بوون. ئەو وشانە کەوتبووە سەر زاری هەموو کەس و گۆڤار و ڕۆژنامە نەمابوو کە لەبارەی ئەوانەوە بابەت نەنووس. ژنانی ژاپۆنی بە پێچەوانەی چینییەکان قەت ئیدعای نەجابەتیان نەبووە و لەگەڵ تابۆ ڕەگەزێکان دەرگیر نەبوون ژاپۆنییەکان لە سەد ساڵ لەوەپێشەوە عادەتیان بوو بە کۆمەڵ حەمام بکەن و ژن و پیاو و پیر و لاو بەیەکەوە بچنە حەمام؛ ئاوا ڕووداوێک هیچ کات لە چین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕوونـادا هیـچ پیاوێـک بیجگـه لـه مێردەکـەی لەشـی ژنـی چینـی نەدەدیـت دەسـتووری منداڵ بوونـی زۆر لـه ژاپـۆن لـه ڕووی مەزهـەب و خورافـەوە نەبـوو و هەمووکاتێـک زەرووڕەتێکـی کۆمەڵایەتـی بـوو بۆیـە خەڵـک لـە بەرابـەر ئـەو بزووتنـەوە نوێیـەدا گاردیـان نەگـرت چـون هەسـتیان دەکـرد لـە بەرابـەر بابەتێکـی نەتەوەیـی دان و دەبـی دروسـتی لەگـەڵ بجووڵێـن.

زۆری نەخایانـد کـە دەوڵـەت بـە دڵخۆشـی و سـەربڵێندی ڕایگەیانـد کـە ئامـاری مـردن لەگـەڵ ئامـاری هاتنـە دنیـا بەرابـەرە و سـەرۆکی بیهداشـت گوتـی: «ئـەو پێشـکەوتنە تەنیـا ژنـان کردوویانـە. سـێ بەشـی ژنانـی ژاپۆنـی کەڵـک لـە کەلوپەلـی مەنعـی منـداڵ وەردەگـرن و ئـەو بابەتـە لـە هیـچ شـوێنێکی جیهـان نەبـووە.

خاتـوو «توشـی بـی مـی ناکاجیمـا» نووسـەری ژاپۆنـی لـەم بابەتـەدا نووسـیویێتی «ئەگـەر ئێمـە قبووڵمـان کـردووە کۆمەڵگـە کۆنتـرۆڵ بکەیـن لەبـەر ئـەوە نییـە کـە پیاوەکانمـان ئـەو بڕیارەیـان داوە بەڵکـوو خۆمـان دەرکمـان کـردووە کـە ئـەو کـارە بـە سـەلاحمانە ئێمـە لـە ئەربابایەتـی پیـاوان لـە دەورانـی پێـش شـەڕ بێجگـە لەبیرەوەرییەکـی دوور هیچمـان لەبیـر نەمـاوە ژاپـۆن لـە ڕۆژگاری ژنانـی بیرتیـژ و شـۆڕشـی دایـە ئێمـە ٣٥هـەزار ڕێکخـراوەی تایبەتـی ژنانمـان هەیـە کـە ١١ملیـۆن و نیویـان ئەنـدام هەیـە، ٦ملیـۆن ژن لـە کارخانـەکان و ٩ملیـۆن لـە کێڵگـەکان سـەرقاڵی کارن و تەنانـەت تەراختـۆن و کۆمبایـن لێدەخـوڕن.

کـەس بـە دژی قسـەکانی ئـەو ژنەیـە، لـە ژاپـۆن هیـچ کارێـک بێجگـە لـە سـەربازی بـۆ ژنـان مەنـع نییـە. زۆربـەی سـەلمانییە پیاوانـەکان ژنـن و تەنیـا سـەندیکای ئارایشـگاکانی تۆکیـۆ ١٧٠هـەزار ئەندامـی ژنـن، لـە شـاری کیوتـۆ کـە لـە کۆنتریـن شـارەکانی ژاپۆنـە شـتێکی سـەیریان بینـی بـە بـاوەڕی مـن ژنـراڵ «مـەگ ئارتـوور» نەیزانیـوە کـە ناکـرێ داب و نەریتـی کۆنـی وڵاتێـک و نەریتێـک کـە پشتبەپشـت هاتـووە بگـۆڕدرێ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەست هەموو کات پێش مەنتەق دەکەوێ، من لە تۆکیۆ بەو بابەتەم زانیبوو ڕۆژێک «چارس» دوو کچ کە نموونەی نەریتبەزێنی و ژیانی مۆدێرن لە ژاپۆن بوونی پێ ناساندم یەکیان ئەکتەری سینەما و ئەوی دیکە ڕەخنەگری ئەدەبی چەند ڕۆژنامە و گۆڤار پێشکێشکاری بەرنامەیەکی تلڤزیۆنی بوو. ناوی ئەکتەری سینەما «مومیک کۆکی» بوو و «سۆفیالۆرێنی» ژاپۆن بوو جیاوازی لەگەڵ «سوفیا لۆرێن» ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی ئەو هیچ فیس و ئیفادەیەکی نەبوو.

«مومۆک» زۆر خاکەڕا بوو کاتیک هاتە ئەو هۆتێلەی کە من لەوێ بووم تا بەیەکەوە قسە بکەین هەیکەلێکی قەبەی بوو و بە پێچەوانەی ئەوەی من بیرم لێ دەکردەوە خەرفاو بێ زانیاری نەبوو شتی زۆری لە «پیکاسۆ» و «مودیلیانی» دەزانی کتێبی زۆری خوێندبۆوە و بە دوای چەند سەرچاوە لە بابەت بە کار هێنانی سوسیالیزم لە ئورووپادا دەگەڕا.

کچێکی ئەوڕۆیی بوو ئەوندە ئەوڕوویی کە دەیگوت موسیقای ژاپۆن تاقەتپڕوکێنە و حازر نەبوو لەسەر عەرز دانیشێ و نەیدەویست شوو بکا، دەیهەویست ئیدامە بە کارەکەی بدا و بە جێگیەکی باش بگا. سەعات ١١ی شەو قۆڵی کیمۆنۆکەی کە بەسەر سەعاتە ئیلکترۆنیکەکەی لە دەستی بەستبووی لادا و گوتی دەبێ زوو بچیتەوە ماڵی بۆی باس کردم کە لە ماڵی لەگەڵ دایک و باب و شەش براکەی دەژی و نابێ درەنگ بڕواتەوە.

پرسیم ئەگە درەنگ بڕۆیەوە دایک و بابت لێت تورە دەبن؟

-نا بەڵام هیچ لەوە ناحەزتر نییە کە درەنگ برۆمەوە ماڵێ.

ناوی ڕەخنەگری هونەری «ماساکۆگۆسۆ» بوو کچێکی سەرنجراکێشی ٢٤ساڵان و جلەکانی ئاخر مۆدی ئوروپایی بوون بە تاقی تەنیا لە بینایەکدا لە نیزیک «ئەمپریاڵ هۆتێل» دەژیا چون دایک و بابی هێشتا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دێ بوون و «ماساکۆ» لە چوار ساڵ لەوەپێشەوە کە بۆ دۆزینەوەی زێر هاتبووە تۆکیۆ ئەوانی نەبینیبوو ئارام و زەریف قسەی دەکرد و دەجووڵا زۆر بەحەزەوە لە «دوئیلیو»ی دەڕوانی و زۆری نەخایاند کە پێی لەوەنا کە عاشقی جەوانەکانی ئورووپایە. «دوئیلیو»یش زۆر زوو ئەوی بە نانی شەو بانگێشت کرد و هەرچۆنێکی بێ بە ئیشارە من و «چارس»ی تێگەیاند کە بەتەمایە بەتنیا بچێ و نابێ موزاحیمیان بین «ماساکۆ» سوور هەڵگەڕا و گوتی: «ئامادەیە سەعات ٧ی شەو لەگەڵ «دوئیلیو» بچێتە ڕێستووران «دوئیلیو» کەیفی زۆر ساز بوو لە دارستان و کێو و دەریاکان تێپەڕیبوو کە بتوانێ «ماساکۆ» بەتەنیا ببینێ، دانی بەوەدا هێنا کە هیچ بیرۆکەیەکی خراپی لەسەردا نییە بەڵام لەوی کە توانیوێتی کچێکی ڕۆژهەڵاتی بدۆزێتەوە کە قەول و قەراری لەگەڵ دانێ زۆر دڵخۆشە ماڵاواییمان لێ کرد و چارس ئادرەسی ڕیستوران کە بڕیار بوو من و ئەو لەوێ شام بخۆینی لەسەر کاغەز نووسی و دای بە «دووئیلیۆ» تا ئەگە شتێک هاتە پێش بتوانێ پێوەندیمان پێوە بگرێ.

پێمان گوت: «شەو زوو بخەوێ تا بتوانێ سبەی بەیانی زوو لە وێستەگەی ڕێ ئاسن بێ و ئەو شەمەندەفەرەی کە قەرار بوو بمانباتە کیۆتۆ بەجێی نەهێڵێ.»

٨و نیوی شەو «دووئیلیۆ» لەولاوە هاتەوە قەتم ئاوا پەرێشان نەبینیبوو ئاور لە چاوەکانی دەباری دەتگووت هەموو پیاوەکانی ئوروپایان لەبەر چاوی ئاور تێبەردابوو.

پرسیم: «چ بوو دووئیلیۆ؟!»

خۆی بەسەر فەرشی ڕێستورانەکە بە عەرزدادا هەروا کە لە خواردنەکانی سەر میزەکەی دەڕوانی گوتی: «دەمهەوێ بگەڕێمەوە ئورووپا.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشـە «دووئیلیـۆ» دوای ژاپـۆن دەبـێ بچینـە «هۆنۆلۆلـۆ» و دوایـە دەگەڕێنـەوە بـۆ «نیۆیـۆرک».

-من دەمهەوێ بگەڕێمەوە ئیتالیا.

لە پڕ وەک تۆقتۆقیلکە تەقیوە و گوتی: «کچە لەگەڵ براکەی هاتبوو» دەیگـووت: «لـە نەریتـی ئێمـەدا نییـە کـە بەتەنیـا لەگـەڵ پیاوێکـی غەیـرە بچینـە دەرێ.»

بێچـارە «دووئیلیـۆ» ئەوەنـدە شـپرزە بـوو کـە بڕیارمـان دا بیبەینـە دیسـکۆ. و ئـەو کارەمـان کـرد.

بەیانـی زوو بـەرەو کیۆتـۆ شـاری گیشـاکان وەڕێ کەوتیـن ئـەو گوندانـەی کـە پێیانـدا تێدەپەڕین ڕێک وەک ئـەو تابلۆیانـەن کـە لـە ژاپۆن وێنـا دەکرێـن زەریـف و دەسـتلێنەدراو و شـاعیرانە. مـرۆڤ تەقریبـەن لـە بیـری دەکـرد کـە هاوسـەفەرەکەی تەنیشـتی کـۆت و شـاروالی لەبـەر کـردووە و کچەکـەی ڕووبـەڕووی گۆرانییـەک لـە ژێـر لێوێـوە زەمزەمـە دەکا؛ کیۆتـۆ تەنیـا شـارێکە کـە لەشـەڕدا بۆمبـاران نەکـرا و تەمەدونـی ڕۆژئـاوا زۆری کار لەسـەر خەڵکەکـەی نەکـردوە کاتێـک گەیشـتینە کیۆتـۆ تـەوا ئـارام بووینـەوە ئـەو تەمەدونـە سـەیرە ڕەنگـی نەمـا و شـێعرەکانی کـە بـۆ ژاپـۆن گوتراونمـان دووبـارە وەبیـر هاتـەوە. کیۆتـۆ لـە لایەلایـەی بارانـدا خەوتبـوو ئـەو چۆمـەی کـە نـاوی «ئارامشـی زێویـن» بـوو وەک پەرستشـگایەک کـە لـە ناخـی دارسـتاندا سـاز کـراوە پڕشـکۆ بـوو. بـە سەرسـووڕمانەوە ڕووت دەکـردە شـارێک کـە زیاتـر لـە خـەون دەچـوو شـەو بـوو و لـە پەرستشـگایەک بـە نـاوی «کانیـاوی پـاک» کـە لەسـەر سـەرچاوەیەک دروسـت کرابـوو چەنـد پیـاو بـە سـەری تاشـراوەوە ڕوو بـە پەرستشـگەکە نـەزای سـەیر و سـەمەرەیان دەکـرد و عـوود و کاغـەزی نووسـراویان دەسـووتاند لـە کۆشـکی نیزیـک پەرسـتگەکە ژنانـە نەزاکانیـان لـە دارە پیـرۆزەکان گـرێ دەدا چڵـی دار کاجـەکان پـڕ بـوون لـە ئـەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاغەزە فرکانەی کە ژنان نەزاکانیان لەسەر نووسیبوو لە گەڕەکی گیشەکان کە ناوی شاعیرانی وەک «هێمنی هەتاهەتایی»، یان «تەیری بەختەوەری» یان «گەڵای لەرزۆک»یان بوو دەنگی ئاوازی ئەو ژنانە دەبیسترا ژیانیان بۆ خزمەت و خۆشەویستی بۆ هاوسەری ژنانێکی دیکە تەرخان کردبوو.

بۆ ناسینی ئەوان هاتبووینە کیۆتۆ چونکین هەموو لەسەر ئەو بڕوایە بوون ناکرێ گیشاکان باش بناسی مەگەر بچی و بە نەهێنی ئەو جیهانەی کە ئەوانی لێ ساز بوون بزانی جوانی و غەریبی پەرەستشگەکان و خانووە چۆڵ لە کەل و پەلەکان و داب و نەریتی ئەو ژنانەکە هەموو کاتێک بە گومانەوە چاویان لە ژنراڵ مەگ ئارتوور کردووە بناسی.

قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە کە لە کیۆتۆ بتوانم چاوم بە «میکی مۆتۆ» بکەوێ. هاوڕێیەکی هەردووکمان «کێنت وانت تایی» داوای لێ کردبووم ئەگە چوومە کیۆتۆ سالاوی ئەوی پێ بگەیەنم.

پێ لەوە دەنێم هەستێکی کونجکۆلی گەمژانە بوو بە هۆی ئەوەی بچمە دیداری ئەو ژنە چون ئەو لەگەڵ کوڕی «میکی مۆتۆ» خاوەنی گەورەترین شەریکەی مرواری جیهانە هاوسەرگیری کردبوو و منیش هەر بۆیە دەمهەویست لە نیزیکەوە چاوم پێی بکەوێ بڕیار بوو لە ماڵی دایکی «میکی مۆتۆ» کە ناوی «توکوکۆ» بوو چاومان بەیەک بکەوێ. ماڵەکە لە دار و کاغەز ساز ببوو و لە بنی کۆلانیک بوو کە بە فانۆسی زەرد و سوور و مۆر ڕووناک دەبوو کاتی چوونە ژووری دەبوو کەوشەکانمان داکەندایە و لەگەڵ ئەو کڕنۆشانەی کە دەتگووت قەت کۆتایی نایا دەچووینە ژووری بەڕێڕەویکی داریندا تێپەڕین کە زۆر خاوێن بوو و چەند ژووری تێدابوو کە هەرکامیان تەنیا گوڵدانیک و میزێکی کورت و چەند کومێدی چکۆلە کە پڕ لە دۆشەگ بوون. لە ژورێکیان دوو ژنی سەیر چۆکیان دادبوو بەڕوانین لەو دوو کەسە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خێرا شتێک دەهاتە مێشکتەوە ئەویش ئەوی کە ناکرێ تەنیا تۆکیۆ بە مەزهەری ژاپۆن بزانی «سۆمیکۆمی‌کی‌مۆتۆ» کە تەمەنی ٣٠ساڵ دەهاتە بەر چاو کیمۆنۆیەکی سەوزاوی لەبەر کردبوو کیمۆنۆی «تۆکۆکۆیشمیتۆ» کە ٧٠ساڵ بوو قاوەیی بوو بە سەرسووڕمانەوە چاویان لێدەکردین دەتگووت سەریان لەوەسووڕماوە کە هەموو ئەو ڕێیەمان بۆ ناسینی گیشاکان پێواوە کارەکانیان وەک جۆرێک گاڵتەجاڕی دەچوو و بە خولْق کردنی چای سەوز بەبێ قەندیان دیار بوو کە جل و تەنانەت پرسیارەکانی ئێمەش بە بڕوای وان پێکەنیناوییە بەڵام لەو ماڵەدا هەستت با ئارامی دەکرد لەو فەزا چۆڵەی کە تەنیا مێزێکی کورت و گوڵدانێکی پڕ لە گوڵ ڕازاندبوویەوە مرۆڤ تووشی سەرخۆشییەکی خۆش دەبوو.

لە پڕ «سۆمیکۆ» لە جێی خۆی هەستا و هەروا کە درگا کێشەوەکەی دەکردەوە گوتی: «تکایە گوێ بگرن دەنگی ئاوازێکی مەخمەری وەبەر گوێمان هات و «سۆمیکۆ» زوو دەستی کرد بە وەرگێران: «سیگارێک خۆی بە ئاور دەسپێرێ دەسووتێ و دەسووتێ و تا کاتی بوون بە خەڵووز ماچی لێوەکانی سێحەبەکەی دەکا گەورەم ئەوە بزانە کە من سیگاری تۆم»، ڕووی کردە من و پرسی: «خۆشە نا؟ ئەوە دەنگی گیشاکانی فێرگەی گیشاگەری کۆترە» لە منداڵییەوە دەست بە فێربوونی ئەو ئاوازانە دەکەن و تا مردن بەردەوامن جاری وایە لە خۆم دەپرسم چوونە پێشی تەمەدون دەتوانێ گیشاگەری لە نێو بەرێ یان نا؟ جوابی خۆم بۆ ئەو پرسیارە «نا»یە وەک ئەوە وایە کە شتێک کە هەموو خەڵکی ژاپۆن خۆشیان دەوێ لە نێو بەرن زەرافەت ئەدەب و هەر شتێک کە لە بیرقووڵی دوورە، هێندیک جار کە دەنگی خوێندنیان دەبیستم هەست دەکەم ئێرەییان پێدەبەم تۆ چی؟ دایکە تا ئیستا ئێرەییت بە گیشاکان بردووە»؟

پیرێژن ڕوخسارە سپییەکەی کردە ئەو و گوتی: «بۆ دەبێ ئێرەییم بێ؟ کاتی شەڕ شارەداری گیشایەکی ناردە ماڵەکەمان کە ماڵەکەیان لە بۆمبارانـدا ڕمابوو ژنێکی شیرین بوو تەنیا چاویشی لە مێردەکەم نەدەکرد هەموو کارەکانی جوان بوو بریا هەموو ژنانی ئەو زەمانە وەک گیشاکان بایەن چاوێکی بەلاجەوە لە کچەکەی کرد و دوایە ڕووی کردە ئێمە و گوتی بۆ نموونە کچەکەی من ببین تەنانەت نازانێ چۆن گوڵەمێلاق لە گوڵدان دەخرێ لە ڕێورەسمی چایی ژاپۆنی هیچ نازانی و کاتێک... نا نا ئیزن بدەن.»

تۆکۆکۆی پیر لە پڕ وەک کچێکی جحێڵ خێرا لە شوێنی خۆی هەستا سەر پێ سێ جار لەبەر دەم دوئیلیو کە بە تەما بوو سیگارێک داگیرسێنێ کرنۆشی برد و ویستی سیگارەکەی ئەو داگیرسێنێ «دووئیلیو» کە سوور هەڵگەڕابوو کشابووە دواوە و ویستی خۆی سیگارەکە داگیرسێنێ «تۆکۆکۆ» بە سەرسووڕمانەوە پرسی: ئەخە بۆ؟

بۆم شیی کردەوە کە چون «دووئیلیو» پیاوە و ئەرکی سەر شانی ئەوە کە هەستێ و سیگاری ژنێک داگیرسێنێ.

تۆکۆکۆ لە جوابدا گوتی: «بە هیچ لەونێک وانییە»

دوایە بێ ئەوەی کە ئیزن بدا من قسە لەگەڵ «دووئیلیو» بکەم سیگارەکەی داگیرساند و درێژەی بە قسەکانی دا: دەزانن کچەکەم چ ڕشتەیەکی خوێندنی هەڵبژاردووە؟ ژەنینی پیانۆ. چەندەم بۆ ئەو هەڵبژاردنەی شەرم کرد و خەجاڵەت بوومەوە. لەو زەمانەدا مرۆڤ تووشی چی نابێ کچان دوای دوو مانگ دەستگیرانی هاوسەرگیری دەکەن و بە ئەو زەواجە ئەویندارانە گەمژانەیە قایل دەبن تەنانەت نایانهەوێ پێش هاوسەرگیری بچنە لای دوکتورێک دوایە سەری هەڵێنا و جۆرێک وەک بڵێی ڕووداوێکی حەماسی دەگێڕێتەوە گوتی نامزەدی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من سێ ساڵی خایاند و دڵنیام ئەگە تووشی ئەو ژانە زگە نەفرەتییە نەدەبووم لەوەش زیاتری دەخایاند شانسێکی سەیرم هێنا مامی دەستگیرانەکەم دوکتور بوو و ئەویان بۆ بانگ کردم و منیش کەڵکم لەو مەجالە وەرگرت و بە بیانووی ژانە زگ داوام لێکرد سەرتاپام بپشکنێ دوایە زۆر زوو بە فەرمی داوایان لێکردم کە زەواج بکەم و چ زەماوەندێکی ئاقڵانە و لە ڕووی مەنتیقێک بوو، لە هەموو ماوەی ژیانی هاوسەرگیرمدا بە مێردەکەم نەگوت خۆشم دەوێی بەڵام ئێستا کچەکەم بۆ ئەولا دەڕوا و بۆ ئەملا دێ بە مێدرەکەی دەڵی خۆشم دەوێی چ بەدبەختیەک. جا دەیویست خۆی لە «ئۆمیای»ش بشارێتەوە. ئەرێئێوە دەزانن «ئۆمیای» چییە.»

دەمزانی، مەبەستی لە «ئۆمیای» دیداری فەرمی ئەو کچ و کوڕەیە کە لە کەسیک بۆ هاوسەرگیری دەگەڕێن. زۆربەی کات ئەو دیدارە لەلایەن «تۆکۆدۆ»یەک ڕێک دەخرا ئەوە بە مانای نێوبژیوانێکی شارەزایە کە ئەویش یەک لە خزمەکانە.

«تۆکۆدۆ» وێنەی کچەکە نیشان دایک و باوکی کوڕە عازەبەکان دەدا و زانیاری لە نێوان هەر دووک بنەماڵە ئاڵوگۆڕ دەکا و ئەگە هەموو شتێک باش بوو «ئومیای» ڕوودەدا.

زۆر کەم لە ژاپۆنییەکان بەبێ ئومیایی هاوسەرگیری دەکەن بەڵام لە شارەکان زۆربەی لاوەکان لەو ڕێگایەوە هاوسەرگیری دەکەن، و ئەوانەی کە ئەو نەریتە پشت گوێ بخەن لەگەڵ نارەزایەتی بنەماڵە ڕووبەڕوو دەبن.

کاتێک «ئاکیلیتۆ» وەلیعەهدی ژاپۆن دەستگیرانەتی خۆی لەگەڵ کچێک بە ناوی «میشیتوشودا» کە لە میوانییەک بینیبووی ڕاگەیاند و نەریتی «ئومیایی» خستە ژێر پێ هاتوهاواری کەسە سونەتییەکان گەیشتە ئاسمان و لە کۆتاییدا وتەبێژی کۆشک ناچار بوو ڕاگەیەنێ کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو هاوسەرگیریە ئاكامی پیوەندییەكی ئاشقانەیە كە لە میوانیەک ڕووی نەداوە و لە ژێر چاوەدێری بنەماڵە و لە ئۆمیاییدا بووە.

داوام لە خاتوو «سۆئیمیکیمۆتۆم» كرد كە باسی «ئۆمیایی»م بۆ بكا؟

باشە بۆ بینینی كۆنسێرت چووبوومە شانگهای كە دایكم نامەی بۆ ناردم كوڕی «میکیمۆتۆ» بە تەمای ئەوەیە كە وادەی ئۆمیایی دانێ و «ناكادۆ»یەک وێنەی منی لە دایكم وەرگرتووە و نیشانی داوە و لە بابەت كەسایەتی و ماڵ و دارایی و ڕابردووی بنەماڵەی من باسی بۆ كردووە، بە دایكم گووت لە بەر ڕێزگرتن لە ئەو دەگەڕێمەوە ژاپۆن بەڵام زیاتر پێم خۆشە بە جێی هاوسەرگیری وەشوێن دەرس و كارەكەمەوە بم. دایكم پێیداگرت و من گەڕامەوە ژاپۆن. بەیانی ئەو ڕۆژەی كە گەڕامەوە ئومیایی لەگەڵ «میکیمۆتۆ» ڕوویدا هەوڵم دا كارێک بكەم كە ئەو من پەسەند نەكا.

كراس و شاروالی ڕۆژاواییم لەبەر كرد و بە بێ هیچ شەرمێک چاوم بڕییە چاوەكانی. قەد و باڵایەكی زۆر بەرچاوی نەبوو، بەو هەموو كارە «میکیمۆتۆ» پەژیوان نەبوو و چەند ڕۆژ دوایە نامەیەكی بۆ نووسیم كە هەر وەک كە نەریتە بە دەنگی بەرز بۆ بنەماڵەكەم خوێندەوە: «بەشێكی ئاوا بوو كە بنەمالەی من پێیان وایە حەیفە چاوپۆشی لەو دەرفەتە بكەین و منیش نامهەوێ سەرپێچی لە داوا و ویستی ئەوان بكەم بێجگە لەوە هەر ژنێک ئاخیری دەبێ هاوسەرگیری بكا وایە؟»

جوابی «ئەرێ»م بە نامەكەی داوە و وادەی هاوسەرگیریمان بۆ دوومانگی دوایی دانا.

دەزانن من و دایكم لەگەڵ یەک هاوڕا نیین؟ بەڵام لە شتێكدا بە تەواوی لەگەڵ یەک هاوڕاین هیچ كاممان باوەڕمان بە هاوسەرگیری عاشقانە نییە هیچ كەسێكی ئاقڵ و ژیری ژاپۆنی بڕوای بەو شێوە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوسەرگیرییانە نییە ئاکامی ئەو هاوسەر گیریانە زۆر جار جوداییە. چون کاتێک مرۆڤ عاشقە وادەزانی خۆشەویستەکەی هەتاهەتییە و کاتێک دەزانی ئەوە ڕاست نییە، دڵسارد دەبێتەوە ئەوانەی کە بە ئومیایی و بە بێ پێشبینی هاوسەرگیری دەکەن قەت تووشی ئەو گومانە نابن تەنیا شتیک کە ناکرێ پێشبینی بکرێ ئەوەیە کە بزانن هاوسەرەکەیان لەوەی کە بیریان لێ دەکردوە باشترە، هاوسەر گیری ئیمە هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوویە هاوسەرەکەم خۆشی دەوێم و منیش هەروا، ئێمە وردەوردە بەو شتەی کە عەشقی پێدەڵین گەیشتووین.

لەوانەیە بتوانم ئاکامگیری بکەم کە میکیمۆتۆ سەنبولی ڕاستەقینەی ژاپۆن و نوێنەری داب و نەریتی ئەنتیکەی ئەو وڵاتەیە.

گیشاکان لە کۆمەڵگەیەکدا لە دایک بوون کە ژنەکانیان بێجگە لە چنینی گوڵ لە گوڵداندا هیچ نازانن و تەنانەت ئیزن دەدەن هێندێک جارسیگار بۆ پیاوێک داگیرسێنێ بەڵام کاتێک باسی هاوسەرگیری دێتە گۆڕی پێیان باشە بە بێ ئەوین و لەگەڵ هەرکەس کە بنەماڵەکەیان پێی باش بوو هاوسەرگیری بکەن.

ڕێکخراوەیەکی دەوڵەتی ڕایگەیاندووە هەشتا لەسەدی ژاپۆنییەکانی سەروو سی ساڵ مانای هاوسەرگیری بە مانای پێکگەیشتنی دوو کەس کە عاشقی یەکن نازانن بەڵکوو بە چاوی پێوەندییەکی پڕ لە ڕێزی نێوان دوو بنەماڵە دەبینن. لە ژاپۆن کولوپێک هەیە کە تایبەت بە ئەو کەسە سەڵتانەیە و کەسێک بە ناوی «هاروپوکوچی» دایناوە. «هاروپوکوچی» لایەنگری تەمەدونی ڕۆژاوایە و بە پێکەنینەوە گوتی: «من بەڕیوەبەرەکانم هان دەدەم تەنانەت لە شوێنی کار لەگەڵ یەک پێوەندی دڵدارانەیان ببێ. ئەوین دەبێتە هۆی دڵخۆشی و هێز و دەروەستی.»

لێم پرسی: «ڕفتاری کارمەندەکانی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دێنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کلـووپ و دەبنـە ئەنـدام جیـاوازی کـردووە؟»

لـە جوابمـدا گوتـی: «هەڵبـەت وایـە دۆینـێ جێژنـی زەواجـی ٢٠ کـەس لـە ئەندامانی کلـووپ بـوو و هیـچ کامیـان پێش هاتـن بـۆ کلـووپ تەنانـەت نەیانوێرابوو تەنانـەت دەستی ڕەگـەزی بەرابەریشـی بگـرێ پیاوانـی لاوی ژاپۆنـی زۆر بـە سـانایی دێنـە لای ئێمـە بـەڵام خاتوونـەکان زۆرتـر لـە پێشـدا دایکیـان دەنێـرن.

هەمـوو دەزانـن کاتێـک لـە گینتـزا فرۆشـگایەکی کەلوپەلـی بـووک دانـدرا چ ئاژاوایەکـی لـێ کەوتـەوە سـێحەبی فرۆشـگاکە کچـی جـوان و جحێڵـی بـۆ فرۆشـیاری هەڵبژاردبـوو و کڕیـار زۆرتـر پیـاوی پیـر بـوون کـە بـۆ کوڕەکانیـان لـە ژن دەگـەڕان و بـە جێـی کڕینـی تـۆڕ و جلـی بـووک فرۆشـیارەکانیان دەخسـەتە ژێـر پرسـیار و لـە بابـەت ڕابردوویـان دەیانپرسـی تـا ئەگـە کـرا «ئۆمیایی»یـەک وەڕێ بخـەن. لـە کۆتاییـدا سـێحەبی فرۆشـگاکە ناچـار بـوو بـە جێـی فرۆشـیارە کچـەکان چەنـد فرۆشـیاری پیـاوی پیـری ناقـۆڵا بێنـێ.

لێـرە عەشـق بووەتـە قەراردادێکـی کۆمەڵایەتـی و ئیتـر هەسـتێک لـە دڵـەوە نییـە. نەریتێکـی ئاسـیایی لـە هـەزاران سـاڵەوە تـا ئێسـتا هـەر مـاوە و دیـارە ئوروپایـەکان نەیانتوانیـوە بـاش دەرکـی بکـەن. ئەگـەری هەیـە ژنانـی ژاپۆنـی لـەو سـاڵانە شـەوێکی زۆریـان بـۆ دەرک کردنـی ئـەو لـە خۆیـان نیشـان نـەداوە بـەڵام ڕێـز لـەو وشـەیە دەگـرن هـەر وەک ڕێـز لـە وشـەیەکی وەک «ئۆمیایی» و یـان ڕەسـتەیەکی وەک دەسـت تێوەرنـەدان لـە ژیانـی دەرەوەی ماڵـی مێـرد دەگـرن.

لەوانەیـە هـەر ئـەو کارانـە بووبێتـە هـۆی ئـەوەی شـتێک بـە نـاوی گیشـا لـە ژاپـۆن پێـک بـێ. ژنانـی وەک «میکیمۆتـۆ» ئەگـە مێردەکەیـان دوای تـەواو بوونـی سـەعاتی کارەکـەی زوو بێتـە ماڵـێ شـەرم دایاندەگـرێ و دڵگیـر دەبـن. ئـەوان بڕوایـان وایـە کـە ئـەو کارەی مێردەکانیـان یانـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕێیان نییە و نازانن دەبێ چۆن شەوەکەیان تێپەڕێنن، و بەوە زیاتر دڵگیر دەبن ئەگە مێردەکانیان هاوڕێکانیان بێننە ماڵێ یان داوا لە ژنان بکەن کە لەگەڵ ئەوان و هاوڕێکانیان بچنە ڕێستووران.

ژنانی ژاپۆنی لەسەر ئەو باوەڕەن ژنی باش لە ماڵی دەمێنیتەوە و وەک سەماکەرەکان خۆی وەدیار نەخا نەوەک ژنە ڕۆژاوایەکان کە وەک گەنە بە مێردەکانیانەوە دەنووسێن و پێیان خۆشە لە هەموو شوێنێک لە ڕێستووران و تەنانەت سەفەری کاری بە شوێنیانەوە بن، جاروبار چاوێک لە ژنانی ژاپۆنی بکەن فێری لەخۆبوردوویی بن.

لە ژاپۆن ئەگەر پیاوێک بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەیەک بانگێشت بکرێ ژنەکەی لەگەڵ خۆی نابا و گیشایەک بۆ هاوسەفەری هەڵدەبژێرێ تەنانەت لەوانیە ژنی ئەو پیاوە لەگەڵ هەردووکیان تا وێستگەی شەمەندرفەر یان فڕۆکەخانە بچێ و بەڕێیان بکا و ئاواتی سەفەرێکی خۆشیان بۆ بکا.

ژنان لەگەڵ مێردەکانیان ناچنە ڕێستووران و ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی گیشایەک، ژنە زیرەکەکان خۆیان گیشا بۆ هاوسەرەکانیان هەڵدەبژێرن، دەزانن بۆ؟ چون ژنی ژاپۆنی ئەرکی لەسەر نییە کە نهێنییەکی لەگەڵ هاوسەرەکەی ببێ.

پیاوانی ژاپۆن پێیان خۆشە لەسەر مێزی خواردن هەموو کێشەکان حەل کەن بەڵام پیاوەکان چون دەزانن ژنەکانیان نهێنیپارێز نین لە لای ئەوان قسە لە هەموو شتێک ناکەن بەڵام کاتێک لەگەڵ گیشایەک هەموو نهێنییەکانیانی لەلا باس دەکەن چون گومانیان لە نهێنیپارێزی  گیشاکان نییە. لە ڕێستووران و قاوەخانەکانی تۆکیۆ و کییۆتۆ  سیاسەتمەدار و ئابووریزانەکان لەبەبات مەسەلە گرینگەکانی وڵات قسە دەکەن بیری لێ بکەنەوە ئەگە ژنەکانیان لەگەڵ بێ چ ڕوو دەدا، بەڵام لەلای گیشاکان هیچ ناقەومێ و هیچ نهێنییەک نادرکێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕاستی گیشاکان کێن ئەو ژنانەی کە خەڵک ناوی دڵبەری خەیاڵیان لێناون و باوەڕیان وایە زۆر زوو لەنێو دەچن زۆر کەس پێیان وایە تا چەند ساڵێ دیکە گیشاکان وەک سووررپێستەکانی ناواجوسی ئامریکا دەبنە شتێکی سەرنجڕاکێش بۆ گەشتیاران. ژیان بۆ گیشاکان قەت سانا نەبووە؛ حیزبی سووسیالیستی ژاپۆن بە توندی خەریکە هەول دەدا ئیجازەی جووڵانەوی ئەوان بسڕێتەوە و دەڵێ چون سەرمایەدارەکان کەڵک لە ئەوان وەردەگرن زەربە لە ئابووری وڵات دەدەن. سەرمایەدارەکانیش ئەو بەباتەیان قبووڵە و زۆر لە شەریکە و ڕێکخراوەکانی گەورە هەڕەشەیان لە بەڕێوەبەرەکانیان کردووە کە لەگەڵ گیشاکان دادەنەنیشن و بە تێکەڵاوی و سەفەر نەکەن چون ئەو کارە تووشی کێشەیان دەکا مەگە ئەوەی موشتەری بەڕاستی هەستیار و گیشاپەرەست بێ. کچەکانی دیسکۆ و بارەکان خەریکن ململانی گیشاکان دەکەن و زۆر لە گیشاکان بۆ ململانی لەگەڵ ئەوان نەریتە کۆنەکان وەلادەنێن و سازی ساکسیفۆن دەژەنن یان سەمای ڕومبا دەکەن ئەو ماڵیاتەی دەوڵەت بۆیان دەبڕێتەوە زۆر قورسە زۆربەی گیشاکان لەبەر ئەوە دەستیان لە گیشابوون کێشاوە بەڵام ئێستاش ٢٩هەزار گیشا لە ژاپۆن هەیە و هەموو ساڵی کۆڵێک گیشا لە فێرگەی گیشاگەری کیۆتۆ دێنە دەرێ.

گیشاکان چی دەکەن؟ پێش هەموو شتێک دەبێ بزانین کە ژیانیان زۆر لە ژیانی ژنانی دوورلەدنیا دەچێ و باوەڕیان بە نەزم و یاسای دەستوپێگری ژاپۆنی هەیە، ئەوان ئەو ژنانەن کە ئێمە ناتوانین بە بیر و هەستیان بیاناسین و ئەو ناساندنە فرمۆڵەیەی ڕۆژهەلاتناسەکانیش یارمەتیمان نادا.

بەیانی ئەو ڕۆژەی خاتوو میکیمۆتۆمان بینی چووین بۆ فێرگەیەکی گیشاگەری لەوێ بوو کە کیۆتۆ بۆم بوو بە شوێنێکی پڕ لە ڕاز و نەهێنی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دالآنی مەدرەسەی گیشاکان وەک خوشکانی ڕاهیبە دەستەکانیان بە قۆڵە درێژ و فەریحەکانیان هەڵێنابوو و وەک کەسێک کە بە خاچیان کێشابێ چاویان لە پێیەکانیان بڕیبوو و بێ ئەوەی کە دەنگێیان لێوە بێ ڕێژە دەڕۆیشتن. یەکی دیکەیان لە کلاسی ئاواز، ساما و کۆمەڵناسی بە کیمینۆ و کڵاوی جوانەوە لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوون و مرۆڤ وایدەزانی سەرقاڵی نازا کردنن هیچ کامیان سەریان لە بینینی ئیمە سووڕ نەمابوو و تەنانەت چاویان نەتروکاند وەک پەپوولە پاکە ویشک کراوەکانی کە بە دەرزیلە لە دیوار دراون خوشکانی نێو سومەعە هەناسە هەڵدەکێشن و هێندێک جار دەشکۆخن و مرۆڤ هەست بە زیندووبوونیان دەکا بەڵام قوتابیانی گیشاگەری وەک کۆلۆکسیۆنیک لە پەپوولە ویشک کراوەکان مردوو دەهاتنە بەر چاو. ئەوەی کە دەبیتە هۆی ئەوەی کە لە پەپوولە بچن، کیمۆنۆ ڕەنگاوڕەنگەکنیان بوو. مرۆڤ نەیدەوێرا شتێکیان لێ بپرسێ. مامۆستایەک لە بەرامبریاندا ڕاوەستابوو کە تا دەنگێک هاتبایە ڕاستەکەی لە حەوادا وەسەما دەخست نازمی مەدرەسە بۆی باس کردم کە ئەو مەدرەسەیە ٣٣٠ قوتابی هەیە کە تەمەنەکانیان لە مابەینی ١٢ تا ٧٢ ساڵە.

جێی سەرسووڕمان نەبوو کە گیشا ٧٢ ساڵەکانیش بچنە مەدرەسە چون لەو کارەدا نابی هیچ کات دەست لە فێر بوون هەڵگری؛ لە کۆنەوە زۆر لە کچان وەک سەماکەری باڵەی ڕۆژاوایی لە شەش ساڵانەوە دەست بە کارەکەیان دەکەن بەڵام دوای شەڕ یاسای پشتگیری لە مافی منداڵ لانیکەمی تەمەنی کچانی بۆ کلاسی گیشاگەری کردە ١٢ ساڵان.

زۆر لەوان ئەو کارەیان لە دایکەکانیان بە میرات پێ بڕاوە هێندێکیشان دایکە فەقیرەکانیان بە نرخی بیست هەزار یەن و کیسەیەک برینج فرۆشتووە بە گیشا کۆنەکان تا بۆ ئەو کارە ڕایانبێنن؛ ئەو گیشایانە خەرجی خوێندن و جل و بەرگ و خواردنی کچەکە وەخۆ دەگرن. و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە عەوەزدا کاتێک دەست بە کار دەکەن بیست لەسەدی داهاتەکەیان لێدەستێنن و ئاوا هیچ دەینێک نامێنێ.

جوانی و فام و مشوور یەکەم مەرجی بوون بە گیشایە. نازمی مەدرەسەکە دەیگوت: کەڵکی نییە گیشا ڕوخساری جوان بێ بەڵام قسەی جوان لە زاری نەیاتەدەرێ گیشایەک دەبێ لەسەر هەموو شتێک بزانی، لە سیاسەتەوە بگرە تا فەلسەفە. نازانم ئێوە مانای وشەی گیشا دەزانن یان نا گی واتا مرۆڤ و شا واتا فەرهەنگ پیش ئەوەی کە چێژ لە سەرنجراکیشی گیشا وەرگیرێ دەبێ فەرهەنگێکی باشی بێ نازانم باسی چ خۆشییەکی دەکرد ژیانی ئەویندارانەی گیشاکان زۆر پوختە، کاتێک لە فێرگەن لە هەشتی بەیانی تا شەشی ئێوارێ دەبێ دەرس بخوێنن دوایە نیوسەعات کاتی ئەویان هەیە لەنێو باغدا پیاسە بکەن و بحەسێنەوە شەوانە لەو ژوورانەدا دەخەون کە ڕێکخەرێکی توند ئاگاداریان دەکا. کاتێک دەستبەکار دەکەن خۆ لە خۆشەویستی ئەوینداری نادەن پەنجا لە سەدی گیشاکان قەت عاشق نابن، زۆربەیان بەو هۆیەی کە هەموو کاتێک لەژێر چاوەدێری دابوون وردەوردە هەست و میهرەبانییان نامینی و دەبنە ژنێکی سارد زۆربەیان لەسەر ئەو بروایەن کە گیشاگەری بە ڕادەی پێویست دژەوارە و باشترە بە جێی گیشا ژنی خۆیان کاری تاقەت پڕووکێنی خەوتن لە تەنیشت پیاوان ئەنجام بدەن هێندێکیان کەسانێکیان هەیە کە وەک دەلاڵی ماشێن ئەوان بە خەڵک دەناسێنن زۆربەی گیشاکان هاوسەرگیری ناکەن نە بەو هۆیەی کەس نایهەوێ زەماوەندیان لەگەڵ بکا چون بیر لەو بابەتە ناکەنەوە ئەوان هەموو شتێکیان هەیە ژیانێکی پۆشتەوپەرداخ ڕێز و ئیحترام و ئەو پیاوانەی کە بەدەوریان دادێن ئەگەر لەگەڵ پیاوێک هاوسەرگیری بکەن زۆربەی ئەو شتانە لە کیس دەدەن.

نازمی مەدرەسە بۆی باس کردم بە بینینی فێرگە ناتوانم بزانم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیشاگەری واتای چییە و وا باشە شەوێک لەگەڵ گیشاکان بەسەر بەرم دوایە گوتی ئەگەر من بمهەوێ ئەو دەتوانێ هەلی شەوێکی لەبیرنەکراو بڕەخسێنێ. دیارە کە بەو پێشنیارە قایل بووم ناکرێ ئەو شێوە هەلانە لە دەست بچن «دوئیلیو» لە خۆشیان هەر ئەوەندەی نەمابوو باڵ بگرێ ئاخری دەیتوانی شتێکی بۆ باس کردن لای هاورێ ئیتالیایەکانی ببێ.

هەر ئەو شەوە لەگەڵ چارس و «دووئیلیۆ» چووینە ناسراوترین چاییخانەی ژاپۆن قەرارمان بۆ ٧ی شەو دانابوو ڕایانسپاردبوو ڕێک ئەو کاتە لەوێ بین تا بێڕێزیمان بە گیشاکان نەکردبێ. چاییخانەکە لە دار ساز کرابوو و لە پشت دیوارەکان دەنگی پێکەنینێکی ورد و هێمن و پرچەپرچ دەهات ژنی خاوەن چاییخانە لە جلیکی جواندا لە بەر دەرگا چاوەڕوانمان بوو و بە سەرسووڕمانەوە لێمان ڕامابوو لەوانەیە پێیوابێ ژنێکی خراپم کە چوومەتە چاییخانەی تایبەت بە پیاوان. چاوێکی لێکردم کە واتای ئەوە بوو دڵنیا بە لای کەس باست ناکەم.

ئێمەی بردە ژوورێک لە نەهۆمی یەکەم؛ نیو سەعات چاوەڕوان بووم و دوایە بردیانینە هۆڵی نان خواردن میزێکی قوڵە تایبەت بە خواردنی ژاپۆنی و چەند پشتی چاوەروانمان بوون خەبەرێک لە گیشاکان نەبوو بەڵام گارسۆنەکە گوتی کە بۆ هەر کاممان گیشایەک لە ڕێدایە و تا کەمێکی دیکە دەگەنی لەسەر زەوی دانیشتین و چاوەڕوان بووین یەکەم گیشا کڕنۆشی برد و هاتە ژوورێ دوایە چۆکی دادا و نێوچاوانی لەسەر عەرز دانا زۆر زەریف بوو تەنیا ١٤ یان ١٥ ساڵان دەبوو کرێمیکی سپی لە رووخساری دابوو کە دەدرەوشاوە شێوەی وەک بووکەڵەیەکی قورمیشی لێ کردبوو برۆکانی تاشیبوو و کۆڵێکی گوڵ و نەواری کاغەزی بە کڵاوگیسەکەیدا هەڵواسیبوو دیار بوو گەرما و قورسی کڵاوگیسەکە خەریکە ئازاری دەدا چون دڵۆپیک ئارەق بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوچاوانیدا هاتبووه خوارێ و وەک فرمێسک بە دەم و چاویدا هاتبووه خوارێ هیچی پێ نەگوتین و بە ساردی لێمان ڕوانی دوایە چوو بۆ لای چارس کە دیارە زیاتر لە ئێمە پەسەندی کردبوو ڕیک چوو بۆ لای کراواتەکەی چارس و دەستی کرد بە قومار کردن بەو دوایە نۆبەی قومار کردن بە گوارەکانی من بوو وا دەهاتە بەرچاو کە لە تەمەنیدا کراوات و گوارەی نەبینیوە لەوانەیە ویستبێتی کات بکوژێ تا بزانی ئێمە کێین و چیمان دەوێ و ئەو چۆن دەتوانێ پیمان ڕابگا دوای چەند خولەک بێدەنگی کە چەند سەعات دەهاتە بەر چاو بە دەنگێکی ناسک گوتی ناوی «توکیکۆ»یە و ئامادەی خزمەت کردنە کاتێک ئەو قسەیەی کرد ددانە زەردەکانی وەدەر کەوتن زۆربەی گیشاکان ددانەکانیان ڕەنگ دەکەن تا بە قەولی خۆیان هاورەنگی خۆر بن.

دووهەمین گیشا پیر و ناقۆلا و کورتە بالا بوو ددانەکانی لەوی یەکەم زەردتر بوون ڕووخساری زۆر گەمژانە ڕەنگ کرابوو بەردوام پێدەکەنی و دەیگوت ناوی «توشیکۆ»یە یەکڕاست چوو بۆلای «دووئیلیۆ» کە وەڕەز بوو لەلای دانیشتم، سێهەم دانە زۆر لە گیشاکان نەدەچوو ئاڕایشی نەکردبوو و پرچەکانی وەک کوڕێکی چکۆلە کورت کردبۆوە چاوەکانی چووکە و تەسک نەبوون و لە سوچەکەیان جێگای بەخیەی نەشترگەری دیار بوو کرنۆشی برد بەڵام دیار بوو زۆری ئەو کارە پێ خۆش نییە کارەکانی وەک ئەو دووانەی دیکە نەبوو و لەگەڵ ئەوەی کە کیمۆنۆی شینی لەبەر دابوو شتێکی تێدا بوو کە نیگەرانی دەکردم خاوەنی گەمژەی چاییخانە ئەوی بۆ من هەڵبژاردبوو ناوی گیشای من «ناناکۆ» بوو دەیگوت بۆیە ئەو ناوەی لەسەر خۆی داناوە چون عاشقی نانا قارەمانی کتێبی (ئێمیل زولایە)، بیجگە لە زۆلا نووسەری دیکەی وەک «ژید»، «فلووبێر»، «ئێستاندال» و چەند نووسەری دیکەی دەناسی. پرسی کتێبی «قوڵکەی تەنیای»م خوێندۆتەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێنانی خواردنی شەو زۆری دڵخۆش کردم و هەستم کرد لە چنگ ئەو گیشایە ڕزگارم بووە خۆم سەرقاڵی مەیگووکان کرد کە لە سۆسی کارامێلیان گرتبوون خواردنیکی ناخۆش بوو و ئەگە بار و دۆخ ئاسایی بایە حازر نەبووم تەنانەت لەسەر زاریشمی دانێم لەو ماوەیەدا «توکیکۆ» وشەیەکی قسە نەکرد دەتگوت بۆڕییە دەنگەکانیان لێ ساندرابوو؛ «توشیکۆ» لە خۆرا بەردەوام پێدەکەنی، و ناناکۆ لەسەر یەک قسەی دەکرد. لەوانەیە زانیبووی سەرۆکی چاییخانە بە هەڵە لە شتەکە تێگەیشتبوو و هەوڵی دەدا تووڕەییەکەی من کەم کاتەوە هەوڵی دەدا بە هەر شێوەیەک بێ کارێک بۆ من بکا بۆی باس کردم کە کارەکەیان زۆر دژوارە دەبی لە ماوەی شەو و ڕۆژ هەر کات کە موشتەری بڵێ بۆ خزمەت ئامادە بن و هەر بۆیە گیشاکان سەندیکایەکیان وەڕێ خست کە ئەو سەرۆکی ئەو سەندیکایە بوو سەندیکا خەریک بوو هەوڵی دەدا یارمەتی پەککەوتەیی و خانە نشینی بۆ گیشاکان لە دەوڵەت وەرگرێ و بیمەیان بکا «ناناکۆ» باشی ئینگلیسی قسە دەکرد و «دوئیلیو» بە ناهومیدی هەولی دەدا لێمی بدزێ «دوئیلیو» دەیگووت خۆشی لە شتێکی ئەو کچە هاتووە بەڵام خۆشی نەیدەزانی چییە هەر کارێکی کرد نەیتوانی «ناناکۆ» لە من دوور خاتەوە ئاخریەکەی ناچار بوو بچێتە لای «تۆکیکۆ» و بە یارمەتی چارس داوای لێ بکا کە تا لای ماشێنەکە لەگەڵی بێ تا ئەو شتەی کە لە بیری چووبوو بیهێنێ. «توکیکۆ» گوێڕایەڵ بە شوێنێدا چوو کاتی گەڕانەوە ڕوخساری «دووئیلیۆ» لە وەڕەزیان ڕەش هەڵگەڕابوو، گوتی: «هەوڵی داوە قسەی لەگەڵ بکا بەڵام کچە وەک پەیکەرەیەکی گەچ ڕاوەستاووە و «دۆوئیلیۆ» پێی خۆش نەبوو لەگەڵ پەیکەرەیەکی گەچ هاوکەلام بێ.

هەموو سەرقاڵی خواردن بووین من بۆ خۆڕزگارکردنی نەوازشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جار ناچاری «ناناکۆ» و «چارس» و «دووئیلیۆ» چون هیچ کارێکی دیکەیان نەبوو هەرسێک گیشا هەوڵیان دەدا تا ئەو جێیەی دەتوانن خواردن دەرخواردی ئێمە بدەن بەردەوام ساکییان لە کووپەکانمان دەکرد و بە داری ژاپۆنی خواردنیان لە زارمان ڕادەکرد کاتێک «تووشیکۆ» زانی کە «دووئیلیو» نایهەوێ کەس خواردنی بە دەمەوە بکا سەری سوورما و گوتی: «ئەخە بۆ؟»

مودیر و بەڕێوەبەر و کەسانی دەوڵەمەند هەموو ماوەی شەو لێرە دادەنیشن و دەستیان تەنانەت بۆ خواردنی ساکی هەڵنایەننەوە خواردنی شەو دەهات تەواو بێ و من دەهاتم دووبارە نیگەران دەبوومەوە ئێستا چ ڕووی دەدا؟ هیچ، بڕوا بکەن هیچ ڕووی نەدەدا هەموو ڕێوڕەسمی ئەو شەوە شتێکی فورمالیتەی ویشک و بێ بنەما بوو و من ئەو کاتە هەستم کرد کە بەسەرکردنی شەوێک لەگەڵ گیشاکان یەک لە گەمژانەترین کارەکانی جیاهەنە.

کاتێک بێجگە لە تووتفەرەنگییەک هیچ لەسەر میزەکە نەما «توشیکۆ» لێی پرسین پێمان خۆشە قومار بکەین؟

قومارەکە ئاوا بووکە «تووشیکۆ» یەک دوو سێ بژمێرێ و ئێمە بەیەکەوە چەپڵە لێدەین. نەمانویست ئەو کایەیە بکەین و ئەو کات «توشیکۆ» پێشنیاری کرد لەسەر عەرز گاگۆڵکە بکەین و وەک سەگ بوەڕین، کە هیچ کەس نەیویست ئەو کایەیە بکا کایەی دیکە ئەوە بوو کە چەند باقلە بە داری خواردن لە قاپێکەوە بخەینە قاپێکی دیکەوە چون «توشیکۆ» لەوەی کە نەمانویستبوو دوو کایەی پێشوو کە پێشنیاری کردبوو بکەین و لەوەی کە نەیتوانیوە ئێمە قایل کا دڵتەگ ببوو بڕیارمان دا لانیکەم ئەو قومارە بکەین و بە داری خواردن دەستمان کرد بە ئاڵوگۆڕ کردنی باقلەکان لە قاپێکەوە بۆ قاپێکی دیکە و دوایە گەڕاندنەوەیان بۆ یەکەم قاپ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەویکی تاقەتپرووکێن بوو ڕوانینی «چارس» پێی دەگوتم کە چەندەم لێ توورەیە ٣٢ ساڵ توانیبووی لە گیشاکان دوور بێ بەلام ئێستا لەبەر خاتری من ئەوەی قبووڵ کردبوو «دووئیلیۆ» بەردەوام باوێشکی دەدا و دەیگوت لە ژیانیدا ئەوەندە وەڕەز نەبووە. منیش ماندوو و سەرگەردان بووم، گیشاکان ژنانێکی جوان بوون کە جووڵەکانیان زەریف بوو و «ناناکۆ» کاتێک زانی سەرۆکی چاپخانە بە هەڵە لە شتەکە گەیشتووە ڕۆیشتە ئەولاوە و بوو بە کچێکی زەریف و قسەخۆش بەلام بۆنی ئارەقی ئەو کیمۆنۆ و کلاوگیسانە قڕی کردبووین و نەماندەتوانی هەناسە هەڵکێشین. هەر چی دەمهەویست ئەو دنیا بێدەنگە گەمژانەیە دەرک کەم هیچ تێنەدەگەیشتم ئەوە هی ئەوە نەبوو کە من ژن بووم چون «چارس» کە پیاوێکی ڕۆژهەلاتی بوو یان «دووئیلیۆ» کە بە دنیایەک ئاواتەوە هاتبووە ئەوێ سەری لە دنیای گیشاکان دەرنەهێنابوو هەستاین کە مالاوایی بکەین بەلام «تۆکیکۆ» و «تۆشیکۆ» کە نگەرانی ئەوە بوون کە نەیانتوانیبێ بەڕادەی پێویست پێمان ڕابگەن دەپارانەوە کە کەمێکی دیکە بمێنینەوە و چاو لە سەما کردنەکەشیان بکەین. ئێمەش ماینەوە.

وەک دەهاتە بەرچاو جووڵەی هەر قامکێکیان واتای شتێک بوو بەلام ئێمە نەماندەزانی چییە وەبیر ڕەستەیەکی «ویلیام دمبی» کەوتم کە گوتوویەتی گیشایەک وەها سەما دەکا کە وەک ئەوە وایە عاشقی خۆیەتی و ناتوانێ هەموو ئەو ئەوینەی کە لەناخیدایە بیکاتە دەرێ گێشاکان ئێستا دەستبەردارمان نەبوون و دەیانویست دووبارە بگەڕێینەوە بۆ لایان چون ناتوانن تاقەتی دووریمان بێنن.

مالاواییمان لێ کردن و پێلاوەکانمان لە پێ کرد و داوای فاکتۆڕمان کرد بۆ دوو سەعات باوێشک و ماندوو بوون کۆلێکیان پووڵ لێ هەستاندین ئەوێش داشکاندنێکی تایبەتیشی لەگەڵ بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڕانـەوە بـۆ تۆکییـۆش هیـچ ڕووداوێکـی سـەیری لەگـەڵ نەبـوو. شـەو بـوو و هێچمـان نەدەبینـی لـە تۆکیـۆ زوو چەمەدانەکانمـان داخسـت تـا بچینـە هاوایـی. ڕووخسـاری شـیرینی «چـارس» ئاخـر ڕووخسـاری ڕۆژهەڵاتـی بوو کـە دەمانبینی. شـتێکمان لـە سـەر ژنـە پڕ لـە نەهێنییەکانی ژاپـۆن نەزانـی لەوانەیـە هـی ئـەوە بـێ پیاوانـی ژاپۆنیمـان بـە دروسـتی دەرک نەکردبـێ، کاتێـک بەرزەوێـژ ڕایگەیانـد کـە دەبـێ سـواری فڕۆکـە بیـن گەڕامـەوە تـا بۆ ئاخـر جار بـای بـای لـە «چـارس» بکـەم. «چـارس» ئـەو پیـاوە ڕووداره ڕۆژهەڵاتییـە بـێ ئـەوەی لێـی دیـار بـێ خـەریک بـوو دەگریـا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی شەشەم

فڕۆکەکە خەریکبوو بەسەر دوورگەکانی ئیبیسکووس و ئۆرکیدەدا دەهاتە خوارێ. ژنانی ئەم دوورگەیە قەت خۆیان نەخستۆتە هیچ کۆت و بەندێکەوە. ئەو ژنانەی کە ڕۆژگارێگ بەختەوەرترین ژنانی جیهان دەهاتنە ئەژمار زەریای هێمن وەک ئەستێری تایبەتی ئەوان بوو کە هەموو دوورگەکەی دادەپۆشی، ئورووپا و ئامریکا لەوبەری گۆی زەوی بوون دوورگەکانی هاوایی وەک خاڵێکی کەسک وەک پاپۆڕێک دەهاتە بەرچاو. دەڵێی خەریکین ڕوو لە شوێنێکی ئاشنا دەکەین ئێرە لە هیندوستان و ژاپۆن و مالزی و تەنانەت ئیتالیاش بۆ من ئاشناتر بوو . ئەو دیمەنانەی کە لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە دەبینیم دەتگووت لەوە پێش بینیبوومن.

هەموو شوێنێک پڕ بوو لە داری گوێزی هیندی و هەنجیر و لە مابەینیان پڕ بوو لە مەزرای قاوە؛ کەنارێکیش لە تەنیشت زەریا دیار بوو کەناری پیرهالبێر کە کۆڵێکی داری سپی لەسەری پاپۆڕ ببوو و شەپۆلی ئاوەکە بۆ لای ویشکانی دەکێشان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تابلۆکانی سپای ئامریکا لە هەموو شوێنێک دبیندران کە لەسەریان نووسرابوو ڕێگا بە هاتنە ژوور نادرێ، خانووە دارینەکان و ئستێرە گەورە و پڕ لە شکۆکانی مرۆڤیان وەبیر هالیوود دەهێناوە پارکیکی گەورە و ماشێنی جۆراوجۆریان هەبوو و ئالأی ئامریکا لە فرۆکەخانەی هۆنۆلۆلۆ سەمای دەکرد پێیان دەگوتین هاوایی پانجاهەمین ئەیالەت لە ئەیالاتی یەکگرتوویە و ئێتیر ئەوە کۆتایی سەفەرەکەمانە.

ئەو ژنانەی کە چەندین ساڵ لەو دوورگە سەر سەوزەی نێوەڕاستی زەریاکان ژیاون پاک و دەست لێنەدراو بوون و گوناحیان نەدەناسی خوراڤە و داب و نەریتی سەیر و سەمەرە لە نێویاندا نەبوو، بەڕووتی لە ژێر هەتاو دەخەوتن و چاوی پاک و لەشی هەتاو سووتاو و لاقی تووکن و ڕەشیان لە کەس ندەشاردەوە بەڵام کەسانی سەر بە گێچەڵی وەک «جیمزکۆک» لەگەڵ قشە پروتستانەکان و دۆزەری جۆراوجۆر کە بە چەند پەڕ کاغەز دەبنە سێحەبی زەوی و ماڵی خەڵک، لەپڕدا گەیشتێ و ئیتر ئەو ژانانە نەیانتوانی بە ڕووتی بەولاولادا بڕۆن جۆرێک کراس بە ناوی مۆمۆیان لەبەرکردن کە یەخەی داخسترابوو و قۆڵی درێژ بوو و هەتا قولاپەی لاقیشیانی دادەپۆشی، ڕاهیبەکان ئەو جلە نوێیەیان لەگەڵ ترساندن لە عەزابی ئیلاهی بەسەریاندا سەپاندن و لەو کاتەوە ئیتر تۆرەمەی ئەو ژنانە دەستلێنەدراو و بێگەرد نەما و ئەوان لەگەڵ تۆرەمە جۆراوجۆرەکانی کە دەهاتنە ئەو ناوچەیە هاوسەرگیریان کرد و دوای چەند ساڵ هەر شێوە ڕەنگی پێست و پرچ و چاوێکیان تێدا بەدی دەکرا ئیتر تەنیا شازدەلەسەدیان لە تۆرەمەی ئەسڵی یولنزی بوون و بابی ئەوانی دیکە هەر کامیان لە شوێنێکی ئەو جیهانەوە هاتبوونە ئەو دوورگەیە. هەر بۆیە کاتێک دەیانهەوێ شاجوانی هاوایی هەڵبژێرن ناتوانن تەنیا یەک دانە هەڵبژێرن و دەبێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەر تۆرەمەیەک و نەفەرێک هەڵبژێرن و ئاکامەکەی دەبێتە حەفتا شاجوان کە هەر کامیان شێوەیان لە خەڵکی شوێنێکی ئەم جیهانە دەچن، تەنیا یەکیان لە خۆجێی ئەسڵەکانی هاواییە. ئەو شتانەم لە ڕووی تێنووسێکی کە دەفتەردار پێیدابووم زانی دوایە لەودا نووسرابوو کە ژنانی هاوایی لە جوانترین ژنانی جیهان دێنە ئەژمار و بەوەی کە لەو گوڵ ئیسپیکووسانەی کە لە پرچەکانیانی دەدەن جوانترن ناسراون. ئەو موژدەیەم بە «دووئیلیۆ»دا کەیفی ساز بوو و بەشەوقەوە پێی گوتم: «ئەها ئەوەیە ئیتر دەتوانین بڵێین چووینەوە شوێنێکی خۆش.»

بە دڵخۆشی لەکاتێکدا هەتاو هەموو شوێنێکی گەرم کردبوو لە فڕۆکەکە هاتینە خوارێ تابڵۆی گەورە کە لە گوڵی سروشتی ساز کرابوون و بەخێر بێن بۆ هاوایی بەهەشتی گەشتیارەکان دڵخۆشییەکەمانی زیاتر کرد ئەوی لە هەر نەزەرێکەوە بێکر و خۆمانە دەهاتە بەرچاو لە فڕۆکەخانە نوێنەری ئیدارەی جیهانگەردی هاوایی کە دیار بوو لە سازمانێکی پڕ لە نەزم و دیسیپلینەوە هاتووە چاوەڕوانمان بوو ناوی «بیل» بوو و خەڵکی یولنزی بوو هەیکەلێکی بەهێزی بوو و ڕووخساری بە هەتاو سووتابوو کراسێکی فەریح کە گوڵی سوور و پرتەقاڵی تێدابووی لەبەر کردبوو. ماشێنێکی گەورە کە دوازدە کورسی تێدا بووی بۆ ئێمە هێنابوو کە زۆربەی کورسییەکانی بێکەڵک بوون تا ئێمەی بینی هاواری کرد: «هێلۆ»

دوایە دوو ئاڵقە گووڵی بۆن خۆش کردە ملمان و گووتی: «کە ڕۆژێک بە تەمەنی هەموومان زیاد بووە»

خەیاڵی وابوو هیچ لە بارەی ئەوێ نازانین و گوتی: «ئەو دوورگەیەی گەورەترن دوورگەیە کە پێی دەڵێن «هاوایی» و هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوورگەکان بەو ناوە دەناسن نییە ناوی ئێرە «ئۆهۆ»یە «هۆنۆلۆلۆ» پێتەختی «ئۆهۆیە» هەرکام لە دوورگەکان ناوێکیان هەیە، من لە «کائۆیای» دەژیام و جاران سەرقاڵی ئیشی ماسی گرتن بووم بەڵام دوای «پیرهاربێر» دەستم لەو کارە کێشا و هاتمە «هۆنۆلۆلۆ» و فێری ئینگیزی بووم ئەو کات «هۆنۆلۆلۆ» کەنارێکی گەورەی پڕ لە خانووبەرەی دارین بوو و پلاژێکی بە ناوی «وایکیکی» بوو کە قەراغەکەی پڕ بوو لە سەدەفی جوان. ئەو کات لە هەموو دوورگەکە هیچ باسێک لە ئەستێر نەبوو و سپا بۆ مورتاحی سەربازەکان چەند ئەستێر و باڵاخانەیان لێرە ساز کرد دوای ئەوەی کە سەربازەکان گەڕانەوە وڵاتەکانیان و باسی خۆشی و جوانییەکانی «هۆنۆلۆلۆ»یان لای خەڵکی دیکە کرد خەڵک هاتنە ئەم دوورگەیە و دەستیان کرد بە تێکدانی ئێرە.

«سەدەفە پلاژ»ەکان لاقی گەشتیارەکانی ئازار دەدا و بۆیە چەنێن ماشێنی گەورەیان خێزهێنا و وەسەریان کردن بە شێوەیەک کە ڕەنگی سووری «پلاژ» بوو بە ڕەساسی. لەنێوچوونی ئەسڵیەتی «هۆنۆلۆلۆ» لەوێوە دەستی پێکرد.

ڕاستی دەگوت وادیار بوو لە «مەیامەی» یان «فلوریدا» یان «لونگبیجی کالیفۆرنیا»ین. «بیلی» هەیکەلی لە ڕێگایەکی چیمەنتۆ کراوێکی خاوێن بەرەوپێش دەچوو و لە تابلۆی ڕیکلامەکان «نیش‌هێربرت‌کرورێن» مەحامی دادگا و سەرۆکی شەریکەی ئابسی کرابۆوە. میلیاردرە قێزەونەکان لە کراسەکانی تایبەت بە هاوایی لەگەڵ ژنە ناقۆڵاکانیان کە مومویان لەبەر کردبوو وێنەیان لە ئانانانسە گەورە پلاستیکییەکان دەگرت. تاوناتاو تابلۆی نیئۆنی هۆتێلەکان و بارەکان بوون کە چاویان دادەگرت پلاژی وایکیی پڕ بوو لە گەشتیار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە بە مایۆوە بۆمەلە هاتبوون.

بیل دەیگێڕاوە کە تا بیست ساڵ لەوە پێش داهاتی هەموو دوورگەکە ئاناناس و قامیشی شەکر و قاوکەی بوو بەڵام ئەمڕۆ زیاترین پووڵ لەلایەن گەشتیارەکانەوە دێتە ئێرە هەموو ساڵێ لانیکەم ١٥٠ گەشتیار دێنە هاوایی و نەوەد میلیون دۆلار پووڵ دەێننە ئەو دوورگەیە شتێکی پوڵسازی دیکە کە ڕەکەبرایەتی گەشتیارانی دەکرد هەناردەکردنی گوڵە ئۆرکیدەکان بوو هەموو ساڵێ ئەمریکا پەنجا میلیۆن ئۆرکیدە لە هاوایەوە هاوردە دەکا. دیارە ئەو ئۆرکیدانەی کە خۆڕسک لە دارستان دەروێن و زۆریشیان لێ نەماوە ناکرێ ئەو داوایە بە جێ بگەیەندرێ بۆیە وەک سێو و نۆک لە مەزراکان ئۆرکیدە دەچێنن.

بیل هەر وا کە سەری ڕادەوەشاند قسەی دەکرد من لە جلی مومویی ژنان کە لەبەر چاوم ناحەز و ناموڕتاح دەهاتن بوو و نەمدەزانی چۆن ئەو ژنانە قایل بوون ئەو جلانە لەبەر بکەن ئەگە ئەو جلە ناحەزانە و ئەو شتانەی کە لە تێنووسەکەی ڕینوێنی نوسرابوون نەبوون بڕوام بەوە نەدەکردکە لە هاواییم. نەزەرەکەم بە بیل گووت.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: «چاو لێکە خاتوون ڕۆژێک ئەو دەریایە پڕ بوو لە ماسی بەڵام ئێستا هیچ ماسییەکی لێ نییە، ڕۆژێک ئاسمان پڕ بوو لە تەیر بەڵام ئێستا تۆ تەیرێک دەبینی؟ ژنە ڕاستەقینەکانی هاوایی وەک ماسیەکان و تەیرەکان هیچ ئاسەواریان نەماوە.»

–ئەخە بۆچی بیل؟

–نازانم تەنیا بابەتی تۆرەمە نییە. ئەوەی کە لە دوورگەکەمان هەموو شتێک لەگەڵ یەک تێکەڵ بووە سەیرە چون ئێمە زۆر پۆزی تۆرەمەکەمان لێنادەین باس شێوەی ژیان و تەنانەت مردنی ئێمەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جاران دۆخەکە شێوەیەکی دیکە بوو، بەبێ هیچ شەرمێک عاشق دەبووین منداڵمان دەبوو و ئەوە جۆرێک شانازی و غرووری پێ دەبەخشین، چون تەنیا ڕێگا بوو دەمانزانی ئەو ژنەی خۆشمان دەوێ دەتوانی منداڵی ببێ یان نا هەموو ژنان ڕام و گوێ لە مستی پیاوکانیان بوون ئەسڵەن نەیاندەزانی ئێرەیی چییە، ئێستا هەموویان خەمۆکن و مێردەکانیان تەنانەت دوای مارەبڕینیش ناوێرن دەستیان لێدەن، وەک دیل لەگەڵ مێردەکانیان هەڵسووکەوت دەکەن و لەسەر هەر شتێکی چووکە نارەحەت دەبن هەڕشە دەکەن تەڵاق وەردەگرن و ئەوە هیچ، بەدبەختی ئەوەیە ئێستا فێر بوون ڕێژیمی خواردن بگرن و لەش و لاریان وەک قامیش کز و لاواز کەن وک مەیموون خەریکن لاسایی ئامریکایەکان دەکەوە.

ساتێک لە لەش‌ولاری من بڕاوانە پێش ئەوەی کە ئەو ژنە شێتەم پێش لە ئابجۆ خواردنم بگرێ کێشم ١١٠کیلۆ بوو ڕۆژێ سندووقێکم ئابجۆ دەخواردەوە بەڵام ئێستا کێشم تەنیا ٩٠کیلۆیە، ژیانمان مانایەکی بۆمان نەماوە ژنەکانیشمان ئیتر وەک قەدیم چێژ لە ژیانیان وەرناگرن ماسی و تەیرەکانیش لەو بار و دۆخە قایل نین و لەوانەیە بۆیە لێرە ڕۆیشتبێتن.

بەڕاستیش ئیتر ئەم شوێنە نە ماسی و نە تەیر و نە ئەو ژنانەی گەشتیارەکانی سەدساڵ لەوەپێش ئەو هەموویان تاریف لێ دەکردنی لێ نەمابوو لەو کاتەوە لەسەر تەختی زێڕینی کۆشکی «ئیبلمانی» بەجێگای مەلەکە ئێما و پاشا «کامهامها» فەرماندارێک بە زاراوەی «یانکی» و جلی «ئیسموکی» دانیشتبوو ئیتر کەس لەو ژنە ئەسیلانە نەدەبیندرا.

دوانیوەڕۆ بۆ بینینی شاری هاوایی کە شارەدار لە ڕووی ساختی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیسمیلند دروستی کردبوو چووین، پێیان گوتین لەوێ ئێستاش دەکرێ ئەو کچانە ببینین کە بە تەنوورەی لە گەڵا درووستکراو سەمای «هولا» دەکەن بەڵام تەنیا شتێک کە بینیمان شانۆی کامێراکانی «کۆداک» بوو و هەر کەس کە کامێرایەکی «کۆداک»ی بکڕیبایە دەیتوانی وێنەی کچەکان بگرێ شەریکەیەکی کەلوپەلی جوانکاری بۆ هەرکەس کە شتێکی لەوێ دەکڕی کلاسێکی بە بەلاشی سەمای هولای دادەنا فێرگەی سەما لەبەر چاوی هەموو کەس بەڕێوە دەچوو گڕامافۆنێک گۆرانییەکی بێزارکەری بڵاو دەکردەوە و کچێکی سەوزە کە تەنوورەیەکی نایلۆنی لەبەر بوو زگی بۆ سەروخوار دەجووڵاند و داوای لە گەشتیارەکان دەکرد بۆ سەماکردن لەگەڵ ئەو بچنە سەر سێنەکە.

موشتەری کلاسەکەشی زۆرتر پیرەپیاوی سەر ڕەنگکردوو و زگ زل بوون. دیمەنێکی بێزارکەر بوو. سەعات نۆی شەوی هەموو ڕۆژێ کێبەرکێیەکی سەمای هۆلا لە هەمان شوێن بەڕێوە دەچوو و بەشداربووان دەیانتوانی بە دە لەسەد داشکاندن دەیاتوانی تەنوورەی نایلۆن بکڕن. زۆربەی گەشتیارەکان پێیان باش بوو بچنە دیسکۆ و چاو لە سەمای سەماکەرە ڕاستەقینەکان بکەن ئێمەش ئەو کارەمان کرد. ئەو دیسکۆیەی کە هەڵمانبژارد دیسکۆیەکی ئاسنیی ئەمریکایی بوو زۆربەی سەماکەرەکان کە هەموو لە کارەکانیان شارەزا بوون لە کچانی خوێندکار پێک هاتبوو کە بە ڕۆژ لە زانکۆی «هۆنۆلۆلۆ» ئەنگەلناسی یا بیرکاری و ڕشتە جۆراوجۆرەکان دەخوێنن و بە شەو بۆ وەدەست هێنانی پووڵی زانکۆ لە دیسکۆکان سەمایان دەکرد. زۆربەیان خەڵکی هاوایی نەبوون و لە «سامفڕانسیسکۆ» و «لۆسلۆجلێس» و «تاهیتیی»ـەوە هاتبوون. ئەوان خەبەریان لە مانای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو جولانەی کە بە شارەزایی بەڵام زۆر بێ تاقەت ئەنجامیان دەدا نەبوو.

«بیل» دەیگوت: «تەنیا ژنی ئەسیل کە لە هاواییە دەتواین لە هۆنۆلۆلۆ ببینین دوایە گوتی ژنە تەمەنی ٧٢ساڵە و لە موزە کار دەکا و ناوی «ماریکاونایوکی»یە ئەو خەریکە لەسەر تەواوکردنی تەنیا فەرهەنگی پولینزی کار دەکا. لەبەرچاوم شێتانە دەهات کە دەهەزار کیلۆمیترمان بۆ بینینی پیرێژنێک کە لە مووزەیە ڕێی پێوابێ. بەڵام سبەی بەیانی هەموو بەیەکەوە بەرەو مووزە وەڕێ کەوتین بلیتمان کڕی و چووینە هۆتڵێکی گەورە تا تەنیا شتومەکی ماوە لە بەهەشتێکی ونبوو ببینین لە نێوەڕاستی ئەوێ خانوچکەیەکی دارین بوو کە پەیکەرەی ژنێکی پولێنزی بە چاوی شووشەیی کە لە تەنیشتی ڕاوەستابوو کەمێک لە ئەولاوە کچێک کە پەیکەرەش نەبوو دانیشتبوو بۆ گەشتیارەکان لە گەڵای دارخورما حەسیری دەچنی. هەر جارێک کە چنینەنەکانی تەواو دەبوو دووبارە گەڵاکانی دەکردەوە و لە سەرڕا دەستی دەکردەوە بە چنین، نەهەنگیکی گەورەش کەدوو قاش ببوو لە میچەوە هەڵواسرابوو و بە بڕوای ڕێنوێنەکە ئەوە مۆدێکە و هەموو ڕۆژێ مأمورێکی بێهداشت دەرزییەکی فورمالینی لێدەدا تا درەنگتر بڕزێ و گەشتیارەکان بخافڵێنێ، ئەو نەهەنگە لەبەر چاو گەچی دەهات و بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات هەمان بۆن کە لە قاپی خوارنی ماسییەکانی هاوایی یان لە تۆنی مارەکانی ئەوێ یان تەنانەت لە دڵی خەڵکی ئەوێ کە دڵەکانیان کەمێک لە دڵی خەڵکی ئەسایی گەورەتر بوو دەهات.

چەند پەیکەرەی مومی مەلەکەکانی هاوایی و چەند دانە بەلەم کە بە قەدی دار دروست کرابونمان بینی وێنەی ژن و پیاوانی موبەلیغ

کە چەندین ساڵ بە تەنیا هەوڵیان دابوو تا ناوچەیەکی بەختەور و پاک بکەنە مووزەیەکی بۆگەن بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوو زۆربەیان قەد و باڵایەکی گەمژانەیان بوو ڕینما خەریکبوو دەیگێڕاوە کە لە سەدەقەسەری ئەو خەڵکەیە کە هاوایی ئێستا ئەوەندەی گرینگی پێدەدرێ و پێش هاتنی ئەوان خەڵکی هاوایی ژیانێکی پڕ لە شەرم و بێبەندوباریان بوو، ساڵێ جارێک لە جێژنێکی ناحەز بەناوی جێژنی «زگپڕبوون» بەشداریان دەکرد و لەوێ ژن و مێردەکانیان لەگەڵ یەک دەگۆڕیەوە و ئەگە میوان دەهات پیاوی ماڵ بە ڕەسمی مێواندارى ژنەکەی خۆی شەوێک لە ئیختیاری میوانەکە دەخست. وێنەی «جیمزکووک» کە بینەرەوەی هاوایی بوو و ساڵی ۱۷۷۹ لەشەڕ لەگەڵ بوومییەکانی ئەوێ کوژرابوو و سەربەگۆبەندی ئوروپایی دیکە کە دوای مردنی کووک توانیبووی هەموو ئەو دوورگەیە بکڕن لەسەر دیوارەکان بوو بوومییەکان لە بری بەلەمێک یان قاپێک ویسکی چەندین هێکتاریان زەوی گۆڕییەوە، و بەو سپیپێستە گەمژانە پێدەکەنین و لەیەکیان دەپرسی بۆچی ئەو خەڵکە گەمژەیە زەوی ژێر پێ کە ناکرێ بیبەی بۆ هیچ کۆ دەگۆڕنەوە بە بوتڵێک یان بەلەمێک کە بۆ هەموو شوێنێک دەچن، هەر بۆیە بێ هیچ گومانێک چاوبەستراو قەراردادەکانیان واژۆ کرد تا ڕۆژێک سپی پێستەکان بە قەراردادەکانیانەوە گەیشتنێ و ئەو زەویانەی بە سەنەد هی ئەوان بوویان داگیر کرد زۆر لە بوومییەکان لە غەمی ئەو ڕووداوانە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون و شێت بوون و دیقیان کرد.

ئەربابە تازەکان لەگەڵ خۆیان نەخۆشی جۆراوجۆر وەک سیل و سفلیس و هەزاران نەخۆشی دیکەیان هێنابوو و بوومییەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆریان بەو هۆیە مردن. چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک کاتێک بۆ گەشتیارەکانی دەگێڕاوە لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ «ماریکاونایوکی» تەنیا ژنی ئەسیلی ئەم دوورگەیە بوو وەک بوونەوەرێکی ڕەش کە ڕوخسارێکی ڕێک وەک پیمەڕەی بوو لە ژووری کارەکەی چاوەڕوانی ئێمە بوو مووموویەکی کەسک و زەردی لەبەر کردبوو و گوڵێکی گەورەی ئیسپیکووسی وەک کڵاوێک لەسەر پرچە زەردەکانی دانابوو بزەیکی شیرینی لەسەر لێوان بوو کە نیشانی دەدا ددانێکی لەزاریدا نەماوە لە باوکی سپی پێستی خەڵکی ماچاچوسێتی کە چەند ساڵ لە ماڵێک لەسەر یەکێک لە تەپکەکانی دوورگەی هاوایی دەژیا هیچی بە میرات نەگرتبوو بۆ پێشوازی من سەمای هولای دەکرد بەڵام بە دژواری دەیتوانی ئەو هەیکەلە زلە بە شێوەیەک کە پێی خۆشە بجووڵێنێ. هەروا کە قامکەکانی دەجووڵاند دەستەکانی وەک خاچ لەسەر سینگی دادەنا و گوتی: ئەم جووڵەیە یانی خۆشم دەوێی دوایە باسکەکانی وا جوڵاند وەک ئەوەی بڵێی منداڵ دەخەوێنێ،

-ئەوە یانی چی؟

-ئەوە یانی منداڵ.

دوایە لەسەر نوکی پێ ڕاوەستا و دەستەکانی هەڵێنا و گوتی: «ئەوە یانی دار.»

هولای ڕاستەقینە ئەوە بوو نەوەک ئەو زگ لەرزانەی کە لە فێرگەی سەما بینیبووم هولا زمانێکی جوانی ژنانە بوو کە بە جوڵەی زەریف و موسیقایەکی هێمن دەیگێڕاوە.

«ماریکاونایوکی» بە شێوازێکی وەڕەز دەیگوت بە جێگای دارەکان خانووبەرەی چەند نەهۆمیان ساز کردووە و هولایان لە نێو برد، زمانی ئێمەیان لە نێو برد، لە هاوایی بە منداڵیان دەگوت گوڵ، بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تووڕەییان دەگوت تۆفان، و بە بارانیان دەگوت سەمای گوڵ، بەڵام ئەم گەمژانە ناوی چلدیرێن یان ئەنگێر یان ڕینیان بە جێگای ئەو ناوانە گۆڕییەوە، دوایە بە مست لەسەر قەفەسەی کتێبخانەکەی کوتا و گوتی: «بە چ کەڵکێک دێ کە من خۆ لەو مووزەیەدا بەند کەم ئەو کتێبانە بنووسم زیندوو هێشتنەوەی داڵێک و نەهەنگێکی مردوو بە درمان بە کەڵکی چی دێ شەوانە خەون بە منداڵیمەوە دەبینم ئەو کات کە لەسەر تەپکەکان دەژیام دایکم دەچوو بۆ ڕاو و باوکم لئۆی ساز دەکرد و ساڵێ جارێک هەموو عەشق و خۆشەویستی بەیەکمان بە بەشداری کردن لەجێژنی «ماکاهیکی» نیشان دەدا بەڵام ئێستا ئەو وشەیە جنێوە و هەرکەس ئەوە بڵێ بەرتیل دەدا ئەخە بۆچی؟ جنێو، ئەو پێشکەوتنە ئازدییە درۆیینە کە بە شۆڕش بانگی دەکەین ئەو کات مرۆڤەکان ڕێزیان لە یەک دەگرت و ئەمڕۆ ڕقیان لە یەکە و لە یەک دەترسن ئەو کات لەگەڵ یەک میهرەبان بوون بەڵام ئەمڕۆ یەکتر تەحەمول دەکەن ژن و پیاوی ڕۆژگاری من لەگەڵ یەک بەرابەر بوون و ماف و ئەرکەکانیان یەک بوون ئەمرۆ ئەوەندەی درووشمی یەکسانیمان داوە جودایی کەوتۆتە نێوانمان.

ئاخ کچم دەزانم ئەورۆ بە دوای چ شێوە ژنێکی لەوانەیە کۆڵێک ژنی جوان و ئەورۆیی ببینی بەڵام قەت ناتوانی ژنانی بەختەوەر و ئازادی قەدیم لە نێوان ئەواندا بدۆزێوە.

من باوەڕم بە هەموو قسەکانی «ماریکاونایوکی» نەکرد. بینیبووم هەموو کەسە بەتەمەنەکان هەموو کاتێک بە گلەییەوە باس لە ڕابردوو دەکەن وەک ئەوەی ڕابردوو بە مانای باش و ئێستا بە مانای خراپە گومانم لەوە نییە کە ڕابردووش خراپی زۆر بووە بە بڕوای من ئەو ئاخ هەڵکێشانانە بۆ ڕابردوو مەسخەرە بوو، و بۆ بینینەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنـە ڕاسـتەقینەکانی هاوایـی دەوریـک بـە نێـو دوورگەکانـی دیکـەدا لێدەم دەیگـوت لـە زۆر لـە دوورگـەکان هەمـوو بەرهەمەکانـی ڕابـردوو لەنێـو نەچـووە دەسـتمان کـرد بـە گـەڕان بـۆ دوورگەکانـی دیکـە، لـە «ئۆهۆتاکاتوئائا»یـەوە نیو سـەعات زیاتـر لـە فڕوکـەدا نەبووین «بیـل» پێشـنیاری کـرد لـە «کائۆئاو»یـەوە دەسـت پێبکەیـن دارسـتانەکانی ئەوەیّ تـا کەنـاری دەریـا کـە زارەکـی گڕکانـەکان ڕەشـی کردبـوون هاتبوونـە پێشـیّ و تاڤگـەکان لـە چیاکانـەوە هاتنـە خـواریّ و گوڵـە ئۆرکیـدەکان ئەوەنـدە بەهێـزن کـە ئەگـە پەڕێکـی لێکەیـەوە ئاوێکـی خەسـت وەک ژێلاتینـی لێدێتـە دەریّ ژنێـک بەنـاوی «برلیـچ مابیـو مانتلـی» لـەویّ بـوو کـە هەمـوو پێیـان دەگـووت «پـوورە برنیچـە» ئـەو کاتی خـۆی قەرەواشـی مەلەکـە ئێمـا ئاخـر شـازادەی هاوایـی بـوو ئیدارەی گەشـتیاری هاوایـی ئـەوی بـە نـاوی میراتێکـی مێژوویـی یـان کارناسـی یاسـا دەناسـاند، تەمەنـی نـەوەد سـاڵ دەبـوو و لـە ماڵێکـی سـەر تەپکـە کـە لـە داری سـپی دروسـت کرابـوو دەژیـا لەسـەر کورسـییەک لەبـەر هەیـوان دانیشـتبوو و مووموویی لەبـەر کردبـوو و لەشـی کـز و لاوازی لـە نێـو جلەکـەدا خـوار ببۆوە هیـچ وەک قارەمانـی کتێبـی «ئیستیسـێنوێن» نەبـوو زیاتـر لـە مەلەکـەی بالتـای گاچێـڕەکان دەچـوو. «پـوورە بێرنیچـە» هـەروا کـە هەوڵـی دەدا شـتە کۆنەکانـی وەبیـر بێتـەوە لەبـن لێـووە دەیگـوت ئـاخ ئیتالیا ...ئیتالیا...کاتێک لێی ڕادەمام وەبیر «چیلدیاگالی باری» دەکەوتم یەکـەم ڕۆژەکان کـە بـۆ ببینیـن ئـەو دەچـووم «کایلێرا» بێجگـە لـە خـۆی و دوو شـوان و مانـگا و مـەڕ و قەبـری باوکـی شـتێک لـە دوورگەکـەدا نەمابـوو بـەڵام لـەو کاتـەوە کـە گەشـتیارەکان وەڕێکەوتـوون ئەوێیـان بینیوەتـەوەو لـە کەنـاری ئـەوی چادریـان هەڵداوە ئـەو ژنـە پیـرە ئەوەنـدە دڵتەنـگ بـوو کـە وردەوردە عاقڵـی لـە کیـس دا. جیـاوازی «گاری‌بـاردی»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و «پووره برنیچه» ئەوە بوو کە «گاریباردی» لە تۆرەمەی مرۆڤە شلوشەویق و دەستوپێ سپیلکەکان بوو بەڵام ئەژدادی «پووره بێرنیچه» کەسانی شەڕکەر و ئازا بوون.

دوای چەند خولەک ئاخری وەقسە هات و پرسی: «پیادە نیزامە ناسراوەکانی ئیتالیا چۆنن؟»

نەمدەزانی چی جواب دەمەوە؟

-باشن. ئێوە چۆنن؟

لەداخ تۆفان وەڕەزم چەند ساڵە خەریکم نەزا دەکەم فڕۆکەخانە لەنێو بەرێ بەڵام لەبری ئەوە تەنیا میچی ماڵۆچکەکەی من لە بن دەردێنێ.

-بۆچی نەزا دەکەی فڕۆکەخانە لەنێو بچێ؟

-تا کەسانی وەک تۆ نەیەن موزاحیمی من بن. خۆ من حەیوڵا نیم تا وەک مۆدێلیک بمکەنە شانۆ.»

گوتم: «ببوورن موزاحیم بووم.»

دوایە هەستام کە بڕۆم بەڵام «پووره بێرنیچه» دەستمی توند گرت و لەسەر کورسیەکە داینیشاندم و گوتی: «گەمژە مەبە ئێستا هاتووی باش وایە نەڕۆی. چیتان لێم دەوێ؟»

زۆر بە کورتی هۆی سەفەرەکەم بۆ باس کرد و جوابی داوە: «چ کارێکی گەمژانەیە تەواو بوو بچی بۆ نیۆیۆرک بەڵام تۆ ئەوەندە گەمژەی کە پێمخۆش نییە یارمەتیت بدەم زەنگ بۆ «گلاتیس بلاندێز» لێدەدەم.

-«گلاتیس بلاندێز» کێیە؟!

-ژنێکی خەڵکی هاواییە کە دەتوانی زانیاری لێ وەرگری. زۆربڵەیی ژنانی وەک من و «ماریکاونایوکی» بە چ کەڵکێکت دێ ئێمە ئیتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نوێنەری هیشتێک نین باش وایە بچییە لازی لاوەکان کچی گەمژە.

ئەو بۆ یارمەتی دانم بەردەوام جنێوی پێدەدام دەنا نەیدەویست تەوهینم پێ بکا. «بیل» دەیگوت: «زۆربەی خەڵکی قەدیمی هاوایی هەروا پڕڕوو و بێ ئەدەبن کاتێک ئیشتیایان لە جنێودان بێ لە هیچ کەس و هیچ شتێک ناترسن و کاتێک پێکەنینیان بێ لە ناخی دڵەوە پێدەکەنن بەڵام بە پێچەوانەی ژنی ئێستا دڵپاک و میهرەبانن»

لە «پوورە بێرنیچە» کە ئێستاش خەریکبوو بە گەمژەیی ئێمە پێدەکەنی دوور کەوتینەوە و درێژەمان بە گەڕانێک کە سات لەگەڵ سات گەمژانەتر دەبوو دەدا. «گلادیس براندێت» بەڕێوەبەری فێرگەیەکی «لئیڤ» بوو، ژنێکی جوان و ڕێک و پێک بە جەزەبە کە کۆت و تەنوورەی لەبەردابوو و وەک زۆربەی ژنانی هاو تۆرەمەی لووتێکی پانی قوڵە و ددانەکانی قایم و سپی بوون. ئەو چاویلکەیەیکە لە چاوی کردبوو وای دەردەخست کە کارەکەی کارێکی ئیدارییە لەگەڵ ئەوەی کە ناوێکی ئورووپایی کە دیاری ڕاهیبەیەک لێینابوو لە ناخیدا هیچ نیشانێک لە خوێنی بێگانە بەدی نەدەکرا. تا تەمەنی شازدە سالان لەگەڵ مێردەکەی کە لە چاردە سالان زەماوەندی لەگەڵ کردبوو لە دارستان ژیابوون، ئێستا سی و هەشت ساڵ لە تەمەنی ڕۆیشتبوو و بەو تەمەنە ببو بە دایەگەورەش. لەم سالانەدا ڕوداوگەلی جۆراوجۆر شتی زۆریان لە ناخیدا گۆڕیبوو هەر بۆیە دەستی لە دارستان کردبووە و هاتبووە شار و دەرسی خوێندبوو و ئێستا کۆت و تەنوورەی لەبەر دەکرد. سەرۆکی خاچی سووری کووای بوو و ڕێکخراوەی لایەنگرانی پێشکەوتنی هاوایی وەک خاتوونی نموونە هەڵیان بژاردبوو. هەڵبەت ئەوانە هیچیان نەدەبوونە هۆی سەرسووڕمانی من. بۆخۆی بۆی باس کردم کە لە کۆمەڵگەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوایی ژن و پیاو هەمووکات لەگەڵ یەک یەکسان بوون و هەن تەنانەت لە پاشایەتی ژن و پیاو یانی شا و شابانوو بە قەت یەکیان دەسەڵات هەبوو.

لە سەروو دەرگای فێرگەکەی ئەو ئاڵایەکی ئامریکا هەڵاوەسرابوو. پێی گوتم: «هەر کات بمهەوێ قوتابییەکانی دێن بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی دوورگەکە تا وێنەیان بگرن. ئەو بابەتە ئەوی دڵخۆش دەکرد. چوون بۆ گەشتیاری جیهانی هاواییش باش بوو.

چەند دانە لە قوتابییەکانمان هەڵبژارد هەموو دەیانویست جلی سارۆنگ لەبەر کەن چون یاسای شارەداری دەیگووت کچەکانی کوای هەموو کات دەبێ بە جلی سارۆنگەوە وێنە بگرن لەگەڵ ئەوەی کە ئەو جلە ئیتر لە دوورگەی هاوایی ڕەواجی نەمابوو. بڕیار بوو دوای وێنە گرتن شاگردەکان بۆ نان خواردن بەرینە هۆتێلی «کۆکۆنتپاڵمز» کە تایبەت بە میلیاردێرە ئامریکاییەکان بوو. ئەوە هەموویانی زۆر دڵخۆش کرد، چون «ڕۆسانا براتسی» کاتی دروست کردنی «زەریای هێمنی باکووری» لەو هۆتێلە مابووە. زۆریان پێ خۆش بوو ئەو ژوورەی کە «ڕۆسانا براتسی» لێی مابۆوە ببینن. دەستیان کرد بە پرسیار کردن لە من: «ئێوە «ڕۆسانا براتسی» دەناسن؟ هاوڕێتانە؟ ئەی گیان خۆزگە بە خۆتان! ئێوە تا ئێستا هالیوودتان بینیوە؟ ئەرێ؟ خۆزگە بە خۆتان!»

ئەوان قەت نەچووبوونە ئەمریکا بەڵام چوون بۆ ئەوێ ئاواتی هەموویان بوو، هێندێکیان پێیان خۆش بوو لە ئامریکا کارێک بدۆزنەوە و هێندێکیان کە زیاتر لە نێو خەیاڵ و ڕەویا دابوون ئاواتی چوون بۆ «پاریس» و «ژان پل سارتێر»یان بوو زۆر بێ پەردە قسەیان لە «ئێگزیستیالیزم» دەکرد و هەر بەو سانایە لەبەر دەمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«دوئیلو» ڕاوەدەستان تا وێنەیان بگرێ، ئەویش وەک کەڵەشێرێکی دڵخۆش کە لەنێو کولانەی مریشک کەوتبێ بەولاولادا دەڕۆیشت و وێنەی دەگرت ڕۆخساری زۆریان جوان بوو و هەیکەلێکی زەریف و پرچێکی پڕ و درێژیان بوو و لە ناخیاندا پاکییەکی سەیر دەبیندرا.

«پریشیلا» لە تۆرەمەی سوور پێستەکان بوو و ڕێک لەوان دەچوو. نەژادی «بیتیلۆ» چینی بوو و چاوەکانی بەوان دەماوە، «فلورانس» ڕەش‌پێست بوو و تۆرەمە و نەسەبی «جەین» دەگەیشتەوە پرتەغالییەکان. نەمدەزانی هۆی ئەوەی کە «پوورە بێرنیچە» منی ناردبووە لای «گلاریس براندێت» چ بوو. کچەکانی فێرگەکەی ئەو ڕێک وەک کچانی ئامریکایی بوون و شتێکی تازەیان بۆ گوتن بە من پێ نەبوو. کاتێک گەیشتینە قەراغ دەریا ژنێکی ماسیگری پولێنزیمان بینی کە لە ئاشناکانی بیل بوو. قوتابییەکان هەموو دەستیان کرد بە فشەکردن، لاقەکانی لاواز و ڕوخسارێکی پیاوانەی بوو وەک پەیکەرە دارەکانی مووزەی هۆنۆلۆلۆ بوو. ئێستاش بە بارانی دەگوت «سەمای گوڵی» بە توورەیی دەگوت «تۆفان». ئەو قەت نەیویستبوو فێری ئینگلیسی بێ تەنیا وشەیەک کە لە ئینگلیسی دەیزانی (یوسی مای کای) بوو «بیل» گوتی: «بێچارە لوسی ئەو هیچ گرینگییەک بەو گەمژانە نادا بەڵام چارەڕەشی ئەوەیە کە منداڵەکانی خۆشی شۆخی پێدەکەن و لەوەی کە بیرەکانی کۆنن دڵتەنگن. دوو لە منداڵەکانی هەڵاتوونەتە ئەمریکا و تەنیا دوو وێنەیان لەلای ماوە کە کاتی ڕوانین لەوان فرمێسکەکانی دێنە سەر گۆنای و دەگری. دوایە سڵاوی لە لوسی کرد: «ئالوها لوسی مای کای»

لوسی جوابی داوە: «ئالوها بیل»

دوایە لە «بیل»ی پرسی کە من ژنێکی سپیپێستی بیگانەم؟ کاتێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە «بیل جوابی ئەریی داوە بە ڕقەوە لێم مۆن بۆوە و ڕۆیشت بۆ لای ماشێنە شڕ و ژەنگاوییەکەی لە «بیل»م پرسی ناکا بیهەوێ بە ماشێن بچی بۆ ماسی گرتن؟

«بیل» لە جوابدا گوتی: «بەڵێ ڕیک وایە»

لەوێدا بوو کە زانیم کە لە «کائۆئای»یش هیچم دەست ناکەوێ و هەر ئەو کاتەی کە دوورکەوتنەوی «لوسی مال کای»م چاو لێدەکرد بە بیلم گوت: سبەی بچینە «کۆوانا» لە دوورگەی هاوایی. لە «کۆوانا» سێ ژن لە ژنانی ڕاستەقینەی هاوایی بە ناوەکانی «سادیسایمۆن» و «فانیڤ کانهایۆ» و «ئیرمالیلی» بوو چاوەڕاوانمان بوون تەمەنیان لە مابەینی چل تا پەنجا ساڵدا بوو، مۆمۆیان لەبەر کردبوو و زۆر میوانەوین دەهاتنە بەر چاو. سادی کۆڵیکی بابۆڵەی ماسی بۆ سەیران لە کەناری دەریا ساز کردبوو، فانی جیبەکەی هینابوو کە لە کەنارەکە پێی بسووڕێینەوە، هیچ کامیان نەیاندەزانی بۆ چی چووینە لایان و وایاندەزانی دەمانهەوێ لە کەناری دەریاکە بگەڕێین. بە جیب لە مەزراکانی قاوە گەڕاندیانین کۆشکێکی دارینیان نیشان داین کە هی یەکیک لە شاژنە گەورەکانیان بوو وێنەیان گرتین داریکیان نیشان داین کە گەڵاکانی شینی ئاسمانی بوو و ئاخیرییەکەی گەردنبەندێک کە بە گوێچکە ماسی ساز ببویان بە دیاری پێداین. کاتێک زانیان کە هۆی هاتنمان بۆ ئەوێ چییە بە سەرسووڕمانەوە پێیان گوتیان: «ژنانی ئەوێ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ژنانی ئامریکا نییە و لەوانەیە تەنیا جیاوازیان لەگەڵ ئەوان ئەوە بێ کە لە ناخی دڵەوە پێدەکەنن و قاقا دەکێشن چون لە ئەمریکا بە هۆی کەشوهەواکەی ژنان کەمێک خەمۆکن.

لێم پرسین: «چۆن ژیان بەسەر دەبەن؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ کامیان کارێکی تایبەت و دیاریان نەبوو. ئیرما بەرازی بەخێو دەکرد، فانی مامۆستای ئەسبسواری بوو، و سادی لە مەزرای قاوە کاری دەکرد. لێم پرسین کە مێردیان کردوو یان نا و جوابەکەیان «نا» بوو. هەرسێکیان تەڵاقیان وەرگرتبوو چون باوەڕیان وابوو کە بەتەنیا بن باشترە لەوەی کە لەگەڵ ئەو مێردانەیان بژین. تازە دەیانگوت زۆربەی ژنانی دوورگەکە بە تاقی تەنیا دەژین، دەیانگوت کە هاوایی گەورەترین شوێنی کچە قەیرەکانی ئەمریکایە چون لەو چەند ساڵەدا پیاوێکی زۆر لەوێوە کۆچیان بۆ وڵاتەکانی دیکە کردووە.

پرسیارم کرد: فانی نازانم بۆ پیاوان کۆچ دەکەن؟ زەوی ئێرە زۆر بە پیتە و داهاتی باشیشی هەیە و ئاو و هەواکەشی بێوێنەیە. ئەی ئێوە بۆ لەگەڵیان ناڕۆن؟

فانی چاوی لە ئیرما و سادی کرد وەک بڵێی هەوڵ بدا کە لێیان بپرسێ کە ئایا ڕاستی بە من بڵێ یان نا؟

ئیرما جوابی داوە کە: مێردەکەی من بۆیە بەجێی هێشتم چون ناتوانێ پێوەندی سێکسی لەگەڵم ببێ ئەو دەیگوت لەمەودوا ناتوانێ لەگەڵ هیچ کام لەگەڵ کچانی ئەو دوورگە نەفرەتییە بێ.

فانی گوتی: مێردەکەی منیش هەروا.

سادیش گوتی: مێردەکەی منیش وا لەبەر ئەوە بەجێی هێشتووم.

لێم پرسین ئێستا ڕاستە کە ئێوە ئیتر ناتوان پێوەندی سێکسیتان لەگەڵیان بێ؟

سادی بە دەنگێکی خەماوییەوە گوتی: ئای نا! ئێمە کەمێک گۆڕاوین بەڵام ئەوە چ ئیشکالێکی هەیە. ئەوە پیاوەکانمانن کە چاوەڕوانی زۆریان هەیە و ئێمە ئازار دەدەن. چاوەڕوانن ئێمە وەک دایەگەورەکانمان هەمیشە لەماڵێ بمێنینەوە بەڵام بۆخۆیان ئێواران کە دێنەوە ئەوەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماندوون کە کاتی ئەوەیان نییە تەنانەت دوو قسەی خۆشمان لەگەڵ بکەن هەموویان کار دەکەن و ئیتر هێزیان بۆ نامێنێتەوە و ئێمەش ناچارین داوای تەڵاق بکەین. پێشکەوتنی تەمەدون تەنیا دیارییەکی بە ئێمەی داوە مافی تەڵاقە، بۆ کەڵکی لێ وەرنەگرین.

چ ژیربێژییەک! کەڵک وەرگرتن لە مافی تەڵاق بۆ وەسەریەک کەوتنی ئەو هەموو بێوەژنە لە شیکاگۆ و نیۆیۆرک و شارەکانی دیکە خەریکن دیق دەکەن. نا لە هاواییش وەک مووریوە و موسیکای ناتوانم بەو شتەی کە بەشوێنیدا دەگەڕێم بگەم تەنیا دوورگەی نیهۆ مابۆوە کە ئیزنی چوونیان بۆ ئەوێ بە کەس نەدەدا.

نیهۆ بچووکترین دوورگە کە لە دوورگەکانی هاواییە تەنیا ٢٣٨ کەس لە تۆرەمەی دەستلێنەدراوی پولێنزی لەوێ دەژیان. خاوەنی دوورگەکە ناوی «ئالیمبیر لوبینسێن» بوو و ئەوەی لە دایەگەورە «ئیلیزا ئیسنیکێر»ەوە بە میرات پێ براوە. «ئێلیزا» یەکێک لە میلیاردێرەکانی بۆستۆمن بووە کە ساڵی ١٨٦٤ ئەوێی بە دەهەزار دۆلار لە دەوڵەتی هاوایی کڕیوە. هەموو دەیانگوت کە خەڵکی ئەوێ وەک سەد ساڵ لەوە پێش دەژین لەوێ هیچ پووڵێک نییە و کڕین و فرۆشتنی مەشرووب و سیگار مەنع دەکرێ. بە جێگای پوول لە نێوان یەکدی کەروێشک دەگۆڕنەوە. بۆ هاتوچۆ سواری ئەسب دەبن و کە بۆ ئەویش کەڵک لە زین وەرناگرن لە نیهۆ قوتابخانە و کلیسا و قەشە و سۆزانی و دز و زیندان و نەخۆشی بوونی نییە لەو پەنجا ساڵەدا تەنیا دوو-سێ جار ئاپاندیز و برینی ڕیخۆڵە بیندراوە پۆستخانەشی لێ نیە و هەر کەس بیهەوێ هەواڵ بۆ کەسێکی دیکە بنێرێ ئەوە لە لاقی کۆتری دەبەستێ، هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە کە «ئالیمرۆ» پیرەپیاوی شاعیر کە پێی خۆشە ئەو ٢٣٨ کەسە پولێنزییە دوور لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژیانی پیسی ئەوڕۆی جیهان بهێڵێتەوە و ئاگاداری لە تۆرەمەکەیان بکا. هیچ کام لە خەڵکی نیهۆ و بەبێ ئیزنی ئەو مافی چوونە دەرێی دورگەکەیان نییە و ئەگە چوون ئیتر ناتوانن دووبارە بگەڕێنەوە هیچ کەس ئیزنی چوون بۆ ئەو دوورگەیەی نییە و تەنا ڕێگای چوون بۆ ئەو دوورگەیە نووقم بوون یان بەربوونەوەی لە نەکاویان بە چەتری ڕزگار بووەنە. کاتی هێرش بۆ «پیر هاربێر» خەلەبانێکی ژاپۆنی لەو دوورگەیە هاتە خواریّ و بوومییەکان سەریان وەک بەرازێک بڕی، هەواڵنێرێکی دیکە هەوڵیدا بچێ بۆ ئەو دوورگەیە و سێ ڕۆژ خۆی لەنێوان ڕەوەزەکاندا شاردەوە و بەڵام دۆزییانەوە و ئەگەر «ئالیمرۆ» پێشی پێ نەگرتایەن ئەویشیان وەک خەلەبانە ژاپۆنییەکە کوشتبوو. دیارە دەوڵەتی ئەمریکا ئەو دۆخەی پێخۆش نییە و دادستانی هەموو هۆنۆلۆلۆ ماوەیەکە بەشوێن ئەوەوەیە کە بزانێ دەوڵەت بۆی دەکرێ کارێک بۆ دانانی یاسا لەو دوورگەیەدا بکا؟ چوون ئەو دوورگەیە لە دوورگەکانی هاواییە بەشێک لە پەنجاهەمین ئیالەتی ئەمریکا دێتە ئەژمار جار نا جار کۆشکی سپی یەکێک بۆ گەڕان لە ئەو دوورگەیە دەنێرێ بەڵام قەت پشکنین ڕوو نادا چون پشکێنەر یان تووشی نەخۆشی دەبێ یان لەسەر کار لادەچێ.

«ئالیمرۆ» زۆر دەوڵەمەندە و دەزانێ چۆن پێش لە ئەو کەسانە بگرێ کە دەیانهەوێ سەر بکێشنە دوورگەکەی تەنیا پشکێنەرێک بە ڕیشۆت وەرگرتن لە ئەو قایل نەبوو کە ناوی «کیلیدفێن ئاشفیرێد» بوو ئەو پشکێنەرە لە ڕاپۆرتەکە دوور لە باوەڕەکەیدا هەواڵی بە «ئایزێن هاوێر»ی دابوو کە هیچ کام لە پیاوانی دوورگەکە نەچووبوونە سەربازی «ئایزێن هاوێر»یش بەڵێنی دا کە بەو مەسەلەیە ڕابگا بەڵام سەری زۆر قاڵ بوو و لەبیری چوو زۆرم پێ خۆش بوو دوورگەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیهۆ تەنیا دوورگەی بەختەوەری دەهاتە بەرچاو ببینم بەڵام ئالیمرۆ نەیدەویست ئیستسنا قایل بێ. هەوڵم دا تا ئەو جێیەی دەکرێ هەر لە دەرێوە زانیاری لەسەر ئەوێ کۆکەمەوە. دەستم بە گەڕان و پرسیار کردن کرد، لەگەڵ ئەوەی ڕوبینس نەیهیشتبوو دوورگەکەی ببینم بەڵام لە ناخی دڵەوە بە شێوەیەک خۆشیم لێی هاتبوو شاعیرانە بوونی کارەکانی و بیرۆکە سەیر و سەمەرەکانی لە فکر و ئەحواڵی من نیزیک بوو ئەو دوورگەیەم پێخۆش بوو بیرم لە ژنانی ئەو دوورگەیە دەکردەوە کە ئازاد و بەبێ هیچ قەید و بەندێک و ئەو شێوەیەی کە پێیان خۆشە دەژیان و مانای دیلی و لەخۆبایی بوونیان نەدەزانی و جوابی هەموو ئەو پرسیارانەی لە جیهان بوویان کاتێک گەڕامەوە «کووانا» چوومە لای ئەو هەواڵنێرەی کە خۆی گەیاندبووە دوورگەکە و هێندەی نەمابوو سەری لەسەر ئەو کارە بە فەتەڕات بدا دوایە لەگەڵ «کلیپتێن ئاشفێرید» کە هەواڵی دوورگەکەی بە «ئایزێنهاوێر» دابوو وتووێژم کرد و لە نێو بایگانی ڕۆژنامەکانی هۆنۆلۆلۆدا بە دوای هەواڵەکەیدا گەڕام کە ئاکامەکەی بوو بەوەی ئەو ٢٣٨ کەسەی لەو دوورگەیە دەژین لە تۆرەمەی عەسڵی «پولێنزی»ن هەموو یان جین یان مۆمۆ لەبەر دەکەن و «ئالیمرۆ» ئەو جلانەیان بۆ دەکڕێ. چون دەیهەویست لەش و لاری ئەوان بە ڕووتی نەبینی. ئەو زۆر پێبەندی ئەخلاقیاتە و چەند قوتابخانەی بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەڕیخستبوو و بابەتی کۆترە نامەبەرەکانیش تەنیا گاڵتەیەکە.

«ئالیمرۆ» هەموو حەوتوانە بەلەمێکی چووکە پڕ لە بەستەی ساردین و ئاوی میوە و گۆڤاری وەک «تایم» و «نویزوییک» بۆ دوورگەکە دەنێرێ. ژنانی ئەوێ کەمێک فەقیرتر و کەمیکیش نەخوێندەوارتر لە «لوسی مایکای»ن ئەوان داوایان لە ئالیمرۆ کرد باتریەکیان بۆ بێنێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئەویش جوابی دابوونەوە و ئەوانیش بەو بارترییە مەکینەیەکی جل شۆردن کە خۆیان دەروستیان کردووە وەکار دەخەن و ئەگە نەفتیان ببێ لەو بۆ کار کردنی مەکینەکە کەڵک وەردەگرن کاتێک باترییەکە بێکار دەبێ لە ڕادیۆیەکی دەبەستن و گوێ لە هەواڵی جیهان دەگرن.

ڕاستە کە هەرکەسێک کە لە «نیهۆ» بڕوا ئیتر مافی گەڕانەوەی بۆ ئەوێ نابێ بەڵام زۆر کەس ئەوە بە جیدی ناگرن و هێندێک جار دەچن بۆ کووای و دووبارە دەگەڕێنەوە پیاوەکان دەبنە گارسۆن و ژنەکانیش لە کارگای کۆمپیووتی ئاناناس کار دەکەن. «ئالیمرۆ» زۆریش سەختگیر نییە و هێندێک جار کاری سەیر و سەمەرەی لی ڕوودەدا کە لەگەڵ یاسا سفت و سەختەکانی یەک ناگرنەوە بۆ نموونە ئەو ژنانەی خەریکن دەزێن بۆ منداڵ بوون بە بەلەمەکەی دەنێرێتە نەخۆشخانەی «کووای» زۆربەی ژنانی «نیهۆ منداڵەکانیان لە «کووای» هێناوەتە دنیا، دەڵێمن لەوێ ڕێیەک هەیە کە ژنان بەبێ ئازار منداڵیان ببێ. ژنانی «یولینزی» زۆر بەهێز بوون و هەتا ئەو چەند ساڵەی دوایی بە تاقی تەنیا و لەنێوان دار و گژوگیادا دەزان و بەیانی ئەو ڕۆژە بۆ سپاس لە خودا دەستیان بە سەمای هولا دەکرد بەڵام ئێستا پێیان باشە بێ ئەوەیکە ئازار بکێشن منداڵیان ببێ.

زۆر سەرەحاڵ بۆ لای هۆتێل گەڕاینەوە هەوا وەک چلەی هاوین گەرم بوو و جلە هاوریشەمییەکەم بە لەشمەوە نووسابوو دارخورماکان وەک دەست دەچوون کە ڕوو بە ئاسمان درێژ بوون و ئاهەنگێکی خۆش لە دەنگی ئەو شەپۆلانەی کە لە تاشەبەردەکان دەکەوت دەهاتە بەرگوێ. کەمترین سوودی ئەو سەفەرەی ئێمە بینینی جوانترین شوێنی جیهان بوو. ژوورەکەم بە هۆی کولێر (موبەرەیدە)وە تەواو فێنک بوو و یەخچاڵەکەش پڕ بوو لە خواردنەوەی فێنک. قوتوویەکم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـاوی ئانانـاس هەڵقوراند و  نامەیەکم بۆ دەستخۆشی لـه ئیرمـا و سادی و فانی نووسـی دەمزانی بـه خوێندنـەوەی دڵخۆش دەبن  دوایه دووئیلیۆم بانگ کرد و گوتم کە دەبێ بچینە ڕێستۆران. دووئیلیۆ کە یەکێک لـە ناسـراوترین  ڕێسـتۆرانەکانی هاواییـە و مڵکدارەکـەی ژنێکە بـە نـاوی «کاتلیـن پیریـه». ئـەو شـەوە کاترین پری شێویکی تایبەتی بۆ هێناین کە دەبوو لەسـەر عـەرز دانیشـین و بەبێ کەوچک و چنگاڵ بیخۆین. بەرازێکی ساغ لـه نێوان زیخی داغ مێشککوڵ کرابوو و گەڵای مۆزیان بەسـەردا هەڵکێشـابوویان لەپێش میوانـەکان دانابوو وەک فیلمە موزیکاڵـەکان لەسـەر دەریاکانـی باکووری جیهـان دروسـت دەکرێن و بابەتەکەیـان لەسـەر عاشـق بوونـی مەلەوانـەکان و زەماوەندیـان لەگـەڵ کچـە بوومییەکانە.

ئـەو دیمەنـە ئیشـتیای گەشـتیارەکانی دەکردەوە و وەک منداڵ قاقایان دەکێشـا و ئەووەنـدەی نەمابوو گوڵـە ئیبیسکوسـەکانی ملیشـیان  لەگەڵ خواردنەکانیـان بخـۆن چەنـد سـەعات دوایـی تاقەتـم بەسـەرچوو و بـۆ خواردنـەوەی ئیسـکاج چووین بـۆ یەکێـک لـە دیسـکۆکانی هاوایـی کـە لـەوێ نەدەکرا لەگـەڵ کچـان و کوڕانـی لاوی هاوایـی سـەما نەکـەی، من لەگـەڵ کوڕێکـی کاڵ و کـرچ کـە دەرسـی ئەنگەلناسـی دەخوێند سـەمام دەکرد و ئـەوەی کـە سـەمای لەگـەڵ دویلیو دەکرد کچێکی قژ خەنەیی مامۆسـتای وەرزش  بـوو. هەردووکیـان وەک ئەکتەرەکانـی فیلمەکانـی هالییـوود جـوان و سـەرنجراکێش بـوون و جوانیشـیان سـەما دەکـرد تەنیـا کەمێـک زۆریـان هەسـتەکانیان دەردەخسـت بۆیـە ئێمـە زۆر زوو لـەوێ ڕۆیشـتین.

لەگـەڵ ئـەوەی کـە شـەو درەنـگ بـوو بـەڵام هێشـتا دووکانـەکان کرابوونـەوە بـە هـۆی مەسـتییەوە هۆشـمان نەبـوو کۆڵێکمـان شـتومەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێکەڵک لەوێ کڕی و ئەگەر پەیکێکی دیکەمان خواردبایەتەوە و دەچووینە سەر سێن و هاورێ لەگەڵ ئەو ژن و پیاوە پیرە قژ ڕنگ کراوانە دەستمان بە سەمای هولا دەکرد کەمێک دوایی بیل گەیشتێ ڕوخساری گرژ بوو وەک ئەوەی کە کەسیکی مردبێ، گوتی سڵاو خاتوون.

گوتم: ماڵاوا بیل!

–شەرمەندەم لەوەی لەو سەفەرەتاندا نەتانتوانی ئەوەی پێویستە بیدۆزنەوە.

–وانییە بیل تاوانی تۆ چیە؟ خەتای خۆمان بوو لە هەوەڵەوە حەق بە تۆ بوو ژنانی ئەسیلی هاوایی وەک ماسییەکان و تەیرەکان ئیتر ئاسەواریان نەماوە. ژنانی ئەسیلی هاوایی هەر ئەوانەن کە بەیەکەوە بینیمانن، ئیتر بۆ دەبێ تازییەبار بین؟

بەیانی زوو لە هۆنۆلۆلۆ ڕۆیشتین و مامووریکی عەوەزی گومرگ چەمەدانەکانی هەڵڕشت تا بزانی لەگەڵ خۆمان پیواز یان تۆوی ئۆرکیدە دەبەین یان نا؟ نەدەبوو ئەو شتانە لە دوورگە بچنە دەرێ من کەمێکم دۆوی گوڵم لەگەڵ خۆم هێنابوو بەڵام مأمووری گومرک نەیدۆزینەوە حەیف چون منی لە نیگەرانییەکانی دووایی ڕزگار دەکرد هیچ کام لەو تۆو پیوازانە لە ئیتالیا سەوز نەبوون و نەگووران تەنیا لە پیوازێک پنچکێک گوڵی ئۆرکیدە ڕوا بەڵام گوڵەکانی ئەوەندە چکۆلە بوون کە دەبوو بە وردبین لێیان بگەڕێی و بیاندۆزییەوە. فڕۆکە پڕ بوو لە گوڵی ئۆرکیدەی چڵکبڕ کراویان لە ملیدا بوودوانیوەڕۆ گەیشتینە لۆسانجێلێس و سبەی بەیانی لە نیۆیۆرک بووین شوێنێک کە لەوێ ژنان زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی دنیا بەهێزن. لەوێ بوو کە لە ئاکامدا دووئیلیۆ بە مرادی دڵی گەیشت چونکین تلێگرافەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە بۆ هاوڕێ کچەکەی ناردبوو بە دەستی گەیشتبوو و ئەویش لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانی بوو کچێکی جوانی قژ زەرد و قەدوبالا ڕێک، ئەوەندە وشەی جۆراوجۆری وەک خۆشن دەوێ و ئازیزم و ... گووت کە منیش بۆ ساتێک هەستم کرد نوقولێکی مژراوم کە بە شتەوە دەنوسێ و واهاتە بەرچاوم لە وەک ژنێکی میهرەبانی ژاپۆنی یان دایکێکی ڕاستەقینەی مالزیایی یان ژنێکی زەریفی هیندی و لە سەرەنجامدا ژنێکی گوێڕایەڵی پاکستانی حیساب لەسەر دۆیلیۆ دەکا بەڵام دوای ئەوەیکە دوو خولەک لە پشت فەرمانی ماشێن دانیشت وەک هەموو ژنانی ئەمریکایی بوو بە ژنێکی بەفیز و دیکتاتۆڕ و بە دووئیلیۆی گوت باشتر وایە باس لەوە نەکا کە ڕۆژێکی دیکە لە نیۆیۆرک دەمێنێتەوە چونکن ئەو بەرنامەی خۆی دارشتووە و ئیتر نابێ بۆڵەبۆڵ بکات.

لە نیۆیۆرک هێشتا زستان بوو سەرما لە ئێسقانی کار دەکرد هەر بۆیە لە ناخەوە هەستم بە سەرما دەکرد. لوری هاوڕێ کچەکەی دووئیلیۆ زۆر خێرا ماشێنی لێدەخوڵی و بیست خولەک دوایی ئێمەی گەیاندە نێوەڕاستی مەنهەتەن. لە ماشێندا هەستی منداڵێکم بوو کە دوای تێپەڕاندنی پشووی کۆتایی حەوتوو گەیشتووەتەوە مەدرەسەی شەوانەڕۆژی ئەو ترسەی هەموو کات بووم بەرۆکی گرتم ترس لەو هەموو نەهۆمە بالابەرزە پیسانەی شەقامی گێژکەر و ئەو پیاوانەی مەجالی ئەوەیان نییە چاو لە ژنان بکەن و وەک با بەلایدا تێدەپەڕن یان ئەو ژنانەی هەروا لەگەڵ پیاوان تەڕەف دەبن لە نێو ئەو خانووە گەورە لە نێئون دروستکراوانە قەت شۆقی هەتاویان تێنەدەکەوت هەزاران ژنی ئەمرۆ خەریکبوون لەگەڵ پیاوە دڵساردەکانیان بەشەڕ دەهاتن و فەرمانیان پێدەکردن بەڵام هەموویان لە ناخەوە هەستیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە تەنیایی دەکرد. نیوەڕوان کە گوێبیستی زەنگی نەهاری ئیدارەکان دەبین ئەو ژنانە وەک تاقگەیەکی غەماوی هەرکام لە ژووری کارەکەیان وەدەر دەکەون و لە بار و کافەکان دادەنیشن و قاپێک سالاد و هەمیرگیرێک لەبەر دەمیان دادەنێن و لە نێوان هەر پارووە هەمبیرگێر یان هەر گەلا کاهوویەک هەوڵ دەدەن ئەو پیاوەی کە لەو بەر میزەکەیان دانیشتووە قسە بکەن ڕوانینیان نیشانەی سواڵی موحیبەتە بەڵام پیاو جوابی ئەو چاوانە نادەنەوە چون لەو مرۆڤەی کە لەپشت ئەو ڕوانینەیە دەترسێ دوایە خێرا لە شوێنی خۆیان هەڵدەستن و لە فروشگای ماسی کەلوپەلی پێویست دەکڕن و چاوێک لە بەرهەڵبێنەی پیاوانەکان دەکەن و کە تابلۆیەکی گەورەیان لەسەر دراوە و لەسەری نووسراوە بەرهەڵبێنەیەکی پیاوانە بۆ مێردەکەتان کە لە چێشلێنان یارمەتیتان دەکا بکڕن) دوای کڕینی ئەو بەرهەڵبێنەیە دەگەڕێنەوە ئیدارە تاریکەکانی خۆیان کە زۆریش هۆی سەرکەتن بووە درێژە بە کارەکانیان بدەن. ئەوە ڕاستە کە ژنانی ئەمریکایی هێزێکی تایبەتیان هەیە وەک ئەوان لە هیچ شوێنیکی جیهان نابیندرێ سێ لە چواری هێزی ئابووری ئەمریکا لەدەست ژنان دایە و ئەو ڕەگەزە ناسکە شەست و پێنج لەسەدی پشکی کارخانە گەورەکان و حەفتا لەسەدی بیمەنامەکان و شەست و سێ لەسەدی دەفتەری پاشکەوتیان هەیە یانی شتێک نیزیک سەدمیلیارد دەفتەری پەسەنداز و حەفتا میلیون گەلای بیمە و هەشتا میلیارد بەشی پیشەیی، تازە لە زەمینەی سیاسەتیش ژنانی ئەمریکایی خۆیەکیان نیشان داوە.

سالی ١٩٥٨ ئامار سەلماندی کە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە دەنگیان داوە چوارمیلیۆن و نیو ژنان لە پیاوان زیاترن کەوایە هەڵبژێردراوی سەۆککۆماریش دەبێ لەلایەن ژنانەوە بن. کەم و کورت ژنان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو فەرهەنگی ئەمریکایان لە دەستی خۆیان خستووە. حەفتاوپێنج لەسەدی مامۆستای مەدرەسە ژنن، مودیری هەشتاو چوارلەسەدی گالری هونەر و شانۆ و پەنجاوهەشت لە سەدی ئەو کەسانەی کە لە سینەما و تلیڤزیوون کار دەکەن ژنان. پەروەردەی منداڵان دیزاینی نێو ماڵ و هەڵبژاردنی کار و جل و شێوەی سەیاحەت و ڕێژیمی خواردنی پیاوان، ژنان هەڵیدەبژێرن.

پیاوانی ئەمریکایی لەو کاتەوە کە لە دایک دەبن تا ئەو کاتەی کە دەمرن بەگوێی ژنان دەکەن. پیاوی ئەمریکایی هەر بە منداڵی فێر دەبن کە لە ژن کەمترە چونکین دایک هەمووکات لە حاڵی یارمەتیدان و موحیببەتکردنێتی ئەگە شک و دڕدۆنگییەکی لەم بابەتەوە بێ ئیتر لە مەدرەسە دڵنیا دەبێ چونکین مامۆستاکەی پێش هەموو شتێک فێری دەکا کە دەبێ ڕێز لە ڕەگەزی بەرابەی بگرێ، کاتێک کە گەورە بوو و ژنێکی هێنا کە لە کۆمەڵگەدا پێگەی لەو سەرترە ئیتر هیچ شکێکی لەوەی کە ژنان باشترن بۆی نامێنی. پیاوی ڕاستەقینە لە ئامریکا ژنە و ژن پیاوە.

ژن لە ئامریکا پیاوێکە کە هێزی لە پیاوانی دیکە زیاترە دەتوانێ دەنگ بدا بەڵام ناچار نییە بچێ بۆ سەربازی و شەڕ بکا، چاوەڕوانی ئەوەیە کە پیاو لە ئاسانسۆڕدا بۆ ڕێزگرتن لە ئەوە کڵاوەکەی داکەنێ و کاتی تۆقەکردن لەگەڵ پیاو دەسەتوانەکەی دانانێ، دەتوانێ شکایەت لە کۆنەدەزگیرانەکەی بکا چونکین بەڵێنی هاوسەرگیری پێداوە، بەڵام دەزگیراکەی ئەو مافەی نیە. ژن کاتی تەڵاق دەتوانێ نەفەقە لە مێردەکەی بستێنێ بەڵام پیاو مافی ئەوەی نیە تەنانەت ئەگە ژنەکەی دەوڵەمەندیش بێ.

لەو پەنجا ساڵ پێشکەوتنە فەنییەی ئامریکا تەنیا یەک ئامانج بووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئەویش مورتاحکردنی ژیانی ژنانە هیچ کەس تەنانەت جنێوێکیشی بۆ پیاوان بەرهەم نەهێناوە. مەکینەی قاپشۆری و جلشۆری بۆ ژنان دروست کراون بەڵام شتێک بۆ یارمەتی ئەو پیاوانەی کە ئەو مەکینانەیان بەرهەم هێناوە نەکراوە. ئەو کاتەی کە پیاوان بۆ ئاسوودە بوون ژنەکانیان گیان دەدەن ئەوان هێز و توانایی پاشەکەوت دەکەن تا زیارتر لە هەمووکاتێکیان هێز و نفوز ببێ. هەر بۆیە لە ئامریکا ڕێژەی ژنان لە پیاوان زیاترن ساڵی ١٩٣٠ ڕێژەی ژنان میلیۆن و نیوێک لە پیاوان زیاتر بوو و لە ساڵی ١٩٥٧ گەیشتە حەوت میلیۆن و نیو. لە ئەمریکا لە بری هەر ١٠٠دانە کچ ١٠٩ کوڕ دێنە دنیا تا هەژدە ساڵان ئەوە هەر دەمێنێ بەڵام لە هەژدە ساڵان تا بیست و چوار ساڵان لە بەرابەر هەر ١٠٠ کچ تەنیا ١٠٣ کوڕ دەمێنن و لە ٢٤ تا ٤٢ ساڵی ئەو ڕێژەیە بە ٨٢ پیاو لەبەرابەر هەر ١٠٠ ژن دەگا. لە ٤٥ ساڵی تا کۆتایی تەمەن تەنیا ٦٥ پیاو بۆ ١٠٠ ژن دەمێنن. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ژنان زیاتر لە پیاوان تەمەن دەکەن چوون لە نەزەر جەستە بە پێچەوانەی ئەوی کە باس دەکرێ لە پیاوان بەهێزترن ژنان غودەی بەهێز و زەختی خوێنی لە خوارتر و بەرگری زیاتریان لە بەرابەر نەخۆشیەکان هەیە. لە لینگەی جیهان ژنان لە هەموو شونێکی جیهان زیاتر تەمەن دەکەن. هەر ژنیکی ئەمریکایی بە لانیکەم٧٣ ساڵ تەمەن دەکا و ئەوە درێژترین نێوەندی تەمەنی ژن لە جیهان دایە بەڵام پیاوانی ئەمریکایی وانین لە ئەمریکا ژنی پیر زۆر دەبیندرێ بەڵام پیاوانی سەروو پەنجا ساڵا کەمتر دێنە بەرچاو ئیدارەکان و ڕێستورانەکان پڕن لە پیرێژن بەڵام پیاوی پیریان تێدا نییە مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ پیاوە پیرەکان لە کوێیان خۆ حەشار داوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان خۆیان حەشار نادەن چونکین پێش ئەوەی پیر بن دەمرن لە ماندوویی کاتی بەرهەمهێنانی مەکینە نوێیەکان بۆ ژنان و خۆ بەکەمزانینیان لە بەرابەر ژنانیان کە وەبیر دێتەوە جەڵدەی دڵ لێیاندەدا یان تووشی شێرپەنجە دەبن حەفتاوپێنج لەسەدی پیاوان بەو شێوەیە دەمرن. ئامار نیشان دەدا کە پیاوانی ئەمریکایی کەمتر لە پیاوانی دیکەی دنیا هیوایان بە ژیانی دوای پەنجا ساڵ تەمەن هەیە. ئەوان بیست و چوار لەسەد کەمتر لە پیاوانی ئیتالیایی و پەنجاوپێنج لەسەد کەمتر لە پیاوانی سوئێدی هیوایان بە ژیان هەیە.

ئیتر ڕێژەی کوژراوەکانی کە ئەمریکا هەموو دەمێک وەڕێی دەخا لە ئاماردا نەهاتووە هەر بۆیە ئەمریکا پڕە لە بێوەژن لەبەرامبەر هەر یەک ملیۆن و نیو پیاوی ژن مردوو نۆ میلیۆن بێوەژن لە ئەمریکا هەیە. ئێوە هەو بێوەژنان لە هەموو دنیا لە ئیتالیا و پاریسەوە بگرە تا مەیامەی دەبینن کە بە پێچەوانەی بێوەژنە هیندییەکان و وڵاتانی دیکە بەدبەخت نین ئەوانە دارایی مێردە بێچارەکانیان کە دوای تەمەنێک کار و کوێرەوەری کۆیان کردووەتەوە بە میرات بردووە و ئێستاش دەیانهەوێ تا ئەو جێگایەی بۆیان دەکرێ چێژ لە ژیان بەرن هەر بۆیە کاتێک لە مەنهەتەن پیاسە دەکەم ژنان و پیاوانی جوان و بەهێز دەبینم گۆڕستانێک پڕ لە ئێسقانی پیاوانێک بەدیدەکەم کە مەحکوومن بەوەی کە بە ماندوویی و جەڵدەی دڵ بمرن. ئەوە دیاری هەمان ئەو ژنانەیە کە هەمووکاتێک وشەی وەک هانیان بۆ دووپات دەکەینەوە.

دووئیلیۆی بێچارەش کاتێک لە ڕێستووڕانی مادریو لەگەڵ لۆرین و من سەرقاڵی خواردن بوو خۆی لەبەرابەردا بە چووکە دەزانی چونکین لۆرین خەریک بوو باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن لە وێنەگرتندا سەرکەوتووە و ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتن بۆ ڕۆژنامەیەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پڕتیراژە و هاوکارە پیاوەکانی هەموو وەدواداوە قسەی دەکرد.

ئەو پێشتر دوو مێردی کردبوو و جودابېۆوە و ئێستاش بۆ ئەوەی کە لە تەنیایی ڕزگاری بێ پەنای هێنابووە دۆیلیۆ و هەوڵی دەدا ئەویش وەک ئەو دوو گەمژەیەی پێشوو بخاتە داوی خۆیەوە. بەردەوام بە دۆیلیۆی دەگووت هانی بۆ پێت خۆش نییە لە نیۆیۆرک بژین. سویتی دەزانی لە نیۆیۆرک چەندە زیاتر لە ئیتالیا پوول پەیدا کەین تازەش من لێرە ئاگام لێت دەبێ و ئەگە بەگوێم بکەی بە ساڵێک بەرەی خۆت لە قوڕاو دەردەکێشی.

دووئیلیۆ لە جوانیدا گوتی بریا بکرابایە.

نازانم دویلیو کە بزەیەکی تایبەتی خەڵکی ڕۆم هەموو کاتێک لەسەر ڕوخساری بوو وەک هەموو ئیتالیاییەکان درەنگی بڕوا دەکرد فیلمی بۆ ئەو دەنواند یان بەڕاستی پێی خۆش بوو لە نیۆیۆرک بژی.

لورین دەستهەڵگر نەبوو. باشە سویتی، هانی باش بیر لە قسەکانم بکەوە.

دەنگیی دەلەرزی چوونکی خەریکبوو کارتێکی گرینگ و لەوانەیە ئاخرین کارتی کایە دەکرد دووئیلیۆ بە دوودڵیەوە گوتی ئاخ ئەمریکا. ئەمریکا.

مرۆڤ دڵی بۆی دەسوتا، ئەوم بە نیوەگیان و ماندوو لە شەقامە ماندووکەرەکانی نیۆیۆرک هێنا بەرچاوم بەڵام بینیم کە چاوەکانی درەوشانەوە و هەروا کە لە لۆرین ڕامابوو و بە پارێزەوە وەک مرۆڤێکی ئورووپایی هەوڵیدا بەرگری لە خۆی بکا. گوتی ئەو شتانەی کە خۆشی دەوێن لە ئیتالیا هەیەتی و ئەگە بێتە نیۆیۆرک ناچارە چەندئەوەندەی ئێستا زیاتر کار بکا. دوایە قسەی گۆڕی و دەستی کرد بە تارییف کردن و باس کردنی ئەو شوێنانەی کە چووبووین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لۆرین وەک بۆکسۆڕێک کە مەجالی بردنەوی لە کیس چووە و بەڵام ئێستاش هیوای بە بردنەوە هەیە ئیتر درێژەی بە بابەتەکە نەدا. ئێستا مرۆڤ بەزەیی بەودا دەهات ڕاوچییەکی شارەزا دەهاتە بەرچاو بەڵام دیار نەبوو چەندەی دەتوانی هیوای بە دۆزینەوەی نێچیرێکی دیکە ببێ. ئەو لە دنیای پیاوانێک دەژیا کە هەموو دیلێکی ماندوو بوون و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ مەودا دەکەوتە نێوان ئەوان و ڕەگەزی بەرابەریان. لۆرین و هاوڕەگەزەکانیان بەردەوام بە کارەکانیان زیاتریان پەرە بەو مەودایە دەدا و ڕزگاربوونیان دژوارتر دەبوو. بەڕاستی ڕێگایەک بۆ ڕزگاری ئەو شێوە ژنانە مابوو.

کاتێک ئێواران میترۆو وەک هەژدیهایەک ئەوان قووت دەدا تا دووبارە لە بەردەم باڵاخانەکانیان کە بە پووڵی باوەشێک شۆڕش و ئازادی کڕیویانە دابەزێنی. غەمێک و نائومیدییەکی گەورە لە دڵیان دەنیشێ و ئاخیان نیۆیۆرک بەو هەموو گەورەییەی هەڵدەگرێ کەوایە دووبارە لە باڵاخانەکانیان دەردەکەون دەچنەوە زگی هەژدیهاکە کە لە بەردەم دیسکۆیەک، بارێک یان سینەمایەک دایانبەزێنێ تا چەند گیلاس ئیسکاج بخۆنەوە و لەو غەم و نائومێدییە ڕزگاریان بێ و بیر لەو ڕاستییە تاڵە بکەنەوە کە هێز و گەورەیی ئەوان بە پیاوەکانیان یانی ئەوەی کە سەرنجی هەموو دنیای بۆلای خۆی ڕاکێشاوە چەندە بۆیان گران تەواو بووە ڕاستە پیاوان لە ئەو ژنانە تەنانەت سکرتێرەکانیان تەنیا لە دایکیان دەگەڕین نفوزێکی زۆریان پەیدا کردووە بەڵام لەناخی دڵەوە ئاوات دەخوازن کە بریا خاکەڕایین لەگەڵ غروور بگۆڕیبایەتەوە و تانیبایەتیان پیاوهیەکی وەفاداریان بێ ڕاستە کە کەس ناتوانێ خۆی لەو یاسا سفت و سەختانەی کە کۆمەڵگە بۆی دادەنێ ڕزگار کات بەڵام ناکرێ بۆ ڕێزگرتن لەو یاسایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ لە هەست و وجودی خۆی دانێ و سەرکووبیان کا.

نازانم گوناحی ئەو دووڕیگایەی کە لە بەردەم لۆرین بوو خەتای خۆی بوو یان مێردەکانی پێشووی لەوانەیە ئەو و مێردەکانی بەقەت یەکیان گوناح ببێ لەوانەیە ئێستا ئیتر لەوەی کە ببێ بە بێوەژن و یەک بکۆژێکی ڕاکردوو دەوراندەوری جیهان بەو پووڵانەی کە هیچ زەحمەتێکی بۆ نەکێشاوە وەک جاران سەرنجی ڕانەدەکێشا.

بە ڕوخسارێکی غەماوی گوێی دابووە قسەکانی دووئیلیۆ و هەوڵی دەدا خۆی کۆنترۆڵ بکا، هێندێک جاریش بە چاوەکانی لەبەری دەپاڕاوە کە بەزەیی پێیدابێ و نەهێڵێ ئاوری ئەو ئەوینەی کە لە وجودیدا هەڵیکیروە بکوژێتەوە.

دووئیلیۆ زیاتر لە جاران بۆ خۆی لە مەسئولیەت دەشاردەوە و وادەهاتە بەرچاو بیهەوێ من لەو کارەدا یارمەتی بدەم، پێ لەوەدەنێم لەو کاتەدا پێم خۆش نەبوو یارمەتی بکەم قەتم یارمەتی مرۆڤە براوەکان نەکردبوو و ئێستاش هەوڵم دەدا تەنیا بێلایەنیە گەمژانەکەی خۆم بپارێزم. لەگەڵ خۆم گوتم بەدەرەک بۆخۆیان بەشێوەیەک دەسازێن، بە من چی سەر بکێشمە کارەکەیانەوە بەڵام لە پڕ وەبیرم هاتەوە کە لە وڵاتێک هاتوومەتە دنیا کە لەوێ مەکینە جل و قاپشۆری زۆر نیە و زۆربەی بێوەژنەکان پووڵێکی کەمیان هەیە و خراپترین پیاوەکان دەتوانن هەر ژنێکی کە پێیان خۆشە بەدەستی بێنن هەر بۆیە خوێنی ژنانەم هاتە جۆش لایەنی «دووئیلیۆ»م گرت و باسم لەو جیهانە کرد کە خەریکە دەگۆڕدرێ و باسم لەو ژنانە کرد کە شۆڕش دەکەن و باس لە ئەو جلە ناحەزە ئوروپاییانە و ئەو کەوشە پاشنە بەرزە پامژانەیە و ئەو کێبەرکێیانەی کە لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە و لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتم کە هەرچی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فروشگاکنی تۆکیۆ جلی فەڕانسە بفرۆشرێ هەرچی لە شەقامەکانی بەمبەیی لەبارەی گەورەیی ژنان درووشم بڵێنەوە تەنانەت ئەگە زانکۆ نیزامیەکانی پێکەن درگاکنیان ڕوو بە ژنان کردبێتەوە ئێستاش شەڕی نێوان ژن و پیاو هەر دەمێنێ چوونکین ژن ژنە و پیاو پیاو.

«دووئیلیۆ» گوتی: ماندوو بووە و لۆرین سەرێکی ڕاوەشاند و بە دەنگێکی غەماوییەوە گوتی ژنان هەموو جیهان وەک یەکن لە دڵی خۆمدا ئەو ئەو ڕایەی ئەوم تەئید کرد (ڕاجکوماری ئەمریدکور) عاقلترین ژنی جیهانیش لەسەر یەکێک لە تەپکەکانی دێهلی ڕێک ئەو قسەیەی پێگوتم ئەو گوتبووی ژنانی هەموو دنیا لە ورد تا دریشت یەک شێوەن لە هەر ئاو و هەوایەکدا گەورە بووبێتن و لە هەر تۆرەمەیەک بن و بڕوایان بە هەر دینێک بێ لەگەڵ یەک هیچ جیاوازییەکیان نییە چونکین ناکرێ تەبیعەتی مرۆڤ بگۆڕدرێ، بەڕاستی ئەو ڕاست ناڵی.

کاتێک بیر لە بارودۆخی ژنانی دەوراندەری جیهان بکەینەوە دەبینین کە زۆربەیان خەریکن لە بەتڵیقی هەڵە و گەمژەیی خۆیاندا دەست و لاق لێدەدەن چ وەک ئاژەڵەکانی باخچەی ئاژەڵان لە پیاوەکانیان جیا بن چ وەک قشقەرە خۆیان لە پیاوان بشارنەوە چ وەک شەڕکەرە ئەفسانەیەکان خۆیان ئازا نیشان بدەن و هەزار میدالیا و نیشان بە سینگیانەوە بێ هیچ کامیان بە ژیانە خۆشەی کە مافی ئەوانە نەگەیشتوون. من نەمدەزانی لەنێوان بووکی چارەڕەشی کراچی و غەمی بینینی لاقە چکۆلەکانی ژنی چینی جیاوازی دانێم هەرکام لەوی دیکە دڵتەزێنتر بوو نەمدەزانی ژیانی ژنانی نێو بەلەمی هۆنگکۆنگ ترسێنەرترە یان ئەو ژنە ئەمریکاییەی کە خەریک بوو هەوڵی دەدا پیاوێکی خەواڵووی ئیتالیایی هەڵفریوێنی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە «لۆرین»م گوت بە بڕوای من زۆربەی ژنانی جیهان خەریکن بە ڕێگایەکی هەڵەدا دەڕۆن کە کۆتایەکەی عەزاب و چارەڕەشییە. وشەی پێشکەوتن و شۆڕش ئەم ڕۆژانە کەوتووەتە سەر زاری هەموو ژنانە جیهان، چوومە هەر شوێنێک تووشی ئەو دوو وشەیە بووم کە وەک قاوچە لەزاری هەموودا دەگەڕا بێئەوی کە بیر لەوە بکەنەوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی دڵ ئێشان.

«دووئیلیۆ» گوتی: خودایە چ بەحسێکی ماندووکەر من خەریکم لەسەرخۆ دەچم،دەڕۆم دەخەوم شەو خۆش!

«لۆرین» پێی گوتم بچین ئیسکاجێک بخۆین، هەوڵی دا قانعم کا لێی پرسیم تۆ چۆن بیر دەکەیەوە؟

نازانم بڵێم چی لۆرین چەندە لە کچی ئەو هاوڕێ ئیتالیاییەم دەچێ کە هۆڕەهۆڕ دەگریا دوای گەڕانی دەوری دنیا ئێستا ڕێک هاتبوومەوە ئەو شوێنەی یەکەم جارم لەو سەفەرە بێجگە لە سووڕانی بەردەوامی ژنان لە سەر یەک میحوەری گەمژانە شتێک نەهاتبووە بەرچاوم و بەو ئاکامە تاڵە گەیشتبووم کە هیچ کام لە ژنان نەیانتوانیبوو ئەو شێوەیەی کە دەکرێ بەرتەوەری ڕاستەقینە بدۆزنەوە.

کۆتایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



oriana fallaci

# “the weaker sex”

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org